شیلکار

گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی چوارەم – ژمارە (١٤) هاوینی ٢٠١٦

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710

تیراژ
1000

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

پێرست

سەروتار.. سەرنووسەر..................٥
نووسینی ژنانە.......................................حەمەسەعید حەسەن............. ٩
کۆتا لە نێوان دوو دیدی جیاوازدا.....................کنێر عەبدوڵڵا.................. ١٧
لە ئافرەتە ناودارەکانی کورد ئاشیناز بارزانی.......... رەزا شوان.................. ٢٧
شاری کەلار و سیمای خوێندن.......................سەباح عەلی جاف.................. ٣٥
جۆن دیوی، پراگماتیەت وەک رزگار بوونێکی فیکری...... و. تاهیر عوسمان.................. ٦٩
پاراستنی کەلتوری مادیی و مەعنەوی.................. شەماڵ بۆکانی.................. ٧٥
بەگزادەکانی جافی گەرمیان و ناوچەی خانەقین......... ئەحمەد باوەر.................. ٨١
ململانێ و گۆڕەپانەکان.................................موحسین ئاوارە.................. ١٠٥
ڕۆمانی (فاتێلا)ی مەهاباد قەرەداغی و ڕۆماننوسی هەمووشتزان.........پ.د. شوکرییە ڕەسوڵ.................. ١١٣
تیشکۆی زمان و پشکۆی ڕامان.........................مەهاباد قەرەداغی.................. ١٣٣
بەڵگەنامەی سیاسەتی بازاڕی نەوت لە سەرەتا و ئێستادا........... هێرش شکاک.................. ١٥٣

سەروتار
سەرنووسەر

ژمارەی (١٤)ی وەرزی هاوینی گۆڤاری شیکار، دروست لە کاتی خۆیدا دەگاتە دەستی ئێوەی هێژا. مەخابن ئەم وەرزەش درێژەی قەیرانە و لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نالەباردا ژیان بەرێ دەکەین.

بارودۆخمان ئایرۆنییەکی سەیر دەخاتە ڕوو!

لە لایەکەوە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان لەبارن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە سەد ساڵە بۆی تێدەکۆشین و چەندین شۆڕشمان لە پێناویدا هەڵگیرساندووە و سەدان هەزار شەهیدمان بۆی داوە، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، لە لایەکی تریشەوە، کێشە ناوخۆییەکانمان، کە ناتەبایی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و شپرزەیی ناماڵی کورد و یەک نەبوونی گوتاری سیاسی و درێژەی قەیرانی ئابووری، نەک هەر ئەو دەرفەتە لەبار دەبەن، بەڵکو لەسەروبەندی شپرزەترکردنی ماڵی کوردن و تەنانەت خەتەر و ئەگەری پارچە پارچەتر کردنی وڵات، لە ئارادایە!

کایەی ڕۆشنبیری کوردی لەم هەلومەرجەدا چەند ئەرێنی بۆ دروستکردنی کەشێکی هاوسەنگی سیاسی هەڵسوڕاون؟ مەخابن هەمان پارچەپارچەبوون لە گوتاری ڕۆشنبیری پەیوەست بە سیاسەت لەم کایەیەشدا بەدی دەکرێت، بۆیە دیسان مەخابن، لە بازنەی قەیرانی فیکرییشدا سوڕانەوەیەکی بێ ئەنجام، دەبینین.

ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فیکرییە، بێگومان بۆ ئەم مەبەستە شۆڕشگێرانمان پێویستە دیدگایەکی مرۆڤانەی نەتەوەییان هەبێت و دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی، هاوسەنگی بکەنە تەوەری سەرەکی و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کاری بۆ بکەن.

دۆزینەوەی دەرگایەک لەو بازنە داخراوە دەشێ ئاسان نەبێت، بەڵام دوورە لە مەحاڵەوە. ویستی مرۆڤ و باوەڕبە توانای خۆبوون مەحاڵ ناناسێت و لەگەڵ حاڵدا مامەڵە دەکات. پێویستمان بە دنیابینییەکی نوێ هەیە، کە تاکی کورد تیایدا ئازاد و بایەخدار و بەرهەمهێنەر بێت. پێویستمان بە مرۆڤبینییەک هەیە وا بکات بە هەموو جیاوازییەکانەوە مرۆڤ یەکتری خۆش بوێت. هیومانیزم پێویستە خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوەی مرۆڤی

ئازا و ئازاد بێت، ئێمە لە کوێی هیومانیزمین؟ ئایا هەنگاوێکمان لەم ڕێگایەدا ناوە؟ زۆر پرسیاری جەوهەری لەم چوارچێوەیەدا خۆیان دەسەپێنن و پێویستە بیرمان بوروژێنین بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشەکان، نەک بە پیچەوانەوە کێشەدروستکردن بۆ چارەسەرییەکان، وەک لە گۆڕەپانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمەدا دەرکی پێ دەکرێت.

بە هیواین خۆمان زەمینە بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونانە ساز بکەین و ڕێگا بدۆزینەوە بۆ هەنگاوەکان نەک بە بێ ڕێگا هەنگاو بنێین. هەنگاو بنێین بەرەو ئامانجی گشتی و باڵا، بەدەوڵەت بوونی کوردستان، بەڵام هاوکات حوکمڕانییەکی باش بۆ ئەو دەوڵەتە. دەوڵەت بە بێ حوکمڕانییەکی باش، وەک گوێزێکی بێ کاکڵ وایە. پیویستمان بە فەلسەفەیەکە بۆ ژیان، ئێمە هێشتا نازانین چۆن بژین؟ کورد دەبێ چۆن بژی؟ چۆن ژیان بکاتە کارگەی بەهرە و بەرهەمی مانەوی و ماددی؟ چۆن دادپەروەری و یەکسانی بکاتە تەوەری بیرکردنەوەی لەو فەلسەفەی ژیانەدا؟ ئەمانە پیویستیان بە داڕشتنی چەندین تیۆریی و ڕێکاری پراکتیزەکردنیانە لەسەر زەمینی کوردستان.

وێڕای ڕێز و خۆشەویستیمان، بە ناوەڕۆک و بابەتەکانی گۆڤاری شیکارتان دەسپێرین و بە هیوای خوێندنەوەیەکی باش و بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە بۆ هەمووتان.

نووسینی ژنانە

حەمەسەعید حەسەن

کاتێک ژن لە دەرگەی ماڵی زمانی دا، لەمێژبوو پیاو خاوەنی ماڵی زمان بوو، لەمێژبوو زمان ژنی دەچەوساندەوە. کولتووره جیاوازەکان هەموویان ژنیان سەرکوت دەکرد، لەوپەڕی دلۆڤانیاندا، ژنیان پەراوێز دەخست، ئاخر لە کن هەموو کولتوورەکان، پیاو ئاوەز و ژن جەستە بوو، ئاخر هەر لە سوکرات و پلاتۆن و داروین و شۆپنهاوەر و نیتشەوە، تا عەققاد، ژنیان پێ نوقسان بوو. بودلێر دەیگوت: (ئەی مێ/ ئەی شاژنی وڵاتی گوناه/ ئەی شکۆمەندیی نزم/ ئەی شەرمی باڵا.) بەڵام مەی زەیادە دەبێژێت: (ئەی پیاو! تا من بە دەست تۆوە زەلیل بم، تۆیش زەلیل دەبیت، تا من ئازاد نەبم، تۆیش ئازاد نابیت.)

ژن (شەهرەزاد) کە دێتە نێو زمانەوە، لە ڕێی نووسینەوە نا، لە ڕێی گێڕانەوەوە دێت. هێشتا هەژموونی نێر هێندە بەسەر زماندا زاڵە، لە نووسینی هەردوو فێمینیست، (نەوال سەعداوی و غادە سەممان)یشدا، هەندێک جار لە نائاگاییەوە، جێناوی یەکەمی بگۆ، نێرە. سادق جەلال ئەلعەزمی مارکسیست دەنووسێت: (پێکهاتەی زمان ئەوەم لێ دەخوازێت، بە فۆرمی نێر، بدوێم و بنووسم.) کە عەلی مەحموود تەها، شیعرێک بە ناونیشانی (هي و هو) (وێ و ئەو)ەوە بڵاو دەکاتەوە، نازک ئەلمەلائیکەی مێ، ئەوە بە هەڵە بۆ ئەو شاعیرە نێرە لە قەڵەم دەدات و دەنووسێت: (لە زمانی عەرەبیدا، ڕیزبەندییەکە وەهایە کە بنووسین هو و هي، چونکە هەمیشە، جێناوی نێر پێش هی مێ دەکەوێت، هیچ پێویست ناکات، ئەوە ڕێسایە بگۆڕین.)

لە کن عەرەب ژن واز لە جێناوی خۆی دەهێنێت، لە خۆرئاوا ژن دەستبەرداری پاشناوی خۆی، کە ڕابردووی خۆیەتی، دەبێت. لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆر جار ژن بەهۆی پیاوەوە، بوونی هەیە، وەک: (wo-man, hu-man, man-kind)

مان، پیاوە و ومان ژن، هومان، بە مانای ئینسانی دێت و مانکایندیش، توخمی ئینسان. لە ڕوانگەی کارڵ یۆنگەوە، (ئانیموس) جێناوی نێرانەیە لەناو مێدا، ئاخر ئەو پێی وایە لەناو هەموو مێیەکدا، نێرێک و لەناو هەموو نێرێکدا، مێیەک هەیە و ئەم جووتتوخمییە لە نەستی هەمووواندا خۆی مەڵاس داوە. خاتوونە دەروونناس، کلاریسا ئێستێس بە سوودوەرگرتن لە یۆنگ، دەڵێت: (لەناو هەموو مێیەکدا، هێزێکی دەروونی و مەعنەویی نێرانە هەیە، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی، بۆ داهێنان و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا کۆمەکی دەکات. ئانیموس گەڕانەوەیە بۆ لای جێناوی نێر لە زماندا، نێرایەتی هەم لە قووڵاییی زمان و هەم لە ناخی مێچکایەتیشدا هەیە و لە کاتی پێویستدا خۆی نمایش دەکات.)

ژن بە کۆمەکی ئانیموس لە ڕێی زمانەوە تەعبیری لە خۆی کردووە، ئەوە بۆیە جۆرج ساند و جۆرج ئەلیەت کە دوو ژن دەبن، بە پردی ناو و جێناوی پیاوانەوە، بۆ دونیای نووسین دەپەڕنەوە. مارگرێت تاچەر کە سەرکردەیەکی بەهێزبوو، وەک پیاو دەرکەوت نەک ژن، ئاخر ئەو ژنە ئاسنینە هیچی وای، بە مێچکایەتی و بە کولتووری ژن نەبەخشی. تاچەر هەر کە لە کابینەکەی (ئیدوارد هیس)دا دەبێت بە وەزیری پەروەردە، دەستبەجێ شیری بەلاشی منداڵانی قوتابخانە دەبڕێت، ئەم ڕەوتارەیشی هیچ لەگەڵ مێچکایەتیدا کۆی ناکاتەوە، ئاخر ژنی بەخشندە، ئەو شیرەی لە جەستەیەوە هەڵدەقوڵێت، بە منداڵی بێگانەیشی دەبەخشێت.

ئەوە سرووشتی نییە، پێمان وابێت، پیاو زمانی داهێناوە و هەر لە سەرەتاوە نێر سەروەری زمان بووە، ئەوە ڕێی تێ دەچێت، هەردوو توخمەکەی ئینسان، نێر و مێ هەردووکیان زمانی گوتنیان بەرهەم هێنابێت، بەڵام بە درێژایی دیرۆک، پیاو سەروەری زمانی نووسین بووە و ژن درەنگ دەستی بۆ قەڵەم بردووە. ئەگەر لووتکەی بیرکردنەوە بە زمان، لە فەلسەفەدا خۆی نواندبێت، ژن بە دەگمەن لە دەرگەی ئەو بوارەی داوە. فەیلەسووفانی گریک، خۆیان زۆر لە مێ پێ باڵاتر بووە، پێیان شەرم بووە کە لە هەناوی ژنەوە بەرەو بوون هاتوون و ئەوەیان بە گونجاو زانیوە، ژن وەک خەڵات پێشکەش بە جەنگاوەری ئازا بکرێت. لە (ئەنتیگونا)دا کە ناودارترین تراژیدیای سۆفۆکلێسە، ژن چونکە لە ڕێسای پیاو یاخی دەبێت، زیندەبەچاڵ دەکرێت.

لە ڕوانگەی نێرسالارانەوە، مێ لە پێناوی وورووژاندنی نێردا خوڵقاوە. عەققاد دەڵێت: (ژن بۆیە جوان خوڵقاوە، تا چاوی پیاوی پێ ڕوون ببێتەوە،) سەرمایەدارانیش وەک کەلوپەل بۆ جەستەی ژن دەڕوانن و بازرگانیی پێوە دەکەن. سەروەختێک لە فەرەنسا، بە پێی یاسا، شێت و ژن، بە هاووڵاتی هەژمار نەدەکران. لە ئەمریکا هەر گۆڤارێکی ژنان، وەک جەستە لە ژن نەڕوانێت، لە ڕیکلام بێبەش دەکرێت و زۆرێک لە ژنانیش ملکەچی ئەو کولتوورە نێرسالارە دەبن، تەنانەت لەوێ پۆرنۆگرافی، هونەرە و بە گوێرەی دەستوور دەکەوێتە خانەی ئازادیی دەربڕینەوە.

داروین وای بۆ دەچوو، مێ بە هۆی خوێن لەبەر ڕۆیشتنی مانگانەوە و لە سۆنگەی ئەوەوە لە دەزگەیەکی بەرهەمهێنانی منداڵ دەچێت، لە ڕووی چلۆنایەتییەوە گەشەی نەکردووە. فرۆید دەیگوت: مێ هەر لە منداڵییەوە، هەست دەکات ئەندامێکی نوقسانە، ئەم گرێیە لە توانا عەقڵییەکانی کەم دەکاتەوە و هەوڵی ژن بۆ خستنەوەی وەچەیش، بە تایبەتی کوڕ، هەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نوقسانییەیە. گوتەیەک هەیە، دەڵێت: (عەقڵی ژن لە کۆشیدایە، کە هەڵسایە سەر پێ، لێی بەر دەبێتەوە.) کەواتە لای بابسالاران، ژن چونکە نوقسانە، بۆیە پێویستی بە پیاوە، هەم سەروەری بێت و هەم نوێنەریشی، هەم ئاگای لێی بێت، هەم بە ناوییەوە بدوێت و هەم لە بارەیەوە بنووسێت. تاقە مافێک کە پیاو بە ژنی ڕەوا بینی، مافی (گێڕانەوە)ی چیرۆک بوو، بە کۆمەکی جەستەی.

گوتەیەکی سوێدی هەیە، دەڵێت: (شمشێری ژن لەناو دەمیدایە.) ئەم گوتەیە لای ئینگلیز دەبێت بە: (دوا ئەندامی جەستەی ژن کە دەمرێت، زمانیەتی.) نێرسالاران قەڵەم بە ئەندامێکی نێرینە دەزانن و لە کنیان تەنیا زمان چەکی ژنانە و عەرەب بە ژنی زماندرێژ و زمانبزماراوی دەڵێت: (فحلة) هەرچەند (فحل) بە مانای نێر دێت، ئیدی نێری ئینسان بێت یان ئاژەڵ. ئەگەرچی ژن بە توخمی نەرم و نیان و جوان ناوی ڕۆییشتووە، کەچی شۆپنهاوەر ئەوەیشی پی ڕەوا نابینێت و دەڵێت: (ژن خۆی ناشیرینە، ئەوە تینوویەتیی پیاوە بۆ سێکس، وا دەکات ژن جوان بێتە بەر چاو.) بانگخوازی ئیسلام، شێخ عەلی تەنتاوی (١٩٠٩- ١٩٩٩) دەڵێت: (نێر لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، ئیدی مێردمنداڵ بێت، لاو بێت، ڕیش ماش و برنج بێت، یان پیرەمێرد، هەر جوانە، بەڵام مێ لە دوای جحێڵیی بە ماوەیەکی کەم، دەژاکێت و بەرەو ساڵانی نائومێدی مل دەنێت.)

ئەو (زانا) ئایینییە ناوادارە پێی وایە، (لەنێو ئاژەڵ و باڵندەیشدا، نێر لە مێ جوانترە و تەنانەت لە چێشتلێنانیشدا، پیاوان لە ژنان دەستڕەنگینترن.)

لە کولتووری بابسالاریدا، هەرچەندە ژن کە دەبێت بە دایک، ڕێزی لێ دەگیرێت، بەڵام هەر ئەو دایکە کە دەبێت بە خەسوو، سووکایەتیی پێ دەکرێت. لە کولتووری دێرینی عەرەبدا، کچان بۆیە زیندەبەچاڵ دەکران، بۆ ئەوەی تۆویان لەسەر زەوین ببڕێتەوە. ژن لە سەروەختی خوێن لەبەر ڕۆییشتنندا، دەبوو نیشانەیەکی سوور لە خۆی بدات، نەک پیاو دەستی بەری بکەوێ و پیس ببێت! هەنووکەیش لە هیندستان، بۆیە ژمارەی نێر لە هی مێ هەڵکشاوترە، چونکە زۆر لە دایکان کە زانییان، ئاولەمەی نێو پزدانیان مێیە، لەباری دەبەن. مێ بەردەوام لەژێر هەژموونی ترس و تیرۆر و تۆقاندندا بووە، تەنانەت ژنە نووسەرێکی یاخیبووی وەک (ڤیرگینیا وۆڵف)یش لە ترسی سانسۆری نێر، نەیتوانیوە لەبارەی جەستەوە ئازادانە بنووسێت، بە پێچەوانەی (جیمس جۆیس)ەوە کە هەر چی خواستبێت، بێ ترس و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە نووسیویەتی. ئەحلام موستەغانمی دەڵێت: (بۆ من ئەوە ئاسانترە بە جێناوی پیاوەوە بنووسم و بە زمانی پیاوەوە بدوێم، چونکە ئەوسا ئەوەی ناوێرم وەک مێ بیدرکێنم، بە ناوی نێرەوە دەیڵێم.)

ئەوەی پێی دەڵێن ئازایەتیی ئەدەبی، تایبەت بووە بە پیاو، ژن هەمیشە خاوەنی ترسی ئەدەبی بووە، ژن هەمیشە خودی زەوت کراوە و ئەگەر چیرۆکی ژیانی خۆیشی گێڕابێتەوە، لە ترسی کۆمەڵ، بوێریی ئەوەی شک نەبردووە، بە جێناوی تاکی بگۆ، بینووسێتەوە، هەمیشە هانای بۆ جێناوی تاکی بزر بردووە، ئاخر چۆن بوێرێت بە ناوی خودی خۆیەوە بنووسێت، کاتێک ترس ئابڵووقەی دابێت؟ هەمیشە ئەوە نێر بووە، مەرجەکانی خۆی بەسەر مێدا سەپاندووە، ئەوەتا چونکە نێر شەیدای ژنی ناوقەدباریک و بەژنزراڤە، مێ دژ بە پێویستی و خواستی خۆی، لە ئەنجامی خۆپاراستنەوە لە خواردن، تووشی نەخۆشیی ئانۆرێکسیا دەبێت. ئەوەتا مێ کە دەنووسێت، دەڵێن قەیرەیە و بە دوای مێردا دەگەڕێت، ئەگەر مێردیشی هەبوو، دەڵێن مێردەکەی بۆی دەنووسێت. سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت: (ژن نە جەوهەری هەیە، نە سرووشتێکی تایبەت بە خۆی، ژن هەر مێژووی هەیە و ئەوە کۆمەڵە هەمیشە ئەو قاڵبەی بۆ دیاری دەکات کە بە ناچاری دەبێت، تێیدا بژی.)

له کولتووری نێرسالاریدا، نه مرۆڤایەتی، نێر و مێ دەگرێتەوە، نە بەئینسانبوون، ژن و پیاو، ئاخر مەبەست لێیان، هەر بە تەنیا پیاوە. چۆن باوەڕ بکەین، ئینسان هەم نێرە و هەم مێ، لە کاتێکدا زمان و نووسین لە بن هەژموونی پیاودا بن، نێر کولتوور دابڕێژێت و قەت یەکسانی لە نێوان ئەو دوو توخمەدا سەروەر نەبووبێت؟ کارەسات ئەوەیە، مێ دێت و دەسەڵاتی پیاو دەسەپێنێت، کاتێک بە چەمکی ئینسان فریو دەخوات. گۆڤاری (الکاتبة) کە لە لەندەن دەردەچوو، بانگەشەی بۆ بە ئینسانیکردنی زمان و ئەدەبی ئینسانی دەکرد و تێزی نووسینی ژنانەی ڕەت دەکردەوە، وەک خەریکی بەپیاوکردنی ژن و بەنێرکردنی زمان بێت، تەنانەت خاتوونەنووسەرێک زاتی کرد، بڵێت: (ئیحسان عەبدولقودوس، چاکتر لە ژن، تەعبیر لە خودی ژن دەکات،) وەک بخوازێت، ئیدی ژن بێدەنگ بێت و نێر لەبری مێ بدوێت.

شۆشانا فیڵمان دەپرسێت: (ئایا تەنیا ئەوە بەسە کە بگۆ مێ بوو، ئیدی بتوانێت وەک ژن بدوێت؟) باشە گوتنی مێ، پێوەندیی بە باری بایۆلۆژیی ژنەوە هەیە، یان زادەی ڕامانێکی تیۆرییە؟ ئایا بۆ قسەکردن لە بارەی مێبوونی ژنەوە، پیاو دەتوانێت لە ژن لێهاتووتر بێت؟ واقیع پێمان دەڵێت: پیاو هەوڵی داوە، ژن بخوێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، چونکە پاشخانی کولتووری نێرانەی، بۆ ئەوە کۆمەکی نەکردووە، توانای لە ژن تێگەییشتنی هەبێت. هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی مێرد لە ژن، زادەی بەدحاڵیبوونی پیاوە لە ژن، ئاخر ژن ئەو مەخلووقە نییە کە پیاو لە زەینی خۆیدا وێنەی کێشاوە، بۆیە کە پیاو هەست دەکات، ژن ئەوە نییە کە ئەم بۆی چووبوو، هانا بۆ جیابوونەوە دەبات. بەشێکی ئەم بەدحاڵیبوونەی پیاو لە ژن، پێوەندیی بەوەوە هەیە، پیاو ئەوەی بۆ هەرس ناکرێت، ژن لە ماڵ و خێزاندا، خاوەنی هەمان دەسەڵاتی پیاو بێت، ئاخر دانانان بە دەسەڵاتی ژندا، مەسەلەیەکە کەم تا زۆر، بە هەموو کولتوورەکان نامۆیە.

وەکوو چۆن ژن، ناتوانێت خودی خۆی بە تەواوی فەرامۆش بکات و پیاوانە بنووسێت، پیاویش توانای ئەوەی نییە وەکوو مێ بنووسێت. هێشتا ئەدەبێک سەری هەڵنەداوە، هیچ پێوەندی بە جێندەرەوە نەبێت و ژن هەتا ژنانە بنووسێت، متمانەی بە خۆی وەک مێیەک بەهێزتر دەبێت و هێدی هێدی دەگاتە ئاستێک مێبوونی، بە لایەنی بەهێزی خۆی بزانێت، نەک بە پاژنەی ئاخیلی خۆی.

(*) عبدالله محمد الغذامي، المراة و اللغة، المرکز الثقافي العربي، ال×بعة الرابعة ٢٠٠٨ بيروت.

کۆتا لە نێو دوو دیدی جیاوازدا

کنێر عەبدوڵڵا

لە ڕووی مێژووییەوە سەرچاوەی سەرەکی کۆتا دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی ((Affirmative action)) کە بۆ یەکەمجار لەلایەن وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهات بەمەبەستی قەرەبوکردنەوەی کەمینە و کۆمەڵە بەشخوراوەکان.

بەڵام لەلایەن دەسەڵاتە حکومی و خاوەن کارەکانەوە لە کەرتی تایبەتدا لە بنەڕەتەوە هەڵقوڵاوی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانە و پەیوەستە بە ڕەشپێستەکانەوە کە بۆ یەکەمجار سەرۆک کیندی ساڵی ١٩٦١ بەکاریهێنا و پاشان جونسون لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ بەکاریهێنا بەو شێوەیە سستمی کۆتا لایەنەکانی ناچار کرد بە دانانی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو خوێندکارانەی سەر بە کەمینەیەکن دوابەدوای ئەوە جونسون بەدواداچوونی بۆکرد لەبەرنامەکەیدا کە نوێنەرایەتی بەشێک لە جەنگی هەژاری دەکات لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥کە بووە هۆی جێبەجێکردنی بەشێکی ڕێژەیی کە لایەنەکان پابەند دەکات بە دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە خوێندکارانی وەرگیراو تیایدا کە ئینتمایان بۆ کەمینەکان هەیە.

بەڵام قسەکردن لەسەر کۆتای ژنان وەک داخوازییەکی مافی خۆیان لە بەستنی کۆنگرەی چوارەمی ژنانی جیهان هەڵقولا لە بیجینغ ساڵی ١٩٩٥ کە بڕیاری لێدرا وەک مەبدەئێکی جیاکاری ئیجابی کە یارمەتیدەر دەبێت لە چالاککردنی بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا , بۆ بەدیهێنانی گەیشتن بە ڕێژەیەک کەمتر نەبێت لە ٣٠٪ لە سنوری ساڵی ٢٠٠٥ دا.

لەوکاتەوە ئەو چەمکە بە پلەیەکی زۆر بەکارهات بۆ ئاماژەکردن بە دیاریکردنی ڕێژە یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە کورسییەکانی دەستە هەڵبژێردراوەکانی

(پەرلەمان وئەنجومەنی شارەوانییەکان) بۆ ژنان، ئەوەش بەمەبەستی زامنکردنی گەیشتنی ژنان بۆ ناوەندەکانی تەشریع و بڕیارسازی.

لەو ڕوانگەیەی کۆتا یەکێکە لە چارەسەرە کاتییەکانی کە وولاتان و کۆمەڵەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ بەهێزکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا.

پاش ئەوە لەلایەن بزوتنەوەکانی ژنانەوە داخوازی لەسەرکرا و بەو شێوەیە لە وولاتانی تردا تەشەنەیسەند کە تیایدا کەمینەکان هەستدەکەن بێبەشن لە مافەکانیان.

چەسپاندنی کۆتا لە ڕووی یاساییەوە سستمی کۆتا دەتوانرێت بە سێ جۆر لە نێوەندی

یاسادا بچەسپێت، ئەوانەش بریتین لە:
١. دەقە دەستوورییەکان، وەک ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بۆ قۆناغی گواستنەوە و دەستوری عێراقی بەردەوامدا چەسپاندنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە و دەستوری بەردەوامی عێراقی، لە ماددەی ٣٠ برگەی ج تیایدا هاتووە « کۆمەڵەی نیشتمانی ڕێژەیەک بۆ نوێنەرایەتی ژنان هەڵدەبژێرێت کە کەمتر نەبێت لە چارەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، هەروەها دەقی دەستووری کە ڕەزامەندی لەسەردرا لەلایەن زوربەی گەلی عێراقەوە لە ڕاپرسییەکدا کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ ئەنجامدرا.
لە ماددەی ٤٧/ چوارەم دا هاتووە کە یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانە بەشێوەیەک «ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان نابێت لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەمتر بێت واتە ٢٥٪ کەمتر نەبێت».
٢. یاسای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی دەرچوو لە ١٢/ ئەیلولی ٢٠٠٥ دا جەخت لە سستەمی کۆتای ژنان دەکاتەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بە پێی ئەو دەقەی لە دەستورەکەدا هاتووە. بۆیە لە ماددەی ١١ دا هاتووە « لە لیستێکدا دەبێت لایەنی کەم لە نێو سێ پاڵێوراودا ژنێک هەبێت هەروەک لە نێو شەش پاڵێوراودا دوو ژن دەبێت بونیان هەبێت بە لایەنی کەمەوە و بەو شێوەیە تا کۆتایی لیستەکە» گرنگ بوونی ڕێژەکەیە کە لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، خۆ ئەگەر ژنان لە هەر هەڵبژاردنێکدا بە ڕێژەیەکی زیاتر لەوە دەرچوون دەتوانن وەک مافێکی خۆیان بونیان هەبێت.
٣. سستم ولائحەکانی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەرچووە ومەبەست لێی ئەو سستمانەی لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەرچووە بە پێی ماددەی ٢٩ لە یاسای هەڵبژاردن کە دەسەڵاتی تەواویداوە بە مفەوەزیەکە بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنەکان کە تیادا ڕەچاوی مەسەلەی کۆتای ژنانی کردووە بەپێی نیزامی ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە بەشی چوارەمی (م٤/ف١-٢) دا هاتووە «لە لیستی پاڵێوراواندا، مەرجە لە هەر لیستێکدا دەبێت لایەنی کەم ژنێک هەبێت لە نێوەندی سێ پاڵێوراوی یەکەمدا بەو شێوەیە تا کۆتایی لیستەکە» هەروەها نیزامی ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٥ کە تایبەتە بە دابەشبوونی کورسییەکان بە دەقێک لە ماددەی٣ دەڵێت « لەکاتی مردنی پاڵێوراوێکدا یان لابردنی لە لیستی پاڵێوراودا پێش دابەشبونی کورسییەکان کێ لەدوای پاڵێوراوەکەوە هاتووە لە لیستەکەدا ئەو کەسە دەچێتە بری»

هەڵوەستەکان سەبارەت کۆتای ژنان

لە ڕووی فقهەوە: دوو هەڵوێستی جیاوازیان لەخۆگرتووە:

یەکەمیان لایەنگرانی کۆتای ژنان و ئەویتریان پێچەوانەکەی و بێگومان هەر لایەنێک یان ڕایەک لەو هەڵوێستانە بەپێی تێڕوانینی خۆیان پشتئەستورە بە کۆمەڵێک بەڵگە و سەلماندنی جۆربەجۆر کە هەریەکەیان باوەڕیان پێیەتی.

لە ڕووی تەشریعییەوە: بە هەمان شێوە بەسەر دوو ڕای جیاوازدا دابەشبووە لە نێوان لایەنگران و پێچەوانەکەیدا کە زوربەیان ڕەتیدەکەنەوە کە کۆتا هەبێت بۆ ژنان، لە ڕوانگەی ئەوەی دوورە لە بیروباوەڕی یەکسانییەوە، لەوانە تەشریعاتی ١٤ وڵات لهوانە: تونس، جەزائر، یەمەن، لوبنان، کوەیت، سعودیە، قەتەر، بەحرین، ئیمارات، عەممان، موریتانیا، میسر، سوریا، ئەمریکا، هند، ئوستراليا و کەنەدا. بەڵام نموونەی هەندێ لەو وڵاتانەی لایەنگرن بۆ بوونی سستمی کۆتای ژنان بریتین لە:

فەرەنسا: کە سستمی کۆتای سەپاند بە نیوەیی، ساڵی ٢٠٠٠م و ناونرا بە یاسای وەکیەکی بەو شێوەیە پەرلەمانی فەرەنسی پێکهاتووە لە وەکیەکی نێوان ژنان و پیاوان.

هەروەها سستمی کۆتا لە کاری سیاسی چەسپا لە چوارچێوەی حزبە سیاسییەکاندا، ئەوەش بە دیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ناوەندی سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ژنان، ئەزموونی پێشتر هەیە لەم بوارەدا و بەتایبەتی لە حزبە چەپەکان و نێوەندی ئەوروپییەکاندا.

ئەڵمانیا: حزبی سەوز کاری بە کۆتا کرد لە ساڵی ١٩٨٠م وە ئیشتراکییە دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٨٨م و حزبی دیموکراتی مەسیحی لە ساڵی ١٩٩٦م، بەڵام لە سوید حزبی چەپ کۆتای حزبی پێشخست لە ساڵی ١٩٩٠ و حزبی دیموکراتی مەسیحیش لە ساڵی ١٩٩٣م.

مەغرب: ٣٠ کورسی لە کۆی ٣٢٥ کورسی لە بەرلەماندا.

ئەردەن: ٦ کورسی بەپێی گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١١- ساڵی ٢٠٠٣.

سودان: ڕێژەیەک لە نێوان ١٠- ٣٥ کورسی بۆ ژنان.

عێراق: چارەکی کۆی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان کە دەکاتە ٢٥٪ لە کۆی ٢٧٥ ئەندام.

فەلەستین: ماددەی ٤ی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بە نوێنەرایەتی ژنان دەڵێت» دەبێت هەر لیستێک لە لیستەکانی هەڵبژاردن ژمارەی ژنان دابنێ بەشێوەیەک کەمتر نەبێت لەیەک ژن لە نێوان هەریەک لە:

- سێ ناوی یەکەمی لیستەکە.

- چوار ناوی دوای ئەو سێ ناوی یەکەمە.
- هەر پێنج ناوێک لەدوای ئەوەوە بەردەوام دەبێت بە بوونی ژنێک.

میسر: پەرلەمانی میسری سستمی کۆتای ژنانی بە یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ١٩٧٩م چەسپاند بە بوونی هەر کورسییەک کە نوێنەرایەتی ژنانی لە پەرلەماندا چەسپاند بە ڕێژەی کەمتر نەبێت لە ٣٠ کورسییەک لەهەر پارێزگایەکدا لایەنیکەم.

وە لە ساڵی ١٩٧٩ م پەرلەمانی میسری بازدانێکی گەورەی بەخۆوە دی لە نوێنەرایەتیکردنی ژنان بەشێوەیەک ژنان ٣٥ کورسیان بەدەستهێنا و بووە ٣٦ کورسی لە ساڵی ١٩٨٤م.

وێڕای ئەوەی شۆڕشی ٢٥ینایر بەشدارییەکی چالاکانەی ژنانی میسری بەخۆوەدی، بەڵام تەشریعاتەکانی پاش شۆڕش سستمی کۆتای ژنانی ئیلغاکردەوە. بەوەش دەرئەنجام نوێنەرایەتییەکی کەمی ژنانی هێنایەکایەوە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا کە میسر بەخۆیەوەدی لەو دواییەدا بەشێوەیەک ٩ ژن تەنها سەرکەوتن و نوێنەرایەتیکردنەکە ڕێژەی زیاتر نییە لە ١و٧٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی لە ئێستادا. هەڵوێستی ڕێکەوتننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆتای ژنان.

هەندێ لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لایەنگری کۆتای ژنانن، ئەگەرچی بە کاتی ناوزەندی دەکەن کە مەبەست لێی بەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان ژنان و پیاواندا یان بە ئامانجی پەلەکردن لێی لەوانە:

ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ لەناوچوونی هەموو شێوازێکی توندوتیژی ڕەگەزی دژی ژنان.

ماددەی ٢١ ی ڕاگەیاندننامەی جیهانی کە دەقەکەی دەڵێت « هەموو تاکێک مافێ هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی بەگشت».

- هەموو کەسێک مافی یەکسانی هەیە لە ڕادەستکردنی وەزیفە گشتییەکان لە وڵاتەکەیدا.
- لە ماددەی ٢٥ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان دەڵێت « هەموو هاوڵاتییەک سوود و چێژ لە ماف و دەرفەتەکان وەردەگرێت بێ هیچ جیاکارییەکی ناوبراو لە ماددەی ٢ و بێ هیچ کۆت و بەندێکی دژ بە ئەقڵ.
- بەشدار بێت لە بەڕیوەبردنی کاروباری گشتی یان ڕاستەوخۆ یان بەهۆی نوێنەرانی هەڵبژاردە بە شێوەیەکی ئازادانە.
- لەڕێی دەنگدانی گشتییەوەهەڵبژێردرێت وەهەڵبژاردنی هەبێت لە هەڵبژاردنێکی پاک کە بەشێوەیەکی دەوری ڕوبدات.

ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەگژاچونەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی ڕەگەزی لە

ماددەی (٥)دا دهڵێت» وولاتانی دەوروبەر پەیمان دەدەن بە ڕەتکردنەوەی جیاکاری وبەگژاچونەوەی بەهەموو شێوەیەک، وە زامنکردنی مافەکانی هەمووان بێ جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ و ڕەچەڵەکی نیشتمانی...

هەروەها ئاماژەی بە مافە سیاسییەکان کردووە لەوانە مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا- واتە دەنگدان و پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان- بە دەنگدانی گشتی یەکسان و مافی بەشداریکردن لە حکومەت و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەسەر هەر ئاستێک و ڕادەستکردنی وەزیفە گشتییەکان لەگەڵ هەر کەسێکیتر بۆ هێنانەکایەی یەکسانی.

بە پێی ڕێکەوتننامەی بەگژاچونەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری دژ بە ژنان ماددەی٧» وولاتانی دەوروبەر ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر بۆ بەگژاچونەوەی هەموو شێوازێکی توندوتیژی دژ بەژنان لە ژیانی وولاتانی سیاسی و گشتیدا، ئەوە زامنی یەکسانی ژنان دەکات لەگەڵ پیاواندا، مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕاپرسییە گشتییەکان بەگشتی و ئەهلیەتی بۆ پاڵاوتن بۆ هەموو دەستەکانی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێن بە دەنگدانی گشتی».

بەپێی ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژنان ماددەی ٢«ژنان ئەهلیەتی پاڵاوتنیان هەیە بۆ گشت دەستەکان کە ئەندامەکانی بە دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێرێن وە لەسەر بنەمای تەشریعی نیشتمانی بونیادنراوە بۆ پێشکەوتنی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێ هیچ جیاکارییەک».

بەڵام ماددەی ٣ دەقەکەی دەڵێت «ژنان ئەهلیەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان و مومارەسەکردنی وەزیفە گشتییەکان بەگشتی لەسەر بنەمای تەشریعی نیشتمانی، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێ هیچ جیاکارییەک».

پەیوەستنامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ماددەی ١٣ دا دهڵێت:

«هەرهاوڵاتییەک مافی هەیە لە ئازادی بەشداریکردن لە حکومەتی وولاتەکەیدا، گەر ڕاستەوخۆ بێت یان بەهۆی نوێنەرانی هەڵبژاردنێکی ئازادانە بەپێی حوکمەکانی یاسا».

وە لە ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ماددەی ٢٣ مافی بەشداری لە حکومەتدا هاتووە: «بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی گەر ڕاستەوخۆ بێت یان بەهۆی نوێنەری هەڵبژاردنیکی ئازاد بێت».

بەڵام ڕاگەیاندننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی «ڕێگە بە هەر کەسێک دەدات ئەهلەیەتی یاسایی هەبێت بەوەی بەشداربێت لە حکومەتی وولاتەکەیدا»

پەیماننامەی کۆبونەوەی کۆبنهاگن ساڵی ١٩٩٠ تایبەت کۆنگرەی مەودای مرۆیی پەیماننامەی کۆبنهاگن بۆ وولاتانی بەدواداچوو بۆ ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپی

OSCE وە لە ماددەی ٧ برگەی ٢ ڕێگە دەدات بە ململانێ بۆ گشت کورسییەکان لە ژورێکی دەستەی تەشریعی بەلایەنیکەم بەشێوەیەک ململانێیەکە ئازادانە بێت بەهۆی دەنگدانی گەل لەکاتێکدا (برگەی ٥) ڕێز لە مافی هاوڵاتیان دەگرێت لە وەرگرتنی پۆستە سیاسیەکان یان گشتییەکان گەر وەک خۆی یان نوێنەری حزب یان ڕێکخراویکی سیاسی بێت بێ جیاکاری.

کۆتا لە نێوان لایەنگران و نەیارەکاندا

بیروباوەڕ و دهربڕینهکان سهبارهت سستمی کۆتا بووە جێ بایەخ و گفتوگۆی جیاوازی نێوان یاساناسەکان و ڕۆشنبیران و سیاسییەکان و ئاینخوازان، تەنانەت لەلایەن خودی ژنانەوە. بێگومان ئهم تێڕوانینه سهرجهم چین و توێژهکانی باشوری کوردستانیشی گرتهوه که ههمیشه بۆچونهکان له نێو دوو دیددا خۆیدهبینییهوه:

یەکەم: کۆتا لە دیدی نەیارەکانییەوە

- سستمی کۆتا دەبێتە هۆی دروستکردنی خەوشییەک لەڕووی جەستەی مەبدەئی یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیاندا وەک یەکێک لە گرنگترین بیروباوەڕی دەستوری.
- دەبێتە هۆی سڕینەوەی دەنگی پاڵاوتوو بەشێوەیەکی جزئی.
- بێبەشبوونی کەسایەتی پیاوان لەو نێوەندانەی کار بۆ جێکردنەوەی ژنان دەکەن بۆ گەیشتنیان بە پەرلەمان.
- پاڵنەر دەبێت بۆ کەرتەکانی دیکە بە داواکردنی بەشێک لە کورسییەکانی پەرلەمان وەک گەنجان، مامۆستایان، بازرگان، کاسبکار و پەروایزکراوەکانی دیکە کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ناوەڕۆکی پرۆسەی دیموکراسی وە کاری پەرلەمانی دەگۆڕێت بە نوێنەرایەتیکردنی توێژەکان بەدەر لە نوێنەرایەتی میللەت.
- سستمەکە جۆرە لێکدانەوەیەک دەکات کە ژنان ناتوانن بگەنە پەرلەمان وناوەندی بڕیارسازی لەڕێی توانا خۆییەکانیانەوە و پشت دەبەستێت بە دەقە دەستوری و یاساییەکانەوە.
- سستمی کۆتا بە جۆرێک لە جیاکاری ناوزەند دەکرێت و ناکرێت جوانکاری و وێناکەی بگۆڕێت لە کاتێکدا بە جیاکاری ئیجابی ناویلێنراوە.
- وێڕای ئەوەی سستمی کۆتا وا لە ژنان دەکات بەشداری بکات و بگاتە ناوەندەکانی بڕیارسازی لەڕێی دەقە دەستوری و یاساییەکانەوە، بەڵام ناتوانێت چارەسەری واقعی ژنان بکات وەک کیان و بەشدارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی.

دووەم: کۆتا لە دیدی لایەنگرانییەوە

- ئامرازێکە بۆ زاڵبوون بەسەر مەودای دەنگدان لە نێوان پیاوان و ژناندا، هەروەها ئامرازێکی خێرا و چالاکە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی نوێنەرایەتی کەموکورتی بۆ ژنان لە پەرلەمان و حکومەتدا.
- لایەنێکی مافی ژنان دابیندەکات.
- یارمەتیدەرە لە بەهێزکردن و چالاککردنی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵدا بەشێوەیەکی گشتی و ژیانی نوێنەرایەتیکردن بەشێوەیەکی تایبەتی.
- یارمەتیدەرە بۆ خوڵقاندن و ئامادەکردنی کادری ژنانی هەڵکەوتوو و جیاواز لە بواری کاری پەرلەمانیدا.
- کاردەکات بۆ نەمان و لابردنی بەربەستەکانی نێوان پیاوان و ژنان.
- جێبەجێکردنی کۆتا نابێتە هۆی جیاکاری نێوان پیاوان و ژنان، بەڵکو دەستەبەری بەشێک لە مافەکانی ژنان دەکات، چونکە ژنان مومارەسەی پاڵاوتن و دەنگدان دەکەن بێ جیاکاری.
- سستمی کۆتا دەرفەت دەخاتە بەردەم ژنانی پاڵاوتوو کە پێشبڕکێ بکەن لە سێبەری بارودۆخیکی هاوسەنگ بەشێوەیەکی ڕێژەیی تایبەت بە کورسییەکانی بۆیان تایبەتکراوە.
- هەڵبژاردەی یەکەمە بۆ چاککردنی ئاستی گەیشتنی ژنان بە ناوەندەکانی بڕیارسازی لەسەر ئاستی نزیک و ناوەند.
- جێبەجێکردنی کۆتا بەشێوەیەکی کاتی و نائاسایی دەبێت بۆ بەڕێکردنی بەربەستەکانی ڕوبەڕووی بەشداری ژنان دەبێتەوە لە ژیانی گشتیدا.

جۆرەکانی کۆتا

جورهکانی کۆتا زۆرن لهوانه:

- دامەزراندن: پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسی (بڕیاری سیاسی)
- تەشریعی: گۆڕانکاری دەستوری و یاسایی دەخوازێت.
- خۆبەخشی:دامەزراوەو کیانە سیاسییەکان بونیادیدەنێن لەڕووی جێبەجێکردنەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشی.
- ڕێکخراوەیی: لە ڕێی جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی گشتی و کەرتەکانەوە بونیاد دەنرێت لەڕێی ڕێکخستنی کارەکانییەوە.

شوێنەکانی جێبەجێکردنی سستمی کۆتا

- شوێنە قیادییەکان: لە هەموو جومگەیەکی دەزگاکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دەستەی ڕاویژکاری، دادوەری و لیژنەکان لە ئاستی ناوەند و ناوخۆییدا.
- دەستە قیادییەکانی حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکان.
- پاڵاوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا (سەرۆکایەتی، پەرلەمانی و ئەنجومەنە ناوخۆییەکاندا)
- سەرکردایەتیکردنی چالاکییە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵگەییەکانەوە.

سستمی کۆتا لە باشوری کوردستان

ڕاستە لە ئێستادا لە باشوری کوردستان سستمی کۆتا کاری پێدەکرێت و بە ڕێژەی لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت لە پەرلرمانی کوردستان و بە ڕێژەی ٢٥٪ کەمتر نەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەڵام بێگومان تێڕوانینەکان لەمەڕ کۆتا لە کوردستاندا بەهەمان شێوە لە دوو ڕای دژبەیەک دەسورێتەوە، واتە لە نێوان لایەنگران ونەیارەکاندا.

بە بڕوای من ژنان لە باشوری کوردستان توانیان لێی سودمەند بن و کاریگەریشی هەبوو لەسەر هۆشیاری تاک تا بتوانێت دەنگ بە ژن بدات، بەڵگەی ئەوەش چونی ژنانێک بوو لەدواهەڵبژاردنەکاندا بۆ پەرلەمانی کوردستان بێ کۆتا و بەدەنگی خۆیان، بەڵام ئەوەی گرفتە تا ئەمڕۆ زۆر جار ژنانێک بە کۆتا سەردەکەون یان بەهۆی کۆتاوە دادهنرێن یاخود دەبنە جێگرەوەی پیاوێکی بەتوانا کە بەداخەوە لە ڕووی توانا و شارەزاییەوە لاوازە کە ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بێپلانی یان بێ پێوەری ڕاست و دروست لەمەڕ هەڵبژارد و کاندیدی کەسەکاندا.

بۆیە گرنگە کە لە داهاتوودا کار بۆ نەهێشتنی کۆتا بکرێت و ڕێ بە مرۆڤە بەتوانا و شارەزا و پسپۆرییەکان بدرێت و ئیدی خەڵکیش بە هۆشیارییەوە دەنگ بە کەسە شیاوەکان بدەن بێلێکدانەوەی ئەوەی سەر بە چ لایەن یان بنەماڵە یاخود تەکەتولێکە یان نا !

ئەمە ویڕای گرنگی چەسپاندنی کۆتا بۆ نێوهندی حزب سیاسییەکان لە کوردستاندا لە ئێستادا گرنگێتی و پێویستە وەک ناوەندێکی گرنگی بڕیارسازی.

Kner_abdullah@yahoo.com

له

ئافرەتە ناودارەکانی کورد
ئاشیناز بارزانی

رەزا شوان

یەکێک لە ئافرەتە ناودارەکانی کوردی جوولەکە، زانا و دانا و مامۆستای گەورە و ناوداری کوردمان، خاتوو (ئاشیناز بارزانی: ١٥٩٠ـ ١٦٧٠ز) کە لە شاری (مووسڵ) ی کوردستانی لە باشووری کوردستان لە دایکبووە.
کوردستان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لانکەی ئازادی و فرە ئاینی و مەزهەبی و پێکەوەژیان و ئاشتی بووە.. نەیارانی کوردستان پێش دۆستەکانمان دان بە ئەم راستییەدا دەنێن.. وەکو ئاینی زەردەشتی، ئیسلام، ئێزیدی، مەسیحی، جوولەکە، کاکەیی، بەهائی.. لە کوردستاندا، توندڕەوی و دەمارگیریی ئاینی نەبووە و نییە و کورد هەردەم گەلێکی کراوە بووە.. یەکێک لەو ئاینانەی کە تا ئەمڕۆش بە رێژەیەکی کەم لە کوردستاندا بوونی هەیە ئاینی جوولەکەیە.. باوەڕدارانی ئەم ئاینە، بە ئەوپەڕی ئازادییەوە، ئازادن لە جێبەجێکردنی رێورەسمی ئاینی و جەژنە پیرۆزەکانیان، لە ئەمڕۆدا زیاتر لە (٤٠٠) خێزانی کوردی جوولەکە لە کوردستاندا هەن.. بە شێوەیەکی فەرمیش حکوومەت و پەرلەمانی باشووری کوردستان دانی پێنان و.. (شێرزاد عومەر مامسانی) کرا بە بەرێوەبەری جوولەکەکان، لە وەزارەتی ئەوقافی کوردستاندا.. لە رۆژی دوو شەممە (٣١ ی/ نۆڤەمبەری/ ٢٠١٥) بۆ یەکەمین جاریش لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر، لە باشووری کوردستاندا، یادی تراژیدیای سەربڕینی جوولەکەکانی بەغدا کرایەوە.. ئەوەبوو لە یەکەمین و دووەمین رۆژی ما نگی (یۆنیۆ/ ١٩٤١) دا، لە شاری بەغدا، (١٠٠) جوولەکەیان سەربڕی و کوشتیان و، سەروەت و سامانیشیان تاڵان کردن.. ئەم تاوانە بە سەربڕینی (فەرهود) ناودەبرێت.. کە تا هەتایە پەڵەیەکی شەرمەزاری و قێزەوەنە بە نێوچەوانی حکوومەت و سوپای عێراقەوە. لەساڵانی دواتریش بە تاوانی سیخوڕیکردن، رژێمی عێراق ژمارەیەک جوولەکەی لە سێدارە دا.

بێگومان بەشی هەرەزۆری جوولەکەکانی کوردستان، بە رەسەن کوردن و کوردستانین.. کوردن و بە ئارەزووی خۆیان چوونەتە سەر ئاینی جوولەکە.. بەشێکیشیان ئەو جوولەکە رەسەنانەن.. کە (٢٨٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا.. لە لایەن ئاشوورییەکان و، لە شاڵاوەکانی یەخسیرکردن و دوورخستنەوەی جوولەکەکان لە لایەن (بابلییەکان) ەوە، بە تایبەتیش لە سەردەمی شای بابلی (نەبوخەز نەسر) کە بە زۆر و زۆرداری، جوولەکەکانیان لە وڵاتی خۆیانەوە لە (جوولەکەستان.. ئیسرائیل) ەوە، هێنایانیان بو عێراق و، بە زۆریش بۆ کوردستان.. جوولەکەکان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەبوو، جوولەکەکان لە شارەکانی کوردستاندا، پەرستگای ئاینی و گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەبوو.. لەو شارانەش لە: مووسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، کۆیە، پێنجوێن، بارزان، رەواندوز، ئاکرێ، خانەقین، قووش، ئامەد، ئۆرفە، مێردین، سلۆپی، قامیشلو، سنە، ورمێ، کرماشان، هەمەدان، نەغەدە، شنۆ و.. لە چەندێن شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی تری کوردستاندا جوولەکە هەبوون.. جوولەکەکانی کوردستان بە زمانی کوردی و، بە زمانی ئارامی دەدوان.. بەپێی جۆر و ستایلی جلوبەرگی ژنان و پیاوانی ئەو شوێنانەی کە لە کوردستاندا لێی دەژیان، جلوبەرگی کوردییان لەبەردەکرد.. بە خشڵی زیو و بە تەتکە و مووروی کوردەواریش خۆیان دەڕازاندەوە.. نەریت و رەوشتی کۆمەڵایەتییان کوردەواری بوون.. زۆر بێوەی بوون.

بەشێک لەو خشڵ و ملوانکانە و لەو جلە کوردییانەیانەی کە جوولەکەکانی کوردستان لە بەریان دەکردن و خۆیان پێدەڕازاندەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی فۆتۆگرافییان و، لەگەڵ کۆمەڵێک کەرستە بەکارهێنراوەکانیان.. لە ئێستادا لە مۆزەخانەی شاری (ئۆرشەلیم) ی پایتەختی ئیسرائیل دا، دانراون.

من قوتابی بووم لە (قوتابخانەی شۆڕیجەی سەرەتایی) لە کەرکوک، لە دووری سەد مەتر لە باکووری قوتابخانەکەمانەوە گوڕستانێکی جوولەکەکان هەبوو، گۆڕەکانیشیان لە شێوەیەکی شەش پاڵووی سەنووقیدا بوون، لە گەچ و قایە دروست کرابوون.. بە داخەوە لە ساڵی (١٩٦٣) دا، لە لایەن رژێمی بەعسی شۆڤینییەوە ئەو گۆڕستانەیان بە شۆفڵ تەختکرد.. تا ئەمڕۆش لە گەڕەکی (پیریادی ـ کەرکوک) کە بە (گەڕەکی جوولەکەکان) یش ناویان دەبرد.. کە گەڕەکێکی جوولەکە و کوردنشین بوو، هەندێ لەخانووەکانی جوولەکەکان تا ئەم دواییەش مابوونەوە و تێکنەدرابوون، کە هونەر و نەقشسازی و بیناسازی تایبەتی جوولەکەکانیان پێوە دیاربوون.. بەڵکو ئەو قوتابخانەیەی من لە سەرەتایی لێمدەخوێند لە گەڕەکی (شۆڕیجە ـ کەرکوک)، لە نزیکی گەڕەکی پریادی بوو.. دوو خانووی جوولەکەکان بوون دیوار لە نێوانیاندا نەبوو.. لەسەر دیوار و

کۆڵەکەکانیاندا، نەقشی جوانیان بەسەرەوە بوون.. زۆربەی جوولەکەکانی کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان لە ساڵی (١٩٤٨) دا، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، لە لایەن حکوومەتی عێراقـەوە، فشار خرایە سەر جوولەکەکانی کوردستان و عێراق.. ماڵ و سامان و دوکان و خانووەکانیان بەجێهێشتن و کۆچیان بۆ ئیسرائیل کـرد.. بەشێکی زۆری جوولەکەکـانی کوردستان حەزیان ناکرد کۆچ بکەن، پێیان خۆشبوو کە لە کوردستاندا بمێننەوە.. تا ئەمڕۆش چەندین خـێزانی کوردی جوولەکـەی کوردڕەسەن و، جوولەکەڕەسەن، لە شارەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا ماونەتەوە.. ژمارەیەکی زۆر کەمیان بوون بە ئیسلام.

تا ئەمڕۆش لە شارەکانی کوردستاندا، شوێنەواری پەرستگا و گۆڕی هەندێ لە پێغەمبەرەکانی جوولەکەکان ماونەتەوە، لەوانەش گۆڕی (دانیال) پێغەمبەر لەسەر قەڵاکەی شاری کەرکوک، هەر بە تەنیشتی گۆڕێ دانیالەوە، گۆڕێ پێغەمبەر (شادراخ) یا (حەنین) هەیە.. گۆڕی یۆنان (یونس) پێغەمبەر لە شاری مووسڵ.. گۆڕی (ناحـوم) پێغەمبەر لە شارۆچکەی قـووش.. گۆڕی (ناسانیل) و، گۆڕی (شمۆئیل لاوی بـارزانی) لە شاری ئامـێدی، (گەڕەکی جوولەکەکان) لە شاری سلـێمانی، (ئاستەر) و (مۆردوخای) لە هەمەدان، (حەباکۆک) لە (تویسرکان)، (دوو پەرستگا) ش لە شاری سنە،... هتد.

جوولەکەکان زۆر ئیشکەر و چالاک و دەست ڕەنگین بوون، دانامان و هەموو ئیشێکیان دەکرد.. کشتوکـاڵ، و شوانکاری، بازرگـانی، ئاژەڵـداری، پیشەزای، دارتاشی، دوکـانداری، بەرگدووری، ڕستن و چنین و تەونکاری،... هتد. تێیاندا هەبوو فرۆشیاری گەڕۆک بوون، بابەتی منداڵان و ژنانیان دەفرۆشتن و، بە سواری ئەسپ دێ بە دێی کوردستان دەگەڕان و، شتەکانیان بە پارە و گەنم و جۆ دەفرۆشتن، پێیان دەوتن (دێـوەرە).. جوولەکەکانی کوردستان، گەورەتـرین ڕەوەنـدی جوولەکە بوون لە جیهانـدا، لە دەرەوەی ئیسرائیل دا. بەشێکی تری لەو جوولەکانی کە لە کوردستاندا مابوونەوە، لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بەشێکی تریان چوون بۆ ئیسرائیل.. لە ئێستادا زیاتـر (٢٥٠) هـەزا کوردی جوولەکە لە شارەکانی ئیسرائیل دا دەژین.. لەم ژمـارەیەش (١٢٥) هـەزاریـان، لە شاری (ئۆرشەلیم) ی پایتەختی ئیسرائیل دەژین.. تا ئەمڕۆش بە تەمەنەکانیان بە زمانی کوردی و ئارامی لە ماڵەوەدا دەدوێن و، لەسەر داب و نەریتی ڕەسەنی کوردی ماونەتەوە و، ساڵانەش بە جلوبەرگی کورییەوە، ئاهەنگی جەژنی نـەورۆز دەگێڕن و، گۆرانی و بـەزم و هەڵپەڕکێی کوردی سازدەکەن و.. خواردنی کوردیشیان زۆر بەلاوە پەسەندە.. شانازیش بە کولتوور و بە نەریتی کوردی و، بە یادەوەرییەکانی کوردستانەوە دەکەن.. شایەنی باسیشە بە دەیان سەرکردەی پایەبەرز و پلە باڵا و، ناوداری خـاوەن

بڕوانامەی دکتۆرا و، سیاسەتمەدار و ناسراوی جوولەکەکان، لەو کوردە جوولەکانەن کە لە کوردستاندا لە دایکبوونە.. سەرۆکی دەوڵـەتی ئیسرائیل، لە لیدوانێکیدا وتی: (جوولەکەکـانی کوردسـتان لە ئیسرائیلدا، شارەزاترین هۆزی جوولەکەن لە کشتوکاڵدا لە هەموو جیهاندا..) بەشێکی زۆری کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

دێینە سەر سەرناوی باسەکەمان، زۆر بە کورتی ئافرەتێکی ناوداری کوردی جوولەکەتان پێدەناسێنین.. کە ناوی (ئاشیناز بارزانی) یە.. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە (ئاسینات بارزانی) ناویان بردووە.

خاتوو ئاشیناز بارزانی کە لە ساڵی (١٥٩٠ـ ١٦٧٠ز) ژیاوە.. لە شاری مووسڵ لە باشووری کوردستان لە دایک بووە.. ئاشیناز، کچی زانا و دانا و مامۆستای بە ناوبانگ رابـی (شمۆئـیل ناسانیل لاوی بـارزانی) یە.. کە کوردێکی جوولەکە بوو، پیاوێکی زۆر ئـازابوو، دانـا بوو، زانایەکی زۆر بە ناوبانگ و، مامۆستایەکی شارەزابوو لە ئاین و لە شەریعەتەکانی جوولەکەدا.. لە بارەی کتێبی تەوراتی پیرۆز و تیلمودا، زۆر شارەزابوو، (تیلـمود: لە دوای تەورات، گرنگترین کتێبی ئاینی جوولەکەیە، کە کۆمەڵێک رێنمایی و شەریعەت و دەستوور و نەریتە باوەکانی جوولەکە و، فەلسەفەی ئاینی و ژیانی لە خۆ گرتووە، تیلمود کتێبێکە بۆ فێرکردنی بنەماکانی ئاینی جوولەکە).. شمۆئیل بارزانی سەرۆک و خۆشەویستی هەموو جوولەکەکانی کوردستان بوو، دامەزرێنەری (یەشیبا) ی واتە قوتابخانەی (تیلمودی) بوو لە شاری مووسڵ، یەکەمین سەرۆک و یەکەمین مامۆستای قوتابخانەکەش بوو. شمۆئیلی زانا و مامۆستا، کە رابەرێ ئاینی جوولەکەکانی کوردستان بوو، زۆر بە شار و بە شارۆچکەکان و بە دێیەکانی باشووری کوردستاندا گوزەری دەکرد.. بۆ بەسەرکردنەوەی جوولەکەکان و رێنماییکردنیان.. جوولەکەکانی کوردستان شمۆئیل بارزانیان زۆر خۆشدەویست و، زۆر رێزیان لێدەگرت، بە میری خۆیان دەزانی. گۆڕی ئەم زانا کوردە جوولەکەیە لە شاری ئامێدی یە.

(ئاشیناز شمۆئیل بارزانی) کچێکی جوان و، شیرین دوو بوو، زۆر زیرەک و و بلیمەت و دانا و زانا بوو.. ئاشیناز لە شمۆئیلی باوکییەوە فێری خوێندنەوە و نووسین و، بنەماکانی ئاینی جوولەکە و، خوێندنەوەی تـەورات و تیـلمود و بوو.. فێری شیکردنەوە و لێکدانەوەی پەند و نهێنییەکانی کابالا بوو (کابالا: بیروباوەڕێکی رووحـانی و فەلسەفـیـیە، ژیـان و گـەردوون و خـواوەنـدی شیدەکاتەوە، بڕوانـامەیەکە، کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ کارکردن، یا دینداری کردن، یا شتێکی لەم بابەتانە..)، ئاشیناز وەکو زیرەکترین قوتابی هەر لە قوتابخانەکەی باوکیدا درێژەی بە خوێندن دا.. لە باوکییەوە

فێری زانیارییەکی زۆر بوو.. تا رادەیەک کاریگەریی باوکی لە ژیانیدا رەنگی دایەوە.
حاخام (یاکوب ئابراهام میزراحی ئامێدی) ی کورە مامی ئاشیناز، کە خەڵکی ئامێدی بوو، مامۆستا و زانایەکی گەورە بوو.. سەرۆک و مامۆستای یەشیبا (قوتابخانە)ی ئامێدی بوو.. خوازبێنی ئاشینازی لە باوکی کرد.. باوکی ئاشیناز، مەرجی رازی بوونی بۆ دانا.. مەرجەکەشی ئەوە بوو، کە نابێت ئاشینازی کچی بە کار و، بە ماڵدارییەوە سەرقاڵ بکرێت.. پێویستە درێژە بە خوێندنەکەی بدات و، کابالا و تیلمود بخوێنێتەوە، بە وانەوتنەوەش خۆی سەرقاڵ بکات.. ئاشیناز بەم مەرجە شووی بە (یاکوب ئامێدی) ی پسمامی کرد.. کورێک و کچێکیان بوو.. حاخام (یاکوب ئابراهام ئامێدی) بوو بە سەرۆکی قوتابخانەی (یەشیبا) ی تیلمودی لە شاری مووسڵدا.. ئاشینازی هاوسەریشی لە هەمان قوتابخانەدا بوو بە مامۆستا و، وانەی دەوتەوە.
لە تەمەنێکی بچووکدا (یاکوب ئابراهام ئامێدی) کۆچی دوایی کرد.. ئاشیناز بەرپرسێتی خێزانی کەوتە ئەستۆ.. بووش بە سەرۆکی یەشیبای مووسڵ. ئاشیناز یەکەمین ئافرەت بوو لە مێژووی هەموو جوولەکەکانی جیهاندا، کە بۆ یەکەمین جار لە کوردستاندا، بوو بە سەرۆکی یەشیبای تیلمودی بەناوبانگ. ئاشیناز قوتابخانەکەی زۆر پێشخست و، بوو بە زانستگایەکی ئاینی بەرزی جوولەکەکان لە کوردستاندا، چەندین قوتابی لەسەر دەستی ئاشیناز پێگەیشتن و، کارگەریی لە سەریان هەبوو.. لە دوای مردنی باوکیشی، ئاشیناز هەموو کارە ئاینییەکان و زانستییەکانی باوکی بەڕێوەدەبرد.
ئاشیناز بە یەکەمین ئافرەتی مامۆستای تەورات لە کوردستاندا ناسراوە.
ئاشیناز، مامۆستایەکی گەورە و زانایەکی بلیمەت و شارەزایەکی بە توانا بوو لە راڤەکردنی تەورات و تیلمود و، لە شەریعەتەکانی ئاینی جوولەکەکان دا.. بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە ئاینییەکانیان، راوێژیان پێدەکرد.. ئامۆژگاری و رێنمایی و چارەسەری پێویستی بۆ دادەنان.
ئاشیناز وەکو باوکی، بێ ئەوەی گوێ بە مەترسی و، بە سەختی رێگاکان بدات، سەردانی زۆربەی شار و شارۆچکە و، ئەو دێیانەی باشووری کوردستانی کرد، کە رێژەیەکی زۆری جوولەکەیان لێبوون.. سەردانی پەرستگاکان و قوتابخانە ئاینییەکانیانی دەکردن و، ئامۆژگاری و رێنمایی پێویستی دەکردن. جوولەکەکان زۆر ئاشینازیان خۆشدەویست و، زۆر بە گەرمی و شکۆداری و، بە ئەوپەڕی رێزەوە پێشوازی شایستەیان لێدەکرد و، بەخێرهاتنیان لێدەکرد.
ئاشیناز بارزانی بە بۆنەی (جەژنی سەری ساڵی جوولەکەکانەوە، سەردانی شاری (ئامێدی) لە باشووری کوردستان کرد.. شاری ئامێدی بە پایتەختی جوولەکەکانی

کوردستان ناودەبرا.. خەڵکی ئامێدی پێشوازییەکی گەرمیان لە ئاشیناز کرد.. لە ئامێدی لە شەوی جەژنی جوولەکەکان دا، لەبەر تریفەی مانگەشەودا.. بە بەشداری خاتوو ئاشیناز، جوولەکەکانی شاری ئامێدی، بە جلوبەرگی کوردییەوە، ئەو شەوە تا بەیانی زەماوەند و ئاهەنگێکی شایستە و زۆر خۆشیان لەگەڵ خاتوو ئاشینازدا گێڕا.. گۆڕی باوک و گۆڕی باپیری ئاشیناز، هەر لە پەرستگای شاری ئامێدی دایە.. بەڵام دەربارەی شوێنی کۆچی دوایی ئاشیناز و گۆڕەکەی لە کوێ دایە.. هیچ زانیارییەکم بەرچاو نەکەوت.. لەوانەیە هەر لە شاری مووسڵدا، کۆچی دوایی کردووبێت.

شایانی باسیشە (ئاشیناز بارزانی) شاعیرێکی بە توانا بوو، لە شاعیرە ئافرەتە هەرە لە پێشینەکانە.. ئاشیناز بە زمانی ئارامی شیعرەکانی دەنووسی (ئارامی زمانی بەشێک لە جوولەکەکانی کوردستان بوو.. زمانی ئارامی پڕە لە وشەی تێکهەڵکێشی کوردی و عیبری و فارسی و عەرەبی) ئاشیناز بەم زمانە شیعرێکی درێژی لاواندنەوەی نووسیوە.. نەک هەر لە کوردستان دا، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، لەو سەردەمەدا، ئەوە شتێکی دەگمەن بووە، کە ئافرەت ببێت بە شاعیر و، شیعر بنووسێت و.. بڵاوی بکاتەوە.
جوولەکەکان نازناوی (تەنائیب) یا (رابی) یان بە ئاشیناز بارزانی بەخشی..(تەنائیب: واتە مامۆستای تەورات، زانا و بلیمەت، توێژێنەر و، شارەزای تیلمود، ئاینزانی ئاینی جوولەکە).. ئاشینازی کوردستانی، یەکەمین ئافرەتی جوولەکەیە، لە مێژووی هەموو جوولەکەکانی جیهاندا، کە ئەم نازناوەیان پێبەخشیبێت.. چونکە ئەم نازناوە تەنها بۆ رابینە پیاوەکان (بۆ مامۆستایانی زانا و باڵای ئاینی جوولەکە) قورخکرابوو .. ئەو شتێکی جیاوز و دەگمەن بوو.. کە ئاشیناز شایانی ئەم نازناوە باڵایە بێت و پێیببەخشن.. تا ئێستاش تەنها ئافرەتەتی جوولەکەیە لە هەموو جیهاندا، کە ئەم نازناوەی پێدرابێت.

ڕەزا شوان

نەرویج: (٥/ ٥/ ٢٠١٦)

شاری کەلار و سیمای خوێندن

١٩٣١ - ١٩٨١

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – پەروەردەییە

سەباح عەلی جاف

کەلار شارێکی نوێ لە ئەمڕۆدا بە مانای شار،دێرین و کۆن بە پێی سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارییەکان، لێرەدا دەکرێت سەبارەت بە مێژوو و شوێنەوار و واتای ناوەکەی و جوگرافیای شارەکە پاشان سیمای خوێندن لەکەلاردا بدوێین، وەک ووتمان کەلار بە پێی شوێنەوارە مێژووییەکان بۆ دێرین دەگەڕێتەوە بە هۆی کنە و پشکنین لە شوێنەوارەکان بەردەوام زانیاری نوێ لەم رووە دەردەکەون، لە کەلار چەندین شوێنەواری سەردەمی خورییەکان هەروەها ئاوەڕۆیەکی دوو کیلۆمەتری سەردەمی ساسانیەکان و دۆزینەوەی چەند شوێنەوارێک لە نێو بازاری کەلاردا کە لە نزیکەی بیست (٢٠) پارچە پێک هاتبوو مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، گەواهی راستی دێرینی بۆ کەلار دەدەن (١)، لە بەڵگەنامە مێژوویەکاندا ئاماژە بە شاری (کراخار) دراوە و لەسەرچاوە بسماریەکاندا ئەم ناوە هاتووە کەوتوەتە سەر روباری دیالە (سیروان)، ئەم شارە لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین ناوی براوە، بە بۆچونی فازڵ قەرەداغی (کارخار، کراخار) رەنگە هەمان شاری کەلاری ئێستا بێت بە دۆزینەوەی شوێنەوارە بەردەوامەکان ئەم بۆچونانە زیاتر پشت راست دەکەنەوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆن دەگێڕنەوە (٢)، لێرەیشەوە بە پێی ئەو سەرچاوانە بێت بەو راستیە دەگەین کەلار لەسەردەمی خورییەکان (وەک نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی) ئاوەدان بووە و بە هەزاران ساڵە خەڵک لەسەر ئەم خاکە دەژین (٣).

پێش باس کردن لە مێژووی نوێی ئەم شارە، دەکرێت چەند بۆچونێک سەبارەت بە ناوی (کەلار) بخەینە رووە لەوانەیش، شێخ محەمەدی خاڵ لەم رووە دەنوسێت « چەند شیشە توتنێک کە وەک خەرمان لەسەر یەک دانرابێ، ناوی دێیەکە لە ناوچەی کفری » و مامۆستا گیوی موکریانی هەمان رای شێخی خاڵ دووپات دەکاتەوە، رایەکی تر هەیە دەڵێت لە (کەلاوە) ەوە هاتووە و گوندی کەلار کەلاوە بووە و ئاوەدان کراوەتەوە، دیدێکی تر پێی وایە بە هۆی ئەوەی خەڵکەکەی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریک بوون لە ریخی ئاژەڵ (کەلارە) یان دروست کردووە، هەندێکی تر پیان وایە لە (کەلات) ەوە واتا قەڵاوە هاتبێت کە ئەم ناوچەیە لە قەڵای شێروانەوە نزیکە (٤)، مامۆستا جەمال بابانیش لەسەر زۆر شوێن و جێگەی کوردستان قسەی کردووە سەبارەت بە ناوی کەلار پێی وایە ئەم ناوە پێدەچێت لە (کەلا-رێ) ەوە هاتبێت واتا ئەم شوێنە دوورە دەست

و دوور له ئاوەدانی بووه، یان دەنوسێت ناوەکە ڕەنگە له (کەڵیار) ەوە هاتبێت کە ئاماژەیە بە بوونی ئاسک و کەڵەئاسک لە سنورەکەدا واتا لەم سنورەدا ئاسک زۆر بووە، یان بۆچونەکانی تری وەک (کەڵات، کەلاوە) یشی خستەوەتە روو (٥)،بەم شێوەیە دەردەکەوێت سەبارەت بە ناوی کەلار بۆچونی جودا هەیە، لەم روەیشەوە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی و لەسەر وەستای زیاتر هەیە بە شێوەیەک بۆچونی تازەیش بەردەوام دەخرێتە روو لەوانەیش باس لەوە دەکرێت لە ئێرانیش شارێکی گەورەی گەشتیاری هەیە بە ناوی کەلار دەشت، ئەمە و لە ئێران زۆر ناوی تر بە ناوی کەلارەوە هەیە لەوانەیش (گەڕەکێک بە ناوی کەلار لە تاران، شاخی کەلار لە پاریزگای شەهر کورد، ناوچەیەکی ووشک بە ناوی کەلار لە ناوچەی جوادار...) ئەمە لە زۆر شوێن و جێگەی تری جیهان ناوی کەلار بەرچاو دەکەوێت بە تایبەت لە پاکستان و هندستاندا (٦).

بۆچونەکان سەبارەت بە مێژووی نوێ و ئاوەدانی کەلار ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە بەر لە سێ سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئەم شارە ئاوەدان بووە و پاشان ئەم شارەی ئەمڕۆ لە گوندی (کەلاری کۆن) ەوە دەستی پێ کردووە کە هەواری زستانەی بەگزادەکانی جاف بووە، کەلار خاوەنی قەڵایەکی مێژوویە بە ناوی (قەڵای شێروانە (٧)، ئەم گوندە دووەمین ئاوەدان کردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزە دێرینەکانی (گێژ، رۆژبەیانی، زەند و پاڵانی) و پاش ئەمانیش هۆزی گەورەی جاف دەستیان لە ژیانی کۆچەری هەڵگرت و لەم هەرێمەدا نیشتە جێ بوون (٨)، ئاوەدان کردنەوەی ئەم گوندە بە جۆرێک لە جۆرەکان مایەی زۆرتر لەسەر وەستانە بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا ئەم گوندە لە نیوەی یەکەمی سەدەی (١٩) دا لە لایەن بنەماڵەیەکی هۆزی کێژەوە ئاوەدان کراوەتەوە کە پێشتر ئاسەوار و کەلاوەی دێیەکی کۆنتر بووە و بەم شێوەیە رۆژ بە رۆژ زۆر تر دەرکەوتووە بە تایبەت دوای ئەوەی بەگزادەکانی جاف لە ساڵانی (١٨٧٠) ەوە روی تێدەگەن و تێیدا نیشتە جێ دەبن (٩)،سەرباری بۆچونی زیاتر لەسەر سەرەتای ئەوەدان کردنەوەی کەلار بەم شێوەیە بەگزادەکانی جاف رۆڵی گرنگیان لە گەشە و بنیادنانی گوندی کەلاری کۆندا گێڕاوە بە تایبەت لەسەردەمی حوکمڕانی پاشایەتیدا ١٩٢١ – ١٩٥٨) کە هەریەک لە حەمە بەگی جاف و داود بەگی جاف بوونەتە پەرلەمانتار و نوێنەری ناوچەکە لەسەر لیوای کەرکوک ئەمەیش گرنگ و کاریگەر بوە هەر لە کردنەوەی قوتابخانە، کردنەوەی بنکەی پۆلیس و هێنانی هێڵی تەلەفۆن لەکەلار لە ساڵی ١٩٥٢ و هێنانی کارەبا، بەم شێوەیە ئەم گوندە رۆژ بە رۆژ گەشەی زیاتری بە خۆوە بینوە (١٠) هەر لەم گوندەدا بەر لە حوکمی کۆماری لە ساڵی ١٩٣٤ز دا بنکەی تەندورستی تێدا کراوەتەوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٥ دا باخی رازاوەی تێدا بووە، هاوکات لەو دەمانەدا لە رێگەی پاسەکەی حاجی حەسەنەوە ئەم گوندە پەیوەندی

لەگەڵ دەوربەردا کردووە (١١)، پاشتر لە سەردەمی دەسڵاتی کۆمارییەکان لە عێراق ئەم گوندە لە گەشەکردن وەستا بەڵام لە گەرمەی شۆڕشی کوردا بە مەرسومی کۆماری لە ١٩٧٠/٢/٢٨ کەلار کرایە قەزا و لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر پارێزگای کەرکوک لابراو خرایە سەر سلێمانی و هەریەکە لە ناحیەکانی (تیلەکۆ، پێباز) خستە سەری، یەکەم قائیمقامی قەزای کەلار (جەلال بیلال) بووە تا ساڵی ١٩٨١ هەشت قائیمقام ئیش و کارەکانی ئەم قەزایەیان بەڕێوە بردووە (هۆشمەند مستەفا) لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨١ کارە ئیداریەکانی ئەنجام داوە و لە قەزاکەدا ماوەتەوە (١٢).

پێگەی کەلار لە رووی جوگرافیاییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٨،٣٤ – ٣٥،٣٤) ی پلەی باکور، هێڵی درێژی (١٦،٤٥ – ١٨،٢١) پلەی رۆژهەڵات، نزیکەی (٢٠٠-٢٥٠) مەتر لە رووی دەریاوە بەرزە، کەلار هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە (کفری، خانەقین، دەربەندیخان) لەسەر رێگەی (سلێمانی – بەغداد) ە، ئاو و هەوای کەلار ئاوهەوای هەرێمی گەرمەسێرە (١٣)، ژمارەی دانیشتوانی کەلار بە پێی سەرژمێریە فەرمیەکان کە لە عێراقدا کراوە بەم شێوەیەیە (١٤):

خشتەی ژمارە (١)

ژ	ساڵ	ژمارەی دانیشتوان
١-	١٩٤٧	١٠٦٤ کەس
٢-	١٩٥٧	١٢٨٦ کەس
٣-	١٩٧٧	٩٢٧٤ کەس

کەلاری گوند تا حەفتاکان و گەشەکردو و کردنی بە قەزا بە مەرسومی کۆماری ژمارە (١٣٧) لە ٢٨ی شوباتی ١٩٧٠ گەلێک کەسی بیانی و عێراقی و کورد لەسەریان نوسیووە کە بەشێکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لەوانە (سیسیل جۆن ئیدمۆنس) و (محەمەد هادی دەفتەر، عەبدوڵڵا حەسەن) و (عەباس عەزاوی)، ئەمە جگە لەوەی لە بیرەوەری چەندین کەسی کوردستانی و ناوچەکەدا ئەم گوندە لە بیرەوەری ئەواندا تۆمار کراوە لەوان (مستەفا نەریمان، عەبدولستار تاهر)، ئیدمۆنز لە کتێبەکەیدا (کورد تورک عەرەب) دا لە گەلێک شوین قسە لەسەر کەلار دەکات و دوای ئەوەی لە هەڵەبجەوە بۆ سنوری گەرمیان دەکەوێتە رێ لە لایەن کەریم بەگەوە پێشوازی لێ دەکرێت بەشێک لە بیرەوەریەکانی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە « کەریم بەگ و براکانی لەگەڵ ژمارەیەک کوێخا کە لە باکور و باشور کۆی کردبوونەوە... پێکەوە چوینە (کەلار) بۆچونی ئەو لەم کارە ئەوە بوو کە گشت کوێخا و ئەندامانی هۆزە خێڵ نشینەکان بە چاوی خۆیان ببینن کە جێگری حاکمی سیاسی میوانی دەبێ « لە بەشێکی تردا دەنوسێت « دوای یەک رۆژ مانەوەم لە کەلار لەگەڵ کەریم بەگ چوین بۆ چیمەن

کۆپری « و هەر لەو گێڕانەوەیەدا باسی گردی شێروانەی تۆمار کردووە (١٥)، خەسرەو جاف یەکێک لە نوسەر و ئەدیبە دیارەکانی کوردستان لە کەلار لە دایک بووە و خۆی گۆتەنی تا پۆلی شەشەمی سەرەتای لەو گوندە تەواو کردووە بەم شێوەیە لە کتێبی تاریخی جافدا باسی کەلارمان بۆ دەکات « لە سەرەتاوە خێزانی بەگزادەکان لە قەڵای شێروانەدا دەژیان وەک هەوارگەی زستانانیان بەڵام دوای کوژرانی حەمەپاشای جاف بچوکترین کوڕی حەمە پاشا کە فەتاح بەگ بووە و باپیرەی گەورەی (نوسەر) هەمیشە نیشتەجێی قەڵا بووە... دێی کەلار لە پێشدا ئاوەدان کرابویەوە لە لایەن جەماعەتی حەمەی حاجی ئەڵماسەوە ئیتر بوو بە جێگەی بەگزادەکانی گەرمیان»، لە شوێنێکی تردا دەنوسێت « کەلاری کۆن، دێیەک بوو وەک هەر لادێیەکی دیکەی کوردستان، بەندە (خوسرەو جاف) لەو دێیەدا هاتومەت دنیاوە. لەو دێیەدا شەشی سەرەتایم تەواو کردووە. لەم کتاوەیدا (مێژووی هۆزی جاف) ناکرێت کەلار و رۆڵی (کەلار) مام لە بیر بچێت...» (١٦).

لە مێژووی نوێی کەلاردا سیمای خوێندن و خوێنەواری بۆ سەرەتای سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە ئەویش بە دروست کردنی مزگەوت لەم گوندەدا، سەرباری ئەوەی خوێندنی تایبەت لە لایەن بەگزادە و هۆزە کۆچەریەکانی سنورەکەوە هەبووە بەڵام بەشێوەیەکی جێگیر پاش دروست کردنی مزگەوت ژمارەیەکی زۆر تر لە خەڵکی لە گوندەکە فێری خوێندن و خوێنەواری ئەو دەمە بوونە، پاشتر لە ساڵی ١٩٣١ دا یەکەم قوتابخانەی میری لەم گوندەدا بە رووی منداڵاندا دەکرێتەوە ژمارەیەکی تا رادەیەک باش روو لە خوێندن دەکەن و تەنانەت لە بەرایەکانی خوێندن کچان لەم قوتابخانەیە دەچنە بەر خوێندن کە ئەمە بۆ ئەو دەمەی خوێندنی کچان لە کوردستان شتێکی گران و نامۆ بووە،بەم شێوەیە دەردەکەوێت هەر یەکە لە مزگەوت و قوتابخانەکەی کەلار بوونەتە مەنزڵی خوێندن و خوێنەواری دەڤەرەکە بۆ ماوەیەکی زۆر، لە کێبی (عێراقی باکور) دا ئاماژە بە قوتابخانە و خوێنەوارانی ئەم سنورە دەدات و لەم رووە نوسویانە « گوندی کەلار یەکێکە لە گوندە جوان و پاک و خاوێنەکان... قوتابخانەیەکی سەرەتای کوڕان و فەرمانگەی پۆستەو تەلەفۆنی تێدایە و (٣٠٠) خانووە... « (١٧).

وەک دەرکەوێت لە سنورەکەدا لە پاش قەزای کفری لە گوندی کەلار بۆ یەکەمین جار قوتابخانە و مزگەوت دامەزراوە و لە خزمەت کردنی منداڵانی ناوچەکەدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، هەر بەم هۆیەوە چەندین مامۆستا و مەلا لە جێگەکانی ترەوە هاتونەتە ئەم گوندە و خزمەتیان کردووە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا هەر یەکە لە مزگەوت و قوتابخانەکەی گوندی کەلار وەک شوێنێکی دیار ئاماژەیان بۆ کراوە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان کە هەریەکە لە (بنگرد، کەلار) ناوەکەیان بە هەڵە تۆمار کراوە

نوسراوە (نیکرد، کلاو) کە ژمارەی دانیشتوانی بنگرد بریتی بووە لە (١٥١) کەس و کەلاری کۆن (١٠٨٦) کەس پێکەوە بە هەردوو جێگەوە ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە (١٢٧٣) کەس، لە رووی ئیداریەوە سەر بە ناحیەی شێروانە بووە لە قەزای کفری لەسەر لیوای کەرکوک (١٨)، ئەم مزگەوت و قوتابخانەیە لە کەلار تا ساڵی حەفتاکان لە خزمەت کردن بەردەوام بووەنە وەک تاکە سەرچاوەی زانست و پەروەردە بەڵام بە قەزاکردنی کەلار لە لایەن حوکمەتی عێراقەوە ژمارەیەک قوتابخانە و مزگەوتی تر لە شارەکەدا دروست کران و لایەنی پەروەردەیی زیاتر گەشەی کرد بەشێوەیەک پاشتر قوناغی ناوەندی و دواناوەندی کراوەتەوە و ژمارەی قوتابیانیش زیادی کردووە (١٩).

١- ناوەندە ئاینەیەکان و شێوازی خوێندن:

لە گوندی کەلار بە پێی سەرچاوەکان لە سەدەی تازەدا لە دەوربەری ساڵی ١٨٧٠ز ئاوەدان کراوەتەوە و خەڵکی تێدا ژیاوە، وەک زۆربەی ناوچەکانی تر لە کەلار بە هۆی پابەند بوون بە ئاینی ئیسلام لە ریگەی حوجرە و مزگەوت و خوێندنی تایبەتەوە خوێندن و خوێنەواری بڵاوبووتەوە و لەم رێگەوە منداڵانی سنورەکە توانیویانە ببنە خوێنەوار لەو سەردەمەدا (٢٠)، خەڵکی کەلار بە زۆری پەیوەستن بە ئاینی ئیسلامەوە و هەر لە کۆنەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە بوونەتە موسڵمان، زۆربەی دانیشتوانی کەلار لەسەر مەزهەبی سوننەن و بەشێکی کەمی لەسەر مەزهەبی شیعەن، وەک دەزانرێت مەزهەبی سونی بۆ سەر هەر چوار مەزهەب دابەش دەبێت کە خەڵکی کەلار شافیعی مەزهەبن بە زۆری، بوونی هەر دوو تەریقەتی (قادری، نەقشەبەندی) لە کەلاردا رەنگی داوەتەوە و زۆربەی خەڵکی کەلار لەسەر تەریقەتی قادرین شوێنکەوتوانیان بە (دەروێش) ناسراوە، لەگەڵ ئەمەیشدا پەیرەوانی نەقشەبەندی کە بە (ێۆفی) ناسراون لە سنورەکەدا هەن (٢١) ، سەبارەت بە دەست کردن بە خوێندنی حوجرە و بنیادنانی مزگەوت بوچون و رای جودا هەیە دەکرێت لێرەدا تیشکی بخەینە سەر.

بە پێی سەرچاوە و گێڕانەوەی کەسەکان بێت لە گوندی کەلار دوو مزگەوت هەبووە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا، مزگەوتی یەکەم یان کۆنترین مزگەوت لە کەلار بۆ دەوربەری ساڵی ١٩٠٢ یان ١٩٠٤ دەگەڕێتەوە، محەمەدی مەلا مستەفا لە زمانی باوکیەوە دەیگێڕێتەوە « مزگەوتەکەی کەلار پانزە (١٥) ساڵ پێش هاتنی روسەکان بۆ کەلار لە ساڵی ١٩١٧ هەبووە، مزگەوتە کۆنەکەی کەلاریش ئەو کاتە دەکەوتە خۆرئاوای کەلارەوە...، وەک لە باوکمەوە بیستومە ئەم مزگەوتە کۆنە شێخ سەعیدی شاکەل باپیرە گەورەی شاکەلیەکان پێش بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی دروستی کردووە « (٢٢) بەم شێوەیە دەردەکەوێت لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە کەلار مزگەوت وەک

ناوەندێکی گرنگی ئاینی هەبووە بۆ مەبەستە ئاینیەکان و لایەنی خوێنەواری و پەروەردە سودی لێ وەرگیراوە بەڵام بە دروست کردنی مزگەوتێکی تر لە کەلار دەردەکەوێت کە ئەم مزگەوتە زۆر تەمەنی نەکردووە کە هۆکارەکەی روون نیە بەڵام بە دروست کردنی مزگەوتێکی تر پێدەچێت ئەو مزگەوتە وەک جێگەیەکی کاتی بوبێت و سودی لێ وەرگیرابێت.

پاش دروست کردنی کۆنترین مزگەوت لە کەلار کە ئێستا شوێنەواری نەماوە، لە دەوربەری ساڵی ١٩٠٨ – ١٩٠٩ دا مزگەوتی گەورەی گوندی کەلاری کۆن لە لایەن سلێمان بەگی جافەوە دروست کراوە ئەو کات سلێمان بەگ لەو گوندەدا نیشتە جێ بووە (٢٣)، مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٣ لە کەلاری کۆن لە بارەی کۆنترین مزگەوتی کەلار کە مەبەست مزگەوتی دووەمە بەم شێوەیە باسی دروست بوونی دەگێڕێتەوە « دەوربەری ساڵی ١٩٠٦ مزگەوتی کەلار دروست کراوە، دایکی باوکم بە کۆڵ خشتی بۆ ئەو مزگەوتە هێناوە، مەلا ئەحمەد یەکەم مەلای ئەم مزگەوتە بووە پاش ئەویش مەلا مستەفای مامم هاتوەتە مزگەوتەکە تا ساڵی ١٩٥٦ تێیدا ماوەتەوە (٢٤)، ئەو مزگەوتە منارەی هەبووە بەڵام ئێستا نەماوە »، هەر لەم بارەیەوە مەلا حەمە ئەمین کەلاری باس لەوە دەکات هەر چەندە پێشتر لە کەلار مزگەوت هەبووە بەڵام لە لایەن سلێمان بەگی جافەوە لە ساڵی ١٩٠٨ مزگەوتێکی تر دروست کراوە (٢٥).

لە گوندی کەلار وەک دەردەکەوێت لە ساڵی ١٩٠٢ ەوە کۆنترین مزگەوت و پاشان مزگەوتی گەورەی گوندەکە لە دەوربەری ساڵی ١٩٠٨ز دا دروست کراوە، یەکەم پێش نوێژی (مەلا ئەحمەد) ناوێک بووە مەلای دوانزە عیلم نەبووە بەڵام بانگی داوە و پێش نوێژی کردووە، پاش ئەم مەلایەیش چەندین مەلای تر هاتونەتە ئەم مزگەوتە و خزمەتی خەڵکیان کردووە، لەوانەیش (مەلا محەمەد جوانڕۆی) (٢٦)، لە ٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٣١ کوڕەکەی ئەم (عەبدوڵڵا) یەکێک دەبێت لە یەکەمین وەجبەی قوتابیانی وەرگیراو لە قوتابخانەی کەلاری سەرەتای، ئەو کات ماڵیان لە دەککە بووە و لە پەڕەکەیدا هیچ نمرەیەک تۆمار نەکراوە و لەو قوتابخانەوە بۆ خانەقین گواستراوەتەوە (٢٧)، حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆی لەسەر داوای کەریم بەگی جاف هاتووەتە مزگەوتی کەلار، وەک محەمەدی مەلا مستەفا دەیگێڕێتەوە لەسەر دەستی ئەم مەلایە باوکی (مەلا مستەفا) خوێندویتی و ئیجازەی مەلایەتی لای ئەو وەرگرتووە، لە پاش جوانڕۆی، مەلا مستەفا ووتار خوێن و پێش نوێژی ئەم مزگەوتە بووە (٢٨)، لە پاش ئەمیش مەلا ئەحمەدی دەککە هاتووتە ئەو مزگەوتە و خزمەتی کردووە، جگە لەمانەیش مامۆستایانی تر لەم مزگەوتەدا بوونە وەک (مەلا مستەفای تایشەیی، مەلا ئەحمەدی هۆرێنی، مەلا محەمەد فەقێ رەشید، مەلا ئەوڕەحمانی کەرکوکی، مەلا ئەحمەد لە جەلەولا، مەلا ئەحمەدی

فەقێ مستەفا...) (٢٩).

لە یاداشتەکانی شێخ ئەحمەدی شاکەلدا زۆر باس و خواسی ئاینی سەردەمی خۆیمان لە کەلار بۆ تۆمار دەکات بەتایبەت هاتنی شێخانی بیارە بۆ ئەو گوندە، شێخ ئەحمەد (١٩٠٢ — ١٩٨٢) هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنی ئاینی و فێری وانە ئاینیە سەرەتایەکان و بۆستان و گوڵستانی سەعدی شیرازی دەبێت لای مامۆستایانی کەلار لەوانە (مەلا ئەحمەدی کەلار، مەلا قادری سۆفی) و پاشان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی دەچێتە سلێمانی (٣٠)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت لەسەرەتاوە لە مزگەوت و حوجرەی کەلاردا منداڵان خۆێندویانە و توانیویانە پلەکانی خوێندن بە باشی ببڕن و ئەو حوجرەیە لە بواری پەروەردەدا خزمەتی خەڵکی کردووە، پێش کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە لە کەلار زۆربەی منداڵانی گوند لە لای مەلا و فەقێی ئەو دەمەی کەلار دەیانخوێند و فێری قورئانی پیرۆز دەبوون، لەم رووە لە بیرەوەری خەلیفە مەحمود دا کە لە ساڵی ١٩٢٧ هەر لەو گوندە لە دایک بووە تا (جز عمە) ی لە لای مەلا ئەحمەد شەمێرانی خوێندووە (٣١)، قادر حەمە ساڵح یەکێکی ترە لەو منداڵانەی ئەو دەمە لە حوجرەی مزگەوتەکەی کەلار لە لای مەلا مستەفا خوێندویەتی و توانیویەتی چوار پێنج کتێبی ئەو دەمە بخوێنێت و گەیشتوەتە (گوڵستان)، بە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو دەمە زۆر تر پێیان خۆش بووە منداڵەکانیان لە خوێندنی ئاینی بخوێنت و ببێتە مەلا چونکە لە ناو خەڵکیدا رێزی مەلا زۆر دەگیرا لە لایەن خێزانەکانەوە هاوکاری منداڵان کراوە لەم رووەوە (٣٢).

لە حوجرە و مزگەوتی گەورەی کەلاردا ژمارەیەک فەقێ خوێندویانە هەندێکیان توانیویانە ئیجازەی مەلایەتی وەربگرن و ببنە مەلا یان لە بواری ئاینیدا خزمەت بکەن لەوانە (مەلا خالدی تازەدێ و حەسەن محە، مەلا ئیسماعیل ئیبراهیم، مەلا عەبدولقادر عەلی، مەلا حسێنی ملەسورە، مەلا حەمە نەجیبی بەرلوت «١٩٣٢ — ١٩٩٦»، مەلا سەید عەبدوڵڵای کفری، مەلا محەمەدی فەقێ رەشید، مەلا فەتاحی ئەحمەدی وەڵەد بەگی، مەلا ئەحمەدی لەرزانە) (٣٣)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە مزگەوت و حوجرەی کەلاری کۆن بەردەوام فەقێ و قوتابی هەبووە بە شێوەیەک بەردەوام لە نێوان (٥ — ١٠) فەقێ تێیدا بە خوێندنەوە خەریک بوونە، ئەم فەقێ و مەلایانە ئەرک و بژێوی ژیانیان لەسەر خەڵکی گوندەکە بووە، فەقێیەکان لەسەر (راتبەی فەقێ) دەژیان لەگەڵ ئەوەیشدا لە لایەن بەگزادەکانەوە هاوکاری دەکران و لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو کەسانە لە زەکات و سەرفترە بەشدار دەبوون، جگە لەو مەلایانەی ناومان بردن بە ووتەی مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید کەسانی تری وەک (مەلا محەمەدی شەمێران، مەلا قادری قەسڵانی، مەلا قادر و مەلا غەفور) لەم مزگەوتەدا خوێندویانە و بوونەتە مەلا (٣٤).

مزگەوتی گەورەی گوندی کەلار لە رووی پێک هاتەی بیناو و دروست بوونەوە لە خشتی کاڵ و قوڕ دروست کراوە، سەربانەکەی دار و قامیش و گڵ بووە، روبەری گشتی بریتی بووە لە (٩٦٠) مەتر دووجا لە هۆڵێکی گەورە بۆ نوێژ کردن بەرهەیوانێک و دوو ژوور پێک هاتبوو (٣٥)، فەقێ و قوتابیانی ئەم مزگەوت و حوجرەیە وەک منداڵانی تری کوردستان وانەکانی ئەو دەمەیان دەخوێند و بە پلەکانی خوێندنی ئاینیدا تێپەر دەبوون، ئەم ناوەندە ئاینیی و فەرهەنگەیە لە کەلاردا بەردەوام فەقێی هەبووە و منداڵان رویان لێ کردووە بۆ بواری خوێندن و خوێنەواری و گەلێک کەس کە باسمان کردن لێرەوە پێگەیشتون و تەنانەت لەم مزگەوتەدا بڕوانانەی زانستی بە قوتابیان بەخشراوە، لەو مەلایانەی توانیویانە بڕوانامە ببەخشن دەکرێت ئاماژە بە مەلا مەحمودی گۆبان بدەین کە لەم رووە رۆڵی بەرچاوە (٣٦)، لە پەنجاندا و لە پاشتریشدا وەک نەریتێک لە حوجرە و مزگەوتی کەلار بە تایبەت لە وەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بۆ خوێندن و فێربوونی قورئان دەخرانە بەر خوێندن، ئەو دەمانە مەلا مستەفا عەلی پێش نوێژ و ووتار خوێنی مزگەوتەکە بووە جگە لەو منداڵانە (٦ — ٧) فەقێ لە حوجرەی ئەو مزگەوتە خوێندویانە هەندێکیان لە پلەی (موستەعید) و بەشێکی تریان لە پلەی (سوختە) دا بوونە، یەک لەو فەقێیانە (حەمە نەجیب بەرلوتی) بووە بە منداڵان وانەی ووتوەتەوە، یەک لەوانە شێخ محەمەد شاکەلی بووە لە لای ئەو هەر دوو بەشی قورئان (جز عمە، تبارک)ی خوێندووە، حوجرە و مەلایەتی ئەو دەمە مۆرکێکی کوردەواری پێوە دیار بوو و مەلا و فەقێیەکانی ئەو دەمانە سەردانی یەکتریان دەکرد و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بە هێز بووە (٣٧) .

لە حوجرە و مزگەوتی کەلاردا گەلێک کەس خوێندیانە و پێگەیشتون جگە لە مەلا و فەقێ دەکرێت ئاماژە بە کەسانی تر بدەین بە تایبەت بەگزادەکان زۆر سودیان لەم حوجرەیە بینووە و تەنانەت زۆر جاران هەوڵیان داوە لە جێگەی ترەوە مەلا و زانای ئاینی باشی بۆ بهێنن، شاعیری کەلار و گەرمیان (مینە جاف) (٣٨) یەکێکە لەو کەسانەی بە منداڵی لە حوجرەی کەلاردا خوێندویەتی لە لای مەلای ئەو دەمە ئەوانیش هەریەکە لە (مەلا محی دین و مەلا ئەحمەدی کەلار) بوون و شارەزای زانستە ئاینیەکان بووە و پاشان بۆخۆی پەرەی بە خوێنەواری خۆی داوە و دەستی داوەتە شیعر نوسین و لەو رووە لە گەرمیان کەسێکی ناسراو بووە (٣٩)، ئەم شاعیرە لە رێگەی شیعرەکانیەوە هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندن و خوێنەواری بە تایبەت هاندانی منداڵی کەسەکانی خۆی یان دەربڕینی نارەزای بۆ رێگری کردن یان تەواو نەکردنی خوێندن،بەم شێوەیە دەردەکەوێت خەڵکی ئەدیب و رۆشنبیری گوندەکە تامەزرۆبوون بۆ ئەوەی منداڵانی ئەم گوندەیش وەک منداڵانی تر بتوانن بخوێنن و لە کاروانی خوێنەواری

دوانەکەون بۆ ئەوەی لە داهاتودا خزمەت بکەن، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٣٧ شیعرێکی بۆ منداڵە بەگزادەکان نوسیوە کە نەیانتوانیوە لە کفری و بەعقوبە و سلێمانی خوێندن تەواو بکەن، لەبەشێکی ئەو شیعرەدا مینە جاف بەم شێوەیە خەمخۆری خۆی دەردەبڕێت و ئەو روداوەمان بۆ تۆمار دەکات (٤٠):

کوا نەتیجەی مەکتەب و تەحسیل و کرد و کارەکەت
پێم بڵێ چی بوو حوسوولی زەحمەت و ئازارەکەت
بۆچی وات زانیوە عرفان تەرکی نوێژ و رۆژووە
یا بەمە بووی بە مونەووەر لاریکەی سیدارەکەت...

بەم جۆرە دەردەکەوێت مزگەوتی کەلار وەک ناوەندێکی ئاینی و فەرهەنگی وا بووە و زۆر باس و خواسی ئاینی و دنیای تێدا کراوە، جگە لە بابەتە ئاینیەکان شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەو مزگەوتەدا تاوتوێ کراوە و مەلا و فەقێ و دەروێش و سۆفیەکانی بە دەنگی خۆشیان زیکر و تەلیلەیان تێدا کردووە و شیعری شاعیرە بەرزەکانی کوردی تێدا خوێندوەتەوە، حوجرەی مزگەوتی کەلار هەرگیز فەقێی لێ نەبڕاوە و بەردەوام فەقێی هەبووە کە لە نێوان (٥ — ١٠) فەقێ لێی خوێندویانە، وەک زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان ئەوانەی پلەکانی خوێندیان تەواو دەکرد لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی چەند مەلایەکی ناسراو ئیجازەی مەلایەتی پێ دەدرا (٤١)، ئەم مزگەوتە تا سەرەتای هەشتاکانیش رۆڵ و کاریگەری خۆی هەبووە و بەردەوام منداڵان بۆ خوێندنی قورئان روویان لێ کردووە، لەم رووە مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید باس لەوە دەکات لەوەتەی فامی کردووە لەو مزگەوتەدا خزمەتی کردووە و لەم رووە گەلێک کەس لای فێری خوێندنی قورئان بوونە و تەنانەت وانەی بە فەقێش ووتووە، بە ووتەی خۆی فێرخوازەکانی لە (٢٠٠) تێپەڕ بووە (٤٢).

لە کەلار تا پاش بە قەزاکردنی شارەکە ئەم مزگەوتە تاکە شوێنی ئاینی بووە لە بواری ئاینی و خوێندەواریدا خزمەتی خەڵکی کردووە بەڵام پاش فراوان بوونی قەزاکە لە ساڵی ١٩٧٨ز لە نێو بازاری کەلاردا سێیەمین مزگەوت دروست کرا و لە هەشتاکاندا ئەم مزگەوتە گەورە و فراوان کرا، لەم مزگەوتەدا هەریەکە لەم مەلایانە خزمەتیان کردووە (مەلا محەمەد فەقێ رەشید، مەلا مەحمودی قەسڵانی، مەلا حەمە ئەمین کەلاری)، لە سەرەتای هەشتاکاندا لە گەڕەکی بنگرد مزگەوتی حاجی شێخ ئیبراهیم دروست کرا هەریەکە لەم مەلایانە تێیدا خزمەتیان کردووە (مەلا حەمە نەجیب بەرلوتی «١٩٣٢ — ١٩٩٦»، مەلا رەوف عەبدوڵڵا، مەلا وەهاب حسێن، مەلا یاسین عیسا، مەلا تاهر قەمەر حسێن)، ئەو مزگەوتانەیش جگە لە خزمەت کردن لە بواری ئاینیدا رۆڵیان لە بواری خوێندەواری و فێربوونی خەڵکیدا هەبووە بە تایبەت فێربوونی قورئانی پیرۆز لە

لایەن منداڵانی دەوروبەریەوە ، وەک دەردەکەوێت لە کەلار وەک زۆر ناوچەی تر مەلا و زانای ئاینی باشی هەبووە دەکرێت سەربارى ئەوانەی کە ناومان هێنان ئاماژە بە چەند مەلایەکی تری شارەکە بدەین لەوانە (مەلا رەوف عەبدوڵڵا مەعروف «١٩٢١ – ٢٠٠٦ «، مەلا مستەفای کەلار « ١٨٩٧ – ١٩٦٩ «، مەلا مەحمودی گۆبان « ١٩١١ – ١٩٨٦ «) (٤٣).

٢- قوتابخانە فەرمییەکانی دەوڵەت ١٩٣١ – ١٩٨١:

کەلار یەکێک لەو شوێنانەی گەرمیان و کوردستان لە بواری خوێندن و پەروەردا جێگەی دیارە و لەم رووە تا رادەیەک مێژوویەکی بۆخۆی تۆمار کردووە، پاش ئاوەدان کردنەوەی ئەم گوندە و فراوان بوونی بە هەوڵ و هیمەتی کەسە دڵسۆزەکانی توانراوە یەکەم قوتابخانە لەم گوندەدا بە رووی منداڵاندا بکرێـەوە، لە نێوان ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤ – ١٩١٨) و پاش ئەم جەنگە ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە رووی لە زیاد بوون کردووە، لەگەڵیشیدا لە رووی ئابوری و سیاسی و رۆشبیرییەوە روو لە گۆڕان و گەشەکردن بووە بە تایبەت کە قوتابخانەی لێ کراوەتەوە لەساڵی ١٩٣١ ، یەکەم خوێندکاری کچی (ئەختەر محەمەد بەگ) بوە (٤٤)، سەرباری ئەوەی هەندێک کەس لەسەر یەکەم قوتابخانەی کەلاریان نوسیووە و لەم رووە ئاماژەیان بۆ کردووە بەڵام بەشێکیان بەهەڵەدا چوون مێژوویی دروست بوونی بۆ ساڵی ١٩٢٧ز دەگێڕنەوە یان باس لە خوێندنی یەکەم خوێندکاری کچ دەکەن لەم قوتابخانەیە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هاوکات لە کتێبی (چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان) هاتووە « لە ساڵی ١٩٢٧ قوتابخانە لە گوندی کەلاری کۆن دامەزراوە لە لایەن حەمە بەگی جافەوە و داوای لە خەڵکی گوندەکە کردووە منداڵی خۆیان بخەنە بەر خوێندن، یەکەم کەس بووە لە کەلار کچی خۆی خستوەتە بەرخوێندن « (٤٥)، لە نوسینێکی تردا بەهەڵە هەندێک زانیاری تر تۆمار کراوە ئەویش بەوەی لە ساڵی دووەمی خوێندن لەم قوتابخانەیەدا چوار کچ خوێندویانە واتا لە ساڵی ١٩٣٢ بە داخەوە ئەمەیش هەڵەیە (٤٦).

لەم رووە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی رەسەن و باوەڕ پێکراو، ئەویش تۆماری گشتی قوتابیانە خۆشبەختانە تا ئەمڕۆ لە کارگێڕی قوتابخانەی کەلار (شێروانەی پێشوو) پارێزراوە، لە تۆماری گشتی (قید عام) ی ژمارە (یەک) لە نێوان ساڵی (١٩٣١ – ١٩٤١) لە ژمارە (١ – ١٧٥)ە، بەم شێوەیە زانیاریەکان لە پەرەی یەکەمدا لەسەر ئەم قوتابخانەیە و وەرگرتنی قوتابیان و ناویان تۆمار کراوە زۆر بۆچون و رای کەسانی تر لەسەر ئەم بابەتەیان نوسیووە پشت راست دەکاتەوە، یەکەم قوتابی لەم تۆمارەدا ناوی نوسراوە (ئەحمەد محەمەد فەتاح)ە لە بەرواری (٢٩ ی ئەیلولی

(١٩٣١) ناوی تۆمار کراوە لە دایک بووی ساڵی (١٩١٨) یە، بە دوایدا ناوی (٣٢) قوتابی تر پێکەوە دەکاتە سی و سێ (٣٣) قوتابی تۆمار کراوە کە چوار (٤) لەو قوتابیانە کچن، سیان لەو قوتابیانە لە یەک رۆژدا ناویان تۆمار کراوە ناوی یەکەمیان لە تۆمارەکەدا (ئەختەر محەمەد بەگ) ە و لە (١ ی مارسی ١٩٣٢) ناویان تۆمار کراوە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت لە ساڵی یەکەمی خوێندنی ئەم قوتابخانەیەدا ٣٣ قوتابی خوێندویانە ٤ یان کچ بوونە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی راست لەبەردەستدا نیە کام لەوانە بە یەکەم کچ دابنرێت کە خوێندویانە چونکە لە یەک رۆژدا سێ کچیان پێکەوە ناویان تۆمار کراوە و لە هەمان ساڵ خوێندویانە نەک ساڵی دووەم کە بە هەڵە ئەم زانیاریە لە هەندێک سەرچاوەدا نوسراوە (٤٧).

بە پێی سەرچاوەکان ئەم قوتابخانەیە بە هەوڵی (حەمە بەگی جاف) (٤٨) کراوەتەوە، هەمیشە هاورێی رۆشنبیر و مەلا و خوێنەوار و پاڵپشتی هەژاران بووە، یەکەم نوێنەری جاف بووە لە پەرلەمان و یەکەم کەس بووە جل و بەرگی (ستار خانی) لەناوچەکە لەبەر کردووە، لە کفری دەچووە لای رۆشنبیران و مەلا و فەقێیان و بۆ کوردایەتی هانی دەدان، یەکەم کەس بووە قوتابخانەی لە کەلار کردوەتەوە و (رەوف بەگی جەلال)ی وەک مامۆستا بۆ هێناوە و خانوبەرەی بۆ دابین کردووە (٤٩)، بە پێی سەرچاوەکان حەمە بەگ لەسەرەتاوە ماڵەکەی خۆی کردوەتە قوتابخانە و هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندن و خوێنەواری، لێرەدا بۆ بەرچاو روونی زیاتر لەم خشتەیەدا ناوی یەکەمین وەجبەی قوتابیان لەگەڵ هەندێک زانیاری دەیخەینە بەر دەست (٥٠):

خشتەی ژمارە (٢)

ژ ناوی قوتابی	لەدایک بوون	هاتنی بۆ قوتابخانە	پۆلەکانی خوێندن	تێبینی:
١-ئەحمەد محەمەد فەتاح	١٩١٨	١٩٣١/٩/٢٩	پێنجەمی سەرەتای	لە ١٩٣٥/٦/١ گوازراوەتەوە بۆ قۆتابخانەی کفری
٢-خالد رەزا بەگ	١٩١٨	١٩٣١ /٩/٢٩	پێنجەمی سەرەتای	لە ١٩٣٥/٦/١ گوازراوەتەوە
٣-عەبدوڵلامحەمەد فەتاح	١٩٢٥	١٩٣١/٩/٢٩	چوارەمی سەرەتای	وازی هێناوە بە هۆی ئیش و کاری ماڵەوە
٤-حەسەن حەیدەر سادە	١٩٢٦	١٩٣١/٩/٢٩	چوارەمی سەرەتای	
٥-عەلی رەحیم نازە	١٩٢٥	١٩٣١/٩/٢٩	یەکەمی سەرەتای	بە هۆی هەژاریەوە وازی لە خوێندن هێناوە
٦-عەبدولباقی ئەکبەر خان	١٩٢٦	١٩٣١/٩/٢٩	نمرەی تۆمار نەکراوە	خەڵکی سەرقەڵا بوە و هەر ئەو ساڵە وازی هێناوە
٧-سەعید محەمەد بەگ	١٩٢٥	١٩٣١/٩/٢٩	پێنجەمی سەرەتای	لە ١٠/١٠/ ١٩٣٦

گوازراوەتەوە بۆ کفری

٨-حسين محی دين ١٩٢٤ - ١٩٣١/٩/٢٩ پێنجەمی سەرەتای

٩ ئیبراهیم شێخ حسن ١٩٢٢ سێیەمی سەرەتای به هۆی ئیش و کاری ماڵەوە وازی هێناوە

١٠-محەمەد عەلی شێخ حەسەن ١٩٢٣-١٩٣١/٩/٢٩ پێنجەمی سەرەتای گوازراوەتەوە

١١-عەلی شامە ١٩٢٣ ١٩٣١/٩/٢٩ سێیەمی سەرەتای له ١٩٣٦/١/١ گوازراوەتەوە

١٢-مەحمود وەستا رەشید ١٩٢٣ ١٩٣١/٩/٢٩ سێیەمی سەرەتای وازی هێناوە به هۆی هەژاریەوە

١٣-حەمە ئەمین نەریمان ١٩٢٢ ١٩٣١/٩/٢٩ چوارەمی سەرەتای له ١٩٣٤/١٢/٢٣ به هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە

١٤-نوری عەبدوڵڵا جولا ١٩٢٠ ١٩٣١/٩/٢٩ چوارەمی سەرەتای له ١٩٣٥/١٠/١ له قوتابخانە جیابوەتەوە

١٥-قادر محەمەد ڕاڵح ١٩٢٥ ١٩٣١/٩/٢٩ پێنجەمی سەرەتای به هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە له ١٩٣٨/١٠/١

١٦-محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ١٩٣١ /٩/٢٩ نمرەی تۆمار نەکراوە کۆچیان کردووە بۆ لادی له ١٩٣١/١٢/١١

١٧-کەریم مەحمود قادر ١٩٢٠ ١٩٣١/١٠/١ پێنجەمی سەرەتای له ١٩٣٦/١٠/١ بۆ قوتابخانەی کفری گوازراوەتەوە

١٨-موسا پیروەیس ١٩٢٠ ١٩٣١/١٠/١ سێیەمی سەرەتای وازی هێناوە به هۆی کاروباری ئاژەڵداریەوە

١٩-قادر عەولمحەمەد ١٩٢٤ ١٩٣١/١٠/٣ دووەمی سەرەتای لەسەر داخوازی بەخێوەکەرەکەی وازی هێناوە

٢٠-ئەحمەد عارف ١٩٢٣ ١٩٣١/١٠/٣ له یەک دەرنەچووە به هۆی کۆچکردنیان بۆ گوند وازی هێناوە

٢١-محەمەد رەشید محەمەد ١٩٢٣ ١٩٣١ /١٠/٤ له یەک دەرنەچووە به هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە

٢٢-حسێن سۆفی فەتاح ١٩٢٥ ١٩٣١/١٠/٤ چوارەمی سەرەتای به هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە

٢٣-کاکە عەبدوڵڵا سەمین ١٩٣١/١٠/٤ نمرەی تۆمار نەکراوە له ١٩٣٢/٣/٢٥ به هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە

٢٤-مەحمود رەزا بەگ ١٩٢٥ ١٩٣١/١٠/١٢ چوارەمی سەرەتای له ١٩٣٦/١٠/٤ گوازراوەتەوە بۆ کفری

٢٥-عەبدوڵڵا مەلا محەمەد جوانڕۆی ١٩٣١/١٠/٧ نمرەی تۆمار نەکراوە شوێنی دانیشتنی گوندی دەکە بووە و وازی هێناوە

٢٦-محەمەد فەقێ مەحمود ١٩٣١/١٠/٢١ نمرەی تۆمار نەکراوە له ١٩٣٢/٦/٩ به هۆی

هەژاریەوە وازی هێناوە

٢٧-مەحمود محەمەد حاجی ١٩٢٢ ١٩٣١/١١/١ پێنجەمی سەرەتای لە ١٩٣٧/١٠/١ وازی لە قوتابخانە هێناوە

٢٨-ئەختەر محەمەد بەگ ١٩٢٦ ١٩٣٢/٣/١ سێیەمی سەرەتای

٢٩-وەفیقە تۆفیق ئەفەنی ١٩٢٤ ١٩٣٢/٣/١ چوارەمی سەرەتای باوکی مامۆستا بووە و لە کفریەوە هاتوە

٣٠-قەدریە وەستا حەمید ١٩٢٤ ١٩٣٢/٣/١ چوەتە پۆلی دووەم کۆچ کردن بۆ گوند لە ساڵی ١٩٣٤

٣١-رەعنا حەیدەر ١٩٣٢/٣/١٢ نمرەی تۆمار نەکراوە لە ١٩٣٢/٦/١٦ بە هۆی هەژاریەوە وازی هێناوە

٣٢-محەمەد فەقێ رەشید ١٩٢٥ ١٩٣١/١١/٤ چوارەمی سەرەتای وازی هێناوە

٣٣-حەبیب حەمە خان ١٩٢٢ ١٩٣١/١١/٤ سێیەمی سەرەتای بە هۆی هەژااریەوە وازی هێناوە

لێرەدا دەکرێت بە پێی تۆماری گشتی ئەم زانیاریانە دەست بخەین لە بارەی قوتابیان و نمرە و ساڵی تەمەن و خوێندنیانەوە تۆمار کراوە (٥١)، سەرجەمی قوتابیان لە ساڵی یەکەمی خوێندنی ١٩٣١ – ١٩٣٢ دا بریتین لە سی و سێ (٣٣) قوتابی بیست و نۆ (٢٩) یان لە رەگەزی نێرن و تەنها چوار(٤) یان لە رەگەزی مێن ، بەڵام لە بیرەوەری قوتابیانی ئەو دەمەدا باس لە (٢٤) قوتابی دەکرێت و لەم رووە قوتابی قادر حەمە ساڵح کە لە ژیاندایە ئەمە پشت راست دەکاتەوە بەڵام ئەو زانیاریانە بە پێی بیرەوەری ئەوان دروست نیە (٥٢)، دوانزە (١٢) خوێندکار کەوتوە (راسب) بووە، شەش (٦) خوێندکاریش نمرەکەی تۆمار نەکراوە، تا پۆلی پێنجەم (٥) لە ساڵانی سەرەتادای خوێندنی ئەو قوتابخانەیەدا هەبووە واتا تا ساڵی ١٩٣٦ و زۆر خوێندکار بۆ تەواو کردنی پۆلەکانی تر رویان لە جێگەکانی تر کردووە بە تایبەت شاری کفری، لەم رووە مستەفا نەریمان لە ساڵی ١٩٣١ چوتە پۆلی یەکەم لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێت « لە پۆلی پێنجەمدا لە کەلارەوە ئەم کورە بەگزادانەش هاتنە قوتابخانەی کفری (مستەفا بەگی کەریم بەگ، شەوکەت بەگ، خالد رەزا بەگ،عەلی سەلیم بەگ و ئەحمەدی برا حەمە) « (٥٣)، پێنج (٥) قوتابیش تا پۆلی پێنجەمیان خوێندووە لەم قوتابخانەیەدا و دواتر سیانیان بۆ تەواو کردنی خوێندنی زیاتر رویان لە قوتابخانەکانی تر کردووە ، نزیکەی بیست (٢٠) قوتابیان وازی لە خوێندن هێناوە زۆربەی زۆریان بە هۆی هەژاریەوە بووە.

لە کۆی ئەو سی و سێ (٣٣) قوتابیەی کە خوێندویانە تەنها چوار (٤) یان لە رەگەزی مێ یوونە و هەمویان وازیان هێناوە جگە لە وەفیقە تۆفیق نەبێت تا پۆلی چوارەمی سەرەتا ی خوێندویەتی ، هەموو قوتابیەکان خەڵکی گوندی کەلاری کۆن بوونە تەنها دوو خوێندکار نەبێت کە ئەوانیش لە (سەرقەڵا، دەککە) ەوە هاتوون هەردوو قوتابیەکە نمرەکەیان تۆمار نەکراوە ، زۆربەی خوێندکارەکان پیشەی باوکیان جوتیاری بووە لەگەڵ پیشەو پلەی تری وەک (بەگ، مەلا، مامۆستا،کاسب، جۆلای و ناڵبەندی)،

دەرگای قوتابخانە بە رووی منداڵاندا لە ١٩٣١/٩/٢٩ ەوە کراوەتەوە و تا ئازاری ساڵی ١٩٣٢ قوتابی وەرگرتووە، واتا دەست بە رووی کەسەوە نەنراوە بۆ ئەوەی بیەوێت منداڵی خۆی بخاتە بەر خوێندن.

دەردەکەوێت سەرەتا خواست لەسەر چوونی رەگەزی مێ بۆ قوتابخانە نەبووە بەڵام بە تۆمار کردنی ناوی (ئەختەر خان) ناوی سێ کچی تر تۆمار کراوە ئەمان لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٣٢ ناویان تۆمار کراوە لە قوتابخانە واتا پاش نزیکەی پێنج (٥) مانگ لە خوێندن ئەوسا کچان چونەتە بەر خوێندن و تەنها یەکێکیان توانیویەتی ئەو ساڵە بەسەرکەوتووی ببڕێ و دوانیان کەوتون و یەکێکی تریان نمرەکانی تۆمار نەکراوە (٥٤)،بە بیرەوەری مەحمود رەشید یەکێک لە قوتابیانی یەکەمین دەستەی خوێندن لەم قوتابخانەیە لەگەڵیان کچ خوێندویەتی ئەو باسی ناوی زۆر تری کچان دەکات بەڵام لە تۆمارەکەدا ناویان نیە لەوانە (ئامینە رەزا بەگ، پاکیزە رەوف بەگ، فەهیمە رەوف بەگ) (٥٥)، هەموو قوتابیان کە خوێندویانە لە نەتەوەی کورد و ئیسلامی سونی مەزهەب بوونە، لە پەڕەی تۆماری هیچ کام لەوانەدا وێنەی کەسی بەدی ناکرێت.

قوتابیەکان لە لە دایک بووی ساڵی ١٩١٨ ەوە تا ساڵی ١٩٢٦ ی تێدایە ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان ساڵی لە دایک بوونیان تۆمار نەکراوە، واتا دەردەکەوێت زۆری تەمەن نەکراوەتە پێوەر بۆ خوێندن بەڵام بۆ وەرگرتنی منداڵی تەمەن بچوک ئەوا لە سەروی پێنج ساڵەوە قوتابی وەرگیراوە ، لە ژمارە یەکی تۆماری گشتی قوتابخانەی کەلاری سەرەتایدا ناوی هیچ مامۆستایەک تۆمار نەکراوە و ناوی نەهاتووە، لەسەر پەڕەی تۆمارەکە، بە قەڵەمی جاف بە رەنگەکانی (رەش، شین، سور) لەسەری نوسراوە ، ئەو بابەتانەی ناویان لە تۆماری گشتیدا هاتووە و قوتابی خوێندویەتی و نمرەی لەسەر بوە بریتین لە (زانستی ئاین: علم الدين، زمانی عەرەبی: اللغه العربيه،هێڵی عەرەبی:الخگ العربی، ژمێرکاری: الحساب،ئەندازە: الهندسه، جوگرافیا: الجغرافيا، مێژوو: التاريخ، تەندورستی: الاشياء واليّحه، وێنە: الرسم، سرود: النشيد،وەرزش: الرياچه البدنيه) نمرەکانیش لەسەر دە (١٠) بووە و بە زۆری وانە بنەڕەتیەکان لە پۆلی (١- ٢) خوێنراوە و لە پۆلی (٣- ٥) وانەکانی وەک (ئەندازە، جوگرافیا و مێژوو) خوێنراوە لەگەڵ دانانی نمرە لە پۆلی (١ — ٥) لەسەر (رەوشت: السلوک) کە زۆربەی خوێندکارەکان لەم رووە ئاستیان لە سەروی (٩ /١٠) ەوە بووە، وەک دەردەکەوێت زمانی کوردی نەخوێنراوە و تەنانەت ئەم وانەیە لەسەر تۆماری گشتی نەنوسراوە بەڵام پێ دەچێت زمانی کوردی زمانی ووتنەوەی وانە و شیکردنەوە و شەرح کردن بێت لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ قوتابیان، وانەی ئنگلیزی هەر چەندە لەسەر تۆماری گشتی نوسراوە بەڵام بە هۆی

ئەوەی نمرەکانی نەنوسراوە دەردەکەوێت ئەمیش نەخوێنراوە (٥٦).

بیرەوەری سالانی یەکەمی قوتابخانەی کەلاری سەرەتای رەنگە لەم رووە باشتر ئاشنای ئەو رۆژگارەمان بکەن، قادر حەمە سالح یەکێک لە قوتابیانی یەکەمین وەجبەی قوتابخانەی کەلاری سەرەتای سەبارەت بە بیرەوەریەکانی ئەوەی خستە روو لە تەمەنی شەش سالی چوەتە قوتابخانەی کەلار بە ووتەی ئەو (٢٤) قوتابی پێکەوە خوێندویانە کە ناوی هەندێکی بیر ماوە ئەو سالە ژمارەیەک کچیش خوێندویانە کە بریتی بوونە لە (ئەختەر، وەفیقە، پەری، بەهیە) ئەم ناوانە دوانیان ناویان لە تۆمارەکەی سەرەوەدا نیە، تۆفیق ئەفەندی مام قادر گۆتەنی « ئەوەل موعەلیم « بووە سرودێکی بە قوتابیان ووتوە تا ئێستا ئەم قوتابیە لەبیریەتی:

((دلە دەردی وەتەن، دلە دەردی وەتەن پەست و گیراوە... وەک کەویی ناو قەفەس ئەسیرکراوە))، زمانی خوێندن بە عەرەبی بووە بەلام بە کوردی وانەکان بۆ قوتابیان شیکراوەتەوە، وانەی (مێژوو، جوگرافیا) بە ووتەی قادر حەمە سالح گران بووە و زۆر جار قوتابی لە ترسی ئەوەی بابەتەکەی لەبەر نەکردووە خۆی شاردوەتەوە، پاشتر مامۆستای تر هاتوەتە قوتابخانەکە لەوانە (ئادەم ئەفەندی) خەلکی موسل لەگەل مامۆستایەکی تر بە ناوی (خزول ئەفەندی) ئەمیش خەلکی موسل بووە و لەسەر ئاینی مەسیحی، حەمە بەگ ئەو قوتابخانەی بۆ خەلکی کەلار کردوەتەوە، بەم شێوەیە مام قادر بیرەوەری سالانی سیەکانی پەروەردەی بیر ماوە لە جیاتی کورسی و رەحلە لەسەر (حەسیر) دانیشتون و تا پۆلی پێنجەمی خوێندوە بە هۆی نەبوونی پۆلی شەشەم لە قوتابخانەکە و هەژاری ئەو دەمەی خەلکیەوە وەک زۆرێک لە مندالانی تر وازی لە خوێندن هێناوە (٥٧).

سەبارەت بە قوتابخانەکە و بیناکەی گەلێک بۆچون هەیە، بۆچونێک پێی وایە سەرەتا قوتابخانەکە لە مالی حەمە بەگدا بووە واتا ژوورێک لە مالی حەمە بەگ بینای قوتابخانەکە بووە و پاشتر بینایەک لە قوڕ لە گوندەکە بۆ ئەم قوتابخانەیە دروست دەکرێت (٥٨)، بە ووتەی مەحمود رەشید بینای قوتابخانەی کەلار سەرەتا مال بووە ئەویش لە مالی (عەبدوللا شاری) دا بووە لەبەرامبەر مزگەوتی ئەو دەمەی کەلار و لە ژورێکی گەورە پێک هاتبوو، دواتر گواستراوەتەوە بۆ لای مالی (سەمین شوان) و پاش ئەمیش بینای میری بۆ دروست کراوە، قوتابخانەکە براوەتە ئەو شوێنە لە سێ ژوور و هۆلێکی گەورە پێک هاتبوو، شوێنەکەی کەوتبووە بەرامبەر مالی (داودبەگ) (٥٩)، وەک دەردەکەوێت بە هەولی حەمە بەگ ئەم قوتابخانەیە دروست کراوە و خانۆکەی خۆی بەخشیووە و کردویەتی بەم قوتابخانەیە، دواتر بینایەکی گەورە لە سەرووی گوندەکە لە خشتی کال و قوڕ بۆ قوتابخانەکە دروست دەکرێت لە چوار ژوور و هۆلێکی گەورە پێک

هاتبوو، پاشتر دوو ژووری تر دروست کراون لەگەڵ ژووری بەڕێوەبەردا، بەرهەیوانێکی بچوکیش بەرامبەری پۆلەکان بووە، رووبەری گشتی ئەم بینایە نزیکەی ١٠٠٠ هەزار مەتر دووجا بووە (٦٠)، ئەم قوتابخانەیە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی لیوای کەرکوک و یەکەم بەڕێوەبەری مامۆستا تۆفیق عەلی عەبدولڕەحمان قەرەداغی (١٨٨٦ – ١٩٤٧) بووە، لە ساڵی ١٩٣١ – ١٩٤٠ لەو قوتابخانەیە ماوەتەوە (٦١)، مامۆستا تۆفیق سەرەتا لە کفریەوە هاتوچۆی کەلاری دەکرد بەڵام پاشتر ماڵی هاتوەتە گوندەکە و لەگەڵ ماڵی (هەیەر) دا تێکەڵی و دۆستایەتیان هەبووە و ماڵەکەی لە خوارووی ماڵی (رەزا بەگ) ەوە بووە، کوڕو کچێکی بە ناوی (حلمی، وەفیقە) لەگەڵ منداڵانی کەلاردا دەیانخوێند، بەرپرسی حوکمی بە بیرەوەری قادر حەمە ساڵح جارێک سەری لە قوتابخانەکە داوە کە پێیان ووتوە (موفەتیش).

قوتابیان بە گشتی جگە لە بەگزادەکان لە رووی بژێویەوە هەژار بوون، منداڵان لە قوماشی خامی سپی جل و بەرگیان بۆ دروست دەکردن، پێنوس و دەفتەر بە پارە لە لایەن کەس و کاری قوتابیەکانەوە لە شاری کفری دەکڕدرا، هەڵسوکەوتی مامۆستایان لەگەڵ قوتابیاندا لە یەکێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕا بە زۆری دار و لێدان بەکار هاتووە بەڵام مامۆستایەک بە ناوی (ئادەم ئەفەندی) بە قوتابیەکانی ووتوە دار بۆ ئاژەڵە و بۆ مرۆڤ نیە بۆیە لە قوتابیەکانی نەداوە، بە هۆی ئەم قوتابخانەیەوە لە نێو قوتابیاندا پاک و خاوێنی زۆر تر گرنگی پێ دراوە (٦٢) و لەم رووەوە زۆربەی قوتابیان پاک و خاوێن بوونە، لە قوتابخانە جگە لە وانە خوێندن گرنگی بە چالاکی وەرزشیش دەدرا، وەک دەردەکەوێت منداڵانی بەگزادە زیاتر خوێندویانە و زیرەک تر بوونە لە چاو ئەوانی تردا (٦٣).

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژمارەی قوتابیان و زانیاری تر، بە پێی ژمارە (١)ی تۆماری گشتی قوتابخانەی کەلار لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢ – ١٩٤٠) بەم شێوەیە بووە (٦٤):

خشتەی ژمارە (٣)

ساڵ	ژمارەی قوتابی		شوێن	نەتەوە	تێبینی
	نێر	مێ			
١٩٣٢	٢٢	–	هەمویان خەڵکی کەلار بوونە	هەمویان کوردن	
١٩٣٣	١٠	٧	١٤ کەلار، ١ دووز، ٢ گردەگۆزینە	هەمویان کوردن	
١٩٣٤	٦	٥	٦ کەلار، ٣ کەرکوک، ٢ شارەزوور	٨ کورد، ٣تورکمان	
١٩٣٥	٧	٢	٦ کەلار، ٢ کفری، ١ دووز	٦ کورد، ٣ تورکمان ١ مەسیحی	
١٩٣٦	٣	١	٣ کەلار، ١ گردەگۆزینە	هەمویان کوردن	
١٩٣٧	٥	–	هەمویان خەڵکی کەلار بوونە		

١٩٣٨	١١	-	٧ كەلار، ٢ دەروبەری كەلار، ١ كۆیە، ١ ئێرانی
١٩٣٩	٩	١	٥ كەلار، ٥ ئێران ٩ كورد، ١ توركمان
١٩٤٠	١٩	٢	١٧ كەلار، ١ ئێرانی، ١ كفری، ١ كۆیە، ١ قولەسوتاو
كۆ	٩٢	١٨	١١٠ سەد و دە قوتابی

لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٤ — ١٩٤٥ سێ مامۆستا لە قوتابخانەی كەلار خزمەتیان كردووە ئەوانیش بریی بوون لە « زەینەڵ حسێن بەیاتی: بەڕێوەبەر، عەزیز مەجید بەیاتی: مامۆستا، (مستەفا نەریمان) (٦٥)مامۆستا « بەڕێوەبەرەكە توركمان و هەریەكە لەو دوو مامۆستایە لە نەتەوەی توركمان و كورد بوونە ، لە كەلاری ئەو دەمەدا كە نزیكەی (٢٥٠) ماڵ بووە ، لەو قوتابخانەیە (٥٠ — ٦٠) قوتابی لە شەش پۆلدا خوێندویانە، هۆكاری كەمی قوتابیانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مامۆستایان بە هۆی خراپی ڕێگە و بان و نەبوونی جێگەوە بە باشی دەوامیان نەكردووە بە جۆرێك مامۆستایان مانگی جارێك سەریان لە كەس و كاری خۆیان داوە (٦٦)، مستەفا نەریمان لە ١٩٤٤/١٠/١٨ چوتە ئەو قوتابخانەیە لەبیرەوەریەكانیدا ئاماژە بەوە دەدات قوتابیان بە گشتی لاسار و تەمەڵ بوونە و مامۆستایانیش بە جۆرێك لە جۆرەكان لە رووی كەسایەتیەوە لای قوتابیان خۆشەویست نەبوونە، لەم رووە ئەم بیرەوەریەمان بۆ تۆمار دەكات « بە مامۆستا زەینەڵم ووت ئەمانە بۆ وادەكەن ووتی كوڕە بەگزادەن و ناوێرین دەریان بكەین، منیش چومە لای كەریم بەگ و پێم ووت منداڵەكانتان رێزی مامۆستا ناگرن و بەم شێوەیە فێر نابن ئەویش ووتی كاك سەید چی ئەكەی بیكە، منیش داریكم گرتە دەست و بۆ رۆژی دواتر بوون بە ماستی مەیوو « و بەم شێوەیە مستەفا نەریمان دوو ساڵ لەم قوتابخانەیەدا ماوەتەوە و ئەو دوو ساڵە بە رۆژە خۆشەكانی ژیانی دادەنێت و ناسیاوی لەگەڵ زۆر كەس بەتایبەت (حەمە سەعید بەگ) بە باشی پەیدا كردووە (٦٧).

بە ووتەی مستەفا نەریمان لە كەلار بۆ یەكەمین جار ئاگری نەورۆز لە ساڵی ١٩٤٥ كراوەتەوە كە قوتابیان سرودی نەورۆزیان خوێندوەتەوە، لە بەهاری ١٩٤٦ دا بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی رەشە گرانەتاوە لە گوندەكە بڵاوبوەتەوە سی (٣٠) كەس توشی بوونە و نیوەیان بەو هۆیەوە مردوون ئەمەیش وای كردووە قوتابخانەی كەلار بۆ ماوەی (٤٥) رۆژ دابخرێت (٦٨)، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن حوكمەتی عێراقیەوە ئەنجام دراوە، رەوشی پەروەردە لەم گوندە سەرباری ناوبردنی قوتابخانە و مزگەوتەكە، بەم شێوەیە تۆمار كراوە، (لە ژمارەكاندا هەڵە هەیە) (٦٩):

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارەی دانیشوان		خوێنەوار		نەخوێنەوار	
نێر	مێ	نێر	مێ	نێر	مێ
٣٨٥	٦٧٩	٤٧	٣	٢٤٢	٥٤٣

به پێی ژماره دووی تۆماری گشتی قوتابخانەی کەلار لە نێوان ساڵی خوێندنی ١٩٤١ — ١٩٥٠ سەد و نۆزە (١١٩) قوتابی خوێندویانە و ناویان تۆمار کراوە، بە ناوی (سەلاح عەبدوڵڕەحمان بەگ) دەست پێ دەکات و بە ناوی (حسێن مەجید شوان) کۆتای دێت ناوی ژمارەیەک کچ لەم تۆمارەدا بەرچاو دەکەوێت (٧٠)، شێخ محەمەد شاکەلی لە ساڵی ١٩٤٩ز چوتە قوتابخانە باس لەوە دەکات زۆر تر قوتابیان خەڵکی گوندەکە بوونە و بەشێکیان لە گۆبان و بنگرد و دەوربەری قەڵای شێروانەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە هاتون، لەم رووە هەندێک دیمەنی قوتابخانەی کەلار و رەوشی خوێندنمان بۆ تۆمار دەکات، ژینگەی قوتابخانەکەی کەلار دەکرێت بەم شێوەیە وێنەی بکێشین « لەسەر دەرگای حەوشەی قوتابخانەکە بە گەورەی بە زمانی عەرەبی نوسرا بوو (مدرسه كلار الابتدائيه) بینای قوتابخانەکە لەسەرووی گوندەکەوە بووە، دیواری بینای قوتابخانەکە پێک هاتەی خشت و قوڕ و سەروەیشی بە دار و قامیش داپۆشراو بوو ، قوتابیەکان لەسەر رەحلە یان راخەرێک دادەنیشتن، قوتابخانەکە لە پۆلی (١- ٦) تێیدا خوێندویانە، زەوی ژوورەکان گڵ بوو لە کاتی گەرمادا لەلایەن کارگوزاری قوتابخانەکەوە (مام ئەحمەد) ئاو پەرژێن دەکرا، ئاو خواردنی قوتابخانەکە لە (کوپەڵە) دابووە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەر و مامۆستایاناندا، لە کاتی ریز بوونی قوتابیاندا زۆر جار قوتابیان سرودیان دەوت لەوانە (خوایە وەتەن ئاواکەی، قەڵای شێروانە).

مامۆستاکان بە زۆری تورکمان و عەرەب و ئاسوری بوون کە پیان دەوتن (ئەفەندی) و بۆ کارەکەیان دڵسۆز و خەمخۆر بوون بە یەکسانی لەگەڵ خوێندکاران هەڵسوکەوتیان دەکرد و هەندێک کات لەسەر دەرچون لە یاسای قوتابخانە قوتابی سزا دەدرا، قوتابیان وەک پێشوو زۆری لە رووی جل و بەرگەوە (دزداشە، چاکەت) یان لەبەر دەکرد، گرنگی بە پاک و خاوێنی قوتابیان دەدرا و جار بە جار لە کفریەوە سەرتاشێک دەهێنرا بە کۆمەڵ سەری قوتابیانیان تەراش دەکرد،جگە لە وانەکان چالاکی تر هەبووە بەشێوەیەک لە وەرزی بەهاراندا قوتابیان گەشتیان دەکرد بە ئاهەنگ و گۆرانی کاتەکەیان بەسەر دەبرد، گرفتی ئەو دەمەی خۆێند ئەوە بووە قوتابی تا پۆلی چواری دەخوێند بە هۆکاری جۆربەجۆر وازی لە خوێندن دەهێنا بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین لە ٢٠٪ ی قوتابیان دەچونە تاقی کردنەوەی بەکەلۆری ئەو دەمانە، بۆ تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی قوتابی دەبوایە رووی لە جێگەکانی تر بە تایبەت کفری بکردایە و لەم رووە حوکمەت هاوکار نەبووە بۆ بەکرێ گرتنی بەشی ناوخۆی بۆیە قوتابی بە ناچاری دەبوو لە ماڵی خزمێکی بمایەتەوە (٧١)، لە چل و پەنجاکاندا قوتابیان زۆر جار بەیانیان سرودی (قەڵای شێروانە) یان دەوتەوە کە شیعری شێخ ئەحمەدی شاکەلە و لە ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٤٣ دا لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بڵاو کراوەتەوە و بە جوانی

وەسفی قەڵای شێروانە و ئێوارانی بەهاری گەرمیانمان بە دێڕە شیعر بۆ دەڕازێنێتەوە (٧٢)، لە قوتابخانەی کەلاردا کتێبخانە هەبووە کە ژمارەیەک کتێبی عەرەبی تێدا بووە قوتابیان دەیانتوانی سودی لێ وەربگرن (٧٣).

بەم شێوەیە رەشی پەروەردە لەو بینا قوڕەدا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی بینای قوتابخانەی کەلار لە لایەن میریەوە بەشێوەیەکی مۆدێرن لە (گەچ و بلۆک) لە ساڵی ١٩٥٨ دروست کرا پاش (شۆڕشی ١٤ ی تەموز) تا ئێستایش وەک کۆنترین بینای قوتابخانە لە شارەکە ماوە و خوێندن تێیدا درێژەی هەیە، بە ووتەی مامۆست حسێن کەلاری لە ساڵی (١٩٥٢– ١٩٥٣) دا بە پێنج ساڵی خراوەتە قوتابخانە، بەڕێوەبەرەکەیان ناوی (بەهجەت بەدری بەیاتی) بووە، ئەم مامۆستایە یەکێک بووە لە مامۆستا خەت خۆشەکان (خۆشنوس) و هەر سێ زمانی کوردی عەرەبی و تورکمانی زانیووە، جگە لەم مامۆستایە هەر یەکە لە مامۆستایان (محەمەد عەباس: خەڵکی قەرەتەپە، خورشید عەزیز: خەڵکی کفری)، زەینلعابدین عەباس: خەڵکی کفری، حسێن عەلی بەیاتی: خەڵکی کفری، چەندین مامۆستای تر) وانەیان بە قوتابیان داوەتەوە، لە پەنجاکاندا خوێندن لە هەموو پۆلەکاندا بە زمانی عەرەبی بووە و ئەمەیش زۆر جار گرفتی بۆ قوتابیان دروست کردووە، ژمارەی قوتابیەکان لەو دەمەدا بە ووتەی مامۆستا حسێن نزیکەی (٨٠) قوتابی بووە جگە لە وانەکان گرنگی بە چالاکی وەرزش و هونەریش دراوە، ساڵانە وەزارەتی مەعاریف هەندێک یارمەتی قوتابیانی داوە لە ساڵی پەنجا و شەستەکاندا ئەویش بریتی بووە لە (هەندێک جل و بەرگ، قەڵەم و دەفتەر...)، جگە لە منداڵە بەگزادەکان وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا منداڵان لە قوتابخانە دەردەهێنران بە تایبەت لە وەرزی دروێنەی گەنم و جۆدا، کچانیش بە زۆری لەبەر عورف و عادەت لە قوتابخانە دەردەکران و کچان نەیاندەتوانی قۆناغەکانی تر ببڕن (٧٤)، لە ساڵی ١٩٥٤ز قوتابیان و بەڕێوەبەری قوتابخانەی کەلار بەشدار بوون لە مەراسیمی بەخێر هاتنی (مەلیک فەیسەڵی دووەم) لە نزیک قەڵای شێروانە، قوتابیان و مامۆستایان لەو رۆژەدا بە چالاکی هونەری پێشوازی بەشدار بوونە لە کەرنەڤاڵی بەخێرهێنانی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵ (١٩٣٥ – ١٩٥٨) لە گەشتێکیدا بە تەنیشت کەلاردا گوزەری کردووە و خەڵکێکی زۆر لە سنورەکە چونەتە پێشوازی، قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی کەلاریش بەشێک بوونە لەو خەڵکە لەو رۆژگارەدا لە پێشوازی مەلیکی عێراقدا بە چالاکی و ریز بەستن و بەخێرهێنان بەشدار بوونە (٧٥).

زۆرێک لە قوتابیانی پەنجاکان دواتر بە قوناغە جۆر بە جۆرەکانی خوێندندا تێپەڕیون توانیویانە خوێندن تەواو بکەن و لە بوارە جۆر بە جۆرەکاندا خزمەت بکەن شێخ محەمەد لە بەرهەمەکەیدا ناوی زۆرێک لەوانەی بردووە کە ژمارەیان (٣٦) کەسە،

لەوانەیش (عوسمان مەلا مستەفا: مامۆستا، جەمیل ئەحمەد بەگ: ئەفسەر، قادر رەزا بەگ: جیۆلۆجی...)، هەر لە پەنجاکاندا ژمارەیەک لە قوتابیانی ئەم قۆتابخانەیە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتیدا بەشدار بوونە کە ژمارەیان (٢٠) کەس دەبێت (٧٦).

رەوشی پەروەردە و خوێندن لە قوتابخانەی کەلاردا درێژەی هەبووە لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦١ نزیکەی بیست قوتابی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایدا بوونە بە هەمان شێوەی ساڵانی پێشوو تر مامۆستا لە پۆلدا دەسڵاتدار بووە و بەخێوکەری قوتابی لەسەر ئەم ووتەیە راهاتبون (گۆشتەی بۆ تۆ، ئێسقانەکەی بۆ من) و بەم جۆرە دەردەکەوێت قورسای فێربوون لەسەر خودی قوتابی بووە، بەگشتی تێگەیشتنی خەڵک بۆ خوێندن لە ئاستیکی باشدا بووە وەک ساڵانی پێشتر کچانیش شان بە شانی کوڕان خوێندویانە، بەڵام زۆر کەس بە هۆکاری جۆربەجۆر منداڵی خۆیان لە قوتابخانە نەخستوە و پێان وابوو وانەی شەیتانی لە قوتابخانەدا دەخوێنرێت، ئەمە سەرباری بار گرانی پێداویستیەکانی خوێندن کە بار قورسی بوە بۆ قوتابیان و کەس و کاریان، مامۆستایانی شەستەکان بریتی بوون لە مامۆستایان (سلێمان، فایەق، معتەسەم...) (٧٧)، جگە لە قوتابیانی گوندەکە لە دەوربەریشەوە بە تایبەت لە پاش ساڵی ١٩٦٤ ەوە قوتابیان لە شوێنەکانی تری وەک گوندەکانی (سەید خەلیل، گۆبان، بنگرد، شاکەل، دێ بنە، گردەگۆزینە) ەوە بۆ خوێندن هاتونەتە ئەم قوتابخانەیە، جگە لە خوێندن قوتابی کاری تریشی دەکرد بەتایبەت ئیش و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، لە شەستەکاندا ئەم کچانە لەگەڵ کوڕان لەیەک پۆلدا دەیانخوێند (لەیلا و مهاباد و خەبات عەلی بەگ، کەژاڵ و بێخاڵ ئەحمەد مراد، قەدریە ئەحمەد نادر..) ئەم کچانە نەیاندەتوانی قۆناغەکانی پاش سەرەتای ببڕن، لە قوتابخانەی شەستەکاندا گرنگی بە وانەی وەرزش و هونەر دەدرا و ساڵانە لە قوتابخانەکەدا پێشەنگەی هونەری و کاری دەست دەکرایەوە (٧٨).

ئەو دەمانەی خوێندن زۆرێک لە قوتابیان لە لای مەلا لە مزگەوت بە تایبەت لە وەرزی هاویندا دەیانخوێند، لەم رووە محەمەد عەلی رەزا لە ساڵی ١٩٦٧ چوەتە پۆلی یەکەم و پێشتر لە لای هەریەکە لە مەلا (فەقێ رەشید) و باوکی (سەید عەلی رەزا) قورئانی خوێندووە و پاشتر خەتمی کردووە، هەر یەکە لە بەخێوکەری قوتابی و مامۆستایان گرنگیان بە قوتابیان داوە و زۆرێک لە بەخێوکەری قوتابیان خوێندنیان بە پیرۆز سەیر کردووە، بە ووتەی محەمەد عەلی بە زمانی کوردی خوێندویانە و بە گشتی قوتابیان لە وانەی ئنگلیزدا لاواز بوونە، ساڵانی کۆتایی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکان ژمارەیەک مامۆستا وانەی بە قوتابیان ووتەوە دەکرێت لێرەدا ئاماژەیان بۆ

بکەین، مامۆستایان (حسێن کەلاری، ئەفراسیاو ئەحمەد، شوکر محەمەد غەفور، کەمال فارس، عەبدولکەریم عەبدولحەمید، سەباح حەسەن، داود سەلمان سابر کۆیی، کازم، تاهر و عەدنان...) (٧٩).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لە کەلار تەنها ئەم قوتابخانەیە هەبووە و منداڵانی ناوچەکە تیایدا خوێندووە، قوتابیان بۆ تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی رویان لە دەوربەر بە تایبەت شارەکانی (کفری، خانەقین، جەلەولا) دەکرد، بە پێی تۆماری گشتی ژمارە (٥) ی قوتابخانەی کەلار لە ژمارە (٥٨٨ — ٧١٤) دەست پێ دەکات یەکەم قوتابی لەو تۆمارەدا لە ساڵی ١٩٦١ وەرگیراوە بە ناوی (حەلیمە قادر (٨٠)، تۆماری گشتی ژمارە (٦) لە قوتابخانەی کەلار لە ژمارە (٧١٧ — ١١٠٠) دەست پێ دەکات بە ناوی قوتابی (عومەر حسێن رۆغزائی) و بە ناوی (محەمەد خورشید ئەحمەد) کۆتای دێت لە ١٩٦٦/٩/١ دەست پێ دەکات بۆ ساڵی ١٩٧٦/٩/١٨ کۆتای دێت (٨١)، بەو شێوەیە دەردەکەوێت لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ — ١٩٧٦ دا ناوی نزیکەی (٥١٢) قوتابی تۆمار کراوە لە تۆماری گشتی ژمارە (٥ — ٦) دا، وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا تا سەرەتای ساڵی حەفتاکان تاکە قوتابخانەی کەلار بووە بەڵام لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠ — ١٩٧١ لە قوتابخانەی کەلار لە کەلاری کۆن پاشکۆیەک کراوەتەوە بۆ قوتابیان بۆ پۆلەکانی (١ — ٢) ناوەندی، لە پۆلی یەکەمی ناوەندی (٢١) قوتابی و لە پۆلی دووەم (٨) قوتابی لەو پاشکۆیەدا درێژەیان بە خوێندن داوە و مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتایەکە وانەیان بە قۆتابیانی قۆناغی ناوەندی ووتوەتەوە (٨٢).

لە رێگەی یاداشتێکەوە کۆمەڵێک قوتابی کەلار کە ئاراستەی لایەنە بەرپرسەکانیان کردووە بۆ کردنەوەی ناوەندی بەتایبەت دوای ئەوەی بە مەرسومی کۆماری (٣٠) ژمارە (١٣٧) لە (١٩٧٠/٢/٢٨) کەلار کراوەتە قەزا لە رۆژنامەی فەرمی عێراقدا (وەقائیعی عێراقی) بە ئیمزای ئەحمەد حەسەن بەکر بڕیاری لەسەر دراوە و خراوەتە سەر پارێزگای کەرکوک، بەم شێوەیە کەلار لە گوندەوە کراوەتە قەزا ئەمەیش کاریگەری هەبووە لە بواری گەشەکردنی شارەکە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێربووندا، یەکەم قائیمقامی کەلار (جەلال بیلال) بووە ، ئەم پیاوە رۆڵی گێڕاوە لە بواری پەرو.ەردە و خوێندن بە تایبەت پاش ئەوەی خواست لە شارەکە لەسەر کردنەوەی قۆناغی ناوەندی هەبووە و لەم رووە زەمینە ساز بووە بۆ ئەوەی داوای کردنەوەی قوناغەکانی تری خوێندن لە قەزاکە بکرێت و ئەمەیش لە سەرەتای بە قەزاکردنی کەلاردا هەستی پێ کراوە.

عەبدوڵڵا حەسەن قادر لە ساڵی ١٩٧٠ دا قۆناغی سەرەتای تەواو دەکات و بۆ کردنەوەی ئەو پاشکۆیە باس لەوە دەکات بە یاداشتی کۆمەڵێک قوتابی ئەو پاشکۆیە

کراوەتەوە و لەم رووە بەم شێوەیە باسی ئەو پاشکۆیە دەکات « من و شێرکۆ محەمەد رۆستەم چوین بۆ قائیمقامیەتی کەلار بە پاسەوانەکەمان ووت ئەمانەوێت چاومان بە قائیمقام بکەوێت ووتی ئیشتان چیە و دەتانەوێت چی پێی بڵین ، پاشتر چوین و (جەلال بیلال) (٨٣) مان بینی دەمەو ئێوارە بوو، ووتی: چیتان دەوێت ووتمان ئێمە وەک قوتابیانی کەلار دەمانەوێت لە کەلار بخوێنین و ناوەندیمان بۆ بکەنەوە، ئەویش بانگی کاتبەکەی کرد و ووتی مەزبەتەک بنوسە و بزانە چیان دەوێت « بەم شێوەیە دەردەکەوێت جەلال بیلال رۆڵی لە کردنەوەی ئەو پاشکۆیەدا هەبووە لە کەلار (٨٤)، لە بارەی کردنەوەی پاشکۆی قوتابخانەی کەلارەوە مامۆستا شکور محەمەد غەفور باس لەوە دەکات یاداشتی ١٤ قوتابیان بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوک بۆ زمانی کوردی بەرز کردەوەتەوە بۆ کردنەوەی ناوەندی، ئەوانیش رەزامەندیان نیشاندا بە کردنەوەی پاشکۆیەک کە هەر مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتایەکە وانەمان تێدا دەوەتەوە، دواتر پەروەردە دوو مامۆستای ناوەندی نارد ئەوانیش (نەوزاد محەمەد ساڵح: پسپۆڕی بیرکاری، جەمال محەمەد عەلی: پسپۆڕی جوگرافیا) بوون، بە بڕوای مامۆستا شکور کردنی کەلار بە قەزا کاریگەری باشی لەسەر پەروەردە لە شارەکەدا هەبووە (٨٥)، بەڕێوەبەری پاشکۆکە مامۆستا کەمال فارس عەزیز بووە و ستافی مامۆستایانیش هی قوتابخانە سەرەتایەکە بووە لەگەڵ ئەو دوو مامۆستایەی کە ناومان هێنان.

لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەمین قوتابخانەی ناوەندی لە کەلار دەکرێتەوە نزیکەی حەفتا قوتابی لەو ناوەندیە لە وەجبەی قوتابیە یەکەمینەکان دەبن و بیناکەی لە نێو (بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ئێستای کەلار) دا بووە (٨٦)، بینانی ئەم قوتابخانە ناوەندەیە لە لایەن دووەمین قائیمقامی کەلارەوە دروست دەکرێت ئەویش (عەبدولستار تاهیر شەریف) (٨٧) کە یاداشتەکانیدا باسی لێوە دەکات لە (١٩٧١/٩/١٦ – ١٩٧٢/٣/٢٧) بوەتە دوەمین قائیمقامی قەزای کەلار،بەم شێوەیە عەبدولستار تاهیر لە کەلار وەک خۆی دەنوسێت بەم کارانە هەستاوە (دروست کردنی دوو خانوو لە مەرکەزی کەلار، قوتابخانەیەکی ناوەندی، بنکەیەکی بەیتەری، هێنانی هێڵی کارەبا و دابەشکردنی زەوی لە ناو کەلار بەسەر دانیشتواندا) (٨٨)، لەسەردەمی ئەم قائیمقامەدا جارێکی تر ژمارەیەک قوتابی شارەکە کە پێک هاتبون لە هەریەکە لە (عەبدوڵڵا حەسەن قادر، حەسەن عەلی بەگ، شێرکۆ محەمەد رۆستەم، هیدایەت ئەحمەد، حەسەن ئەحمەد مستەفا، عەدنان رەشید...) چونەتە لای بەرپرسی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی کەرکوک (فاتح محەمەد) (٨٩) حەسەن عەلی بە ناوی قوتابیەکانەوە داوای کردنەوەی ناوەندیان لە قەزاکە کردووە و ئەو بەرپرسە کوردەیش زۆر دڵسۆزانە

داواکەی بۆ جێ بەجێ کردون، بەم شێوەیە دەردەکەوێت پۆلەکانی (١- ٢) ناوەندی لە پاشکۆی قوتابخانەی کەلاری سەرەتا بووە بەڵام پۆلی سێیەمی ناوەندی لە بینای نوێی ناوەندیەکە بووە، واتا لە ساڵی پاشتردا (١٩٧٢) ناوەندی لە کەلار کراوەتەوە و مامۆستا (ئیسماعیل مەلا سەمەد) بەڕێوەبەری بووە (٩٠)، لە ناوەندی کەلار جگە لە لایەنی پەروەردە و خوێندن گرنگە بە لایەنی رۆشنبیری قوتابیانش دراوە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە ناوەندی کەلاری کۆن لە لایەن مامۆستا ناسح غەفور – مامۆستای زمانی عەرەبی دوو بڵاوکراوەی سەر دیوار وەک چالاکی قوتابیان ئەو کاتە بڵاوکراوەتەوە بە ناوەکانی (تیشک بە زمانی کوردی، مەعریفە بە زمانی عەرەبی) لە رێگەی ئەم دوو بڵاوکرایەوە چەندین بابەتی هەمەجۆری وەک پەندی پێشینان و بۆ پێکەنین و شیعر و چیرۆک بڵاو کراوەتەوە (٩١).

لە ١٩٧٠/١٢/١٣ پاشکۆی کەلاری سەرەتایی کرایەوە و لە مانگی شوباتی ١٩٧١ بوو بە ناوەندیەکی سەربەخۆ، بەم شێوەیە خوێندن لە قەزای کەلار بەردەوام بوو تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بە تایبەت لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان حوکمەت و سەرکردایەتی کوردا دەستی پێ کرد، بەشێک لە مامۆستایان پەیوەندیان بە شۆرشەوە کرد و بەشێکی تریان تەنسب کران بۆ قوتابخانەکانی تر، خوێندن لە قوتابخانەی ناوەندی کەلار راگیرا بۆ ماوەیەک پاشان لە مایسی هەمان ساڵ جاریکی تر قوتابیان گەڕانەوە بۆ قوتابخانە، هەرچەندە بەشێکیان وازیان لە قوتابخانە هێنا و بەشێکی تریان چونە شوێنانی تر بۆ خوێندن (٩٢)، نزیکەی بیست قوتابی لە ناوەندی کەلار بە هۆی خراپی دۆخی کوردستانەوە و داخستنی ئەو ناوەندیە لە ناوەندی کفری تاقیکردنەوەی بەکەلۆریان ئەنجامداوە و بۆ ئەو مەبەستە بە درێژای تاقی کردنەوەکان قوتابیان بە سەرپەرشتی مامۆستایەک لە قوتابخانەیەکی ئەو شارە ماونەتەوە (٩٣)، لە پاش روداوەکانی ساڵی ١٩٧٥ز رەوشی پەروەردە بەرەو خراپی چوو، بەعەرەب کردنی ناوەندەکانی خوێندن دەستی پێ کرد و بەم شێوەیش فشارێکی دەرونی خراپ لەسەر دەرونی هەموو تاکێک بەتایبەت مامۆستایان و قوتابیان هەبووە، بەم هۆیشەوە زۆر قوتابی وازیان لە خوێندن هێناوە و بیرێکی وایش لە نێو خەڵکیدا بڵاو کراوەیەوە زیاتر گرنگی بە خوێندنی زمانی عەرەبی بدرێت (٩٤)، لە کەلار تەنها قۆناغی سەرەتای و ناوەندی هەبووە بۆ قۆناغی ئامادەی دەبوو قوتابی رووی لە کفری و خانەقین و جەلەولا و دەربەندیخان بکردایە، ساڵی ١٩٧٥ لە بیرەوەری قوتابیاندا ساڵێکی ناخۆش بووە بەوەی لە زۆر جێگە قوتابخانە کوردیەکان داخراون و قوتابیانیش بۆ قوتابخانە عەرەبیەکان گواستراونەتەوە و هەر ئەو ساڵە بە شێوەیەکی چڕ شاڵاوی بە بەعسی کردن دەستی پێ کردووە لە ناوەندەکانی خوێندندا کە بە هۆیەوە کەم کەس هەبوو ناچار

نەبێت پەیوەندی نەکات بە بەعسەوە (٩٥).

ناوەندی کەلار بیناکەی تا تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵی ١٩٧٥ لە بینای پێشودا بووە بەڵام پاشتر شوێنەکەی گوازاوەتەوە بۆ بینایەکی تر لە شوێنی (ئامادەیی رەوشتی ئێستا، هۆڵی هونەرمەندانی کۆن) و ئەو ساڵە مامۆستا (ئەنوەر حەسەن محەمەد شاواز (١٩٤٨ -) بەڕێوەبەر بووە پاش ئەویش هەریەکە لە مامۆستایان (کەریم ئەحمەد محەمەد خەڵکی ناوچەی زەنگاباد (١٩٤٨ — ٢٠١٢)، مستەفا رەشید حەمید کوڵەجۆیی (١٩٥٢- ٢٠١٣) بونەتە بەڕێوەبەر لەم ناوەندیەدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ — ١٩٧٩ ژمارەیەک مامۆستا لەم ناوەندیەدا وانەیان بە قوتابیان داوەتەوە، ژمارەیەکیان لە رەگەزی مێ بوونە لەوانە (موعەزەز: مامۆستای مێژوو، بەتول ئیبراهیم : مامۆستای عەرەبی، غازیە: مامۆستای ئنگلیزی) ، مامۆستایانی تر دەکرێت لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت بەم شێوەیە (٩٦):

خشتەی ژمارە (٥)

ناوی مامۆستا	پسپۆڕی	نەتەوە	دانیشتووی	ئاین
عامر دایل	عەرەبی	عەرەب	بەغداد	مەسیحی
حەسەن رەسوڵ	ئنگلیزی	کورد	چەمچەماڵ	موسڵمان
شاکر مەحموود	بیرکاری	کورد	کەرکوک	موسڵمان
تایر عەبدوڵلا	کوردی	کورد	دەربەندیخان	موسڵمان
خەلیل مەحمود	جوگرافیا	کورد	خانەقین	موسڵملن
خەلیل ئیبراهیم فتح ڵلا	ئنگلیزی	کورد	خانەقین	موسڵمان
خالد عەبدوڵلا سلێمان	بیرکاری	کورد	خانەقین	موسڵمان
سەرتیپ کاکەیی (سیروان)	کیمیا	کورد	کەرکوک	کاکەیی
گوڵباخ ئیراهیم ئەحمەد	-	کورد	خانەقین	موسڵمان
کەریم عەبدولحەمید	عەرەبی	عەرەب	خاڵێ	موسڵمان
ناێر ئەلیاس عەلو	کۆمەڵایەتی	عەرەب	کەرکوک	مەسیحی

لە کەلار رەوشی پەروەردە و خوێندن بە چەندین رێگەی سەخت و دژواردا بەرەو پێشەوە دەچوو، ژمارەی قوتابیان بە گشتی بە تایبەت رەگەزی مێ زیادی کردووە، سەرباری ئاستەنگ و رێگریەکان بەڵام رەوشی پەروەردە بەرەو پێشەوە چووە، لێرەدا بە پێی ئامارێک دەردەکەوێت ژمارەی قوتابخانەکان رووی لە زیاد بوون کردووە ئەمیش بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانەوە بووە بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانشتوانی مەرکەزی کەلار پێک دێت لە (٢٤٨٢٤) کەس کە لە ٧٥٪ ی لە کورد پێک هاتووە، واتا لە دوای کردنی کەلار بە قەزا ژمارەی دانیشتوانی زۆر زیادی کردووە

(٩٧)، له كەلار له پاش ساڵی ١٩٧٣ – ١٩٨١ ژمارەیەک قوتابخانه دروست كراوه له ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠ – ٢٠٠١) ناوەكانیان بەم شێوەیه بووه (٩٨):

خشتەی ژماره (٦)

ناوی قوتابخانه	ساڵی دامەزراندن	قۆناغی خوێندن	گەڕەک
كەلار	١٩٧٣	سەرەتای	فەرمانبەران
خانەقین	١٩٧٥	سەرەتای	فەرمانبەران
سیروانی كوڕان	١٩٧٥	ناوەندی	فەرمانبەران
تیشک	١٩٧٨	سەرەتای	سیروان
لەیلا قاسم	١٩٧٨	سەرەتای	فەرمانبەران
پێشەنگ	١٩٧٨	سەرەتای	بەردەسور
ئەڵوەن	١٩٧٨	سەرەتای	سیروان
باخچەی ساوایان	١٩٧٨	باخچه	فەرمانبەران
گەرمیان	١٩٧٩	سەرەتای	سەركەوتن
هۆگر	١٩٧٩	سەرەتای	شۆڕش
مرواری	١٩٨٠	سەرەتای	سەركەوتن
زۆزک	١٩٨٠	سەرەتای	شۆڕش
شەهید ئارام	١٩٨١	ئامادەی	شۆڕش

له كەلار له حەفتاكاندا له بواری پەروەرده و خوێندندا زۆر باش گەشی كردووه، باخچەی ساوایان و ئامادەی تێدا كراوەتەوه لەگەڵ زیاد بوونی قوتابخانه سەرەتایەكاندا، له كۆتای حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان له كەلار هەڵمەتی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێنەواری بەڕێوه چووه ژمارەیەک خەڵک له هەردوو رەگەز تێیدا بەشدار بووه كه سەركەوتنی رێژەكه له كەلار له نێوان ٣٠- ٤٠٪ دا بووه (٩٩)، له ساڵی خوێندنی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ پلەی دواناوەندی به ناوەندی كەلار درا و قوناغی ئامادەیش بەردەوام بووه، یەكەم ئامادەیی له كەلار (اعدادیه الپوره) خوێندن تێیدا به زمانی عەرەبی بووه له بینای (شەهید ئارام)ی ئێستا و بەڕێوەبەرەكەی مامۆستا (ساڵح محەمەد ئەمین نەریمان) بووه، لەو ئامادەیەدا له هەر دوو بەشی (زانستی، وێژەی) نزیكەی (٥٠٠) قوتابی خوێندویانه (١٠٠).

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١) سەباح عەلی جاف، مێژووی پەروەردە و فێربوون لە کەلار، گەرمیانی ئەمڕۆ، ژمارە (٧١)، شوباتی ٢٠١٣، ل ٦.

٢) شاخەوان ئەلیاسی، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، (هەولێر: ٢٠٠٨)،ل ٥٦.

٣) سەباح عەلی جاف، مێژووی پەروەردە و فێربوون ، ل ٦.

٤) ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک لە بارەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کەلار و شوێن و ناوچەکانییەوە، خەڵک (مانگنامە)، ژمارە (٢٠)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٥، ل ١٥.

٥) جمال بابان، اٸول اسماء المدن والموقع العراقیە، ج١، مگبعە الاجیال، (بغداد: ١٩٨٩)، ێ ٢٥٦.

٦) بەهرۆز جاف، واتای ناوی کەلار، کۆچ (گۆڤار)، ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٠٥، ل ١١٢ — ١١٤.

٧) http://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩%٨٣%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٨%B١

٨) ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک لە بارەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کەلار و شوێن و ناوچەکانییەوە ، ل ١٥.

٩) جاسم محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، (سلێمانی: ٢٠٠)، ل ٢٢.

١٠) جەمال ئەکبەر، کەلار لە کورتەیەکی مێژوویدا، ب١، ئایندەی گەرمیان ،ژمارە (٥٣)، دیسەمبەری ٢٠٠٩، ل ٤.

١١) سەرچڵ، کەی ئاوڕێک لە کەلاری کۆن دەدرێتەوە؟، هەرێمی کوردستان (رۆژنامە)، ژمارە (١١١)، ١٩٩٨/١٢/١٠،ل٥

١٢) سوارە حەسەن باجەلان، مێژووی کەلار، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ٢٤ — ٢٧.

١٣) جاسم محەمەد، س. پ، ل ٢٧ — ٣٢.

١٤) ابراهیم درویش محمد بالانی، اپر الابیئە السیاسیە فی الاتغییر الدیموغرافی فی مدینە کلار، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ٦٩ (المجلە)، العدد (١)، ایار ٢٠١٣، ێ ٣١٢. .

١٥) سیسیل جۆن ئیدمۆنس، کورد تورک عەرەب،و: حامید گەوهەری، چ٢ ، (هەولێر: ٢٠٠٤)، ل ٢٠٤ — ٢٠٥.

١٦) خوسرەو جاف، مێژووی هۆزی جاف، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٨٤٥ .

١٧) محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵڵا حەسەن، عێراقی باکور لیوای کەرکوک و دیالە ساڵی ١٩٥٥، وەرگێڕانی: موعتەسەم محەمەد، چاپخانەی ژیار، (سلێمانی: ٢٠٠٢)، ل ١٥٦.

١٨) مدیریە النفوس العامە، الدلیل العام لتسجیل النفوس العام لسنە ١٩٥٧، ێ ١٢١.

١٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر حەسەن (سەرپەرشتیاری خانەنشین)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢٢.

٢٠) سەباح عەلی جاف، مێژووی پەروەردە و فێربوون لە کەلار ، ل ٦.

٢١) سوارە حەسەن باجەلان، س. پ، ل ٦٠ — ٦٣.

٢٢) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی ١٩٦١ – ١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، (کەرکوک:٢٠١٢)، ل ١٥٠.

٢٣) ە. س، ل ١٥١.

٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید (مەلای دێرین)، کەلار، ٢٠١٢/٧/٥.

٢٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەمە ئەمین کەلاری (بەرپرسی لقی گەرمیانی – یەکێتی زانایان)، کەلار، ٢٠١٤/٢/١٠.

٢٦) حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆی، باوکی ناوی مەهدیە و لە بنەماڵەی پیر خدریە، لە منداڵیەوە دەستی کردووەتە خوێندن و چوەتە بیارە و لەوێ ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، بە فەرمانی شێخ عومەری زیائەدین لای حەسەن بەگی سلێمان بەگ بووە لە گەرمیان بوەتە مەلا و پاشان چوتە خانەقین و لەوێ ئەرکی وانە ووتنەوەی لە خانەقای شێخ زیائەدیندا گردوتە ئەستۆ تا مردن لە خانەقین ماوەتەوە، لە کاتی چون بۆ حەج چاوی بە هەریەکە لە (مەلیک سعود، مەلیک فەیسەڵ) کەوتووە و گەلێک رێنامی کردون، حاجی مەلا لە ساڵی ١٣٥٨ ک کۆچی دوای کردووە، بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، یادی مەردان، ب٢، چ٢، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠١١).ل ٤٧٥.

٢٧) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسە کلار الابتدائیە، سنە ١٩٣١ – ١٩٤١.

٢٨) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری.. ، ل ١٥١.

٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید، کەلار، ٢٠١٢/٧/٥.

٣٠) هاشم عاێی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چ٤ (کەرکوک:٢٠٠٩)، ل ١٤.

٣١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود رەشید قادر، (یەکێک لە یەکەمین دەستەی قوتابیانی ق. کەلار)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حەمە ێاڵح (یەکێک لە یەکەمین دەستەی قوتابیانی ق. کەلار)، کەلار، ٢٠١٤/٣/٢٠.

٣٣) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری. ، ل ١٥٣.

٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا ئەحمەدی فەقێ رەشید، کەلار، ٢٠١٢/٧/٥.

٣٥) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری. ، ل ١٥٣.

٣٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەمە ئەمین کەلاری، کەلار، ٢٠١٤/٢/١٠.

٣٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی (وەزیری خانەنشین)، سەعداوا، ٢٠١٤/٢/٨.

٣٨) مینە جاف: (١٩١١ – ١٩٦٥) کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جافە، لە قەڵای شێروانە لە دایک بووە، پیاوێکی هۆشیار و خواپەرست بووە، پاش ئەوەی باوکی ژنی دووەم دێنێت لەگەڵ دایکی (دورسون) دەچێتە گوندی گۆبانی سەروی کەلار، هەرچەندە نەچوەتە قوتابخانەی میری و تەنها لە مزگەوت خوێندویەتی و لە رووی خوێنەواریەوە خاوەن بەهرەیەکی باش بووە، هەر سێ زمانی (عەرەبی و تورکی

و فارسی) زانیوە، مینە جاف دەستی شیعری هەبووە و لە زۆر بواردا شیعری ووتەوە کە دواتر دیوانەکەی چاپکراوە، مستەفا نەریمان ئەم شاعیرەی لە دەوربەری ساڵی ١٩٤٤ دا ناسیووە و لەو بارەیەوە دەنوسێت « لە گەلاوێژدا شیعری بڵاو ئەکردەوە و هەموو کتێب و گۆڤارێکی کوردی دەربچوایە دەیخوێندەوە »، بڕوانە:مێگفی نەریمان، دیوانی مینە جاف، چاپخانەی جاحڤ، (بەغداد: ١٩٩٠)، ل ٣ – ٤، ٣١٧.

٣٩) http://www.jaff.biz/dawood%٢٠bag%٢٠fattah%٢٠bag.htm

٤٠) مێگفی نەریمان، دیوانی مینە جاف، ل ١١٨.

٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، سەعداوا، ٢٠١٤/٢/٨.

٤٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا ئەحمەدی فەقێ ڕەشید، کەلار، ٢٠١٢/٧/٥.

٤٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەمە ئەمین کەلاری، کەلار، ٢٠١٤/٢/١٠.

٤٤) ئەحمەد باوەڕ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل ٨٦ ؛ ئەحمەد باوەڕ، ڕێبەری دەرچوانی خولی هەشتەم (٢٠٠٣ – ٢٠٠٤)، پەیمانگای تەکنیکی کەلار، ل ٩ – ١٠.

٤٥) ساڵح هەلاج، چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان، چ١، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ١٨٠.

٤٦) عەدنان، خوێندنگای شێروانە... مێژوویەک پڕ لە سەروەری، شێروانە (گۆڤار)، ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٦، ل ٨.

٤٧) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه کلار الابتدائیه، سنه ١٩٣١ – ١٩٤١.

٤٨) حەمە بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جاف (١٩٠٤ – ١٩٣٤): سێیەمین کوڕی فەتاح بەگ بووە، پیاوێکی لیهاتوو و خوێنەواری سەردەمەکەی بووە، « هەرچەندە لە سەرچاوەیکدا نوسراوە نەخوێنەوار»، حەمە بەگ لە پاش دامەزراندنی حوکمەتی عێراق بوەتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندن لە خولی دووەمدا لە ساڵی١٩٢٩ بە نوێنەرایەتی کفری و لیوای کەرکوک، حەمە بەگ لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە نامەیەکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان داوای ئۆتۆنۆمیان بۆ کوردستانی عێراق کردووە، چەند جارێک یاداشتیان داوەتە مەندوبی سامی بەریتانی لە بارەی کێشەی کوردەوە، حەمە بەگ لە کۆتای بیستەکاندا لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆشنبیری سنورەکە پارتێک دروست دەکەن، بە پێی زانیاریەکان حەمە بەگ حەزی نوسینی ئەدەبیشی هەبووە و لەم رووە رۆمانێکی نوسیوە بەلام دواتر فەوتاوە، ئەم کەسایەتیە لە ١٩٣٤/٥/١ بە نەخۆشی ریخۆڵە کوێرە کۆچی دوای دەکات ، بڕوانە:کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢ – ١٠٨، ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر،ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٥٢ – ١٩٥٨)،چ١، چاپەمەنی شەهاب، (هەولێر: ٢٠٠٧)، ل ٤٢.

٤٩) مستەفا نەریمان، حەمە بەگی جاف هەڵگری ئاڵای تێکۆشانی سیاسی، نەوشەفەق (گۆڤار)، ژمارە (٢٥)، نیسانی ٢٠٠٥، ٩١ – ٩٢.

٥٠) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه کلار الابتدائیه، سنه ١٩٣١ – ١٩٤١.

٥١) قيد عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه كلار الابتدائيه، سنه ١٩٣١ — ١٩٤١، ئەحمەد باوەڕ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، س. پ، ل ٨٧.

٥٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حەمە ئاڵح، کەلار، ٢٠/٣/٢٠١٤.

٥٣) مێگفی نریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، (بەغدا: ١٩٩٤) ، ل ٢٥.

٥٤) قيد عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه كلار الابتدائيه، سنه ١٩٣١ — ١٩٤١.

٥٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود ڕەشید قادر (خەلیفە مەحمود)، کەلار، ٧/٢/٢٠١٤.

٥٦) قيد عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه كلار الابتدائيه، سنه ١٩٣١ — ١٩٤١.

٥٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حەمە ئاڵح، کەلار، ٢٠/٣/٢٠١٤.

٥٨) سەباح عەلی جاف، مێژووی پەروەردە و فێربوون لە کەلار، س. پ، ل ٦.

٥٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود ڕەشید قادر (خەلیفە مەحمود)، کەلار، ٧/٢/٢٠١٤.

٦٠) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری..، ل ١٥٣

٦١) ئەحمەد باوەڕ، ڕێبەری دەرچوانی خولی هەشتەم (٢٠٠٣ — ٢٠٠٤) پەیمانگای تەکنیکی کەلار، ل ١٠.

٦٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حەمە ئاڵح، کەلار، ٢٠/٣/٢٠١٤.

٦٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود ڕەشید قادر (خەلیفە مەحمود)، کەلار، ٧/٢/٢٠١٤.

٦٤) قيد عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسه كلار الابتدائيه، سنه ١٩٣١ — ١٩٤١.

٦٥) مستەفا نەریمان (١٩٢٥ — ١٩٩٤): سەید مستەفا سەید ئەحمەد سەید عەبدولسەمەد، لە کفری لە دایک بووە، سەرەتا لای مەلا دەست بە خوێندن دەکات و ساڵی ١٩٣١ دەچێتە قوتابخانەی کفری کوڕان، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە و لەسەر داوای ڕەفیق حلمی لە ساڵی ١٩٤٤ یەکەمین دامەزراندنی لە گوندی کەلار بوە، پاشتر هەر لە سنورەکە لە سەرقەڵا و کوڵەجۆی زەنگاباد و بان سنوق و کەرکوک خزمەتی کردووە، بە یەکەم کەس دادەنرێت ڕۆژمێری دیوار و ببیلۆگرافیای بە کوردی دانابێت، ڕۆڵی لە حزبی هیوا و پارتی دیموکراتدا هەبووە، بەشداری هەر دوو کۆنگرەی مامۆستایانی کردووە لە شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٥٩ — ١٩٦٠ چەند پێشنیارێکی بۆ خستونەتە ڕوو، لە بواری نوسین و ڕۆژنامەگەریدا دەستێکی باڵای هەبووە، خاوەنی ٢٤ بەرهەمی چاپکراوە لە ٢٧/٥/١٩٩٤ کۆچی دوای دەکات و لە گۆڕستانی محەمەد سەکرانی لە نێوان بەغدا- بەغقوبە ئەسپاردەی خاککراوە، بڕوانە:زیاد نەعمان مەحمود، ژیان و بەرهەمەکانی مستەفا نەریمان (١٩٢٥ — ١٩٩٤)، مێژوو (گۆڤار)، ژمارە (٢٤)، پایزی ٢٠١٢، ل ٤٩ — ٧٢.

٦٦) مێگفی نریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ل ٧٥ — ٧٦.

٦٧) مێگفی نریمان، ه. س، ل ٧٦ — ٨٠.

٦٨) مێگفی نریمان، ه. س، ل ١١٠، ١١٤.

٦٩) غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و دژوار لە کوردستاندا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل ٣٣٦.

٧٠) قيد عام (تۆماری گشتی)، رقم (٢)، مدرسه كلار الابتدائيه، سنه ١٩٤١- ١٩٥٠

٧١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، سەعداوا، ٢٠١٤/٢/٨.

٧٢) هاشم عاێی کاکەیی، س. پ، ل ١٨.

٧٣) ، خەلەف غەفور، دەفری زێڕین، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی کارۆ، (کەرکوک: ٢٠١١ ل ٣٩

٧٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حسێن کەلاری (مامۆستای خانەنشین)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢٨.

٧٥) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری..، ل ١٥٧- ١٦٢،

٧٦) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار، ل ١٦٦ – ١٧٢.

٧٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر (سەرپەرشتیاری پەروەردەیی)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٧٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حەسەن ڕەشید کەریم (یاریدەدەری ق.شەهید مەلا ئەحمەد)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٦.

٧٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی ڕەزا (ب. مەڵبەندی تەندروستی شێروانە)، کەلار، ٢٠١٤/٢/٩.

٨٠) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (٥)، مدرسە کلار الابتدائیە، سنە ١٩٦١ – ١٩٦٦

٨١) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (٦)، مدرسە کلار الابتدائیە، سنە ١٩٦٦- ١٩٧٦

٨٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٨٣) جەللا بیلال مستەفا (١٩٢٣ – ١٩٩٣): لە شاری هەولێر لە دایک بووە و بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی ناسراوی ئاینین و سەرەتای خوێندنی لە حوجرە بووە، قوناغەکانی خوێندن لە شاری هەولێر تەواو دەکات و پاشان چوتە کۆلێژی ماف لە بەغداد و بەسەرکەوتوی تەواوی دەکات، لە ساڵی ١٩٤٦ پاش تەواو کردنی زانکۆ دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیەی قادر کەرەم و پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا (شێروانە)ی سەر بە قەزای کفری، پاشتر چەندین پۆستی تر وەردەگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەرمیان دەمێنێتەوە، لە ١٩٧٠/٢/٢٨- ١٦ی ئەیلولی ١٩٧١ دەبێتە قائیمقامی قەزای کەلار (یەکەمین قائیمقامی کەلار) گەلێک خزمەتی لە قەزاکە لەو ماوە کەمەدا کردووە، ڕۆڵی هەبووە لە بواری پەروەردە و فێربوون و کردنەوەی قۆناغی ناوەندی بۆ قوتابیانی شارەکە، ئەم پیاوە ئیداریە پاش تەمەنێک لە خزمەت بە رووی داوی هاتوچۆ لە ١٤ ی ئەیلولی ١٩٩٣ کۆچی دوای دەکات و لە بەغداد بە خاک دەسپێردرێت، بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، جەلال بیلال مستەفا پیرەبابی ١٩٢٣- ١٩٩٣ یەکەم قائمقامی قەزای کەلار و ڕۆڵی لە بواری کارگێڕیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣)، ساڵی ٢٠١٤، ل ٧٨ – ٨٢.

٨٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٨٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا شکور محەمەد غەفور ، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢.

٨٦) سەباح عەلی جاف، مێژووی پەروەردە و فێربوون لە کەلار، س. پ، ل ٦.

٨٧) عەبدولستار تاهر شەریف (١٩٣٥ – ٢٠٠٨): لە شاری کەرکوک لە دایک بووە و قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ وەک مامۆستا دادەمەزرێت، جگە لە کاری مامۆستای چەندین جار بووتە قائیمقام، چەند جارێک بووتە وەزیر و لە ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٤ دا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە، ماوەک سکرتێری پارتی شۆرشگێرانی کوردستان بووە، پاشتر توانی خوێندنی دکتۆرا تەواو بکات، لە مارتی

٢٠٠٨ له روداوێکی تەمومژاویدا له کەرکوک تیرۆر کرا، بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، جەلال بیلال مستەفا پیرەبابی ١٩٢٣- ١٩٩٣ یەکەم قائمقامی قەزای کەلار ، ل ٨٤ — ٨٥.

٨٨) عبدالستار تاهیر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا (یاداشت) ١٩٣٥ — ١٩٧١، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراپخا، (کەرکوک: ٢٠٠٨). ، ل ١٦٤ — ١٦٥.

٨٩) فاتح محەمەد ئەمین بەگ سیامەنسوری: (١٩٤٣) بەشی کوردی — کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٦٣، لە ساڵی ١٩٧٠ — ١٩٧٤ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوک بووە بۆ خوێندنی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٦ — ١٩٩١ مامۆستا بووە لە دیوانیە و بەعقوبە، لە ساڵانی ١٩٩٣ کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی،، لە ساڵی ٢٠٠٢ — ٢٠٠٦ بوەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا خانەنشینە، بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، جەلال بیلال مستەفا پیرەبابی ١٩٢٣- ١٩٩٣ یەکەم قائمقامی قەزای کەلار، ل ٨٥.

٩٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٩١) ئەحمەد باوەڕ، مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی لە رۆژهەڵاتی گەرمیان ١٩٣٩ — ١٩٧٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٧)، ساڵی ٢٠١٣، ل٣٢٥.

٩٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر حەسەن ، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢٢.

٩٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی رەزا، کەلار، ٢٠١٤/٢/٩.

٩٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر حەسەن ، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢٢.

٩٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر، کەلار، ٢٠١٤/٢/٧.

٩٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حەسەن رەشید کەریم ، کەلار، ٢٠١٤/٢/٦.

٩٧) د. عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان ، چ٢، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر:٢٠٠٧)، ل ٥٣.

٩٨) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشە کێشان، س. پ، ل ٢٦٣ — ٢٦٨.

٩٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا شکور محەمەد غەفور ، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢.

١٠٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر حەسەن محەمەد شاواز، کەلار، ٢٠١٤/٢/٢٢.

جۆن دیوی

پراگماتیەت وەك رزگار بوونێكی فیكری

نووسینی:عەبدوڵڵا ئەلمتێری

و:تاهیر عوسمان

جۆن دیوی ١٨٥٩-١٩٥٢ یەکێکە لە ناودارترین فەیلە سووفەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ و نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠کەلە زیاتر لە بوارێکدا دەرکەوتووە , لەسەر ئاستی فەلسەفیدا دیوی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پراگماتیەتی ئەمەریکی کە توانی فەلسەفەیەکی رەخنەگر لە فەلسەفەی ئەوروپی هەردوو سەدەی ١٧ و ١٨ بێنێتە کایەوە ,لەسەر ئاستی پەروەردەییدا دیوی بەدامەزرێنەری راستەقینەی فەلسەفەی پەروەردە دادەنرێ , لەبەر هۆکارێکی سەرەکی و بەو پێیەی کە پەروەردە ئێستا هەر تەنها بوارێک نی یە بۆ پراکتیزە کردنی قیۆرە فەلسەفیەکان , بەڵکو پەروەردە ئەو ئەزموون و شارەزاییە یە کە بۆ چوون و تێڕ وانینە فەلسەفیەکانی لە نێودا دادەڕێژرێ , لە بواری کۆمەڵا یەتی و سیاسیش دیوی فەیلە سووفی رای گشتی بوو , لە رۆژنامەکان دەینووسی و گفت و گۆی لەسەر ئاریشە کۆمەڵا یەتی و سیاسیەکان دەکردو پێی وابوو لەسەر هزرڤان پێویستە پێوەندی نێوان هزرەکان و ئەو واقیعە بەیەکەوە بگەیەنێ کە تیایدا دەژی.ئەم وتارەش چاو خشاندنێکی خێرایە بەلایەنی فەلسەفی لەلای جۆن دیوی دا.

وەکو فەیلە سووفێکی پراگماتی دیوی تێگەیشتنێکی جیاواز لەبارەی هەقیقەت دەخاتە روو و پێی وایە هەقیقەت – راستی- تەنها بیرۆکە- هزر-ێکی سوود بەخشەو بەس. لێرەشدا مەبەستی ئەو بیرۆکەیەیە کە وەڵامی پرسیارێکی لای مرۆڤ دەداتەوە و ئەو گرفتەی بۆ چارەسەردەکا کە روو بەرووی دە بێتەوە.بۆ نموونە بیرۆکەی راستەقینە لە بابەتی بیرکاری ئەو بیرۆکەیەیە کە شیکاری پرسیارێکی ماتماتیکی دەکا. ئەو بیرۆکەیەیەی کە چارەسەرێکیش پێش کەش نەکا لەلای دیوی دە چێتە چوار چێوەی ئەو مەعریفەیەی کە ئەزموونە سەرکەوتوو سەر نەکەوتووەکان لە خۆ دەگرێ.هەرچەندە هەقیقەت تەنها تایبەتە بەو بیرۆکانەی کە شارەزایی سەرکەوتنیانی سەلماندوە. ئەم تێگەیشتنە لەلای دیوی بەمانای بیر کردنەوەی زانستی دێ , ئەو بیر کردنەوەیەی هزرو کارکردن راستەوخۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بە پێی توانایان لەسەر بەرهەم هێنان بڕ یار لەسەر بیرۆکەکان دەدا. لە کتێبەکەیدا (دووبارە بونیات نانەوە لەفەلسەفە) دیوی پێی وایە فەلسەفە ئەو کاتە رێگای ون کرد کە فیکر- هزر- ی لە ئەزموونی پراکتیکی – عەمەلی- دابڕی و جیاکردەوە.هزرە خۆ بەزل زانە ترانسندنتالیەکان کە خاوەنەکانیان پێیان وایە ئەو فیکرانە لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی بەرزترن.بوونەتە رێگر و کۆسپ لەبەردەم بیر کردنەوەی فەلسەفی , بەڕای دیوی کەسی فەیلە سووف لەگەڵ ئەو هزرانە ئازادیی لە بڕ یاردان و رەخنەگرتن لەدەست دەدا. چونکە ئەو هزرانە خۆیان وادەردەخەن

هەروەک دوور بن لە جیهانی تاقیکردنەوەوە. بیانوو یا بەڵگەی دژ بە بۆچوونەکەی دیوی لێرەدا دەڵێ ئەو هزرانەی کە ناکرێ بە ئەزموون تاقی بکرێنەوە. دەکرێ لە رێگای عەقڵەوە لێیان دڵنیا بین. لێرەشدا دیوی دەمانگەرێنێتەوە بۆ کێشەیەکی قوڵ لە کەلە پووری فەلسەفی ئەویش جیسا کردنەوەی هزرە عەقلیەکانە لە ئەموونەکانیان.هەروەک عەقڵ بە لۆژیک و بیرۆکەکانی یەکێک نەبووبێ لە بەرهەمەکانی شارەزایی مرۆیی.هەر بەم هۆیەشەوە دیوی دەگەرێتەوە سەر خاڵێکی تر ئەویش دامەزراندنی لۆژیکە لەسەر چەمکی ئەزموون و شارەزایی , بیر کردنەوەی لۆژیکی – مەنتیقی- زۆر لە رەوشتی مرۆڤ لە ژیانی راستەوخۆو فێر بوون بە ئەزموون و بەهەوڵدان و هەڵەکردن دوور ناکەوێتەوە , چەشنی ئەو رەوشتەی کە منداڵێک ئەنجامی دەدا , واتە ئەو لۆژیکەی کە هەموو جیهان بە هۆیەوە لە ناخی منداڵدا دەگەرێ. واتە جیهان لێرەدا دە بێتە ئەو منداڵەی کاتێک ئەزموونێک تاقی دەکاتەوە , تاوەکو لە رێگای سوود گەیاندنی لە راستی و چاکیەکەی دڵنیا بێ. بۆ نموونە منداڵ چەندین رێگا بۆ کردنەوەی دەرگایەک تاقی دەکاتەوە , ئەو رێگایەی کە سەرکەوتوو دەبێ منداڵ دەستی پێوە دەگرێ و رێگا سەر نەکەوتووەکان فەرامۆش دەکا.وە لە جاری داهاتوودا منداڵ هەمان رێ و شوێن دوو بارە ناکاتەوە بەڵکو تەنها بیرۆکە سەرکەوتووەکە بەکار دە هێنێ , کە دەر گاکەی پێ کرابۆوە. بەڵام ئەگەر ئەو رێگایە فریای نەکەوت بەوەی کەلەبەردەم دەرگایەکی جیاواز بوو. ئەوە بەدوای بیرۆکەو رێگایەکی دیکەدا دەگەرێ و بەمجۆرە. دیوی دەڵێ ئەوەی کەلە کەلە پووری فەلسەفیدا ئەنجامی دەدەین بە بانگەشە کردن بۆ هزرە خۆ بەزل زانەکان. ئەوە هەوڵدانێکە بۆ رێگە گرتن لە بیر کردنەوەی ئاسایی – سروشتی- بە واتایەکی دیکە ئێمە کارێکی وا ئەنجام دەدەین هەروەک داوا لە منداڵەکە بکەین رێگایەکی خۆ بە زل زان بۆ کردنەوەی دەرگاکە بگرێتە بەر , هەر چەندە ئەزموون سەر نەکەوتنی ئەو رێگایەشی سەلماندبێ. بەو پێیەی کە ئەوەیان رێگایەکی خۆ بەزلزانەو بەکەڵکی تاقیکردنەوە نایەت.فەلسەفەی ئەخلاقیش نموونەیەکی ئەم کۆسپ و تەگەرەیەیە. ئەخلاق بە سروشتە پراکتیکیەکەی بەمانای رێساکانی مامەڵە کردنی نێوان مرۆڤەکان دێ. , وەئایا دەکرێ ئەخلاقی کردەیی – پراکتیکی- لەسەر چەند بۆ چوونێک بونیات بنێین کە نەشێ بە کردەیی تاقی بکرێنەوە ؟؟ئەمەیان پرسیارێکە دیوی دەیخاتە بەردەم کەلە پوری ئەخلاقییەوە و پێی وایە ئەگەر مرۆڤەکان لەبەکار هێنانی بیر کردنەوەی زانستیدا سەرکەوتوو یوون لە چەندین بواردا. بەڵام هێشتا لە پراکتیزەکردنی ئەو بیر کردنەوەیە بەسەر ئەخلاقدا دوو دڵن. دیوی پێی وایە دەبێ ئەخلاق بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەو پشکنینەوە , وە ئەوەی کە سەلمێندراوە بێ سوودە , دەبێ لێی رزگار بین , لێرەشدا ئەخلاق لە زانستێکی وشک و چەق بەستوو وە دەبێتە زانستێکی جولاوو لەگەڵ پەرەسەندنی ئەزموونی مرۆڤ و فراوانبوونی زانیاری و شارەزاییەکانی لە ژیاندا , دەگومجێ. لێرەوە پراگماتیەت پێ دە نێتە ناوچەیەکی زۆر هەستیارەوە کە دە بێتە هۆی دروست بوونی وێنەیەکی شێوەیی لە بارەیەوە , بەو پێیەی کە ئیلتیزام نەکردنە بەهیچ بنەمایەک و تەنها جمو جۆڵ کردنە

له پێناو هێنانەدی بەژەوەندیەکاندا.پراگماتیەت لێرەدا لەبەکار هێنانە میللیەکەی دەبێتە هاو واتای —خۆپەرستی — ئەنانیەت- هەرچەندە دیوی ئەو تێگەیشتنە رەت دەکاتەوە و پێی وایە ناکرێ ئەخلاق لە تێڕ وانینێکی تاکە کەسییەوە بینا بکرێ ,بەو پێیەی ئەخلاق پەیوەندی نێوان لایەنە جیا جیاکانە ,مرۆڤ لە پراگماتیەت بوونەوەرێکی کۆمەڵا یەتیە. وەدەبێ لەتاکیەتی مرۆڤ لەنێو کۆی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵا یەتیانە بگەین کە تیایدا گەشەدەکاو پێ دەگا.قسەکردنیش لەسەر مرۆڤ لەدەرەوەی پەیوەندیەکۆمەڵا یەتیەکانی , واتە قسەکردن لەسەر مرۆڤ لەدەرەوەی ئەزموونی ژیانی پراکتیکی , ئەمەش بنەمایەکە پراگماتیەت رەتی دەکاتەوە , بەم شێوەیەش ئەگەر ئەخلاق بە سروشتی خۆی کۆمەڵا یەتی بوو , ئەوە ناکرێ لەسەر کەلک وەرگرتنی تاکە کەسی بەر تەسکەوە رۆبنرێ , بەرادەی ئەوەی لەسەر پێوەرێکی تاک بوونی کۆمەڵا یەتی نێو سیستەمە ئەخلاقیەکە و مەودای توانای لەسەر سوود گەیاندن بەکۆمەڵگاو تاک و گشتەوە بونیات بنرێ. دەبێ لە هزرە ئەخلاقیە بێ کەڵکەکان رزگار بین , ئەمەش یەکێک بوو لەو بەر هەڵستیانەی کە دیوی لەمەڕ ئەخلاقی ئاینییەوە خستبوویە روو , بەو ناوەی کە ئەم جۆرە ئەخلاقە دەیەوێ چەند بەهایەکی ئەخلاقی دیاریکراو بسەپێنێ. بە چاو پۆشین لەدەرەنجام و بەرهەم و کاریگەری جێ بەجێ کردنی ئەو بنەمایانە , بەم رێگایەش ئەو بازنە سروشتیەی بیر کردنەوە لەت دەکرێ کەلە کێیە- پێشنیارێک- ی تاقیکردنەوەی پێشنیارەکانەوە سەرچاوە دەگرێ (پێشنیارە سەرکەوتووەکان راستن تا ئەو کاتەی روو بەرووی کێشەیەکی تر دەبنەوە).وە ئەگەر هزرە ئەخلاقیەکان لە رووی مەبدەئیەوە نەکەونە ژێر باری ئەزموون و تاقیکردنەوەوە , ئەوە ئێمە راستەوخۆ دەگەینە حاڵەتی بوونی چەند رێسایەکی ئەخلاقی بێ سوود کە ناکرێ لێیان دەرباز بین.هەر لێرەشدا کۆسپە گەورەکەی بیر کردنەوەی سروشتی لای مرۆڤ پەیدا دەبێ واتە بەرهەم هێنان و توانای لەسەر فێر بوون دەوەستێ. هزرە خۆ بەزل زانەکانیش (لەسەر تاقیکرنەوە) دەرگای ئازادی و ئەگەرەکانی ئایندەی بەردەم تاکەکان و کۆمەڵگا دادەخەن.پراگماتیەت لەو حاڵەتەدا هەروەک دیوی دەیخاتە روو کۆششێکە بۆ دووبارەکردنەوەی هزرەکان , تا ببنە ئامراز بەدەست مرۆڤەوە. لەبری ئەوەی مرۆڤ خۆی ئامراز بێ بەدەست هزرەکانەوە. هزرەکانیش بە تێپەڕ بوونی کات بەهای کۆمەڵا یەتی وەردەگرن و وایان لێدەکا لە تاقیکردنەوەی واقیع بە هێز تر بن.پراگماتیەتیش لێرەدا بەرهەڵستی کەری ئەو وێناو بۆچوونەیە و هەوڵدانێکە بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەک تا لە کۆتی لاسایی کردنەوە رزگار بکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی الشرق الاوسگ ژمارە ١٢٨٨٤ رۆژی شەممە ٨-٣-٢٠١٤

Tahir_om@yahoo.com

٠٧٥٠٤٤٦٣٤١٠-Mo

پاراستنی کەلتوری مادیی و مەعنەوی

لە یاسای دوگماتیزمی ڕاگەیاندندا

شەماڵ بۆکانی

زۆرجار دەکەوویە ئەوحاڵەتەی لە خۆت ولە کۆمەڵگە و لە نەریتەکان و تەنانەت لە نیشتیمانیش وەرەز دەبی ولەبەر خۆوە دەڵێی منیش وەک هەرتاکێکی بێخەیاڵ و کەسایەتیەکی مێش لەدم هەڵنەفڕیو، نەتەوەکەم دەدەمە دەست قەدەرو لە ئێوارەیەکی سەرخۆشیدا جۆلانێ بەو هەموو داوەوە دەکەم کە بۆ نیشتیمانەکەیان ڕستووم، ئیتر چێژی کاتی خۆم ناگۆڕمەوە بەو ئازارەی کەڕەنگە سبەینێ منالانی کورد بە دەمیەوە بتلێنەوە.

بەڵام ژانی شیرینی ئازاری عەشقی نیشتیمان و تروسکەی چاوی زارۆکی وڵاتەکەم لێ ناگەڕێن و هانم دەدەن ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانم بیانهێنمە بەردەمی پێنووسم، هەربۆیە ئاوڕ لە ژانێکیتر و ئاسیمیلاسیۆنێکی مەترسیدار لە ڕاگەیاندن ومیدیای کوردی دەدەمەوە.

بێگومان هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی سەردەم و بەپێی دەستەبەرکردنی کەرەسەکان و داهێنان لە بووارەجۆراوجۆرەکانی پیشەیی و میدیایی و زۆر بوواری تر، ڕەنگە بە بێ خواستی گشتگیر ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی وکەلتوری بەسەردابێت، جا چ بەشێوەیی کاتی بێت یان چ ڕیشەدار بێت وببێتە بەشێک لە کەلتوری نەتەوەیەک، ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆرجار بە شیوەیی لافاو ، ڕامالین دەکات وقەیرانی فەرهەنگی و ڕە سەنایەتی لە نێوان سێ چینی زەمەنی ١٥ ساڵ و ٢٥ و ٥٠ساڵیدا دێنیتە ئاراوە، ئەم قەیرانە لە شێوەیی ڕووڵەتیدا شەپۆلی دیموکراسیەتی سەردەمەو بە هەڵنەبەستنێکی بەنداوی عەقڵانی لە سیاسەتی ڕاگەیاندن و دەسەلات،دەتوانێ ماڵوێرانکەربێت، چونکە بەداخەوە لەم هەرێمەدا بە نەبوونی فەرهەنگستانێکی زمانی و کەلتور و بە خاوەخاوی دەسەڵاتی راگەیاندن، هەندێک دەزگاو کەناڵی راگەیاندن بە ئەوپەڕی بێویژدانییەوە و تەنیا بە ڕووانین لە پەنجەرەی ڕوناکبیری خۆیانەوە و بەبێ لێکدانەوەی فەلسەفەی دەروونناسی تەمەنەوە، فەرهەنگ و بۆچونێک ئاراستەی ناو کۆمەڵگە دەکەن، کە تا ئێستا فەرهەنگی سیاسی بە ناو دیموکراسی سیاسیەکانیش ئاوا کۆمەلگەی بەرەو بەڕەڵلایی و بێ شەخسییەتیەوە هان نەداوە.

پێش ئەوەی بێمە سەر هەڵماڵدراوی ئەم مەبەستە، پێویستە ئەوە بڵێم بەڕیوەبەرانی ماڵپەرو میدیاکان لە نەبوونی پلانێکی تۆکمەی خەمی کەلتوری و پاراستنی کەسایەتی تاکەکان وکۆمەڵگە بە ئەبزاری نهێنی ویژدانییەوە ئەرکی خۆیان راپەڕێنن.چاک دەزانن هەر نەتەوەیەک هەندێک یاساورێساوکەلتوری دوگماتیزمی (نەگۆڕ) هەیەو بە تێپەربوون لەم هێڵە سوورە فەرهەنگی هەرچی وپەرچی وبێ سەروبەرەیی دێتە کایەوە.

هەندێک یاسا ئەگەر بۆ هەمو دانیشتووانی گوی زەویش دامەزرابێت، ئێستا ناتوانێت ببێتە خاڵی لوتکە و تەواوکەری هەموو بیرۆکەکانی کەلتوری ویاسایی ژیانی زۆرێک لە وڵاتان بێت، تەنانەت یاسای مافی مرۆڤیش واتە لە فەلسەفەی یاسای ژیاندا سەداسەد مانای نییە .بەم لێکدانەوەو شیکاریە پێویستە بگوترێ ڕاگەیاندنی سەقەتو نابەرپرسیارانە دەتوانێ دە هێندەی کیمیاباران وئەنفال بۆکوردی خێر نەدیو مەترسیدارتر بێت، چونکە بەنەرمەبڕی ژینۆسایدێکی سپی ڕەگەزی و کەلتوری دێتە ئاراوەومیدیا زمان سەقەتدەکات و ڕاگەیاندنیش بە بڵاوکردنەوەی هەندێک بابەتی وروژێنەرو سێکس و هەستیاریی جەستەیی، ناخ وهەستی کۆمەڵگە دەڕوشێنێ وبەو هەڵخرانە کاتییە کە پەیوایە بیرۆکەی قودسییەتی لێ ڕوخاوە ئیسلامی توندرەوو ئیرهاب بەرهەم دێنێ. هەر ئەم شێوە خەوشدارکردنەشە لاوانی ئەوروپا بە لێشاو ڕوو لە ناو داعش دەکەن، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و زۆربەی دونیا، بۆ زانیاریەگشتیەکانی هاوسەرگیری وزانستی سێکس، کلاس و شوێنی تایبەت هەیەو، ئەوکاتەی دەستگیرانداران دەچنە واژۆی یاسایی و تاقیکاری خوێن، کاتیان بۆ دیاری دەکرێت ولە چەندکاتژمێرێکدا ڕاهینانی زانستی ئەم شیوە ژیانەیان بۆ شی دەکرێتەوە.

بەڵام بە داخەوە هەندێک لە ماڵپەرە و راگەیاندنەکان کە پێویست ناکات ناویان بێنین تەنیا بۆ ئەوەیی خوێنەر وبینەر ڕاکیشن، یاسای ویژدانی و کەسایەتی مرۆڤایەتی پێشێل دەکەن ولە ژێرناوی ئازادیدا حورمەت شکاندن دێننە ئاراوە.

هەر بۆیە داواکارم ماڵپەرو میدیاکان بە تایبەت ماڵپەڕەکان بە لە بەر چاوگرتنی ئەو چەند خاڵەی کە لە پێشدا ئامازەمان پێ کردن هەروەها بە وەدەستهێنانی زانستی کەلتوری مادی ومەعنەوی کۆمەڵگەیی و بە خوێندنەوەیەکی دەروونناسانەی تەمەنی هەرزەکاری و لێکدانەوەی هەندێک یاسای ویژدانی و حکومی، کە بەداخەوە لەم هەرێمدا یاسای راگەیاندن لاوازە، بە ئەو پەری بەرپرسیارەتییەوە راگەیاندن بەرە و ئاقارێکی خزمەت وروناکبیری بەرن کە ئامانجی گرینگی ڕاگەیاندنیش ئەرکی پیرۆزی تێگەیاندن و پێگەیاندنەو، دەسەڵاتێکە نە کۆمەلگەو نەیاسای جیهانیش ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن. قودسییەت وپیرۆزی راگەیاندن مرۆڤی بەوڕۆ گەیاندووە، ئەومرۆڤەی کە بۆ هەبوونی رادیۆیەک لە ماڵەکیدا دەبو ئیزنی یاسایی هەبایە، ڕاگەیاندن توانی ئەم سنوورانە ببەزێنێ وهەرمرۆڤێک بکاتە ڕوناکبیر. ئەم ئەرکە مێژووییە لە کاتێکدا بەڕیوە دەچێت کە کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان لە دەورانی گوزار واتە تێپەراندن دایە بۆ دنیایەکی پێشکەوتو، ئەو دەورانەی کە بەبێ داڕشتنی ژێرخانێکی فەرهەنگی دەستی گەیشتۆتە کەرەسەکانی پێشکەوتوی ئەووڵاتانەی کە بە سەدانساڵ زیاتر کەلتوری شارستانییەتیان تێپەڕ کردووە.

ئەوەتان لە بیر نەچێت: ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین هەندێک کەس ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی لە هەرشوێنێک پێ باش بێت بەیاسای دەزانێت، بیر لەوە ناکاتەوە رەنگە ئەو خاوەن ئەۆتۆمبێلەی کە من پێشم پێگرتووەوبوواری دەرچوونی نییە، دەخولەکیتر نەخۆشێک

برڤێنێته نەخۆشخانەو بیهەوێ ژیانی رزگار بکات.
تۆ له کۆمەلگەیەکدا دەژی، هۆڕین لێدانی ئۆتۆمنێلەکەی کاتژمێر یەکی شەو بۆ کردنەوەی دەرکەی گەراجەکەی به یاسای تاکەس ئەژمار دەکات ویاسای هاوولاتی پیشێل دەکات.
تۆ له کۆمەلگەیەکدا دەژی: گلۆپەداگیرساوەکانی مالێک دەتوانێ ڕووناکی گەڕەکێک دابین بکات. کەس دژی پیشکەوتن نییه بەلام با لەوانەوە چاکسازی و فەرهەنگسازی بکەیین، وا بکەین تاکەکان له خۆیانەوە دەست پێبکەن، نەک چاوەریی ئەو کاکی مرورەبن که خۆی یاسا شکێنەو له هیچ شوێنێکی ئەم دونیا پان و بەرینه نەبیندراوە پۆلیسی هاتوچۆ له سەر چووارڕێیانێک کورسی دانێ و جگەره بکێشێ و گەمه به موبایلەکەی بکات، دەبێ هەنگاوی سەرەتایی بهاوین و ڕوناکبیرانیش ئافرەتان نەکەنه کالای ڕێکلامی راگەیاندن.

بەگزادەکانی جافی گەرمیان و ناوچەی خانەقین

لەیاداشت و بیرەوەرییەکانی مەلا محەمەدی جوانرۆییدا

١٨٦٨- ١٩٣٨

ئەحمەد باوەر

سەرەتایەکی کورت:

هۆزی گەورەی جاف بەزۆری هۆزێکی کۆچەر بوون و بەگزادەکانیشیان، کە سەرۆک و دەمڕاستیانن لە دوایدا بوون بە نیشتەجێ و خاوەنی موڵک و دێهات و بە کاروباری کشتووکاڵییەوە سەرگەرم بوون، هەر لەدێر زەمانیشەوە: ((هەموو بە هارانێک تەواوی عەشیرتی جاف، کە نزیکەی دەهەزار خێوەت بوون، بە قەزای هەڵەبجەدا ڕۆیشتوون و بەرەو لەوەڕگاو پاوانی هاوینەیان لە هەردەوچیاکانی ئێرانداو هەموو پایزێکیش بەرەو هەوارگەی زستانەیان گەڕاونەتەوەو لە نێوان کفری و خانەقین))١ دا و بە درێژایی ڕووباری سیروان هەر لەبانی خێڵانەوە تا بەرانبەر شارۆچەکەی قزڕەبات دەژین و هاوینانیش لە ڕێگەی ناوچەی پێنجوێنەوە خۆیان دەگەیەننەوە نێو خاکی ئێران ٢. بەجۆرێک لقەکانی هۆزی جاف بەردەوام لە زیاد بوونێکی ئەوتۆدا بوون، کە ئەو شوێن و ناوچانەی کە تیایدا دەمانەوە لە عۆدەی نیشتەجێ بوون و مانەوەیان نەهاتووە، بۆیە ئەمانیش بەحوکمی هێزو توانای مرۆیی و چەکداریان، یاخود کڕینی زەوییەکانی ناوچەکە بەچەشنی تاپۆ، بوونەتە خاوەنی زەوییە پان و بەرینەکانی ئەو ناوچەیەو هەر لە قزڕەباتی ئەوبەری کێوەسوورەوە لە باشوور تا ناوچەی پێنجوێنیان لە باکووردا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتەوەو هەروەها قادر بەگیان کە لە ساڵی (١٨٤٨) دا کوژراوە، دواتر بووە بەجێی مەترسی و فشارێکی بەردەوام لەسەر هەموو ئەو هۆزو خێڵە بچووکانەی تری ناوچەی گەرمیانی وەک: (گێژ، ڕۆژبەیانی و زەند، کە ساڵانێک بووە لە ناوچەی (سەرقەڵا) و دەشتی (شێروانە) ی ڕۆژهەڵاتی شاری کفری دا نیشتەجێ بوون، لەشوێنی خۆیان دەریان کردوون ٣. بەرەو ناوچەکانی دی لە سنووری لیوای کەرکووک و زەنگابادی ئەمڕۆ. واتە لێرە بەدواوە هۆزی گەورەی جاف هەردەم وەک دەوڵەتێکی موتەنەقیل (الدوله المتنقله) هاتوونەتە بەرچاوو و بەردەوام هەموو پێداویستی و کەرەستەیەکی جەنگی و بەرگری لە خۆکردنیان سازو ئامادەبووەو هاوکات بایەخێکی ئەوتۆشیان بەمەسەلەی سنوورو تەنانەت سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئێرانی وەک: (سەفەوی، ئەفشاری، زەندی و قاجاری) نەداوەو تا کاتی نیشتەجێ بوون و هاتنەکایەوەو مۆرکردنی پەیماننامەکانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، ساڵانە لە گەڕان و هاتووچۆی بەردەوامدابوون و بەڵام وەکتر زۆرجاریش تووشی

کێشەی هۆزایەتی و شەڕی بەردەوام و دووبەرەکایەتی بەردەوام بوونەتەوە، هەرچەندە بە درێژایی ڕۆژگارو و بە جیابوونەوەی چەند لقێکیان زیاتر بەرەو جۆرێک لە ململانێ و دووبەرەکایەتی و لاوازبوونی بردوون. بەڕادەیەک سیستەمی سەرۆکایەتی و دەسەڵات لە نێو ئەم هۆزەگەورەیەی کوردا، بەردەوام بە دەستی لقێکی (ئەرستۆکراتی) بنەماڵەی جافەوە بووە، کە ئەوانیش پێیان وتراوە (بەگزادە)، هەروەها ئەمانەش بەسەر سێ پۆلی یان لقی: وەڵەد بەگی و خەسرەو بەگی و بارام بەگیدا، دابەشبوون و تا دەوروبەری ساڵی (١٨٨١ زایینی)، واتە تا ئەوکاتەی، کە حەمە پاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جاف، بە دەستی: ((بەرەبابێکی نێو تیرەی شاتری))، کە بە ((کەرەم وەیسی)) ناسراون، بە سەرۆکایەتی ((عەزیزی شاوەیس)) ی سەر بە هۆزی جاف خۆیان و هەر لە گەرمیان و ((ناوچەی چیمەنی ئیبراهیم سەمینی نزیکی شاری کفری فرسەتی لێ دێنن و لە ساڵی (١٢٩٩ کۆچی) بەرانبەر بە ساڵی (١٨٨١ زایینی) دەیکوژن ٤. ئیدی لێرە بەدواوە سەرۆکایەتی هۆزی جاف، کەوتۆتە دەستی مەحموود پاشای جافی (١٨٤٦- ١٩٢١) کوڕی گەورەی حەمە پاشای جاف و براکانیەوە، کە هەریەک لە وەسمان پاشای جاف و محەمەد عەلی بەگی جاف بوون٥. بەجۆرێکی ئەوتۆ دواتر ئەم بە گزادانەی هۆزی گەورەی جاف، هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەوەو دواتریش لە وڵاتی عێراقی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و سەردەمی پاشایەتیدا لە عێراق، تەنها لە بەشی باشووری کوردستان و لە هەرسێ لیواکەی: (سلێمانی و کەرکووک و دیالە) دا و بەتایبەتی پێش بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ تەمووزی ١٩٥٨)، بەسەریەکەوە خاوەنی نزیکەی (٥٣٩٣٣٣) دووەنم زەوی و زاری جۆر بە جۆر بوون ٦. جا کەسایەتی و پیاوێکی ئایینی وەک خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی جوانڕۆییش، بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر و بەشێکی یەکجار زۆری لە تەمەنی خۆی و ژیانی زانستی و وانەوتنەوەی خۆی، لە سنووری گەرمیان و ناوچەی خانەقین و دەوروبەریدا بەسەربردووەو هاوکات وەک ئەوەی پێشتریش و لە شوێنی تریشدا ئاماژەمان بۆ کردووە، ژیانی خێزانی و هاوسەری هەر لە کەلارو ناوچەی گەرمیاندا پێکەوە ناوە، هەموو ئەمانەش پێکەوەو بەسەریەکەوە، بوونەتە مایەی ئەوەی، کە پەیوەندییەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی بتەوی لەگەڵ زۆرێک، لەچین و توێژەکانی گەرمیان و کۆمەڵانی خەڵکی گەرمیان و ناوچەکەدا هەبێت و بەردەوام لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا، پەرۆشی یەک و بەتەنگی یەکترەوە بچن و درێژەی پێ بدەن، بەتایبەتی خانەوادەو بەگزادەکانی هۆزی گەورەی جاف، لە گەرمیان و ناوچەی خانەقین، لەگەڵ گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی کوڕی سلێمان پاشای جاف و شارۆچکەی (قزڕەبات) یان (خدرئاباد)٧ ی ئەودەمانەدا، کە کەسایەتیەکی وەک

مەحموود پاشای کوڕی حەمەپاشای جاف، بەسوودد وەرگرتن لە یاسای نوێی سوڵتانی عوسمانی و دەوڵەتی عوسمانی ئەوکاتە، کە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی (١٨٧٦- ١٩٠٩) دا دەرچوو بوو، هاوکات بەپێی بنەماکانی ئەم ڕێکارە یاساییەی دەوڵەتی عوسمانی، مەحموود پاشای جافیش چەند پارچە موڵکێکی گەورەی لە مەزاتدا، لە شارۆچکەی (قزرەبات) و ناوچەی (خانەقین)دا کڕیووە، بۆ ئەمەش وەک دەوترێت، لە بەر کەمی پارەی ناچار بووە، پەنابباتە بەر فرۆشتنی خشڵ و زێڕوزیوی خێزانی و هەروەها مەڕوماڵاتەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت: ناوچەی قزرەبات، کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانی عوسمانییەوە خرابووە مەزاتەوە بکڕێ، وەک ئەوەی دەوترێت ناوچەی قزرەباتی دەوڵەمەندی، بەبڕی (٥٠٠ و ١٠) دە هەزارو پێنجسەد لیرەی ئاڵتوونی کڕیوە ٨. سەرەڕای بوونی موڵک و زەوی و زارێکی زۆری لە ناوچەکەدا، هاوکات کەوتۆتە ئەوەی مزگەوتێکی گەورەشی لە شارۆچکەی قزرەباتی ئەوکاتەدا بونیاد ناوەو دواتریش، ئەم ناوەندە ئایینیە، بە بەردەوامی بووە بە شوێنی خواپەرستی و وانەوتنەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بووە بە شوێنی کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و پیاوانی ئایینی گەورە، سەرەڕای خەڵکی هەژار و لێقەوماوان و بەزۆری هەر هەموو ئەمانەش هەر لەلایەن مەحموود پاشای جاف و میری جاف خۆیەوە هاوکاری بەردەوام و دەستگرۆیی بەردەوام کراوون، وەک ئەوەی لەم بارەیەشەوە مەلا عەبدوڵڵای زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨)٩، کە هاو عەسرو هاو سەردەمی مەحموود پاشای جاف خۆی بووە، لەم بارەیەوەو لە چوارچێوەی بیرەوەریی و یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت: ((لە قزرەباتەوە هەتا مەریوان، ئەو دێ یانەی قەڵەم ڕەوی جاف بوون، مەعاش بۆ مەلا، وەقف بۆ مزگەوتەکانیان لە تەرەف پاشاوە مەعلووم کرابوو، لە نەفسی سولەیمانیدا، هەموو مەلاو مودەڕیس و زۆر لە ساحێب خانەدانی لێ قەوماو مووچەو بەراتیان هەبوو. جگە لەم ئیحسانە دائیمی یەی هەر شێخ و مەلاو دەروێش و فەقیر، کە ڕووی بکردایەتە ماڵی، بە مەحرومی نەدەگەڕایەوە. هەموو ساڵێک چەند کەسێک موراجەعەتیان پێ ئەکرد بۆ چوونە حەج پارەی حەجی ئەدانێ و مەئیووسی نەدەکردن..))١٠. هەروەها زێوەر دەنووسێت: ((چاکی و مەردیی مەحموود پاشا ئەوەی من بیستوومە نووسیومە، وەئیلا سەد چەندان زیاترە، جارێک ئەچێتە بەرزنجە، ئەبینێت ئاوی مزگەوتەکەیان کەمە، دەست بەجێ هەزار قران تەسلیمی شێخەکان ئەکات، کە کارێزکەن، بخەنە سەر بیری کارێزەکەی و پاکی بکەنەوەو، فەرمووشی ئەگەر ئەم میقدارە بەشی نەکرد جواب بنێرن چەندی لازم بوو پارەتان بۆ ئەنێرم)). هەروەها لەم بارەیەشەوە کەسایەتیەکی وەک حاجی مەلای محەمەدی جوانڕۆیی، لە دەقی نامەیەکیدا کە بەزمانی فارسی و بە ناونیشانی: (بمحمود پاشای جاف نوشتە

شد)، کە بۆ مەحموود پاشای جافی نووسیوە و ناردوویەتی بەوردی باسی لەم هەڵوێستەی میری جاف و مەحموود پاشای جاف کردۆتەوەو لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، کە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی نیازی چوونە حیجاز و حەجکردنی ئەبێت، لە بارەیەوە دەنووسێت مەحموود پاشای جاف پێی وتم: هەر لە مێژەوە بیستوومە، کە تۆ بۆلای شەریفی مەککە دەڕۆیت، ئێستاش ئەگەر ئارەزوو دەکەیت بەوپەڕی ڕێزەوە ڕەوانەتان دەکەم ١١. هاوکات مەلا عەبدوڵڵای زێوەریش لە درێژەی یاداشت و بیرەوەریەکانیی ڕۆژانەی خۆیدا، هەر لە بارەی چاکە کاری و دەسکراوەیی و وەقفەکانی مەحموود پاشای جافەوە دەنووسێت: ((ئیحسان و خێراتی مەحموود پاشا زۆرە، لە گەرمیان لە کەلار، لە دەککە، لە قەرەداغا لە تەکیە، لە نەفسی قەرەداغ و لە زۆر جێگای تردا مزگەوت و ئەوقافی هەیە. مەدرەسەیەکی لە قزڕەباتدا کردووە، وەک مەدرەسەی نیزامییەی نیزامولمولک ئەبێت. هەموو مانگێ چل لیرە زیاتر بۆ مەعاشی مودەڕیس و تەلەبەو موئەززین و خادیم لە وەقفێ، کە بۆی داناوە سەرف ئەکرێت، هەتا خۆی لە حەیاتا بوو مونتەزەم ئەم مەعاشانە ئەدرا، لە پاش وەفاتی کەیخەسرەو لێی زیاد کرد..))١٢. هەروەها لە ناوچەی شاکەلی باکووری خۆرئاوای کەلاریشدا بەهەمان شێوە، کەسایەتیەکی وەک شێخ محەمەدی شاکەلی (؟- ١٩١٩)، ((وەکالەتی تاپۆی مەحموود پاشای بەلاوە بووە))١٣. تەنانەت عەبدوڵڵا زێوەر باس لەوەش دەکات، کە کەسایەتی و پیاوێکی ئایینی ناسراوی وەک: ((مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی، کە لە عیلمی عەقڵی یەو نەقڵی یەدا هاوتای نەبووە و لە پێنجوێندا تەدریسی کردووە، ئیدارەی خۆی و تەلەبەی لە تەرەف بەگزادەی جافەوە تەئمین کرابوو)) ١٤. بەجۆرێک ساڵانە مەحموود پاشای جاف یارمەتی و دەسگرۆیی هەموو ئەوانەشی کردووە، کە بە شێوازێکی فەرمی ڕوویان لە دیوان و ماڵەکەی دەکردو ((هەمووی بەمەسروری ئەناردنەوە شاری سولەیمانی)) تەنانەت: ((بەشی موتەسەریف و مەئمورانی عەسکەریەشی ئەنارد، نەک موتەسەریف بەڵکو زۆرجاریش ((والی مووسڵ و موشیری بەغدا چاویان لە ئینعامی مەحموود پاشابوو)). هەر هەموو ئەم سەخاوەت و دەسکراوەیی و ئینعامەشی بووە، کە ببێتە جێی سەرنجی شاعیرێکی ناسراوی کوردی وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٥-١٩٠٩)، کە لە بارەیەوە بنووسێت: بە محمودی مرا روی نیازت کە یَد محمود درپیش ایازت ١٥ هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە بۆ خۆیان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن، کە کەسایەتیەکی وەک مەحموود پاشای جاف و بەگزادەکانی جاف لەوانە بوون، کە لە ناوچەکانی خۆیان و ژێردەسەڵاتی خۆیاندا، بەردەوام سەرگەرمی خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەکەی خۆیان بوون، بۆ نموونە کەسایەتی و پیاوێکی ئایینی وەک حاجی

مەلا محەمەدی جوانڕۆیی، کە هەر لە سەرەتاوە گەیشتۆتە ناوچەی گەرمیان و لە یەکەمین وێستگەی مانەوەو نیشتەجێ بوونی خۆیدا، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، لە (بیارە) و لەلایەن شێخ عومەری زیائەدینی بیارەو لە ناوچەی هەورامانەوە، بەتایبەتی بۆ لای کەسایەتیەکی وەک حەسەن بەگی کوڕی سلێمان بەگی جاف نێردراووە، بۆناوچەی گەرمیان و کەلاری ئەو دەمانە، تەنانەت خۆی و خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریشس لە نووسینی خۆیدا، جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە١٦. هەربۆیە ئەمیش لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکیدا، لە هەموو سەفەرو ڕێنمایەکیدا، کەسایەتیەکانی جاف و بەگزادەکانی جافی لە بیر نەکردووەو بەردەوام بە نامەو بەسەردانی تایبەت، بەسەری کردوونەتەوەو هاوکات بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لە نێو ئەو مزگەوت و ناوەندە ئایینیانەدا بەسەر بردووە، کە لە لایەن بەگزادەو میرانی جافی گەرمیانەوە لە کەلار و شارۆچکەی قزڕەبات و گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی جافەوە بونیاد نراون و بەردەوام ناوەندی خوێندن و زانیاری و خواپەرستی بوون. جگە لەوەش بەردەوام بۆ سەرچاوەی ژیان و گوزەران هاوکاری بوون و لە باشترین و بەپیت ترین زەوی خۆیان خستۆتە خزمەتەوە، وەک ئەوەی خۆی لە دەقی یاداشت و نامەیەکیدا بەڕوونی ئەمەیانی بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەمی ئەو کاتەی عێراق ڕوون دەکاتەوە، بەتایبەتی لەدەقی ئەو یاداشت و نامەیەی دا، کە سکاڵا لە دەستی زوڵم و چەوسانەوەی عەبدوڵڵا ئاغای برازای وەلی ئاغای باجەڵان دەکاتەوە، لە ناوچەی (بنکوورە) ی سەر بە شاری خانەقین بەوەی، کە کەسایەتیەکی وەک حاجی ئیبراهیم بەگی کوڕی سلێمان پاشای جاف: ((کە دەکاتە برزای مەحموود پاشای جاف بەدرێژایی ژیان جێگەی (٦) دوەنم زەی بەراوی لە ناوچەی (بنکوورە) داومەتێ)). کەچی ئەو واتە عەبدوڵڵا ئاغای باجەڵان وەک ئەوەی: ئێمە سواڵکەری بەردەرگای ئەو بین وا مامەڵەمان لە گەڵدا ئەکات و حەقەکەی خۆشمان بە نیوەش ناداتەوەو بەڕەواشی نابینێت ١٧. هەر بۆیە ئەمیش واتە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ناچار دەبێت لە ڕێگای دادگاو گرتنەبەری ڕێکاریی یاسایی و کەسایەتیەکی وەک مەلیک فەیسەڵی یەکەمی ئەوکاتەی عێراقەوە، بێ دادی و سکاڵای خۆی بکات و هەوڵی ئەوەش بدات بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوە، بۆ وردە کاریەکانی ئەمەش خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆک و دەقی نامەکان، کە چۆن کەسایەتیەکی ئایینی وەک حاجی مەلامحەمەدی جوانڕۆیی لەلایەن ئاغاکانی ناوچەی (بنکوورە) و تەنانەت ناو شاری خانەقینیشەوە بەردەوام ئازاری دەروونی و وەکو خۆی دەنووسێت: ((هەتک کردن)) و تەنانەت پەنایان بردۆتە بەرئەوەی لە ڕێگای دەزگا ئەمنیەکانی ئەو دەمانەی شاری خانەقینەوە زیندانی بکەن یان غەرامەی لێ وەربگردرێت ١٨. وەک

دەشبینی دەقی چەند یاداشتنامەو نامەیەکی گرنگ لەنێو دەستنووسەکانی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆییدا بەرچاو دەکەوێت، کە بەسەریەکەوە هەر هەموویان بەخەتێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشی شکستە و بە: (زمانی فارسی) بۆ چەند کەسایەتیەکی دیاری ئەوکاتەی نێو بەگزادەکانی جافی (فەتاح بەگی) و (سلێمان بەگی) ناوچەی گەرمیان و خانەقین و دەککە نووسراون و هاوکات وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکیاندا دەر دەکەوێت، هەریەکەشیان بۆ مەبەستێک و سەبارەت بەگیرو گرفت و چارەسەرکردنی کێشەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بگرە سیاسیش نووسراون و ئاراستەی هەریەک لە کەسایەتیەکانی وەک: مەحموود پاشای جاف، کەیخەسرەوبەگی کوڕی مەحموود پاشای جاف ١٩، کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف و هەروەها لەلایەکی تریشەوە بۆ: (حاجی عەبدولقادربەگی کوڕی سلێمان بەگی جاف)ی لە ناوچەی دەککەی سەربە شاری خانەقین نووسراون، کە دەکرێت لە هەریەک لەم تەوەرانەی خوارەوەداو لەڕێگای ناوەڕۆکی هەریەک لەم یادداشت و نامانەوە ڕوونیان بکەینەوە: تەوەری یەکەم / لە نێوان کەریم بەگی جاف و مەلا محەمەدی جوانرپی دا: بەپێی دەق و ناوەڕۆکی نامەکانی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی و بۆ کەسایەتیەکانی نێوخانەوادەو بەگزادەکانی جافی گەرمیان سەرەتا بەتەواوی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هەر لە مێژەوە زمانی خوێندن و نووسین و نامە گۆڕینەوە لەنێو خانەوادەو بە گزادەکانی جافی گەرمیاندا، بەزۆری بەزمانی فارسی بووەو، بە شێوازێکی کەمتر پەنابراوەتەبەر ئەوەی، کە لەو قۆناغەدا: زمانەکانی تری وەک عەرەبی و تورکی بەکاربهێنرێت بۆ نووسین و خوێندنەوە، وەک ئەوەی لە دەقی نامەیەکیدا، کە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بەزمانی فارسی بۆ کەریم بەگی جافی نووسیوە، بەڵام پێش ئەوەی پوختەی ناوەڕۆکی نامەکە ڕوون بکەینەوە، پێویستە کورتەیەک لە ژیان و سەربردەی کەریم بەگی جاف بخەینە ڕوو: کەریم بەگی جاف: دەبێتە کوڕی فەتاح بەگی کوڕی حمە پاشای جاف و لە ساڵی (١٨٨٥) دا، لە ئاوایی (گردەپان)ی وارگەی (کانی چەقەڵ) هاتۆتە دونیاوە، کەچی هەندێ سەرچاوە ساڵی (١٨٨٧) و (١٨٨٩) بەساڵی لەدایک بوونیان دەست نیشان کردووە، خوێندنی سەرەتایی لەلایەن مامۆستای تایبەتەوە بووە و ماوەیەکیش چۆتە شاری سلێمانی و لە حوجرەی مەلا سەعید درێژەی بە خوێندن داوە، دواتریش کە گەڕاوەتەوە ناو جاف لێرەش لای شێخ عەلی بەرزنجی و شێخ غەنی ناوێک، کە کاتی خۆی مەحموود پاشای جاف لە ئەستەمبووڵەوە هێناویەتی زمانی فارسی و تورکی خوێندووە، کەسایەتیەکی ئەدەب دۆست و سەرەڕای نووسینەوەی مێژووی هۆزی جاف خاوەنی کەشکۆڵێکی دەست نووسیش بووەو نموونەی زۆرێک لە شاعیرانی کوردی تیا نووسراوەتەوە٢٠. هەروەها لە

کۆچی دوایی باوکی بەدواوە و بەزۆری سەرگەرمی بەڕێوەبردنی کاروباری هۆزەکەی بووەو خۆی لە کاروباری سیاسی نەداوە، هەرچەندە چەند جارێک و بەشێوازێکی فەرمی لە لایەن فەرمانڕەوایانی عێراقەوە داوای ئەوەی لێکراوە، کە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا خۆی بپاڵێوێت ۲۱. بەڵام بەوە ڕازی نەبووە، هاوکات بەپێی ناوەڕۆکی نووسینێکیش، کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) ی ژمارە (۷) ی ساڵی (۱۹٤۹) دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بۆ ژیاننامەی کردووەو لە بارەیەوە نووسیویەتی: (کەریم بەگ لە ساڵی (۱۹۰۸) دا، کاتێک فەتاح بەگی باوکی دنیای بەجێ هێشت، کەریم بەگی کوڕی کەوتە ئیدارەی ئەملاک و کاروباری عەشایەری تا (باوەنوور) و (ئیبراهیم خانچی) لەژێر ئیدارەی موباشەرەی خۆیدا بوو. لە پاش داگیرکردنی ئینگلیز بۆ عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان، لە ساڵی (۱۹۱۹) دا، کە بەشێوازێکی ڕەسمی سەرۆکایەتی هەموو عێڵاتەکانی جافی پێ سپێردرابوو، بەڕێک و پێکی و بۆ ماوەی هەشت ساڵی تەواو، کاروفرمانی ئەو عەشیرەتەی هەڵسوڕاندووە۲۲. لەساڵی (۱۹۲۷) دا، کە بەتەواوی مەسەلەی سەرۆکایەتی هۆزو خێڵەکان هەڵگیرا و یاسای ژمارە (۵۸)ی عێراقی پاشایەتی، سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی لیواو قەزاو ناحیەکان بڵاوکرایەوە. ئیدی کەسایەتیەکی وەک کەریم بەگی جاف بەیەکجاری لە ئاوایی کەلار نیشتەجێ دەبێت و کەس و کارو براکانی بە دەوریەوە دا دەمەزرێن، وەک دەوترێت کەریم بەگ، کەسایەتیەکی سەرناس و مێژووی هۆزی جافی بەپوختی نووسیوەتەوە و تا ئەوکاتەی لە تەمەنی (٦٤) ساڵی و لە چوارەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا و لە ڕێکەوتی (۱ تەمووزی ۱۹٤۹) دا، لە شاری کفری کۆچی دوایی کردووە و دوای هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ کەلار، لە گۆڕستانی بەگزادەکانی جاف لە گوندی (سەید خەلیل)ی سەرووی کەلاری ئەمڕۆوە نێژراوە، دواتریش لە ڕێگای گۆڤاری گەلاوێژی ئەوکاتەوە، هەریەک لە ئەدیب و شاعیرانی ئەودەمانەی وەک: عەلی باپیر ئاغا، مەلا ئەحمەدی دەککە، شێخ ئەحمەدی شاکەلی و شێخ سەلام پرسەو ماتەمینی خۆیان بۆ کۆچی دوایی دەربڕیوە ۲۳. هەروەها پوختەو ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەریم بەگی جافی نووسیوە بەم شێوەیەیە کەنووسویەتی: (بعنوان تبریک منزل بکریم بیگ رئیس جاف شهرزور نوشته شد)۲٤ بەپێی دەقی ئەونامەیەی کە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بەزمانی فارسی بۆ خوالێخۆشبوو کەریم بەگی جافی نووسیوە و ناردوویەتی، هەرچەندە کات و مێژووی نووسینی لەسەر تۆمارنەکراوە، بەزۆری دەلالەت لەوە دەکات، کە پەیوەندیەکی گەورەی دۆستانە لە نێوان حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆی و کەریم بەگدا هەبووەو هاوکات بەگزادەکانی جاف بەخۆشیان (بەتایبەتی کەسایەتیەکی

وەک مەحموود پاشای جاف وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا) ڕێزێکی گەورەیان لە پیاوانی ئایینی و خەڵکی خوێندەوار ناوە، هەر بۆیە ئەمیش واتە حاجی مەلا محەمەد بەشێوازێکی دەروێشانەو بەڕێزێکی گەورەوە داوای دوعاونزای خێری بۆدەکات و لە بارودۆخ وباری تەندروستی دەپرسێت، وەک ئەوەی هەرلە سەرەتاوە و لە بەشێکی نامەکەیدا دەنووسێت: ((امیر کبیر رئیس کافه جاف را اولا با ادعیه مرچیه عبقریه بکره عشیه درویشانه حسن عاقبت حمیت میدهد...))، دواتریش لەوەی دەپرسێت کە وا بیستراوە جەنابتان، بەخێر گەڕاونەتەوە بۆ دەڵەتخانە و ماڵ و حاڵی موبارەکتان، هەروەها دەنووسێت: سوپاسی خواوەندی گەورەش دەکەین، کە بەناوەجوانەکەی خۆی، ماڵی نوێتان پیرۆز بێت، هەرچەندە داب و نەریت وای پێویست دەکرد، کە چاومان بەیەکتر بکەوێت و ببینە خزمەتان، بەڵام وەکو ئەوەی کە خۆتان ئەیبینن، هەوای مانگی (دی) کە دەکاتە وەرزی بەفربارین و سەرماو سۆڵەی زستان، ڕێبوارو کاروانیەکی وەکو من ئەم هەموو ڕێگایەم پێ نابڕێت و جێ بەجێ کردن و بڕینی بۆ من زۆر سەختە، بەمەشدا وامان بۆ دەردەکەوێت، کە حاجی مەلا نامەکەی لە ناوچە گەرمیانەوە بۆ کەریم بەگ نووسیوە، ئیدی دیار نیە کە بۆچی کەسایەتیەکی وەک کەریم بەگ لەو ماوەیەدا لەناوچەی شارەزوورو کوێستان بووە، بەوەی هۆزی جاف لەوەرزی سەرماو سۆڵەی زستاندا بەرەو گەرمیان و هەواری خۆیان لە کەلارو دەشتی شێروانە بوونەتەوە. وەک ئەوەی لە بەشێکی تری نامەکەیدا ئەوەڕوون دەکاتەوە و دەنووسێت: بۆیە بڕیارمدا لە ڕێگای نامەوە، کە نیوەی دیدارو سەردانە: ((المراسله نصف المواصله))٢٥. وەک ئەوەی کە وتراوە قەناعەتم کرد و عوزر هێنانەوەش لای گەورە پیاوان پەسەندە (العتر عند کرام الناس مقبول)) ٢٦. جا داستانی دۆستانی ڕاستەقینە هەرچەندە پێویستە بەشێوەکی دوورودرێژ دابڕێژرێتەوە. بەڵام لەبەر نەبوونی کات نەمتوانی ئەو سەردانە بکەم و بە نووسینی ئەم نامەیەش بۆ بەڕزتان کۆتایم هێنا، ئومێدەوارم سەربڵندو سەرکەوتووبن و بمێنن بە دوعا: (وصلی الله علی خیر الوری محمد واله وصحبه اجمعین). کەچی لەکۆتایی نامەکەشدا دووبارە چۆتەوە سەردێڕو هەر بەزمانی فارسی نووسیویەتی: (از گرف حاجی ابراهیم بیک بحسین بیک پاشا از جهه خگبهء دخترش ملیحه خان)). تەوەری دووەم / لەنێوان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی و کەیخەسرەو بەگی کوڕی مەحموود پاشای جافدا: بەڵام لە درێژەی نامەیەکی تریدا، کە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەیخەسرەو بەگی کوڕی مەحموود پاشای جافی نووسیوە: (بکیخسرو پسر محمودپاشا نوشته شد)٢٧، وەک دەوترێت کەیخەسرەو بەگی مەحموود پاشا، کە زۆر بەگەنجی کۆچی دوایی کردووەو ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی بەڕوونی دیارنیە، بەڵام بەیەک دووساڵێک پێش

کۆچی مەحموودپاشای جاف خۆی ئەمیش کۆچی دوایی کردوە. وەک دەشگێڕنەوە هەردەم وەک لاوێکی تازە هەڵچووی سەرکێش و ئازا باسی لێوەکراوەو، وەک دەشوترێت کەسێک بووە زۆر ڕقی لە عەرب بۆتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە هاتوونەتە ناوچەی خانەقین و قزڕەباتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و دەست درێژیان کردۆتە سەرماڵ موڵکی خەڵک، بەڵام هەموو تۆڵەکردنەوەیەکی کەیخەسرەوبەگیش بەرانبەر بەوعەرەبانە ئەوەبووە، هەوڵی نەداوە بیانکوژێت. بەڵکو تەنها گوێی بڕیون و بەرەڵای کردوون، تەنانەت سەربردەیەکی خۆش لە بارەی کەسێکی عەرەبەوە دەگێڕدرێتەوە، کە ناوی (جوامێر نگە) و لە هۆزی نگەی عەرەبی بووە. ئەم کابرایە ئەسپێکی هەبووە بەناوی (شگرە)ەوە و، کەسێکی زۆر خۆ بەزلزان و سەرکێش خستۆتە بەرچاو، زۆرجاریش بە کۆمەڵێک سوارەی عەرەبەوە، هەڵیان کوتاوەتە سەر ناوچە کوردنشینەکانی شارۆچکەی قزڕەبات، جا لە تۆڵەی ئەوەو هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەیدا، ڕۆژێک بەڕێکەوت و زۆرخراپ، ئەکەوێتە داوی کەیخەسرەوبەگی کوڕی مەحموودپاشای جافەوەو بەکۆمەڵێک سوارەی جافەوە دوای دەکەون و ڕاوی دەنێن، تا ئەگاتە سەرجۆگەی (قزڕەبات)، کە جۆگە ئاوێکی پان و بەرین ئەبێت، بەتەواوی کەیخەسرەوبەگ و سوارەی جاف تەکی پێهەڵ ئەچنن، جوامێر نگەش لە ترساو بە هاوارەوە، ئەخوڕێت بەسەر ئەسپەکەیداو دەڵێت: (شگرە دخیلک تری خسر وبیک ورای)٢٨. مەلامحەمەدی جوانڕۆیش لە چوارچێوەی نامەکەیداو بۆ کەیخوسرەوبەگی جاف دەنووسێت: میری گەورەی بەشکۆ، یەکەم: شەوو ڕۆژ دوعاونزای مانەوەی عیزەتی تۆ لە خوا داواکارم، دووەم: ئەگەر ئەحواڵی بەندەش دەپرسن، سوپاس بۆ خوا باری تەندوروستی من باشە. بەڵام بەهۆی کاریگەریی کتوپڕی داگیرکاریی ڕووسی شوومەوە (منحوس)، بیرو ئاوەزم زۆرجێگیر نیەو زۆر شپرزەی کردووم، بڕوابکە ئەوەندەم نەماوە، کە بەتەواوی بیروهۆشی خۆم لە دەست بدەم. بەڵام هەر ئەوە هەیە بیری دین و ئایینم ڕێگەم نادا، کە دووبارە ئاوارە ببمەوە و بە تایبەتیش پەنا بەرم بۆ ویلسۆنی حاکمی سیاسی بەغدا، جا بۆ ئەو مەبەستە جگە لە جەنابتان (حەزرەتی پاشا)، کەسێکی دی شک نابەم، کە بتوانێت پێویستی موسڵمانان جێ بە جێ بکات، بە ناچارییەوەو بەگوێرەی ئەو وتەیەی، کە دەڵێت: (الذرورات تبیح المحدورات)، بەشێوەیەکی دورودرێژ لەگەڵ براکەمدا (ئەحمەد)٢٩، ئەم بارودۆخەم باسکردووەو بەحوکمی پێویستی زۆر و زەرورات پەنام بۆ جەنابتان هێنا، جا لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم، کە هاوکاری و دەسگرۆیم بکەن، خۆ ئەگەر هەرکەسێک دەرگایەکی خێری لە یەکێک کردبێتەوەو نیشانی دابێت، وەکو ئەوە وایە خودی ئەوکەسە ئەوکارە خێرەی کردبێت، جا بۆیە تکاتان لێ دەکەم لای باوکی بەڕێزتان (والد ماجد) یارمەتیم

بدەی، بەوەی کارێکی خێرم بەرامبەر بکات و لە خوای گەورەش داواکارم، کە پاداشتان بداتەوەو لەگەڵ نامەکەشمدا، یەک چەقۆی (جوانڕۆیم) بۆناردن، هەرچەندە ئەوە شایستەی جەنابتان نیە، بەڵام دیاری و خەڵاتی پیاوێکی دەروێش و هەژار تەنها بەرگێکی سەوزەو بەس، لەمەش زیاتر نامەوێت ماندووتان کەم، لە ئامانی خوادابن و بەلوتفی خۆی بەخۆشی و شادی بژین. لەکۆتایشدا نووسیویەتی: (وێلی الله علی خیر الوری محمد وآلە وێحبە ڕجمعین الی یوم الدین)٣٠. لەڕاستیدا ئێمە ئەو نامەیەی سەرەوەمان دەقاودەق و وەکو خۆی وەرنەگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، بەڵکو کاکڵەی نامەکەو ناوەرۆکەکەیمان هێناوەتەسەر ئەوبارەی کە هەیە. جگە لەوەش مەلا محەمەد دوای ئەوەی لە سەروبەندی جەنگی یەکەمدا، لە کەلار و لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسەوە دەست بەسەر دەکرێت و ئەو هەموو کارەناڕەوایەی بەرانبەر دەکرێت وەک ئەوەی خۆی لە چوارچێوەی بەشێک لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت، هاوکات مەسەلەی نەداری و گرانی و گوزەرانی ماڵ و مناڵ وای لێکردووە (بەناچارییەوە) وەکوخۆی نووسیویەتی پەنا بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی ناوچەکەو تەنانەت کاربەستانی ئینگلیز و حکومەتی پاشایەتی عێراقیش بەرێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن و باری گرانی سووک بکەن، جگە لەوەش بۆ کەسایەتیەکی وەک مەحموود پاشای جاف، هەرچەندە زانیویەتی کە ئەو یەکێک بووە لەوانەی بەردەوام بەهانای هەژاران و خەڵکانی نەدارو بەتایبەتی پیاوانی ئایینیەوە چووە، وەک پێشتریش تاڕادەیەک ئاماژەی بۆکرا، هاوکات نەیویستوە ڕاستەخۆ لە دەرگای بدات و یان بەنامەیەک بارودۆخی خۆی وەک پێویست ڕوون بکاتەوە و بەڵکو بۆ ئەوەش سەرەتا هاتووە، کەیخەسرەو بەگی ئاگادار کردۆتەوەو تەنانەت داواکاریەکانیشی بەپێی تواناو بە پێی ئەوەی، کە لەتونای جێ بەجێ کردندا بێت، خستوویەتیە ڕوو، جگەلەوەش لە چوارچێوەی نامەو یاداشتەکانی دا جۆرە شێوازو ئەتکێتێکی بەکار هێناوە، بەردەوام جێی سەرنج و تێڕامانێکی ئەوتۆ بووە، کەسایەتی نامە بۆ نێردراوی والێ کردووەو، کە گوێی لێ بگرێت بەپێی توانا داواکارییەکانی بهێنێتەدی. تەوەری سێیەم / گفتو گۆیەک لەنێوان مەلای جوانڕۆیی و مەحموود پاشای جافدا: مەحموود پاشای جاف: کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخەسرە و بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی قادربەگی کوی زاهیر بەگی کوڕیارئەحمەدی بەگی جافی جوانڕۆیە و لە ساڵی (١٢٦١ کۆچی) بەرانبەر بە ساڵی (١٨٤٦ زایینی) هاتۆتە دونیاوەو ئەم نیوەبەیتە شیعرە فارسیەش مێژووی لە دایک بوونیەتی ((زهی فرزند خردمند))٣١. بەجۆرێک دوای کوژرانی محەمەد پاشا (١٨١٥-١٨٨١) ی باوکی لە چیمەنی (ئیبراهیم سەمین) ی ناوچەی گەرمیان کاروباری هۆزی جافی گرتۆتە ئەستۆوە و لە ساڵی

(١٨٨٢)دا، كراوەتە قائمقامی هەڵەبجە، لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانیەوە سەرەڕای ئەوەی نازناوی (پاشا) یەتی دراوەتێ، هاوكات ماوەیەكیش كراوەتە موتەسەریفی لیوای (ئورفە)، بەڵام بەمەیان ڕازی نەبووەو لەوێوە روو دەكاتە شاری ئەستەمبوڵ و دوای سێ ساڵ دووبارە بەنهێنی و لە ڕێگای وڵاتی ڕووسیاو ئێرانی قاجارییەوە، دەگەڕێتەوە كوردستان و ناوچەی شارەزوور ٣٢. دوای ئەمەش بۆ جارێكی دی سەردانی ئەستەمبووڵ دەكاتەوە، كەسایەتیەكی نەتەوەخوازو ئارەزوویەكی زۆری لە شیعرو ئەدەبیات بووەو بۆ دواساتیش لە مانگی (نیسانی ١٩٢١) دا و لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا لە گوندی (نێرگزەجاڕ) ی ناوچەی شارەزوور كۆچی دوایی كردووە. بەڵام لەسەر ڕسپاردەو وەسیەتی پێش وەختی خۆی تەرمەكەی هێنراوەتەوە گەرمیان، پاش ئەوەی لە چەند شوێنێكی وەك: سەلیم پیركی لای دەربەندیخان، كانی چەقەڵی لای تەلارەكەی خۆی لە گوندی تازەدێی كەلار، لەگەڵ (قەڵای شێروانە) ی كەلار بەشكۆوە دانراوەتەوەو دواتریش براوەتە شارۆچكەی (قزڕەبات) و لەنێو حەرەمی ئەو مزگەوتەیدا، كە كاتی خۆی بنیادی نابوو، ئەسپەردەی خاككراوە ٣٣. یەكێك لەو شاكارە گرنگانەشی، كە لە دوای خۆی بەجێ مابێت، ئەویش بریتیە لە كە شكۆڵەكەی، كە ئەویش لە ساڵی (٢٠١٤) دا و لەلایەن بنەماڵەی جاف خۆیان و لە ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی كاك دكتۆر حەسەن جاف و بە هاوكاری (بنكەی ژین) و لە سەر ئەركی نەوزاد بەگی كوڕی داود بەگی جاف لە دووبەرگی سەربەخۆدا و بەدیزاینێكی جوان و ناوازەوە لە (بەیروت) چاپكراوەتەوە. وەك دەبینی لەدەقی ئەو یاداشت و نامەیەی دا، كە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی، بۆ مەرحووم مەحموود پاشای كوڕی حمەپاشای جافی نووسیوە، سەرەتا بەشێوازێك دەست پێ دەكات، كە قسە بۆ كەسایەتیەكی خوێندەوارو دنیادیدەی سەردەمی خۆی دەكات و وردەكاریەكانی ژیانی خۆی و بارودۆخی خۆی و ئەو ناوچەیەشی بۆ دەگێڕێتەوە، كە ئەو تیایدا دەژی و ئاگری شەڕی یەكەمی جیهانی ژیانی لە خۆی و لە دانیشتوانی ناوچەكەشی تاڵ كردووەو بەردەوام بەرەو هەورازی و سەرلێ شێوانی بردووە، بۆ نموونە هەر لەسەرەتاوە بۆ پاشای جاف دەنووسێت: بۆحەزرەتی پاشا خوای گەورە دەست بە باڵێوە بگرێت، وەكو ئەوەی خۆی ئەیەوێت (لما یشاء كمایشاء)، یەكەم: نزاو دوعایەكی دەروێشانەی پڕلە ئەندێشەی بەیانیان و ئێوارانتان پێشكەش بێت، دووەم: لە ئەنجامی كارەساتی لەشكری داگیركاری ڕووسی شووم (منحوس) و دڕینی كتێبەكانم و بەتاڵان بردنی هەموو پێداویستەكانی ژیانم لەوانە بەتاڵانی بردنی (جووتێك گا) ی منی هەژار، كە ئێمەی تووشی غەمباری و پەژارەكی ئەوتۆ كردووە، بەڕادەیەك وای لەمنی بێ چارەكردووە، كە ڕێگای ڕاستی خۆم ون بكەم و ڕووبكەمە خانەی حاكمی سیاسی

بەغدای بەریتانی ویلسۆن، بە ئومێدی ئەوەی قەرەبووم بکاتەوە دوای ئەوەی، کە داواکاری منی پەسەند کرد، سەرەتا لە شاری بەغدا نیشتەجێی کردم و پاشان بۆ شاری خانەقین و لەوێشەوە ناردمیە قزڕەبات. بەڵام لەبەر ئەوەی، کە خوانەناس (کافر) بوو، جیاوازی نێوان و فێربوون و وانە وتنەوەی نەدەکرد و دوای ئەوەشی، کە گەیشتمە قزڕەبات، بینیم وا منی بێ چارەی خستۆتە ناوقیل و قالی فێرکردنی مناڵانەوەو دڵگرانی کردووم. بەحوکمی پێویستیم و بەوەی، کە نەم دەتوانی بگەڕێمەوە، ناچاربووم، کە ئەوکارە لەئەستۆ بگرم و قبوڵی بکەم. بەڵام ئەرکی وانەوتنەوەم سپارد بەبرایەکی (مەلا سەعد الدین)، سوپاس بۆ خوا دوای نزیکەی (٧) حەوت مانگی تەواو، کە نەجاتم بوو، هەرچەندە تا ئێستاش کاریگەریی و شوێنەواری کردەوەی ڕووسم لەسەرەو پەرێشانی کردووم و غیرەتی ئیسلامەتیم قبووڵ ناکات، کە دووبارە ئاوارەببمەوەو بەتایبەتی ڕووبکەمەوە خانەی ویلسۆنی حاکمی بەغدای بەریتانی، هەر بۆیە بە ناچارییەوەو بۆ ئەوەی کەسێک گومان نەکات، کە زەحمەتیم دابێت بەجەنابت و حەزرەتی پاشا، هەرچەندیشە ئەشزانم، کە بەدڵ و سنگێکی فراوان و بەوپەڕی ڕێزەوەو مەردانە ئەچێتە هانای هەژاران و نەدارانەوەو هاوکاریان دەکات. جا بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، سوپاسی جەنابتان بکەم و خۆ ئەگەر بەهاناشمەوە نەیەن، ئەوا هیچ کێشەیەک نابێت و بیرو باوەڕم بەرانبەر بە ئێوە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ئالودەی شک و گوومان نابم. واتە بە خراپی بۆ لوتفی و موحیبەتی پاشا ناڕوانم، مەبە ستیشم ئەوەیە، کە ئێستا من دوودڵ نیم و خودا یارو یاوەرتان بێت. ماوەیەکیشە بیری ئەوەشم کردۆتەوە، کە سەردانی حیجاز بکەم و لە میانی ئەو سەردانەشماندا، بە دیداری شەریفی مەککە بگەم، بەڵکو لە ناوچەی حیجاز یان وڵاتی شام جێگەیەک پەیدا بکەم، کە شوێنی حەسانەوەو ئەمن و ئاسایشم بێت. تەنانەت پێرار ساڵیش ئەمەم بەحاکمی بەغدا ویلسۆنم وتووەو بە نووسراویش ئاگادارم کردۆتەوە. قەسەم بەخوا، ئەگەر گیرۆدەی دەستی مناڵەکانم نەبوایەم، ئەوا هەرگیز داواو تکام لەئێوە نە دەکرد. مەگەر ئێوە بمگەیەنن بە مەککەو ئەویش وتی بەڵێ: هەر لە مێژەوە بیستوومە، کە تۆ بۆلای شەریفی مەککە دەڕۆیت، ئێستاش ئەگەر ئارەزوو دەکەیت بەوپەڕی ڕێزەوە ڕەوانەتان دەکەم. منیش وتم: ئەبێت بیرێکی مناڵەکانیشم بکەیت، بەوەی کە من گیرۆدەی ئەوانم زیاتر، تاوەکو بزانین خوا چیمان بەسەر دێنێت، هەرچەندە من سەفەری خۆم بۆ حیجاز لەبیر ناکەم. چونکە لێرە ژیانم وەکو زەهری مار وایەو ئەوانەشی، کە تۆزێک دەماری پیاوەتی لە جەستەیاندا بوو، یەک یەک لێیان داو ڕۆیشتن. جا کە هەر کەسێکیش مابێ و نەڕۆیشتبێت.لای من وەکو کۆیلەو مردوو دێتە بەرچاو، ئیتر ژیان تام و چێژێکی ئەوتۆی نەماوەو بەکورتیەکەی، چین و

توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە تەواوی نوقمی کفربوون، پەنا بەخوا کۆتایی ئەو سکاڵا دورو درێژەی ڕۆژگار، کەئایندەی دیار نیە و شایانی ئەوەش نیە، کە هێندە درێژەی پێ بدرێت، واتە زیادەڕەوی لە جەسارەتکردن زیانی لێ دەکەوێتەوە و منیش ئەوەی، کە وتومەو باسم لێوە کردووە. زۆریشی زیادە، لە ئامانی خوادا بن و (یّلی الله علی خیر الوری)٣٤. تەوەری چوارەم / لەنێوان مەلامحەمەدی جوانڕۆیی و عەبدولقادربەگی سلێمان بەگی جافدا: عەبدولقادر بەگی دەککە: دەبێتە کوڕی سلێمان بەگی کوڕی حمەی پاشای جاف و دەبێتە برای هەریەک لە حەمەڕەشیدبەگ و محەمەدبەگ و حەسەن بەگ و حاجی ئیبراهیم بەگی جافی دەککە، ئەمانە لەبەرەبابی جافی سلێمان بەگیی هۆزی گەورەو لە بەگزادەکانی جافی گەرمیانن، عەبدولقادر بەگ، لەساڵی (١٩٠٤) دا، هاتۆتە دونیاوەو تەنها دووخوشکیان هەبووە، بەناوەکانی فاتمەخان و شەمسەخانەوە، ئەمەی دواییان واتە شەمسەخانیان دواتر مێردی کردووە، بەجەمیل بەگی کوڕی مەجید پاشای کوڕی قادر پاشای بابان (١٨٨٤- ١٩٤٦)٣٥ لە شاری کفری، کە لە سێ خوولی پەرلەمانی عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا ئەندامی ئەنجوومەن بووە و سێ کوڕو سێ کچی لێ هەبووە، بەڵام هەرچی فاتمەخانی خوشکی بووە ئافرەتێکی تاڕادەیەک خوێندەوارو بەزۆری لە گوندی دەککەی عەبدولقادر بەگی برای پێکەوە ژیاوون، بەڵام لەژیانیدا تەنها کوڕکی هەبووە بەناوی (محەمەد) ەوەو دەرچووی کۆلێژی (حقوق) بووەو جگە لەپیشەی پارێزەری، ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ناحیە بووە لە پارێزگای بەسرەو ناحیەی خورماڵی پارێزگای سلێمانی، ماوەتەوە بڵێین: عەبدولقادربەگی جاف لە ساڵی (١٩٦٥) دا، لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو هەر لە گوندی (دەککە) ی سەر بەشاری خانەقین نێژراوە ٣٦. کەچی لە چوارچێوەی ئەو نامەیەی دا، کە لە ساڵی (١٣٣٩ کۆچی) بەرانبەر بە ساڵی (١٩٢٠ زایینی)، کە بۆ عەبدولقادر بەگی کوڕی سلێمان بەگی جافی (١٩٠٤- ١٩٦٥) نووسیوە، ئەمەش تاقە نامەیەکە، کە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی نووسیبێتی و بەوردی ساڵی نووسینەکەی لەسەر تۆمارکردبێت، هەرچەندە پێشتریش زۆرێک، لەونامانەی، کە بۆ کەسایەتی و خەڵکانی تریشی نووسیوەو گفتوگۆی لەگەڵ کردوون، لە درێژەو چوارچێوەی نامەکانیدا بەڕوونی دیارە، کە لە دەوروبەری ساڵی چەندەوە نووسراونەتەوە، بەڵام درێژەی ئەم نامەیەیدا، وەک ئەوەی لە سیاق و چوارچێوەیدا دەردەکەوێت، زیاتر هاتووە وەک دۆست و هاورێیەکی خۆشەویستی خۆی قسە لەگەڵ عەبدولقادربەگی کوڕی سلێمان بەگی جافدا دەکات و بەزۆریش باس لە مەسەلەیەک دەکات، کە زۆر شەخسیەو زیاتر لەبارەی ژن هێنان و زەواجکردنی عەبدولقادربەگ خۆیەتی، وەک ئەوەی پێدەچێت هەوڵی داوە یان بەواتایەکی دی هەوڵی

بۆدراوە کە زەواج لەگەڵ ئافرەت و کچەجافێکدا بکات، کە خزمی خۆیان و وەکو وتمان هەر لە هۆزی گەورەی جاف بووە، بەناوی (مەلیحەخان)ەوە، کە کچی حسین بەگی کوڕی مەحموود پاشای جاف بووە، بەڵام تەنها هەوڵێک بووەو مەلیحەخانی بۆی نەبووە، ناونیشانی نامەکەش بەزمانی فارسی نووسراوە: (برای عبدالقادر بیک برادرش نوشته شد ١٣٣٩)٣٧. کە تیایدا حاجی مەلا دوای هەواڵ پرسین و ساغ و سەلامەتی لە هەردوودونیا، ئەوەی بۆ ڕوونکردۆتەوە کەمەسەلەی زەواج قسمەتەو لە دەستی کەسدا نیە خوا نەبێت پێشی دەڵێت: تۆخۆت بە بەندەت وتبوو کە سەبارەت بەمەلیحە خانەوە کەسێکی پاک و بێگەردم و دوایش دەرکەوت کە قسمەت نەبووە بۆ من بێت و لەگەڵیدا بژیم٣٨. دواتر وەک دەگێڕنەوە ئەم مەلیحەخانە مێردی کردووە بە مەرحووم حمەبەگی کوڕی فەتاح بەگی جاف (١٩٠٠- ١٩٣٤)٣٩ لە کەلار، کە لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (١٩ ئایاری ١٨١٢ ١٩٢٨ — ١ تەمووزی ١٩٣٠)دا، وەک نوێنەری لیوای کەرکووک (کفری) بووە بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢٥-١٩٥٨)دا، واتە مەلیحەخان دەبێتە دایکی محەمەد سەعید بەگی کوڕی حمەبەگی جاف (١٩٢٦- ١٩٩٦) و، دوای کۆچی دوایی حمەبەگ، مەلیحەخان مێردی کردۆتەوە بە داود بەگی جافی (١٩٠٤- ١٩٦٦)٤٠. کە برای حمە بەگ خۆی بووەو ئەمیش دواتر و لە نێوان ساڵانی (٨ ئابی ١٩٣٥- ١٤ تەمووزی ١٩٥٨)٤١، لە (٩) خولی پەرلەمانی عێراقدا بووە بەئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران ٤٢. شان بەشانی ئەم نامانەش، کە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ بەشێک لە کەسایەتیە دیارەکانی نێو بەگزادەکانی جافی نووسیوە، تاڕادەیەک ناوەڕۆکی هەریەکەیمان ڕوونکردەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا، دەقی نامەیەکی تری زۆرکورت (بەزمانی فارسی) بەرچاودەکەوێت، کە تیایدا حاجی مەلا محەمەد جوانڕۆیی پیرۆزبایی خۆی لە سەرهەنگێکی سەربازی ئێرانی کردووە بە هۆی پێک هێنانی ژیانی هاوسەری و زەواجکردنیانەوەو بەناونیشانی: (درتهنئه زواج بیکی ازسرهنگان ایران نوشته شد) وەک ئەوەی لە بەشێکی نامەکەیدا هاتووە: (سرکار بوقار نونهال باغ جوانی اقای خود سرهنگ ایرانی...)، وەک ئەوەی کە دەنووسێت: برای بەڕێز و تازەهەڵچووی باخی جوانیم، بەڕێز خودی سەرهەنگی ئێرانی، ئومێدەوارم لە ژیانێکی خۆشی و کامەرانی دابی و هەموو ئارەزووەکانت هاتبنە دی، لە بەر هەوای بەردەوام و سەرماوسۆڵەی ساردی زستان، کە بوونەتە کۆسپ و ڕێگر بەوەی، کە نەتوانم لە ڕێوڕەسمی زەواجکردنتاندا بەشدابم، هەرچەندە زۆر هەوڵیشم دا بۆ ئەوەی بەشداریتان بکەم. بەڵام ئەمەیان تەقدیری خوایی بوو، مەبەستیشم تەنها پێشکەش کردنی پیرۆزبایی گەرم و گوڕە لە جەنابتان و هەروەها بەیانی و ئێوارە دوعاو نزای خێر بۆ ئێوەی

بەڕێزدەکەم و تاپێم بکرێت قسور ناکەم لە خزمەت کردنتان، هەموو ڕۆژێکتان پیرۆز و بەردەوام بێت. (وێلی الله علی خیر الوری واله)٤٣. سەرچاوەو پەراوێزەکان: ١- میس بیڵ، کورد لە نامەکانی میس بیڵ دا، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، (سلێمانی: ٢٠١٦)، ل ١٣٤-١٣٥. ٢- مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی، ل ٦٥. ٣- سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، (هەولێر: ٢٠٠٤)، ل ١٨٥. ٤- خوسرەوجاف، مێژووی هۆزی جاف، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ٥٧. ٥- حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، بنکەی ژین، (بەیروت: ٢٠١٤)، ل ١٤، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، ل ١٨٥. ٦- حنا بطاطو، العراق، الطبقات الاجتماعیه والحرکات الثوریه فی العهد العثمانی حتی قیام الجمهوریه، ترجمه: عفیف الرزاز، (گهران: ٢٠٠٥)، ێ ٦٨ و ٨١. ٧- محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، سەربوهوردی ڕۆژبەیانی بەکورتی، (دەستنووسی بڵاو نەکراوە). ٨- حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، ل ١٣.

- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: کوڕی محەمەد ئەفەندی کوڕی مەلا ڕەسوڵی پشدەرییە، ساڵی (١٨٧٥) لە سلێمانی لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەوسەردەمەدا، لە ماوەی (١٥) ساڵی تەواودا هەموو زانستەکانی خوێندووەو بووە بەمەلا، دواتر سەردانی ئەستەمبووڵی کردووەو جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی شارەزایی لە ئەدەبیات و زمانی تورکیشدا هەبووە، دوای گەڕانەوەی بۆسلێمانی، ماوەیەک مامۆستای نووسین و گرامەری زمانی تورکی بووە لە (ڕوشدیەی سەربازی) لە سلێمانی و دواتر مامۆستای قوتابخانەی (تەشویقیە) و لە داگیرکردنی شاری سلێمانی بەدواوە لەلایەن ئینگلیزەوە، کراوەتە باشکاتبی تەحریرات و دواتریش مامۆستای قوتابخانەی (نموونەیی سەعادەت)، لە فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحموود بەدواوە ئاوارەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوای گەڕانەوەی دووبارە کراوەتەوە بەمامۆستا و لە ساڵی (١٩٣٨)دا، خانەنشین کراوەو لە (١٠ تشرینی دووەمی ١٩٤٨) دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محمدی مەلا کەریم هێناونیەتە سەر شێوە نوسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، (بەغدا: ١٩٨٥)، ل ١١- ١٢. ١٠- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ل ٧٢. ١١- دەقی نامەیەکی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ مەحموود پاشای جاف. ١٢- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان، ل ٧٦ — ٧٧. ١٣- شێخ

ئەحمەدی شاکەلی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چ٤، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ٢٧٨. ١٤-- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی، ل ٧٧. ١٥- بڕوانە: مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی، ل ٧٨. ١٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، شێخە نەقشبەندیەکانی هەورامان و هەندێ لە موریدو مەنسوبە دیارەکانیان، بەرگی ١- ٢، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی: ؟)، ل ٥٧٤. ١٧- نێ رسالە الملا محمد الجوانرودی الی (ملک فیصل العراق). ١٨- نێ رسالە الملا محمد الجوانرودی الی (ملک فیصل العراق). ١٩- کەیخەسرەو بەگی جاف: دەبێتە کوڕی مەحموود پاشای کوڕی حەمەپاشای جاف، وەک دەگێڕتەوە لە ژیانیدا گەنجێکی ئازاو زۆرسەرکێش بووە دووباری تری هەبووە بەناوەکانی حسین بەگ و عەلی بەگەوە، بەچەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی باوکی واتە مەحموود پاشای جاف (١٩٢١)، بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کردووەو تەنها دوو کوڕی لەدوا بەجێماوە، کەناویان عەبدوڵڵا بەگ و حمەئەمین بەگ بوون. ٢٠- بڕوانە: مستەفا نەریمان، چۆن گەلاوێژ بۆ میری جاف فرمێسکی ڕشت، کاروان (گۆڤار)، ژمارە (٧٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٩) ل ٧٨- ٨١، کریم بیک جاف، تاریخ جاف، ترجمە و حواشی و تعلیقات: دکتر محمد علی سلگانی، (اربیل: ٢٠١٢)، ێ ١٠٠- ١٠٨. ٢١- بڕوانە: عبدالمجید فـهمی حسن، تاریخ مشاهیر الالویە العراقیە ١٣٦٥ ه — ١٩٤٦ م، ج٢، مگبعە دجلە، (بغداد: ١٩٤٧)، ێ ٣٤٥. ٢٢- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧)، بەغدا، ساڵی ١٩٤٩، ل ٥٨. ٢٣- مستەفا نەریمان، چۆن گەلاوێژ بۆ میری جاف فرمێسکی ڕشت، ل ٧٨- ٨١. ٢٤- بڕوانە: دەقی نامەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەریم بەگی جاف بەزمانی فارسی. ٢٥- دەقی نامەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەریم بەگی جاف بەزمانی فارسی. ٢٦ - دەقی نامەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەریم بەگی جاف بەزمانی فارسی. ٢٧ - بڕوانە: دەقی نامەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەیخەسرەو بەگی جاف بەزمانی فارسی. ٢٨ - دیدەنی لەگەڵ نووسەری ناسراو خەسرەوجاف، هەولێر، ١ / ٤ / ٢٠١٦.

- حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی یەکێک لەبراکانی ناوی (ئەحمەد) بووە، پێش خۆی بەچەند ساڵێکی زۆر لە ناوچەی جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووەو تەنها کوڕو کچێکی لە دوا بەجێماوە، بەناوەکانی (مستەفا) و (ئامینە) ەوەو دوای مردنی براکەی مەلا محەمەد هێناونیەتیەلای خۆی و سەرپەرشتیانی کردووە، تەنانەت لە کاتی خۆیدا، کچەکەیانی وەکوتمان، کە ناوی (ئامینە) بووە، داوە بە: مەلا مەعسومی ئیمام و مودەریسی مزگەوتی مەحموود پاشای جاف لە شارۆچەکەی (قزرەبات)، هەروەها

ئەم مەلا مەعسومەش برایەکی تری هەبووە، هەر مەلا بووەو ناوی (ئەحمەد) بووە، دوای چەند ساڵێکی پێکەوە ژیان لەبەرئەوەی منالّیان نەبووە، لە یەکتر جیابوونەتەوەو دواتر (ئامینەخان) برزای مەلا محەمەد مێردی کردۆتەوە، بە مەلا محەمەدی شەمێرانی (١٨٩٨- ١٩٨٢)، لە شاری خانەقین و تا کاتی کۆچی دوایی، لە ساڵی (١٩٨٤)دا، لە مەلا محەمەدی شەمێرانیش هەرمناڵی نەبووە. بەڵام مستەفای برای هەربەڕەبەنی ماوەتەوەو تا ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمی ڕابردوو و لە تەمەنی سەروی (٦٥) ساڵیدا، لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی (پاشا کۆپری) نێژراوە. دیدەنی لەگەڵ ئایشی مەلاسەید حەکیمی خانەقین، هەولێر، ١٥ / ٦ / ٢٠١٤، دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری جوانڕۆیی، خانەقین، ٢ / ٤ / ٢٠١٦. ٣٠- دەقی نامەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ کەیخەسرەوبەگی مەحموود پاشای جاف بەزمانی فارسی. ٣١- حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، بنکەی ژین، (سلێمانی: ٢٠١٤)، ل ٩. ٣٢- حەسەن جاف، نەخشی هۆزی جاف لە سای چەند سەرۆکێکەوە لە مێژووی کوردا، کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد (گۆڤار)، بەرگی (٢١- ٢٢)، (بەغدا: ١٩٩٠)، ل٦١. ٣٣- حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١،ل ٩، بابا مردۆخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد سوم، (تهران: ١٣٨٢)، ل ٥٣٥- ٥٣٦. ٣٤- دەقی نامەو نووسراوی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ مەحموود پاشای جاف بە (تەسەروف)ەوە کردوومانە بە کوردی. ٣٥- جەمیل بەگی بابان: دەبێتە کوڕی مەجید پاشای کوڕی قادرپاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای بابان و لەساڵی (١٨٨٤) دا، هاتۆتە دونیاوە و دوای کۆچی مەجید پاشای باوکی لە ساڵی (١٩٠٩) دا، شوێنی ئەوی گرتۆتەوەو لە گوندی (کنگربان)ی سەربە شاری کفری نیشتەجێ بووە، لێرە بەدواوە بەزۆری سەرپەرشتی زەوی و زارو موڵکەکانی خۆیانی کردووە، لە ناوەندی قەزای کفری، کە دەیەها دوکان و خانووبەرەیان تیا دروستکردبوو، لەگەڵ ناحیەو ناوچەکانی ئەو دەمانەی وەک (قەرەتەپە) و ناحیەی (خوورماتوو)ی دا، بە تایبەتی لە گوندەکانی: کنگربان، قوڕی چای، عەرجان، زەنگلو، حلێوە، سەیدەلان و حاجیلەر، جەمیل بەگ لە ژیانیدا دووژنی هێنابوو یەکەمیان: شەمسەخانی کچی سلێمان بەگی کوڕی حەمەپاشای جاف و لە بەگزادەکانی جافی ناوچەی دەککەی سەربەشاری خانەقینە و بەدوای یەکدا سێ کوڕو سێ کچی لێ هەبووە بەپێی تەمەن ناوەکانیان بریتیە لە: عەفیفە خان، محەمەد بەگ، ئەحمەد بەگ، مەحموود بەگ، لەمیعە خان و بەدیعەخان. دووەمیان: عەواشی خان، کە لە هۆزی ناسراوی بەیاتەو هەمیسان سێ کوڕی لێ هەبووە بەناوەکانی: (نەجیب، ئیسماعیل و فاتیح)، هاوکات لەماوەو سەردەمی پاشایەتی عێراق

(١٩٢١- ١٩٥٨) دا، لەسێ خوولی ئەنجومەنی نوێنەرانیدا، وەک نوێنەری شاری کفری (کەرکووک) ئەندامی ئەنجوومەن بووە، بەتایبەتی لە خولەکانی چوارەم (٨ مارتی ١٩٣٣ — ٨ تەمووزی ١٩٣٤)، خولی پێنجەم (٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٣٤- ١١ مارتی ١٩٣٥)، خوولی هەشتەم (٢٣ کانوونی یەکەمی ١٩٣٧- ٧ مایسی ١٩٣٨)، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٩٤٦) دا، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسیەت و ڕاسپاردەی خۆی لەنێو باخی پاشاو لە شاری کفری نێژراوە. بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیە، ج١٠، گ٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ل ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٩، مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ١٩٨٦)، ل ٤٩. ٣٦- دیدەنی لەگەڵ هەریەک لە نووسەری ناسراو خەسرەو جاف و مامۆستا حەسەنی کوڕی عەلی بەگی محەمەد ڕەشید بەگی بانسنوق، کەلار، ٢٤ / ٢ / ٢٠١٦. ٣٧- بڕوانە دەقی نامەی مەلامحەمەدی جوانڕیی بەزمانی فارسی بۆ عەبدولقادربەگ ١٣٣٩ی کۆچی. ٣٨- بڕوانە دەقی نامەی پێشوو، بەزمانی فارسی بۆ عەبدولقادربەگ (١٣٣٩) ی کۆچی. ٣٩- حەمەبەگی جاف لەمەلیحەخان ئەم منداڵانەی هەبووە: حەمەسەعید بەگ، ئەختەرخان، پەریخان، بەهێ خان. ٤٠- داود بەگ لەم ژنەی واتە مەلیخەخان تەنها: دارا بەگ و گەلاوێژخانی هەبووە. ٤١- داود بەگی کوڕی فەتاح بەگی جاف تەنها لەم خولانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەندامی ئەنجوومەن بووە: خولی هەڵبژاردنی شەشەم (٨ ئابی ١٩٣٥- ١٦نیسانی ١٩٣٦، خولی هەڵبژاردنی نۆیەم (١٢حوزەیرانی ١٩٣٩- ٩حوزەیرانی ١٩٤٣)، خولی هەڵبژاردنی دەیەم (٩تشرینی یەکەمی ١٩٤٣- ٣١ ئایاری ١٩٤٦)، خولی هەڵبژاردنی یازدەیەم (١٧مارتی ١٩٤٧ - ٢٢شوباتی ١٩٤٨)، خولی هەڵبژاردنی دووازدەیەم (٢١ حوزەیرانی ١٩٤٨- ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٢)، خولی هەڵبژاردنی سیازدەیەم (٢٤کانوونی دووەمی ١٩٥٣- ٢٨ نیسانی ١٩٥٤)، خولی هەڵبژاردنی چواردەیەم (٩حوزەیرانی ١٩٥٤ — ٢٦ تەمووزی ١٩٥٤)، خولی هەڵبژاردنی پازدەیەم (١٦ ئەیلولی ١٩٥٤- ٢٧مارتی ١٩٥)، خولی هەڵبژاردنی شازدەیەم (٩ حوزەیرانی ١٩٥٨ - ١٤ تەمووزی ١٩٥٨). بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیە، ج١٠، ل ٢٩٧ — ٣١٥. ٤٢- دیدەنی لەگەڵ دکتۆر حەسەن کەریم بەگی جاف، کەلار، ٢٥ / ٣ / ٢٠١٦. ٤٣- بڕوانە نامەی: درتهنئه زواج بیگی ازسرهنگان ایران نوشته شد. نووسەر لەچەند دێڕێکدا: ئەحمەد باوەڕ: ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (غێدان) ی ناوچەی (بنکوورە)ی، سەر بەشاری (خانەقین) لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە خانەقین و گەرمیان (کەلار) تەواوکردوە، قۆناغی زانکۆیی لە شاری بەغدا و کۆلێژی ئەدەبیات —

بەشی مێژووی لە ساڵی (١٩٩١- ١٩٩٢) تەواو کردووە، سەرەتا ماوەیەک بەمامۆستای ئامادەیی، سەر بەوەزارەتی پەروەردە (پەروەردەی سلێمانی) دامەزراوە و لە ساڵی (١٩٩٨)دا، ڕاژەی مامۆستایی گواستۆتەوە بۆسەر میلاکی: (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی- دەستەی خوێندنی تەکنیکی – سلێمانی) لە: (پەیمانگای تەکنیکی کەلار) مامۆستای بابەتی (کورد ناسی) بووە. لەساڵی (٢٠٠٦)دا، لە خوێندنی باڵا (ماستەر) وەرگیراوە و لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا تەواوی کردووە، پاشان بووە بە: (مامۆستای یاریدەدەر) لە بواری مێژووی کوردی نوێ و هاوچەرخدا لە (زانکۆی سلێمانی _ کۆلێژی پەروەردەی کەلار)، بەسەریەکەوە (٢٤) ساڵ خزمەتی هەیە و ئێستا سەرۆکی (بەشی مێژوو)ە لە (کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی گەرمیان) و لە (٢٥ مارتی ٢٠١٣)دا، نازناوی زانستی لە (مامۆستای یاریدەدەرەوە) بووە بە (مامۆستا)، هەروەها لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە کردووەو یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١١٩) ی ساڵی (١٩٨٦) دا بڵاو کردۆتەوە، لێرە بەدواوەو بە بەردەوامی لە زۆربەی زۆری وەرزانەو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عێراقی و وڵاتانی دەرەوەشدا سەدان بابەت و وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەکانی ئەدەب، مێژوو، ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیریی گشتی دا، بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت لە بەشێکیاندا گۆشەی ڕۆژنامەوانی تایبەتی هەبووە و بەناو و ناز ناوەکانی: ((ئەحمەد محەمەد ناسر، ئەحمەد باوەڕ، ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، غێدان، ئەحمەد گەرمیانی، حسین، ناسر باوەڕ، چاودێرێک)) ەوە نووسینی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لەسەروبەندی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووردا کەسێک بە ناوی (م. باوەڕ) ەوە دەینووسی و بابەتی بڵاودەکردەوە، بەهیچ جۆرێک و نە لە دوورو نە لەنزیکەوە نەم ناسیووەو نەم زانیووە کێیە. ئەو گۆڤار و وەرزانە و ڕۆژنامانەی، کە بابەت و نووسین و لێکۆلینەوەم تیایاندا بڵاوکردبێتەوە، بە زۆری ئەمانە بوون: ((هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بەیان، کاروان، نووسەری کورد، ڕەنگین، کوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ئاران، پشووی کوردستانی نوێ، برایەتی، ڕۆژنامەی جەماوەر، گۆڤاری سۆشیالیست، خەبات، هەرێمی کوردستان، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ڕێگای کوردستان، ڕێبازی ئازادی، ئاڵای ئازادی، باسەڕە، بەرەوشار، چاودێر، گۆڤاری گیرفان، خەڵک، ئاسۆ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردی لەندەن، گۆڤاری پەیڤین، جريدە العراق، مجلە پيڤين العربى، الاتحاد، گريق الشعب، تۆژەر – الباحپ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، کەلەپووری کورد، گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، گۆڤاری کاروانی ڕاپەڕین، ڕامان، شیکار،

کۆچ، گۆڤاری واتە، بانەڕۆژ، گۆڤاری کەرکووک، نەوشەفەق، ژیانەوە، هزری نوێ، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ، هەواڵ، گۆڤاری کازیوە، بیری نوێ، هزر و هونەر،.. تاد. ماوەیەکیش لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان) دا، گۆشەی ڕۆژنامەوانی هەفتانەی هەبووە.- سەرنووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارانە بووە: ١- سەرنووسەری (گۆڤار تۆژەر)ی زانستی، ١٩٩٨، وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی، دەستەی خوێندنی تەکنیکی، پەیمانگای تەکنیکی کەلار. ٢- ئەندامی دەستەی نووسەرانی (گۆڤاری کەرکوک)ی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک. ٣- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هەشتاو هەشت) ی تایبەت بەپرسی ئەنفال. ٤- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بانە ڕۆژ) ی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک.- ئەندام و لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵە و ڕێخراوانە بووم: ١- یەکێتی نووسەرانی کورد — لقی کەرکووک. ٢- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ. ٣- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد — سلێمانی.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک. ٥- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری دیالۆگی کورد. ٦- ئەندامی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان - سلێمانی.- بەرهەمی چاپکراو: ١- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردیەکان لەساڵانی ئینتدابی بەریتانیا دا ١٩٢٠ - ١٩٣٢، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ١٩٩٨). ٢- ئۆزدەمیرو کورد، کورتەیەک لە مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشووری کوردستاندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠). ٣- جوولەکەکانی کوردستان، داب و نەریتیان، هۆی کۆچکردنیان، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠). ٤- شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین و دەنگی ڕەسەنی شیعر ١٩٥٥ — ١٩٧٩، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠). ٥- گوڵە پەپوولەییەکانی کەناری سیروان، لە بڵاوکراوەکانی لانەی مناڵانی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠). ٦- چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣). ٧- شاعیری شەهید محەمەد پەژار ١٩٥٤-١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی بەدرخان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣). ٨- دیاری کوردستان لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی کوردییدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٤). ٩- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم،

چ١، (سلێمانی: ٢٠٠٤). ١٠- کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن، وەزارەتی شارەوانیەکان — شارەوانی کەلار، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٤) ١١- دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق – ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠١٠). ١٢- دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق و ئێراندا ١٩٣٧-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، (سلێمانی:٢٠١٤). ١٣- دیوانی شەهید محەمەد پەژار، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان، چاپی دووەم، (سلێمانی: ٢٠١٤).- توێژینەوەی زانستی بڵاو کراوە:- تا ئێستا (١١) توێژینەوەی زانستی لە بواری پسپۆری خۆیدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە: ١- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەرمیان لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن) دا ١٩٢٠ ١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤)، (هەلێر: ١٠١٣). ٢- دوورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد لەدەوڵەتی عوسمانی ١٨٤٧ — ١٩١٤، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٥)، (هەولێر: ٢٠١٣).

ململانێ و گۆڕەپانەکان

موحسین ئاوارە

هەر لە ئەزەلەوە لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی مرۆڤەوە، هەر لە ململانێی (هابیل و قابیل)وە، لە تاکەوە تا کۆمەڵ و گشت کۆمەڵگاکانی سەر رووی گێتی، هەر لە منداڵێکەوە کە تازە چەکەرەی کردووە و هەست بە دەور و بەر دەکات تا دەگاتە پیرترین مرۆڤ کە دەستی لەرزۆکی گۆچانەکەی ناگرێت، لە گەڵ هەموو دڵە کۆتەیەک و نۆتەیەک و شەپۆلکەیەکی دڵی مرۆڤ، پەیتا پەیتا شانەی جۆشە دەروونییەکان و تاسە و تاسوق و سۆز و ویست و خواست و ئارەزووەکان دادەگیرسێن و هاڤرکێی سەر گۆڕەپانەکان لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤدا دەست پێدەکات، ئەو هاڤرکێیە جۆرێکە لەو ململانێ و منافەسانەی خولْقاو کە هەبووە و هەیە بە دوو شێواز، ئەویش: ـ یان لە مەنهۆڵ و خانەکانی نێو گیانی مرۆڤ بە ناوپۆشراوی و نهێنی دەمێنێتەوە، یان لە تاریکییەوە بەرەو رووناکی هەنگاو دەنێ بە دەربڕینی جۆراو جۆر، چ بە وتە یان نووسین، بە دەنگ و رەنگ یان بە کردار و جولە وەدیار دەکەوێت ٠

*کە دەڵێین ململانێ، ئەم وشەیە نزیکە لە هاوکوفەکانی لە پرۆسەی پەیڕەو و کار پێکردنیان و نێو بازنەکە بە وتە و کردار وەک (ملە ـ ڕکابەری ـ بەربەرەکانی ــ کێشمەکێش ــ کێبرکێ ٠٠ هتد)، هەڵبەتە لە ژیاندا یەک شتی ڕەها نییە بە تەنیا بە بێ هاوەکەی یان هاودژەکەی تەنها خوای گەورە نەبێ، دەنا هەموو شتەکان بەرامبەرەکەی هەیە یان بە یەکەوە دەژین یان هاودژ رووەو یەکتر وەک (نێر ــ مێ) ٠٠ (ئاو ــ ئاگر)٠٠ (تەڕ ـ وشک) ٠٠ (شیرین ــ تاڵ) ٠٠ (ژیان ـ مردن) ٠٠ (شەو ـ رۆژ) ٠٠ (ئەکتیڤ ــ نەگەتیڤ) ٠٠ (ئەرێنی ـ نەرێنی)٠٠ (تاریکی ـ رووناکی) ٠٠٠هتد ٠

*هەڵبەتە بە بێ هەبوونی ململانێ (منافسە) گەشە کردن و داهێنان و پێشکەوتن و سەرکەوتن و پلە بەرز کردنەوە و هەڵبژاردن و پەیڕەوی دیموکراسیەت و سیکۆلاریزم و هەموو کارەکانی رۆژانە بە ئاڵوگۆڕ و بازرگانی و ئەدەب و سیاسەت و جریدبازی و سوارسوارانێ و پلە وپایە و بەرژەوەندی و قازانج و هەموو جۆرە مامەلەیەک بە سەرکەوتیی بەرێوە ناچێ ئەگەر رەچاوی لایەنە ئەکتیڤەکەی نەکەین، پێچەوانەکەیشی ململانێیەکی نا شەریفانە و ناجۆر واتە ئەنجامی نا سەقامگیری و نا ئارامی و وێرانکاری و داڕووخان و دواکەوتن و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە ٠٠٠ واتە ململانێ دوو لایەنەیە کە بریتییە لە: ــ

١ ــ لایەنی ئەرێنی (ئیجابی)

بە بێ ململانێ و شان وەشاندن، نەمێرگی وێژە پەلە بەفری سەر گۆناکانی دەسڕێتەوە، نە رەشە رەیحانە خۆی لە لووت هەڵدەسوێ، نە سەماوەری پاڵ تیشە تاوێرەکانیش گەرم دەکرێ، ئیتر هەڵپەرکێش نابێ و دوو قوتابییە زیرەکەکەش لە سەر پلە بەرز کردنەوە ململانێ ناکەن، وەرزشوانان کێبرکێی بردنەوە و دۆڕاندن ناکەن، بازرگانەکان و بازاریش لە ڕکابەری و بەربەرەکانی یەکتر کاڵای باشتر و هەرزانتر نمایش ناکەن، شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان، بەرهەمەکانیان، داهێنانیان نابینین، ئەگەر ململانێی تیا نەبوو، بەڵێ ئەمە گۆڕپانی یەکەمە، گۆڕەپانە گەورە و گەورەتر بە ئاشکرا و هەمە جۆر لە هەموو رووێکەوە و لە نێو هەموو چین و توێژ و کەسێکەوە، لە نێوان تیپ و گروپ و ولات و ولاتێکەوە، لە نێوان زل هێزەکانەوە، دیارە هەڵکشان و داهێنان و بونیاتنان وپێشکەوتن و ناودەرکردنی لێ دەکەوێتەوە بە جۆرێک کە ئەستێرەکانی ناوداریشی تیا وەدەر دەکەون، بەڵام وەکو لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد ئەو ململانێیە پاک و خاوێنە بێت هاندەر بێت، دروێنەی خەرمانی (داهێنان و پێشکەوتن) ی لێ بکەوێتەوە، واتە بە ڕاشەقاندنی گۆمی مەنگ و لێکگرێدانەوەی لچکی جۆگەلەکان ٠

ئەوەتا نووسەری ناودار (کۆلن سان جۆن ویلسۆن) دەڵێت: ــ

((لە رووی زانستیەوە روون بۆتەوە کە وشەی ململانێ واتە (التنافس ــ Competition) بۆ لێکدانەوەی وردتر بۆ ئەم وشەییە یان بڵێین ئەم دەستەواژەیە واتە بەردەوامبوون (الموائلە ــ going-on) پەیوەست بە وشەی بەشدار بوون واتە (المشارکە ــ Collaboration) ئەویش نەک هەر لە نێوان کۆمەلە هونەرکارەکاندا بگرە لە نێو گشت چین و توێژە بنیاتنەرە تابیتمەندیەکانیشدا بە ئەنجام دەگات))* (١)

*لە هاوکوفی بوونی دوو هاودژ کە دژ بەیەکن و لە ململانێی پێکەوەیی بە جۆرێک بە بێ یەکتر هەڵناکەن و لە هەمان کاتیشدا ناتوانن بە بێ یەکتر بژین، یاسای سرووشت و ژیان وای خولقاندوون، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بە یەکەوەیە، کە ئەمە حالەتە نێوەندەکەیە بە باش و خراپیەوە، ئەنجامیش بە باشە دەکەوێتەوە بۆ نموونە: ــ

ئەرستۆ دەڵێت: ((رەنگە ئەو شتانەی دژ بە یەکن لە گەڵ ئەوەشدا هاوەڵی یەکن، بەرزترین ئاوازی پێکەوە بوون بخولقێنن، بە هەمان بۆ چوون لە بیرۆکەی (فرۆید و یۆنگ) بە هاکوفبوونی دوو دژە بە یەک بۆ نموونە (سارد و گەرم) پێکەوە لە کارەبادا رووناکی بەرهەم دێنن، گوڵ دڕکی پێوە نەبێ دەستی زۆری بۆ دەبردرێت، کەچی لە ترسی دڕک کەمتر دەقرتێندرێ))* (٢)

*دەتوانین بڵێین جگە لە هەموو چین و توێژەکانی تر بە پلە یەک (ململانێ) ئەنجامی

باش و ئەکتیڤی لێ دەکەوێتەوە بە تایبەتی لە نێوەندی هونەرمەندان و ئەدیب و زانستوان و رۆشنبیران و بیرمەندان، کە لە کێبرکێ و ململانێی جوان گوتن و جوان نووسین و دەربڕیندا، بۆ بەرە و پێشەوە چوون و داهینان و ناودەرکردنی زیاتر هەوڵ دەدەن ٠

حەمە سەعید حەسەن /ی شاعیر و نووسەر دەڵێت:

(هەموو نووسەرێک ناکۆکی لە گەڵ نووسەرانی دیکەدا هەیە، ناکۆکییەکە وەک هی نێوان کەسانی ئاسایی نییە، ئاخر ناکۆکیی نێوان داهێنەرانە، ناکۆکیی نیوان نووسەران، ناکۆکییەکی ســوود بەخشە و دەبێتە هەوێنی گەشە سەندنی ئەدەب) * (٣)

*ئەگەر بۆ میژووی رابردووی شۆرشەکان و ڕاپەڕین رێنیسانس و جوداوازەکان و گشت جموجۆلییەکی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و زانستی و ئاینی و زۆر بواری دی ٠٠هتد، کە ئەنجامەکەی بە گۆڕکانکاری داکەوتۆتەوە، تەمشا دەکەین لە ئەنجامی ململانێ و ناکۆکیی و رکەبەریەکاندا بووە، زۆرینەش بە ئاکامی ئەرێنی (ئیجابی) کەوتۆتەوە ٠

دانا عەسکەری / شاعیر و نووسەر دەڵێت: ــ

(ئەگەر میژووی سەرهەڵدانی ئەو هەموو دیدە جیاوازانە بخەینە روو کە لە نێوان سەدەی (١٦) سەریان هەڵدا، دەبێ قسە لە جیاوازی ئاماژەکان بکەین کە گۆڕانکارییان لە (خۆر ئاوا) کرد و دەرئەنجام رێنیسانس وشۆرشی ئۆکتوبەر و شۆرشی پیشەسازی فەرەنسا و خۆپیشاندانی خوێندکارانی (٦٨) سەدەی بیستەم کە بەشێکی زۆری ولاتانی خۆرئاوای گرتەوە ٠٠٠ مێژووی ئەو (ململانێی فیکری)و سیاسیانە هەندێجار خوێنیان ڕشتووە، هەندێ جاری دی قسە و قسەلۆک ٠٠٠ هەر وەها نووسەر درێژەی پێدەدات و دەڵێت (لە ئاکامی ململانێی فیکری و مەعریفی وەک ئەوەی باسمان لیکرد، بە تایبەتی ململانێی نێوان فەیلەسوف و بیرمەندانی فەرەنسا و ئەلمانیا کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا ٠٠ هتد) * (٤)

*پێم وایە ململانێ زیاتر لەو شوێنانە دەست پێدەکات کە شوێنە کێشە لە سەرەکانن، یان ململانێی گیانی نەتەوەیی (ناسیونالیزمی) و ڕەگەزپەرستی و تایفی و مەزهەبی و ئاینی لە سەرە، کە بە هەردوو باردا دەکەوێتەوە ٠٠ یەک: گیانی نەتەوەیی و رۆحی نەتەوە پەرستی کە تاکەکانی ئەو جێگایە هەست بە مەغدوری و ستەم دەکەن و بەرگری لە ناسنامە و شوناسی خۆیان دەکەن، کە ئەمەیان کارێکی ناچاری و مافێکی ڕەوایە و ئەکتیڤە دوو: لایەنی نەگەتیفی لێ دەکەوێتەوە کە توند و تیژی و سەر گەرمی و باری دەروونی خراپ و ناکۆکی و ململانێی بەردەوام و یەکتر قەبول نەکردن ٠

حەمە کەریم عارف / ی نووسەر دەڵێت: ـ

(ئینسان بە تەبیعەت سروشتێکی خود ئاگایی هەیە ، ئەو خود ئاگاییە کە ڕەگی لە کێشەکانی دنیای هاوچەرخدایە و هەموو ژیانی بەشەر بریتییە لە جیدال و ململانێی نێوان خود و ئاگایی و نائاگایی، ئەگەر بمانەوێ ئەو ململانێیە نیشان بدەین ••هتد)* (٥)

*ڕەگ و ریشاڵی ململانێ قووڵە و بەردەوام و بەر بڵاویشە، دیارترین ململانێی سەردەمیانە، ململانێی ئایدۆلۆژیایە لە نێوانی وڵاتانی زل هێز لە هەموو رووێکەوە، هەر وەک بینیمان بە سەر کەوتنی سەرمایەداری لیبراڵی بە سەر بلۆکی سۆشیالستی، هەر چەندە بە بۆچوونی (سامۆئیل هنتگتۆن)ی بیرمەند ئەو ململانییە کوتای پـێ نەهاتووە بەلکو لە قۆناغێکەوە گواستراوەتەوە بۆ قۆناغێکی دی • تۆ بڵێی کاتێ ململانێ و رکابەری و کێبرکێ دروست دەبێ لە نێوەندی زانستوانان و دەزگاکانی زانستی و تەندروستی بە نموونە کام نوژداری لێتۆژەوەر یان کام دەزگای زانستی تەندروستی دەرمانێکی نوێی چارەسەری بۆ درم و زامەکان دەدۆزێتەوە، یان لە لایەنی تەکنەلۆژییەوە بۆ وەدەستهێنانی ئامێری تەندروستی بۆ کار ئاسانی پزیشکی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ و گەشەسەندن، هەڵبەتە ململانێ و کێبرکێ لەم رووەوە خزمەت بە بەشەریەت دەکا و لایەنی ئەکتیڤە، بەڵام پێچەوانەکەیشی هەیە ئەویش لە خاڵی دووەممان‌دا باسی دەکەین ٢ ـــ لایەنـــــی نەرێنی (نەگەتیڤـ) لە ملـملانێدا : ـــ *دیارە ململانێ چەند بە سـوود بووە کە لە پێشدا باسمان لێوە کرد، بە هەمان شێوە، لایەنی نەگەتیڤی هەیە کە توند و تیژی و شەڕانگێزی و ئاشووب و شەڕ و جەنگ و وێرانکاری لێ دەکەوێتەوە کە ئاڕاستەکانی بە دوو شێواز دەردەکەوێ، (کراوە و ڕاستە و خۆ) واتە روو کەش و ئاشکرایە، یان (داخراو ــ ناوپۆشراو، درەنگتـر مەبەست و غەرەزەکان دەردەکەون)، ململانێ لە ئاست تاک کەسێتی بۆ نموونە ئەو ململانێیە لیخن و زۆنگاویانەی قوتابیە تەمبەل و تەوەزەلەکان دەیکەن، ئەمیان سەری ئەوەیتریان دەشکێنێ کاتێ دەکەونە سەر لاشەی بەردەلانێ بۆ ئەوەی وانەکان نەخوێنن، یان شاعیرێک •• نووسەرێک، لە کاتێکدا لە تەک نووسەرێکی باڵ بەرز دەووەستێ روو بە رووی ئاوێنە، هەر کە زانی بەژنی خۆی لە چاو بەژنی ئەو نزمترە، ئینجا پاژپانی بەرز دەکاتەوە و لەسەر پەنجەکانی دەوەستێ، کاتێ زانی بەم حاڵەش نایگاتێ، لە جیاتی هەوڵ بدات خۆی بۆ ئاستەکانی ئەو بەرز بکاتەوە و خۆی لە قەرەی ئەو بدات، نەخێر کۆلەمستێکی ناحەق دەکێشێتە تەوقی سەری و دەکەوێتە لایەنێکی دی لە داهێنان بە پەرە پێدانی توانج و قوندە قسەی دروست کراو، هەر بە شیش و کەباب سووتاندن ناوەستێ بگرە کەبابچیش دەسووتێنێ، جا ململانێی ناجۆر و نا ڕوا و پڕ لە کینە و قین و رووخێنەر بە چەندین جۆر ئاڕاستە

دەکرێت کە زیان بە کەسانی داهێنەر و کۆمەڵ دەهێنێ، ئەویش بە چەند رێگایەکی نابەلەد و نا مەشروع و نا بەجێ بۆ نموونە: ــ

ر ــ لە رێگای قسەی (پەرچەکدار) بە نانەوەی ناو و ناتۆرەی نەشیاو و ناشیرین کە دڵی بەرامبەرەکەی برەنجێنێ و بێتاقەت و بێزاری بکات ٠

ب ــ رەخنە گرتن بە زمانێکی فرە واتایی پارادۆکسی (میتافۆر ـ خوازە ـ مجاز)٠٠هتد بۆ بە دیار خستنی خەوشێک کە بە مەبەستی وەدیارخستنی هەیە ٠

ت ــ لە ئەنجامی ململانێی نەگونجاو و زیانبەخشدا بۆ داروخاندن و بریندر کردنی بەرامبەر بە تایبەتی لە نیوانی نووسەر و شاعیران وهونەرمەندان یان لە کاتی کۆنفراس و هەڵبژاردنەکان، جا لە سەر ئاستی حزبی یان رێکخراوەیی بێت یان فراوانتر لە نێو هەموو چین و توێژەکان و تاکەکانی کۆمەڵـگا، ئیتر زۆر جاران رەخنە و قسەو قسەلۆک هەڵبەستنی بێ بنەما دروست دەکرێت واتە قسەلۆکی ئایرۆنی یان بڵێن (ئیرۆنی) لێ دەکەوێتەوە بە شێوازی (پلار ـ ساتێر ــ گاڵتە و تەنز ـ تەوس لێدان ـ توانج ـ جەفەنگ ــ سازگارم، سەرزەنشت) ٠٠ هتد ئەمانەش بە زمانێکی ناوپۆشراو کە ململانێکە لە پشتەوەی مەسەلە و مەرامێکەوە خۆی حەشار داوە، یان بە ئاشکرایی و راستە و خۆیی بێ پەناو پێچ، هەندێ جاریش لە ئەنجامی ئەو ململانی و رکابەریانەدا توند و تیژی لێ دەکەوێتەوە، لێرەدا ئاماژەمان بۆ لایەنە نێگەتیڤەکەیە کە بگوترێ ٠

ج ـ ململانێی نێوان وڵاتانی زل هێز کە پەرە بە چەکی وێرانکەر دەدەن واتە تەکنەلۆژیا و زانست و پیشەسازی پێشکەوتوو و باڵا بۆ قڕ کردنی مرۆڤـ و کاولکاری و لە بەر یەک هەڵوەشاندنەوە و تێکدان، کە ململانێی لە سەر دەکرێ واتە کام لە وڵاتانی زل هێز بە تواناترە بۆ وەبەرهەم هێنانی ئەو جۆرە چەک و موشەک و تەقەمەنییە، تا ئاستی ئەتۆم، واتە ململانێی لایەنی نەگەتیڤـ (سلبی)٠

لێـرەدا ئەگەر نموونەیەک بخەینە روو سەبارەت بەو مەسەلانەی باسمان لێوە کرد، کە لە ململانێدا زۆر جار لایەنی نێگەتیڤی لی دەکەوێتەوە دەبینین (تۆماس هۆبـز) فەیلەسوف دەڵێت: ــ ((ململانێ ـ کێبرکێ ـ منافەسە (Competition) وا لە مرۆڤـ دەکات و پاڵی پێوە دەنێت بۆ شەڕانگێزی و بە کار هێنانی توند و تیژی لە پێناوی دەستکەوت و دەست بە سەر داگرتنی ئەو شـتەی دەیەوێـت)) * (٦)

سەرچاوەکان:

* (١) گۆڤاری (الثقافه الاجنبیه) ژماره (٢) ساڵی (١٩٨٤) نووسینی (کۆلن سان جۆن ویلسۆن) وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی (لطیفه الدلیمی) ل ٤٦ .

* (٢) کتێبی (الحداثه) نووسینی مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن / لە بڵاوکراوەکانی (وزاره الثقافه و الاعلام / بغداد / ١٩٨٧) / ل ٨٧ .

* (٣) کتێبی (لە هەیڤدا بۆ رووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم) نووسینی حەمە سەعید حەسەن / لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس / ژماره (٩٣٨) ساڵی ٢٠١٠ / ل ٧ .

* (٤) کتێبی مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق / نووسینی (دانا عەسکەری) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم /سلیمانی / ٢٠٠٩ / ل ١٢ و ١٣ .

* (٥) کتێبی (شیعر کوژی) نووسینی (حەمە کەریم عارف) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک / ژماره (٧٠) ساڵی ٢٠١٠ / ل ٢٢٢ .

* (٦) گۆڤاری ئایدیا واڵا / ژماره ٣٢ نیسانی ٢٠١٢ (پەڕینەوە لە دۆخی پەیمانبەستن ـ ئاماژە بە وتەکانی / تۆماس هۆبز) نووسینی عومەر محەمەد ئەمین / ل ٤٩ .

ڕۆمانی «فاتیلا»ی

مەهاباد قەرەداغی و

ڕۆماننوسی هەمووشتزان

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی)

پ.د. شوکرییە ڕەسوڵ

ئەگەر ڕۆمان بەرهەمی ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی بێت؛ ئەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی ئەو کۆمەڵگەیەیە، ئەگەر زانستی مێژوویش دەرەوەی ژیانی مرۆڤایەتی تۆمار بکات، ئەوە ڕۆمان مێژووی ناوەوەی مرۆڤایەتی تۆمار دەکات. واتە ڕۆمان لە دەرەوەی ژیانی کەسەکان و ژینگە و ناوەوەی کەسەکان دەدوێت.

ڕۆمان بە شێوازی پەخشان دەنووسرێتەوە و چەندین جۆریشی هەیە؛ مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، پۆلیسی، فەنتازیی، جاسوسی و هتد. ڕۆمان بەرهەمی ژیانی کەسێک یان چەند کەسێکە کە بە شێوەیەکی هونەری و بەرفراوان لە چەند ڕوویەکەوە دەگێڕدرێتەوە و پەرە بە ژیانی شاکەس و کەسەکان و کاریگەری و کارتێکردن لەگەڵ بازنەی ئاڵۆزی ژیاندا نیشان دەدا و ڕوون و ئاشکرای دەکات. لە سۆنگەی ئەم وردەکارییانەوە، ڕۆمان بە هاوتای ژیانی هاوچەرخی مرۆڤ دانراوە و بە ژیان و بارودۆخی کۆمەڵ و تاکەکەس کاریگەر بووە.
ڕۆمانی «فاتیلا» یەکێکە لەو ڕۆمانە کوردییانە، لە شارۆچکەیەکی باشووری کوردستان سەری هەڵداوە، کە ئەویش شارۆچکەی کفری و گوندەکانیەتی. باسی ژیانی واقیعی کەسایەتی و و ڕووداوەکانی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ قۆرت دەگێڕێتەوە. دەبا بزانین ڕۆماننوسی فاتیلا کێیە؟

ڕۆماننووس یان چیرۆک گێڕەرەوەی هەمووشتزان کێیە؟

لە ڕۆمانی فاتیلا دا چیرۆک گێڕەرەوە، خوودی ڕۆماننووسە، واتە مەهاباد قەرەداغی یە، کە ناو و کەسایەتییەکی دیاری ناو کایەی رۆشنبیری کوردستانە و خەڵکی دەڤەری گەرمیان و لەدایکبووی کفرییە کە بە «شاری وەزیران» یان»شاری بچکۆلە»یش ناسراوە، کە لەتیف هەڵمەت لە دیوانی «خوا و شارە بچکۆلەکەمان» ئەو نازناوەی پێ بەخشیووە. شاری کفری چاوگی مەقام و هونەری رەسەنە. ئەم شارە و دەڤەری گەرمیان بە گشتی، بە هەزاران پێشمەرگەی تیا شەهید و لەسێدارە دراون و بە سەدان

ناودار لە مێژوونووس، سەرکردە، هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و کارساز و.. هتدی پێگەیاندووە و لە هەموو سەردەمەکاندا شارێکی خۆراگر بووە.
مەهاباد یەکەمین کچی کوردی دەڤەری گەرمیان بووە، کە لە هەرەتی لاوێتی و لە چواردەساڵییدا لەسەر شیعری بەرگری و شۆڕشگێرانە زیندانیی کراوە و ئازار و ئەشکەنجەی وەک لێدان و سوتاندنی دیووە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆراگر بووە و یەک وشەی نهێنی چییە بۆ جەلاکادەکانی بەعسی نەدرکاندووە. ساڵێک لەو زیندانانە ماوەتەوە و خۆی بە دۆزەخی چوواندووەز جەستەی خوومخانە و سووتانی سەر و سنگی بە جگەرە و جۆرەکانی تری ئەشکەنجە، بیرەوەرییەکی تاڵ و پڕ ژانی لا بەجیهێشتووە، کە سزای کوردبوونی بووە و بووەتە هەوینی نووسینی کتێبی بیرەوەری (ساڵێک لە دۆزەخ.. ١٩٨٠-١٩٨١). سەرباری ئەم بەرهەمە ناوازەیە، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییە لە شیعر و پەخشان و وتاری و لێکۆڵینەوەی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسی ژنی کورد و هتد. وێڕای زمانی زکماکی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و سویدی دەزانێ. ڕۆمانەکانی بوونەتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و تێزی ئەکادیمی (ماجستێر و دکتۆرا). سەرباری ئەمانە لە بواری ڕۆژنامەگەریی و ڕێکخراوەییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و لە دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کوردە و ئێستا خۆی بە تەنها گۆڤارێکی هزریی بەناوی (شیکار) لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەڕێوە دەبات.
ئەم ڕۆماننووسە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ ڕۆمانێکی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەناوی (فاتیلا) بە چاپ گەیاندووە و لەم ڕۆمانە نوێیەدا وەک ڕۆماننووسی هەمووشتزان، یان چیرۆکگێڕەرەوەی هەمووشتزان ڕووداوەکانمان بە وردی و شێوازیکی جوان بۆ دەگێڕێتەوە.

گێڕانەوە وەک بەشێکی گەورەی ڕۆمان:

ڕۆژانە مرۆڤ ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو و بەسەرهات و جارجارەش کارەسات دەبێتەوە. جا یەکێک کە ئەو ڕووداوانە بە بەرامبەرەکەی ڕادەگەیەنێت، گێڕانەوەیە. کەواتە دەکرێ بگوترێت مرۆڤ لە ریگەی پەنابردنە بەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دوێنێ و ژیانی رابردووی، توانای ئەوەی پەیدا کردووە بەردەوامی بە ئامادەبوونەوەیەکی نوێی دوێنێی خۆی و کەسانی تر بدات[1].

١- د. شوکریە ڕەسوڵ- تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا. کەرکووک. ٢٠٠٥. ل ٢١
٢- برناردی فوتور- عالم القصە. ت. د. مصطفی هدارە. القاهرە. ١٩٦١. ل ١٦٦

یەکێک لە تەکنیکەکانی ڕۆمان ڕەگەزی گێڕانەوەیە، کە خاسیەتی بنەڕەتی چیرۆک یان ڕۆمان دیاری دەکات و بە شێوەیەکی هونەری لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت و ئاراستەی وەرگری دەکات. ئەو گێڕانەوەی ڕووداوەش مەبەستی وروژاندن و چێژ و هەستی وەرگرە. ئەوەی ڕووداوەکانیش بە شێوەی هونەری دەگێڕێتەوە، دەبێتە نووسەر یان چیرۆکنووس[٢]. ئەمڕۆ گێڕانەوە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری تێکستی چیرۆکێک دادەنرێت. گرنگی بنەمای گێڕانەوە بە لای ئالان ڕۆب گرییە، ئەوەیە بۆتە هۆکاری سەرکەوتنی بەرهەمەکە و لەم ڕووەوە دەڵێت:»چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانیت چۆن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە»[٣]. لەمەوە دەتوانین بڵێین گێڕانەوە پردێک لە نێوان چیرۆکگێڕەرەوە و خوێنەر دروست دەکات و ئامانجی گێڕانەوەش گەیاندنە. گرنگی ئەم بابەتە یان ئەم تەکنیکە وای کردووە هەمیشە نووسەران و توێژەران بایەخی پێ بدەن و گۆرانکاری بەسەردا بهێنن و شێوازی جیاواز وەربگرن.
چیرۆک گێرەوە بە پێی پۆلێنکردنی رەخنەگری فەرەنسی (جان بووین) دەکرێت بە سێ بەشەوە:

یەکەم: چیرۆک گێرەوەی هەمووشتزان، واتە چیرۆک گێرەوە لە شاکەس زیاتر دەزانێت.

دووەم: چیرۆک گێرەوەی هەمان شتزان، واتە چیرۆک گێڕەوە هێندەی شاکەس دەزانێت.

سێیەم: چیرۆک گێرەوەی کەم شتزان، واتە چیرۆک گێرەوە لە شاکەس کەمتر دەزانێت[٤].

هەروەها چیرۆک گێرەوەی بێ متمانەش هەیە کە زانیاری بە هەڵە بە خوێنەر و گوێگر دەدات. لە تەک ڕاکانی جان بووین دا، رایەکی تۆدۆرۆڤ هەیە، ئەویش (بینین) دەکات بە پێوەر بۆ جۆرەکانی چیرۆک گێرەوەو بەم جۆرە دابەشیان دەکات:

یەکەم: چیرۆک گێرەوە لە پاڵەوان پتر دەزانێت (بینین لە پشتەوە یان دواوە).

دووەم: چیرۆک گێرەوە بە قەدەر پاڵەوان دەزانێت (بینین لەگەڵ)

سێیەم: چیرۆک گێرەوە لە پاڵەوان کەمتر دەزانێت (بینین لە دەرەوە)[٥]

لە جۆری یەکەمدا کە چیرۆک گێرەوەی هەموو شتزانە، لە دواوە یان لە پشتەوە ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی ناو چیرۆک یان ڕۆمانەکەیە (دەزانێت چی ڕوودەدات و دەورەکان بەر کی دەکەوێت و کارەکان چۆن دابەش دەکاتە سە شاکەس و ڕووداوەکان چۆن دروست دەبی و چۆن پەرەدەستێنێت، کە لە لای مەهاباد قەرەداغی ئەم سەرکەوتنەی وەک

٣- رولان مورنوف. دیالی ئوتولیس. ت. نهاد التکرلی. بغداد ١٩٦١. ل ٣٧

٤- پەرێز سابیر. بینای هونەری چیرۆکی کوردی. نامەی ماستەر. ل ٢١٧

٥- یحیی العید. تقنیات السرد الروای فی المنهج البنیوی. بیروت ١٩٩٠. ل ٩١.

چیرۆک گێڕەوەی هەمووشتزان بەرکەوتووە. ئەم گێڕانەوەیە بە راناوی کەسی سێیەمی نادیاری تاک (ئەو) بەکار دێت و لەمانەش گرنگتر، چیرۆک گێڕەوەی هەموو شتزان شارەزاییەکی تەواوی ڕووداوەکانە و سەرنجی خوێنەر بۆ چەندین زانیاری ڕادەکێشێت و وەک بوونەوەرێکی هۆشمەندی بیرکار لە جەرگەی واقیعی ژیانی کوردەواری ناو کفری و گووندەکانی شارەزایە. بیر لە هەموو لایەنێکی کرۆدەتەوە. هەوڵی داوە ڕۆمانی فاتیلا ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و واقیعی کورد لە سەردەمێکی دیاریکراوی ناوەڕاستی هەشتاکان تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ بخاتە ڕوو.

ڕۆمانی فاتیلا لە ڕووی تەکنیک و روخسارەوە:

ئەم ڕۆمانە بریتییە لە ٢١٣ لاپەڕەی قەوارە گەورە، لە چاپخانەی خانی لە دهۆک بە چاپێکی رەنگاورەنگی جوان و روخساری پاڵەوان بەسەروگوێلاکی شێواو و چاوی ڕاستی کراوە بۆ دونیای بەسەرهاتەکان، نەخشاوە. ناوی ڕۆمانەکە بە ڕەنگی سوور کە نیشانەی خوێنی شەهیدە، لە خوار وێنەکەوە چاپکراوە و ناوی مەهاباد قەرەداغی لە ژێر ناوەکەوە و لە نیوان دوو خاڵی پیتی ی فاتیلاکەوە بە بجووکی نووسراوە و وشەی ڕۆمان لەسەر رەنگی شین کە هیمای گەشبینییە. ساڵی ڕۆمانەکە ٢٠١٦ لە خوارەوە نەخشێنراوە. لە دیووی دواوەی بەرگەکە کە دوو وێنەیقرتێنراوی شاکەس لەگەڵ ناوی ڕۆمانەکە بە لاتینی FATELA نووسراوە.

رۆمانەکە بە کوردییەکی جوان و ڕەوان و بێ قۆرت نووسراوە. لایەنێکی تەکنیکی ئەم ڕۆمانە کە وەک خاسیەتی ڕۆمانەکە نەخشێنراوە، ئەوەیە کە بەش بەش کراوە بە سەر ٢٤ بەشەوە، هەر بەشەش ناونیشانێکی دیاریکراوی پڕ بە پێشتی ناوەڕۆکی بۆ دانراوە، کە وەک بەشێک لە تەکنیکی گێڕانەوە بەکار هێنراوە. پڕ بە پێشتی ڕووداوەکانن و پێکەوە بەستراون، کە خوێنەر تێبینی ناونیشانە لاوەکییەکان دەکات، ئارەوو و ئەلهای بۆ ناوەڕۆک دەڕوات و ناتوانێت دەستبەرداری رووداوەکە بێت و حەز دەکات بەشەکان یەک بە دوای یەکدا تەواو بکات و تامەزرۆی ئەوەیە چارەنووسی فاتیلا بزانێت و کۆمەڵێ پرسیاری لا دروسست دەبێت.

بەڵێ ناونیشانەکان زۆر سەرنجڕاکێش و مانای ورد و قوڵیان هەیە، زۆر جار رۆمانسیانە و شاعیرانە و عاشقانە مانا لە خۆ دەگرن، وەک (ئارەقی یەزدانی)، (ئەندێشەیەک)، (سترانێک دەبێت بە ڕۆمانێک)، (تیرێکی عەشق و دوو نیشانە)، (کونکردنی شاخ بە دەرزی)، (دکتۆری برین،دەرۆیشی ئەوین)، (نزاکان و سزاکان)، (خۆزگە بمکوژن)، (دۆزەخێک لە

عەرعەر)، (دەمی راپەڕین)، (مەرگی ئومێد لە بناری بەمۆ)، (ئاوێتەبوونی تاهەتایی)... هتد.

هەڵبژاردنی ناونیشان:

یەکێ لە بنەماکانی ڕۆمان ناونیشانە. ناونیشانی ئەم ڕۆمانە (فاتیلا)یە. ناوەکە پەیوەندی بە بەشی کۆتایی رۆمانەکەوە هەیە کە ئاوێتە بوونی عەشقی دوو دکدار لە دوو ناوی (ئاتیلا) و (فاتم) و تێکەڵبوونی دوو پیتی سەرەتای (ئا) و (فا) یاخود وەرگرتنی یەکەم پیتی (فا) ی فاتم و نووساندنی بە سەری (ئا) ی ئاتیلاوە کە مانای ئاوێتەبوونی دوو عاشق دەدا و دەبێت بە فاتیلا، کە نیشانەی مانەوەی عەشقە پاک و بێگەردەکەیانە، کە بە شێوەیەکی مەرگەسات (تراژیدی) کۆتاییان دێت بەڵام بە نەمری دەمێننەوە وەک دوو دڵداری بەیەک نەگەیشتووی سەدەی بیستەم.

ناوی ئاتیلا کە ناوی شاکەسە، ناوێکی کوردی نییە، بەڵکو ناوێکی تورکی یە و دوو مانا دەگەیەنێت، یەکەمیان (دوارۆژ) و دووەمیان (یاخی)، لە رووی ڕووداو و گێڕانەوە، ناوی ئاتیلا پتر مانا (یاخی)یەکە بەرجەستە دەکات. بە (دکتۆر ئاتیلا)ش بانگ کراوە، کە پیشەی شاکەس بووە و چارەسەی نەخۆشی ئاژەڵانی کردووە.

دکتۆر ئاتیلا کەسێکی راستەقینەی ناو شاری کفری بوو، دێهاتەکانی کفری زۆر خۆشیان ویستووە (چونکە دکتۆر ئاتیلا خزمەتی زۆربەی دێهاتەکانی کفری کردبوو.. ل ١٣)، پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەش بوو لە تیمارکردنی بریندارانی پێشمەرگە. فاتمیش کچی شێخێکی گوندی (بنەکە)ی سەر بە شارۆچکەی کفری یە.

چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان و کورتەی ڕۆمانی فاتیلا:

کەسە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە (ئاتیلا) و (فاتم)، لەگەڵ چەندین کەسایەتی لاوەکی وەک باوکی فاتم و دایک و براکانین. چیرۆک گێرەوەی هەموو شتزان کەسە سەرەکی و لاوەکییەکانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و لە گۆشەنیگای ڕووداوەکان چۆنی ویستبێت شاکەس و کارەکتەرە لاوەکییەکان بە ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو)، ڕووداو و کەسەکانمان پێ دەناسێنێت. چ لە دەرەوە بۆ ناوەوە، یاخوود بە پێچەوانەوە، ڕووداوەکانمان بۆ دەگوێزێتەوە و پێشکەشمان دەکات. لە هەموو شوێنێکی چیرۆکەکە ئامادەیە و زانیارییەکان لە ڕووداو و وەسفی کەسەکان و شوێنەکانیش پێشکەش دەکات.

کورتەی ڕۆمانەکە:

باسی عەشقێکی پاکی دوو دڵدار یاخوود دوو خۆشەویست دەکات. ئاتیلا خەڵکی

شارۆچکەی کفری یە و فاتم خەڵکی دێی بنەکەیە، کە زۆربەی ڕووداوەکان بە دەوری ئەم شاکەسانەدا دەسوڕێنەوە، ئەوینی ئەم دووانە بە جۆرێکە کە کەسیان ناتوانن دەستبەرداری ئەویتر بێت و سوێند بۆ یەکتر دەخۆن یان بۆ یەک بن یان بۆ گڵ بن.
هەرواش بوو، فاتم بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالی بەدناوەوە لەگەڵ کەس و کار و خەڵکی گوندەکەی راپێچ کران و لە عەرعەر ژێر گڵنرا، ئاتیلاش بەهۆی بۆردومانی شارەکە لە لایەن رژێمی بەعسی رەفتار فاشییەوە پریشکی بەردەکەوێ و لە بناری باوەشاسوار شەهید دەبێت.
ئەم رۆمانە باسی کێشەی چینایەتی نێوان (مسکین) و (شێخ) دەکات. کارەکتەری سەرەکی ئاتیلا کوڕە هەژارێکی مسکین چۆن دەبێت حەز لە کچی شێخ بکات؟ ئەمانە جیان و خۆیان لە جاو خەڵکدا بە نزیکتر لە خوا دەزانن و بە زنجیرە دەچنەوە سەر پێغەمبەر و ئەمانە خاوەن تەکیە و دیوەخان و تەریقەتن. شێخ دەبێ کوڕ و کچەکانی بداتە بە هاوپایەی خۆی، واتە بە شێخ. ئەمانە لە بازنەیەکی داخراودا ژن و ژنخوازی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئاتیلا بۆ ئەوەی بە خۆشەویستەکەی بگات، دونیای کردە تکاکار و سەری بە هەموو شوێنێکدا کرد. لە پیاوماقوڵان، فەرماندەی پێشمەرگە، پیاوی ئایینی و هتدی کردە نێوانگر و داواکار بەڵام دایک و باوک و براکانی فاتم هەر رازی نەبوون. بەم جۆرە مانەوە و دواجار کارەساتی ئەنفال و شاڵاوەکانی ئەم دوو عاشقەی بە تەواوەتی لە یەک دابری و سوورەتی ئەنفال کۆتایی هات و دوژمنەکانی مرۆڤایەتی و دوژمنەکانی خۆشەویستی کتێبی پیرۆزیان خەتم کرد. هەردوو خۆشەویست رۆحیان تێکەڵ بە یەکتری بوو.

شێوازی گێڕانەوەی رۆمانی فاتیلا:

چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە سەر ئاستی فۆرم و شێواز، گەلێ پرسیار درووست دەکات، بەوەی چۆن چیرۆک گێڕەوە ئەو واقیعانە دەگێڕێتەوە، کە دەیانبینێ؟ ئایا وەک خۆی دەیگێڕێتەوە یان کورتیان دەکاتەوە و بە شێوەیەکی هونەری دایاندەڕێژێ و چارەسەریان دەکات، یاخود ڕێگەی راستەوخۆ و ئازادانە بە دەنگی خۆیان قسە بکەن، یاخوود لە بری ئەوان قسە دەکات و دەنگی خۆی تێکەڵ دەکات.
بە گشتی چیرۆک گێڕەوە، نووسەر، هەوڵ دەدات نێوانیک لە نێوان خۆی و رووداوەکە دروت بکات و شێوازێکیش بۆ قسەکردنی کەسەکانی هەڵدەبژێرێت. لێرەدا چەند چەشنێک لە شێوازی گێڕانەوە پەیدا دەبیت:

یەکەم: شێوازی ڕاستەوخۆ، بە زۆری ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بە کار دێت.
دووەم: شێوازی ناڕاستەوخۆ، بە زۆری ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) بەکار دێت.
سێیەم: شێوازی ناڕاستەوخۆی ئازاد.
شێوازێکی دیش بە لای ڕەخنەگرانی فۆرمالیستە ڕووسەکان بە تایبەتی لای تۆمانشڤیسکی، لە دوو شێوازی گێڕانەوە دەست نیشان دەکات، ئەوانیش:
گێڕانەوەی بابەتی: لێرەدا نووسەر هەموو شتێک دەزانیت، تەنانەت بیرەکانی شاکەس.
گێڕانەوەی خوودی، لە گۆشەنیگای چیرۆکگێڕەوە یاخوود گوێگر شوێن ڕووداوەکە دەکەوێت.[٦]
ڕۆمانی (فاتیلا) بە گشتی بەر شێوازی گێڕانەوەی بابەتی کەوتووە، چونکە شیوازی بابەتی لە ڕووی شوێنی چیرۆک گێڕەوە، پەیوەندی پتەو و ڕاستەوخۆی بە کەس و ڕووداوەکانەوە هەیە و ئەو زانیارییانەی دەربارەیان دەیزانیت، بە تایبەتی (وێنەگرتنی واقیع بە گوێرەی بینەری دەرەوە، هەستکردن لە ڕووی سۆزی کەسەکان، وا لە خوێنەر دەکەن بڕوا بە بوونی ڕاستەقینەیان بکەن.
چیرۆک گێڕەوە بە شیوەیەکی واقیعی ڕووداوەکانمان لە ناو شاری کفری و گووندی (بنەکە) و چۆنێتی پێشکەشکردن و وەسفکردنی هەڵسوکەوتی شاکەس (ئاتیلا) لە کەسێکی مەینۆش، بێباک لە ژیان، تا گۆڕانەکانی و گەلی لایەنی تری ئەمانە، بە شێوەیەکی بابەتییانە بۆمان دەگێڕێتەوە و بەسەر هەموو لایەکی چیرۆکەکەدا زاڵە و لە لایەکی ترەوە واقیعی کۆمەڵی کوردەواری و چینەکانی کۆمەڵ (جوتیار، مامۆستا، هەژار و دەوڵەمەند و شێخ و مسکێن و هتد.

مەبەستەکانی گێڕانەوە لە (فاتیلا)دا:
بە گشتی چیرۆک گێڕەوەی هەموو شتزان لە ڕۆمانی فاتیلادا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی ڕۆمانەکە بە وەرگرە لە ڕێگەی وەسف و گفتوگۆ وە، بە خوێنەر دەگەیەنێت.
لە ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوەی هەموو شتزان، کاتێک بە کاری وەسفکردن دەست پێدەکات، واز لە گفتوگۆ دەهێنێت بۆ کەسەکان تا گوزارشت لە خۆیان بکەن.
وەسف لە ڕۆمانەکە، بە واتای باسکردنی دیووی دەرەوەی کەس و شتەکان و شۆڕبوونەوەی ڕۆماننووس بۆ ناخی کەسەکان و شتەکان، بە پێی گۆڕانی شێوازی گێڕانەوە کە

٦- د. عبدالله ابراهیم. البناء الفنی لروایه الحرب فی العراق. ل ١٨.

(بابەتییە)، «چوارچێوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتار و ڕەوشتی، تێکەڵ بە ڕوانینی کەسەکان و باری دەروونییان دەبێت.»
چیرۆک گێڕەوە لە ڕۆمانی فاتیلادا بە جوانی وەسفی کەسەکان و بە تایبەتی شاکەس (ئاتیلا، فاتم، باوکی و هتد)، و شوێنەکان بە تایبەت (خانووی ماڵی شێخ و تەکییەکەی، ڕێگاوبان، بەندیخانەی نوگرەسەلمان، تۆپزاوا) و وەرزەکان و هتد.
لە ڕۆمانی فاتیلا، ڕۆماننوس شارەزایەکی تەواوی لە ڕۆمان، لە سینەما،لە شانۆ دا هەیە و لە تەکنیکی گێڕانەوەدابەکاری هێناوە و توانیویەتی زەمەنی ڕوودانی ڕۆمانەکە و سەردەمی ڕاپەڕین لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بگەیەنێت.
ڕۆماننوس وەک هەموو ئەدیب و نووسەران سەرەتای نووسینین بە شیعر دەستی پیکردووە، بۆیە بۆ نووسینەوەی ڕۆمانی فاتیلا، شەپۆلی ئاوێتە لە سۆزەکانی بە شیعر دەستی پیکردووە و دەستپێکی شیعری بۆ شەپۆلی سۆزەکانی ناخی دا و شیعری بەناوی (ئەندێشە)ی هۆنیوەتەوە.
ڕۆماننووس بەهۆی ناسینی شاکەس (ئاتیلا)وە شارەزای ورد و درشتی ژیانی ئاتیلایە، بگرە لەمەش زیاتر ژیان و مێژووی گەلی کوردیش شارەزا بووە، چونکە خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە و جەنگی قادسیەی بینیوە کە چۆن بە زۆر گەنج و لاوی کوردیان کێشمەی بەرەکانی جەنگ کردووە و ئەوی نەجوبایە یان هەڵبهاتایە بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سێدارەیان دەدا. ئەوە باری هەموو باشووری کوردستان بوو، هەر بۆیە ژمارەی هەڵهاتوانی لاوانی کورد نەوەد لە سەدی ئامادە نەبوون بەشداری جەنگی قادسیەی دووەم بکەن. پەیتا پەیتا هەر لاوی کورد بوو دەچووە ناو ریزەکانی پیشمەرگەوە.
ڕۆماننوس ئامارژە بە دەستەواژەی (جوارمشقی) دەکات بۆ ئەو پیاوانەی لە سوپا مەرەخەس دەکران و دادەنیشتن لە ماڵەوە بە مەرجێ نەچنە ریزەکانی ێشمەرگەوە.
دکتۆرئاتیلا یەکێک بوو لەوانە و لەگەڵ عەرەبەکان کەوتە کێشە و غەدری قبوڵ نەدەکرد. بەهۆی پیشەکەیەوە کە پزیشکی ڤێتەرنەری بووە لە دێهاتەکاندا خزمەتی کردووە و کەسێکی یارمەتیدەر و زۆر خۆشەویست بووە لای خەڵک.

بە گشتی لەم ڕۆمانەدا سێ ڕەهەند یاخود بنەمای سەرەکی بۆ ڕۆمانەکە دیاری کراوە.. ئەویش:
یەکەم: کەسایەتییەکان،
کەسی سەرەکی و لاوەکییەکان کە خۆی لە ئاتیلا و فاتم وەک کەسی سەرەکی و باوک

و برا و دایکی فاتم و چەندین کەسی تر کە کەسی لاوەکیین لەم ڕۆمانەدا.
دووەم: کات،
کات سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردووە و تا راپەڕینی سالّی ١٩٩١ درێژەی هەیە. کاتەکانیش دابەش بوونەتە سەر (رابردوو، ئێستا، داهاتوو)، لە کاتەکاندا هەر چوار وەرزەکان هەیە.
ڕۆماننووسی هەموو شتزان توانا و سەلیقەیەکی وردی لە خستنەڕووی کارەکتەر و رووبەڕووبوونەوە و ململانێی کێشەکان چ کۆمەلآیەتی یاخوود سیاسی خستۆتە ڕوو. ڕۆمانێکی واقیعی و ڕاستی ژیانی کۆمەلآیەتی لە رێگەی کارەکتەری سەرەکی خستۆتە ڕوو، چ لە رووی ژیریی و رەوشت و رەفتاری چاک و خراپ، جل و بەرگ و سەر و سیما و هەڵسوکەوتی لەناو شار و دێی بنەکە و لەگەڵ هەڤاڵان و خستنەڕووی کێشە ئاڵۆزەکان و کارەسات.
ناسین و خزمایەتی شاکەس لەگەڵ چیرۆکگێڕەوەدا هۆکارە لەوەی رووداوەکان، پەرەسەندن و گۆرانەکان، گونجاو و رێک بخرێتە ڕوو. رۆماننووس هەرگیز لایەنی رق و کینەی شاکەسی نەشاردۆتەوە بەرامبەر بەوانەی خەڵک دەچەوسێننەوە، کە ئەویش رژێمی بەعس و رەفتاری عەرەبە شۆڤینییەکان و جیاوازی ئایدۆلۆژیا، یاخود ئەو کەسانەی کە دووزمانی لە پاکیی و خۆشەویستی دەکەن لە نیوان هەردوو کارەکتەردا (ئاتیلا و فاتم).
سێیەم: شوێن لە ڕۆمانەکەدا
لە رۆمانی فاتیلا دا رۆماننووسی هەمووشتزان گرنگییەکی تایبەتی بە شوێن داوە. شوێن لە مێژووەوە وەک تەکنیکی چیرۆک یار رۆمان گرنگی پێدراوە. بەهۆی شوێنەوە مرۆڤ توانیویەتیی رابردوو و کردار و یادوەرییەکان تۆمار بکات.
بەڵێ شوێن وەک پەناگەیەک بۆ مرۆڤەکان دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان. ئەو شوێنانەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە هەمووی شوێنی راستەقینەن نەک لە زەینی رۆماننووسدا دروستکرابێت. وەک لە تەکنیکی شوێندا دەبینین رۆمانووس شارەزای هەموو شوێنەکانی کفری، گوندەکان، ماڵەکان، چیاو ئەشکەوت و دۆڵ و چۆڵ و دەشتەکانە، تەنانەت یەک بە یەک ناوی دێیەکانی سەر بە شارۆچکەی کفری دێت وەک: (سەیدە، شاکەل، دێبنە،کارێزە، سەرقەڵا، حەسیرە، میل قاسم، درۆزنەکان، ئۆمەربل، بنەکە، تەپەسەوز، لفتی ئاغا، باوەکر، عەزیز قادر، ساەی بانشاخ، وارانی ژووروو، هەزار کانی، بناری گل، زەردە، ملەسوورە، عەلیانی کۆن، کاکەبرا، مەسۆی بەرگەچ، دێی حەمەی مارف، هەوارە رەقە

و..هتد)

شوێنەکانی ناو ڕۆمانەکەش دوو جۆرن: شوێنی کراوە و شوێنی داخراو. شوێنی کراوە: گوندەکان و گەڕەک و دەشت و کانیاو و جیاکانن. شوێنی داخراویش بریتین لە ژوورەکان، ماڵەکان، تەکیە، ئەشکەوت، زیندانەکان.

شوێنی نیشتەجێی کارەکتەرەکان شوێنی راستەقینەیە، ئەویش گوندی بنەکەیە، کە خەڵکەکەی هەم زەنگنە و هەم خزمی نزیک و دووری شاکەسی ڕۆمانەکەن. لەم دێیەدا ئاتیلا هەم پێشمەرگەی هێزی پشتگیرییە و هەمیش دکتۆریی بۆ خەڵک و هێزی پێشمەرگە دەکات. لەم گوندەدایە کە ماڵی بەرامبەر ماڵ و تەکیەی شێخە و ئەفسوونی عەشقی کچی ئەو شێخە دراوسێیە مەست و دەربەستی دەکات و گۆڕانی بنچینەیی بەسەر ژیانیدا دێت.

رەگەزی خەون لە ڕۆمانەکەدا:

ڕۆماننووس وەک هەڵکشانی ڕۆمانەکە تەکنیکی خەوبینین بەکار دەهێنێت و لە کات و شوێنی پێویستدا لە ڕۆمانەکەدابە گونجاوی لەگەڵ باری دەروونی کارەکتەرە سەرەکییەکان بەکاری دەهێنێت. لەم ڕۆمانەدا حەوت جار خەون دەبینرێت و هەر حەوتیان گوزارە لە دۆخی ناهەمواری دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەن کە رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کارەکتەرەکان و خەڵکیش هەیە و لە درێژەی ڕۆمانەکەدا بەراستگەڕانی ئەو خەونانە لە دابڕان و پەلامارەکانی ئەنفالدا، دەردەکەوێت.

رەگەزی شیعر و گۆرانی لە ڕۆمانەکەدا:

لەم ڕۆمانەدا شیعر لە زۆر شوێندا و لە کاتی گونجاو و پێویستدا بەکار براوە. شیعری گۆران، هێمن، بێکەس، فەقێی تەیران و هەردی. هەروەها گرانی بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی بەکار براوە، نموونەی گۆرانییە کوردییەکان مەقام و بەستەکانی عەلی مەردان، مشکۆ، نمونەی گۆرانی عەرەبی نازم ئەلغەزالی و گۆرانی تورکییش زەکی مورەن.

گفتوگۆ لە ڕۆمانی فاتیلا:

ئاشکرایە گفتوگۆ لە بینای چیرۆک و رۆماندا رەگەزێکی گرنگە، ئەرکی دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێستی کەسەکە دەردەبڕێت و دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: دیالۆگ (لەگەڵ یەکتر دووان)

دووەم: مۆنۆلۆگ (خوادواندن)

دیالۆگ لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ڕوودەدات، مۆنۆلۆگ بە زۆری دەرخستنی دیووی ناوەوەی کەسەکانە، واتە دیووی نەستی کارەکتەرەکان.

بە مانایەکی تر مۆنۆلۆگ ئەو هونەرەیە کە بە مەبەستی پێشکەشکردنی دیووی ناوەوەی کەسەکان بەکار دێت، کە بریتییە لە لەبەرخۆوە قسەکردن، لە دڵێ خۆوە قسەکردن، بیرکردنەوەکان بە بێدەنگی، نزاکردن و خوادواندن، کە لەناو ڕۆمانەکەدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە.

کە باسی مۆنۆلۆگیش دەکرێت، ڕۆبەرت همفری لە کتێبی شەپۆلی هۆش لە رۆمانی نوێدا، دوو جۆر دەستنیشان دەکات:[7]

مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ

مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ

بە گشتی لە ڕۆمانی فاتیلا جوار جۆر مۆنۆلۆگی ناوەوە هەیە

مۆنۆلۆگی ناوەوەی راستەوخۆ

مۆنۆلۆگی ناووەی ناراستەوخۆ

مۆنۆلۆگی تەداعی

شەپۆلی هۆش (تیار الوعی)[8]

راستە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان بابەتەکان ئاراستەی کەسایەتییەکان دەکات، بەڵام لە مۆنۆلۆگی ناوەوەی راستەوخۆ ئەو چەشنە مۆنۆلۆگەیە کە گوێ نادرێتە دەستتێوەردانی نووسەر گوایە گوێگری نییە. بە جۆرێ ئەم مۆنلۆگە دروست دەبێت کە پاڵەوان لە ناوخەوە قسەکان دەردەبڕێ و ناخی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕن و خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە.

بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا دەتوانم بڵێم سەرجەم رووداوەکان تەکنیکی(گفتوگۆ)ن کە هۆکارێکە بۆ گێڕانەوەی بونیادی کەسەکان و ئەرکی دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێستییانی گرتوۆتە ئەستۆ. گفتوگۆکان بە گشتی یان لە نێوان (ئاتیلا و فاتم) یا دوو کەس و زیاتر روودەدەن.

ڕۆماننووسی هەمووشتزان ئاماژە بە هێرشی رژێم دوای شکستی لە شەڕی ئێران دەکات بۆ سەر کوردستان و پیلانی قڕکردنی کورد و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان. دیمەنەکان

٧- حەسەن چاف. چیرۆکی نوێی کوردی. هەولێر. ١٩٨٥. ل ٨٧

٨- روبرت همفری. تیار الوعی فی الروایە الحدیە. مصر. ١٩٧٥ ل ٤٤.

دێنێتە بەرچاو، رووخاندنی گوندەکان، کوێرکردنەوەی کانییەکان و لەناوبردنی سەروەت و سامان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و موشەکە دوورهاوێژەکان و سووپایەکی لە ژمارەنەهاتوو، بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر و فڕۆکە و هەموو هێزەکانی (بەدر و قەعقاع و موعتەسەم)، ئەمانە تەواوی خەڵکی شارەکانی هەژاند، وەک فیلمێکی دیکۆمینتاری دەهاتە بەرچاو. ڕۆماننووس تەواوی رووداو و دیمەنی هەڵهاتنی خەڵک بەرەو شارەکان و چارەنووسێکی نادیار، هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی رژێم و هەواڵەکان دەخاتە ڕوو، کەس ئاگای لە کەس نەماوە (هەواڵی ناخۆش و ناخۆشتر دەگەیشتنە خەڵکی گەرمیان، هەڵەبجە بە چەکی کیمیبای لێدرا، پێنج هەزار کەس شەهید کران و بە هەزارانیش بریندار بوون...) هەواڵەکان وەک رەگەزێکی گرنگی گێڕانەوە ئەوەیان دەرخست پیاوانی گوندەکان خۆیان تەیار بکەن بۆ بەرگری و چەکیان هەڵگرت. رۆمانووس ناوی زۆربەی سەرکردەکانی پێشمەرگەی ئەو دەڤەرەی تۆمار کردووە و وەک کەسێکی شایەتحاڵ گرتەکانمان نیشان دەدات و ئەمانەش لو بەشەدایە کە ناوی ناوە، هەفتەی بەرگریی. سەرباری ئەمانە شارەزای دێ بە دێیە، ئاگاداری کوشتار و شەهیدەکانە، رزگاربوونی هەندێ لە پێشمەرگەکان، رۆژ رۆژی قیامەتە، کەس بە کەس نییە و دکتۆر ئاتیلاش چارەنووسی لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو، بەڵام بە دڵ و بە گیان بیری لای فاتم بوو تا لە رێگەی سۆراخەوە فاتمی دۆزییەوە و خۆی گەیاندە کنی و پێی گووت: ئاخ فاتم گیان تازە دیدارمان کەوتە قیامە... ل١٥٠

جوانترین دیمەن و دووایین پەیمانی ئاتیلا ئەوە بوو کە گووتی: خۆزگە ئێستاش، لەو قیامەتەی کە هەڵساوە، تۆ بدەن بە من و بتبەم لەگەڵ خۆم، نازانم جیمان بەسەر دێت. وەک وتمان یەکێ لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە مۆنۆلۆگی ناوەوەیە بە مەبەستی دەرخستنی ناوەوەی کەسەکانی ناو چیرۆکەکە، ئیتر راتەوخۆ بێت یان ناڕستەوخۆ. زۆر جاریش رۆماننووس لە رێگەی کەسایەتی ناو چیرۆکەکەوە بێ وەستان بیر دەکاتەوە و قسە دەکات کە ئەمەش پێی دەگوترێت (مۆنۆفۆنی).

لێرەدا ئاتیلا و بیرکردنەوەکانی دەگەرێنەوە بۆ ئەو کاتەی کە داوای لە سامان گەرمیانی فەرماندەی پێشمەرگە کردووە کە خوازبێنی فاتمی بۆ بکات، ئەویش پێی دەڵێ جارێ دەچم بۆ دەرەوەی وڵات و کە گەڕامەوە بۆت داوا دەکەم، ئەمیش پێی دەڵێت تا تۆ دەگەڕێیتەوە دنیا وێران دەبێت. کە ئەوەی بیر دەکەوێتەوە بە دەنگی بەرز و بە گریانەوە بە تەنیا خۆیەتی و ئەو دەدوێنێ و دەڵێ: ئەی نەمووت دنیا وێران دەبێت. ئازیزم دونیا وێران بوو، دونیای کورد وێران بوو، کوردستان وێران بوو، دنیای من و تۆ وێران بوو..

ئازیزم، ئیتر چۆن هەواڵی تۆ بزانم؟ تۆ لە کوێی؟
چیرۆکنووسی هەموو شتزان چارەنووس و کارەساتەکانی بەسەر کوەددا هاتوون بە جۆرێک دەگێڕێتەوە، ورد و درشتی دیمەنەکان دەخاتە بەرچاو. وەک گرتە ڤیدیۆ لایەنێکی تراژیدیای کورد لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم تا ساڵی ١٩٩١ کە ساڵی راپەڕینە، دەخاتە بەر چاو. دیمەنەکانی ژن و پیاوان، کچ و کوڕانی لادێ کاتێ کە سواری زیلی عەسکەرییان دەکەن و دەیانبەن.
فاتم لە گەرمەی ئەو مەرگەساتەدا کەوتە دونیای مۆنلۆگی ناوەوەی خۆی و خەیاڵ بردیەوە لای ئاتیلا (خۆزگە بە خۆزگایی خوا لە بەرچاوی هەموو خەڵکدا بمتوانیایە دەست لە ملت بکەم و ماچت بکەم، هیچ نەبێ بۆ ماڵئاوایی ماچتم بکردایە. گەر دەمزانی رۆژێ دێ ئەم کافرانە دەمبەن و نازانم بۆ کوێ و لە تۆ ئەوەندە دوورم دەخەنەوە شەرت بوایە دەستەکانم لە نیو دەستت نابایە و تۆش نەتویستایە تێر ماچم بکردیتایە...) ل ١٥٧.
لە مۆنۆلۆگێکی تری ناوەکیدا فاتم دەڵێت(چەند سەختە ماڵئاوایی، چەند سەختە دابڕانیی یەکجاریی!)
بەڵێ لە ناو کارەساتی پر مەرگەساتی ئەنفالدا بە هەزاران چیرۆک و رۆمان هەیە، هەر کەسە، هەر ماڵە، هەر گوندێک، هەر نێرینەیەک، هەر مێینەیەک، هەر پێشمەرگەیەک، خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکە. لە رۆمانەکەدا سەرەداوی زۆرێک لەو چیرۆکانە خراونەتە ڕوو، بۆ نموونە چیرۆکی پێشمەرگەیەک کە ناوی سەید مەحەمەدە، کە دە منداڵ و ژنەکەی ئەنفال دەکرێن و خۆی لەناو سەنگەری بەرگرییدا بیر دەکاتەوە و خۆی جۆش دەدات و سروود دەڵێتەوە: (کوردستان نیشتیمانی کورد، بەرز و پیرۆزی سوێندت پێ دەخۆم/ بۆ سەربەخۆییت بە خوێن و بە گیان/ بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆین)
رۆماننووس بە ناو کارەساتەکاندا ڕووداوەکان بەرەو هەوراز دەبات و چارەنووسی فاتم لە عەرعەر و هی ئاتیلا لە دزڵی دیاری دەکات. بە هەزاران پرسیاری بێ وەڵام، چارەنووسی دوو عاشق، غەمی دابرانیان، فاتم لە ترسی ئەوەی بەرپرسانی زیندان نەیبەن بۆ خۆیان و نەیفرۆشن، هەموو دەموچاوی خۆی بریندار کردبوو(لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی نەدەکرد و وەک پیرەژنێکی شەست حەفتا ساڵە دەردەکەوێ...) ل ١٧٠. لەگەڵ ئەم دیمەنە شێواویەشدا بیر لە ئاتیلا دەکاتەوە و بە مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش لە بەر خۆیەوە دەیدوێنێ: (بمبوورە عەزیزم، بۆ ئەوەی دستی گڵاوی ئەوانم بەرنەکەوێت، بۆ ئەوەی لەبەر جوانی نەمبەن و نەمفرۆشن بە عەرەبەکانی بیابان، بۆ ئەوەی لەسەر

بەڵێنی خۆم بم و لەو دونیا بە تۆ بگەمەوە، ویستم لە جنۆکە بچم نەک فریشتە، بۆیە بە نینۆک دەموچاوی خۆم هەڵدڕی و ئێستاش برینەکانم دەکزێنەوە. سوپاس بۆ خوا ئەو پیاوانە کە دەمبینن بیزم لێ دەکەنەوە و بە تایبەت حەجاج، ئەو پیاوەی بەرپرسی ئێرەیە و لە ستەمکارییدا وێنەی نییە، ئێرە پێی دەڵێن نوگرە سەلمان....) ل ١٧٠

جارێکی تر دیمەنی گرتوخانە بە زاری فاتمەوە دەگێڕێتەوە کە بریتییە لە خەڵکە ئەنفالکراوەکان، جۆری ژیانیان، کەسە هەڵواسراوەکان، لیدانەکان بە کێبڵ، حەجاچ و پیاوەکانی، سەگەڕەشەکەی نوگرە سەلمان، ڕشانەوەی کچە گیانسپاردووەکان،خەوبینینی فاتم، زیندوێتی ئاتیلا.. ئەمانە سەرکەوتنی ڕۆماننووسە چوون دەسەڵاتی بە سەر هەموویاندا هەیە لە گرتەکان و کەسەکان و هەست و نەست و بیرکردنەوەی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە.

هەواڵ:

لەم ڕۆمانەدا وەک لایەنێکی تەکنیکی گێڕانەوە، هەواڵ بە چەندین جۆر و لە چەندین شوێندا دەردەکەوێت و بەکار هاتووە.

یەکەم: پیاوانی سەرقەڵا بە خەڵکەکەیان گەیاند دکتۆرێک دێتە لامان.

دووەم: هەواڵی خوزبێنیکردنی فاتم لە لایەن ئەورەحمانەوە بۆ خزمێکی خۆیان.. ل ٣٢.

سێیەم: دکتۆر هەر لە زانیارییە هەواڵگرییەکانییەوە لە بارەیماڵی شێخەوە لە مەڕ فاتم بە دەستی دەهات، زانی.. ل ١١٨.

چوارەم: فاتم هەواڵەکانی ماڵی خۆیانی بە ئاتیلا دەگایەند ل ١٢٠

پێنجەم: هەواڵی ناخۆشتر و ناخۆشتر دەگەیشتە خەڵکی گەرمیان.. ل ١٤١

شەشەم: هەواڵەکان لە بارەی بەردەوامی هێرشەکانی ئەنفال بوو.. ل١٦٦

حەوتەم: لە سەرەتای مانگی ئابدا هەواڵێکی سەیر لە بارەی رژێمی سەدام و سوپای عێراق بیسترا کە بوو بە هەواڵی یەکەمی هەموو میدیاکانی جیهان.

بە گشتی هەواڵەکان وەک لایەنێکی تەکنکی گێڕانەوە لە گەلێ رووەوە لەم ڕۆمانە دەبیندرێت..

- لە رێگەی گۆڤار و رۆژنامەکانەوە (رۆژنامەکانی السەورە، الجمهورییە، هەفتەنامەی هاوکاری.. هتد)
- لە رێگەی تەلەفیزیۆنەکان و رادیۆکانی بەغدا و کەرکوک، ئێستگەی شۆڕش.. هید.
- لە رێگەی کەسەکان وەک دایکی ئاتیلا کە باسی بێسەروشوێنکردنی خەڵکەکەی بۆی گێڕایەوە.

- تۆمارکردنی هەموو هەواڵێک لە ڕۆژژمێرەکەی ئاتیلا (هێرشی هاوپەیمانان، ڕۆڵی پێشمەرگە و ڕاپەڕین و ئازادکردنی شارەکان، بەزینی سوپای عێراق، خەونەکانی ئاتیلا، بۆردومانکردنەوەی شارەکان، چۆڵکردنی وڵات و کۆرە و هتد.)

ڕۆماننووس کەسایەتی ئاتیلا لە یاد نەچووە، هەر کە بە یارەکەی نەگەیشت گەڕایەوە سەر خووەکەی جارانی و بە شێوەیەکی فەلسەفییانە باسی ژیان و مردن دەکات.. (دەستی بردەوە بۆ پێکەکان و دووبارە دەستی کردەوە بە خواردنەوە و لە دڵی خۆیدا گووتی: من دەروێشی تەریقەتی عەشقی فاتم بووم، کە ئەویش عاشقی خوا بوو، بەڵام هەرچیمان کرد و ئەو هەموو نوێژ و نزایەمان کرد و هیچی فریامان نەکەوت، ژیان ڕاستی نییە و وەهمێکی گەورەیە، بۆ مردن ژیاوین، کە دەمرین وەک ئەوە وایە لەم دنیایەدا قەت نەژیابین.) ل ١٩٨.

ڕۆماننووس بە زاری شاکەسەوە پێمان دەڵێت ئەم دونیایە هیچ نییە مادەم مردن هەیە، هەموو نوێژ و نزایەکیش سوودی نییە. بە زاری فاتم دەڵێت: (ئێمە ئەم دنیامان لە دۆزەخ تەواو کرد، تۆ بڵێی لەو دنیاش هەر بخرێینە ناو دۆزەخ؟)

کۆتا دیمەن گیاندانی ئاتیلایە بەدەم گۆرانیگوتنەوە، چونکە شەپۆلی هۆشی داواکەی فاتمی پێ دەگەیەنێت کە پێی خۆشە لە کاتی دواهەناسەیدا لە بیابانی عەرعەر گوێی لە دەنگی دڵدارە سترانبێژەکەی بێت، بۆیە ئەویش بە دەم ئازاری مەرگەوە تێی دەچریکێنێ:

ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان
لە مەزلۆمان بلا چۆڵ بێ وڵاتان
مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی جەهەنم
سەرم قەڵغانە بۆ تیری جەفاتان

سەرەنجام:

١. ڕۆماننووس وەک چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان شارەزای تەواوی هەموو بنەما و تەکنیکەکانی ڕۆمانە لە ڕووداو و گێڕانەوە، کات و شوێن.

٢. لە هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ ڕۆمانەکە و سەرکەوتوو بووە و جوانی هەڵبژاردووە، ئاوێتە بوونی نیوەی ناوی ئاتیلا و نیوەی ناوی فاتم و پێکهاتەکەی بووە بە فاتیلا.

٣. ڕۆمانووس شارەزای جوگرافیای کفری و دێهاتەکانی و شوێن و بارەگاکانی پێشمەرگەکانە، بە تایبەتی هەڵبژاردنی ناوی گوندی (بنەکە) و شاری کفری کە بۆتە شانۆی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە.

٤. له جۆرەكانی تەكنیكی گێڕانەوە، فلاشباك، خۆدواندن، گەڕانەوە و هێنانەوەی دیمەن و رازەكان، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ، نزا و خەون، شارەزایانە بەكاری هێناون.
٥. رۆمانووس لە رۆمانەكەدا شارەزای مێژووی هاوچەرخی كوردستان و بە تایبەتیش مێژووی كارەساتی ئەنفالە.
٦. ئاوڕدانەوە لە كاتەكان وەك بنەمای رۆمان سەركەوتووانە لە وێنە و وەسفەكاندا بەكار براون.
٧. رۆمانووس لە بەر ئەوەی گێڕەرەوەی هەموو شتزانەشارەزای فۆلكلۆری گەرمیانە، لە جل و بەرگ و جۆرەكانی گۆرانی، پەند و قسەی نەستەق و داب و نەریتی بەشوودان و ژن و ژنخوازی و هتد.
٨. رۆماننووس شارەزای تەواوی كەسایەتی شاكەسی رۆمانەكەیە، رەفتارەكانی، بوێری، رۆحی كوردایەتی، گۆرانی و مەقامەكانی، دەنگخۆشییەكەی و هتد.
٩. رۆمانووس وەك هەموو رۆماننوسەكانی جیهان تەكنیكی خەونبینی بەكارهێناوە بۆ روونكردنەوەی هەندێ بارودۆخی ناو رۆمانەكە.
١٠. لەناو رۆمانەكەدا چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی تر دەبینین كە هەر یەكەیان رۆمانێكە، بۆ نموونە چیرۆكی عەبە ئامە، شێخ حسێنی هەزار كانی، سەید مەحەمەد و هتد.
چەند تێبینییەك:
ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا هەستم پیكرد، چەند وردە سەرنجێكە بریا نووسەر لە چاپێكی تردا رەچاوی بكات:
- زۆربەی شیعرەكان وەك شیعر رێكنەخراون كە دێڕ لە دوای دێڕ نووسرابن و جیا بن لە دەقەكە یان پەخشانەكان، ئیدی ئەو شیعرانەی خودی رۆمانووس بن یان ئەوانەی كە بە گۆرانی و مەقام شاكەس گوتوونی.
- دەربارەی ساڵی دەستپێكی خۆشەویستی ئاتیلا و فاتم، لە هەندێ شوێندا حەوت بەكار براوە و لە هەندێ شوێندا نۆ ساڵە. دوای ساڵی ١٩٩١ دەڵێ (سێ ساڵە لە فاتم بێ ئاگام ل ١٤..) كامە ڕاستە؟ (لە دەرگای یەزدان حەوت ساڵ پاڕاپایەوە.. ل ٥)
- سەرباری ئەمانە لەگەڵ ئەو تێبینیانە هاوڕام كە (حەمەسەعید حەسەن) لە هەفتەنامەی باس دا بلاوی كردۆتەوە. بە هیوای تەمەن دریژی و لەش ساغی مەهاباد خانم.

سەرچاوەکان:

بە زمانی کوردی:

١. د. شوکریە رەسوڵ – تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی دا- کەرکووک – ٢٠٠٥.

٢. پەرێز سابیر – بینای هونەری چیرۆکی کوردی – نامەی ماجستێر.

٣. حەسەن جاف – چیرۆکی نوێی کوردی- هەولێر ١٩٨٥.

سەرجاوە عەرەبییەکان:

١. برناردی فوتور – عالم القصه – ت.د. مصطفی هداره- القاهره- ١٩٦١

٢. رولان مورنوف و دیالی ئوتولیس.ت- نهاد الترلی – بغداد-١٩٦١

٣. د.عدنان خالد – النقد التطبیعی التحلیلی – بغداد – ١٩٨٣

٤. توماشڤسکی و الشکلانین الروس – نظریه المنهچ الشکلی.ت. ابراهیم الحنطیس. بیروت. ١٩٨٢

٥. یحیی العید- تقنیات السر الرواني فی المنهج البنیوي – بیروت- ١٩٩٠.

٦. د. عبدالله ابراهیم- البناء الفنی لروایة الحرب فی العراق.

٧. روبرت همفری- تیار الوعی فی الروایه الحدیته. مسر. ١٩٧٥.

٨. یاسین النصیر – الروایه و المکان- بغداد. ١٩٨٠

تیشکۆی زمان و پشکۆی ڕامان

لێکۆڵینەوەی کۆمەڵە شیعرێکی ئەڤینداریی حەمەسەعید حەسەن لە روانگەی ئۆشۆیزمەوە

مەهاباد قەرەداغی

دەروازە:

ئەڤین و سۆزی خۆشەویستی بابەتێکە نزیکەی هەموو شاعیرێکی سەرقاڵی خۆی کردووە و بەشێکی بەرفراوان لە داهینانە شیعرییەکانیان پەیوەست بە خۆی کردووە. هەڵبژاردنی هەندێ شیعر لە نێو خەرمانێک بەرهەمی تری شیعریی ئەڤینداریی بڵاوبووەوە بۆ تیشکاوێژکردن و لێکۆڵینەوە لە سەری، بە بڕوای من دەبێ موتیڤیکی بەهێزی لە پشتەوە بێت و جیاوازییەک یان زیاتر لەواندا سەرنج رابکیشێت بۆ ئەو نووسین و کۆڵینکارییە. تیشکۆی سەرنج لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ سەر شیعرە ئەڤینداریيەکانی حەمەسەعید حەسەن تەرخانە لە کتێبی «ئەڤیننامە»دا، چونکە بابەتی سەرەکی لەو شیعرانەدا کە «ئەڤین»ە، جگە لەوەی خاوەنی «زمان»ێکی جیاوازە، «ڕامان»ێکی ناوازەیشی لەبارەی خۆشەویستییەوە بەرهەم هێناوە و سەرنجمانی گیرۆدە کردووە. بۆ ئەوەی جیاوازی «جۆری ئەڤین و زمانە»کەی و «ناوازەیی بیر و ڕامان»ەکەی ڕوونبکەینەوە و بیانناسێنین، جگە لە میتودی ڕەخنەی ئەدەبی و پێوەرەکانی زمانناسی و جوانناسی، سوود لە ڕوانگەی ئۆشۆیزم وەردەگرین بۆ ئەڤینبینی لەم شیعرانەدا.

هەڵبژاردنی دیدگای ئۆشۆ یان ئۆشۆیزم بۆ ئەڤینناسی لەم شیعرانەدا هۆی ئەوەیە ئۆشۆ زۆر جیاوازتر لە هەر بیرمەند و کۆمەڵناس و دەروونناسیکی تر لە ئەڤینی ڕوانیوە و خۆشەویستی لە لای ئەو هەستەکان تێدەپەڕێنێ و لە قوڵاییەکانی نەست نەک پانتاییەکی فراوانی بەرکەوتووە، بەڵکو تەواوی «بوون» بە هەست و نەستەکانیشەوە، ڕۆح و دەروون و جەستەش، لە ئەڤیندا چڕبۆتەوە. ئۆشۆ پێناسەی ناباوی هەیە بۆ ژن، بۆ پیاو، بۆ خۆشەویستی و بۆ گیان و مردن و ژیانیش، بۆیە بە ڕۆشنایی چرای ڕوانینەکانیی ئەو شیعرەکان دەبینین و لێکیان دەدەینەوە.

شیعریش خۆی کردەیەکی ئاڵۆز و چڕی دەروونی دەیخوڵقێنێ و سەرچاوەکەی لە نەستەوەیە، کە شیعر بابەتی ئەڤین دەوروژێنێ، لەو ژێرخانە سەیر و سەمەرەیەدا شتگەلێک دەگوزەرێن و دەپەڕنەوە بۆ سەرخانی بیر، شاعیر بە زمان فریایان دەکەوێت و دەریاندەبڕیت. گەلۆ هەموو دەربڕینێک دەتوانێ جیاواز و ڕامانوروژێن بێت؟ شاعیر چ کەرەستەیەک بەکار دەبات بۆ جیاهەڵکەوتوویی بابەتی ئەڤینەکەی و ناسینەوەی لە نێوان هەزاران شیعری ئەڤینداریی تر؟ بۆ ئەم مەبەستە چەمکەکانی «زمان»،

«ڕامان»، «ئەڤین» و ڕوانگەی ئۆشۆیزم، پێویستییان بە تیشکخستنە سەرە و لە دوای پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەیان دەچینە نێو چیرۆکی هەر یەک لە شیعرەکان و راڤەیان دەکەین.

ئۆشۆ و ئۆشۆیزم:

باگوان شری راجنیش، ناسراو بە ئۆشۆ (١٩٣١-١٩٩٠) فەیلەسوف و عارفێکی هیندییە و خاوەنی دنیابینییەکی تایبەت و ڕۆحگەرایەکی جیاواز و دەگمەنە. ئۆشۆ لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە بانگ دەکرا بۆ ناساندنی فەلسەفە و دنیابینییەکەی و شوێنکەوتووی باوەڕ و فەلسەفەکەی لە دنیادا زۆرن. لە شێوەی سەدان بەرگی کتێبیشدا بیروڕاکانی بڵاوکرانەوە و بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدران.

هەر دیاردەیەک جێگەی بایەخی مرۆڤ بێت و سەرسامکەر بێت ئۆشۆ لێی ڕاماوە و بە قوڵیی و جیاواز لە هزرڤانەکانی دیکە، لەسەری دواوە. بوون و نەبوون، ژیان، عەشق، بیرکردنەوە، هۆشیاری، مردن، دەنگ، بێدەنگیی، ڕەنج، ئازادی، پاکیی، خوود، خودا، گەشت و میدیتەیشن و زۆربەی دیاردەکانی تر لە ڕوانگەی ئەوەوە تاوتوێ کراون و دەرەنجامی بیرکردنەوەکانی مرۆڤبینییەکی نوێی خوڵقاندووە. بیروباوەڕەکانی ئۆشۆ شوێنکەوتووی زۆرە لە جیهاندا و دیدگاکەی بە ئۆشۆیزم ناودەبرێت.

عەشق، هونەری ژیانە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر ڕوانگەی ئۆشۆ بۆ عەشق وەردەگرین کە مەبەستمانە وبە ئێمە پێویستە، لە بۆتەی ئەو بۆچوون و ئەڤینبینییەدا شیعرەکان هەڵدەسەنگینین. لەهەرکوێیەکیش پێویستمان بە دیدگای ئەو بێت سەبارەت بە دیاردەکانی تر، پەنای بۆ دەبەین.

کرۆکی پرسەکە ئەوەیە، بەلای ئۆشۆوە «عەشق دەبێ دەروونیترین ناوکی هەناسەدان بێت، دەبێ وەک هەناسەدان سروشتی بێت.» وەک چۆن هەناسەدان و ترپەی دڵ خۆبەخۆ ڕوو دەدەن و بیریان لێناکەیتەوە بۆ ئەنجامدانیان، خۆشەویستیش پێویستە لە دۆخێکی وادا بێت. «پرس ئەمە نییە کە عاشقی کێ بیت یان عەشقەکەت بە کێ ببەخشیت، پرس ئەمەیە کە تۆ بیست و چوار کاتژمێری شەو و ڕۆژ عاشق بیت، ڕێک بەو شێوەیەی هەناسە دەدەیت».[١]

١- باگوان شری راجنیش- عەشق باڵندەی سەربەست- وەرگێڕانی مەحەمەد محەمەد موڕادی- کۆمەڵە کتێبەکانی میدیتەیشنی ئۆشۆ- چاپخانەی گەنج – ٢٠١٣ – ل ١٠.

عاشقبوون و داهێنان لای ئۆشۆ پەیوەستی یەکترین، «‹›تەنها کەسێک کە لە قوڵایی بوونیدا عەشقی هەبووە دەتوانێ ئافرێنەر بێت.» لە دیدگا رۆحانییەکەی ئۆشۆوە عەشق کە سیفەتی ئافەرێنەربەخشە، تاقە رێگەشە بۆ هاوبەشیکردنی خوودا. واتە تەنها لە کاتی عاشقبوونی سروشتیدا، ئەوەی کە وەک هەناسەدان عەشق پیادە بکات، مرۆڤ دەتوانێ هاوبەش و هاوەڵی خودا بێت.

ئۆشۆ باوەڕی وایە کە مرۆڤ هەمووی پێی وایە کە دەزانێ عەشق چییە، بۆیە هەوڵ بۆ ناسینی نادات، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤ بە هەڵەدا چووە و نازانێ عەشق چییە. «دەبێ هەر لە سەرەتاوە بە هەمووان بگوتریت کە عەشق مەزنترین هونەری ژیانە، چونکە عەشق مەزنترین سیحر و موعجیزەی ژیانە. تۆ نابێت خەمسارد بەلای عەشقدا تێپەڕیت، دەبێ عەشق شەن و کەو بکەیت و بە قووڵی پێیدا ڕۆبچیت. دەبێ هونەری عەشقبەخشین فێر بیت، عەشق هونەرە. عەشق نەک توانایەکی تایبەت، بەڵکو وزەیەکی شاراوەیە.»[٢]

ئەو عەشقەی کە ئۆشۆ پێی وایە مرۆڤ هێشتا نایزانێ بەڵام پێی وایە دەیزانێ، بۆیە هەوڵ بۆ ناسینی نادات، بابەتی سەرەکی داهێنانە مەزنەکانی دنیای ئەدەب و هونەرە. ئاخۆ شاعیران کە عەشق سەرچاوەی ئیلهامی زۆرینەی داهینانەکانیانە، ناسیویانە یان داهێنانەکانیان هەوڵێک بووە بۆ ناسینی عەشق؟

ئەڤین جۆری زۆرە، فەیلەسوفەکان لەم دیاردە سەرسامکەرە ڕاماون و هەر یەکە و هەوڵی خۆی داوە بۆ پێناسەکردن و پۆلێنکردنی جۆرەکانی. میتۆلۆژیای شارستانیە کۆنەکانی مرۆڤ هێزی عەشقیان سیمبولیزە کردووە و ناوی جۆراوجۆری سەرنجڕاکێشیان لێناوە و ئەو سیمبولانە لە شاکارە هونەری و ئەدەبییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا رەنگیان داوەتەوە و بەردەوامیشن.

«ئیرۆس» خواوەندی عەشق و سۆز و ئارەزووی سێکسییە لە میتولۆژیای گریکی کۆن، لە میتولۆژیای رۆمان هەڵگری هەمان ئەو سیفەتانەیە و ناوی»ئامور»ە. ئیرۆس لە لای ئەفلاتوون بریتییە لە هێزێکی مەزن کە مرۆڤ بەرەو چاکە و حیکمەت رادەکێشێت. پێی وایە ئیرۆس شتێکە لە نێوان زانین و نەزانین، چونکە ئەو مرۆڤەی هەست نەکات کە نوقسانە مەحاڵە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دانایی و زانین بدات. ئەوەی پێی دەگوترێت ئەڤینی ئەفلاتوونی، بریتییە لە خۆشەیستییەک کە لە سەرووی بەرژەوەندییەکانەوەیە، هەر ئەو جۆرەشە کە مرۆڤ بەرەو بەرزبوونەوە و گەشەسەندن دەبات.[٣]

ئایا ئەڤین لە کردەی هۆشیاری بەدەرە و مرۆڤ بە بێ هزرمەندی خۆی هەڵدەداتە

٢- ل ١٢، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣- https://ar.wikipedia.org

نێو ئۆقیانووسی ئەڤینەوە؟ لای ئۆشۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، بە بێ هۆشیاری ئەستەمە مرۆڤ عاشق بێت. وەک چۆن هۆشیاری تاکەکەس پەیوەستە بە هۆشیاری باڵای گەردوونەوە، پێویستە عەشقیش لەو بێسەرەتایەوە دەست پێ بکات و لە بیکۆتاییشدا کۆتایی نەیەت.

ئەڤین یان پەیام:

ئەڤیننامە دیوانێکی شیعرییە و وشەیەکی لێکدراوی هەردوو وشەی پڕمانای «ئەڤین» و «نامە»یە. نامە لە سیمبولەکانی زماندا و لە ئەدەبیاتیشدا خەسڵەتی «پەیام» هەڵدەگریت و گرنگییەکەی لەوەدایە کراوەتە نێوەندگیرێک لە نێوان مرۆڤ و خودا لە ئاستە ئاسمانییەکەی و مرۆڤ و مرۆڤ لە ئاستە زەمینییەکەی. پێغەمبەرەکان نامەی خوایان پێبووە بۆ نەوە و نەتەوەکانیان. ناونانی دیوانێکی شیعری بەم ناوە بە رێکەوت نییە، لە هۆشیارییەکی رۆحییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەڤین وەک پەیامێکی خودایی دەبینیت و مەبەستێتی بگاتە کەسێک یان کەسانێک. بۆ ئەوەی ئەندازەی ئەو ئەوینەش پیشانی وەرگرەکانی ئەو پەیامە بدات، لە قوڵایی دیاردە سەرنجڕاکیشەکانی سروشتەوە «زەریا»، «ئاسمان»، چیا»، پێوانەکان وەردەگرێت و مەبەستێتی هەر لە سەرەتاوە بیسنووریی ئەڤین بەیان بکات.

{دەزانی زەریا چەند قووڵە!
هێندەی قوڵایی زەریاکان
خۆشم دەوێی،
دەزانی ئاسمان چەند دوورە!
هێندەی دووریی
حەوتەمین نهۆمی ئاسمان
خۆشم دەوێی. } (ئەڤیننامە. ل ٩)

شاعیر لە پەراویزی شیعرەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم چەند دێڕەی سەرەتای لە ژێر کاریگەری تێکستی گۆرانییەکدا داناوە کە گۆرانیبێژی لوبنانی فەیروز گوتوویەتی بە ناوی (شایف البحر)، کەواتە هەر ئەڤینێک لە شیعردا تام و بۆنی جۆرە خوداییەکەی عەشق بدات، کاریگەری دادەنێت و ناتوانی بەلایدا تێپەڕیت و سەرسامی خۆتی بۆ دەرنەبڕیت، یان نەبێتە هەوێنی داهێنانێکی تر لای تۆ. شاعیر لە کۆپلەی دووەمی هۆنراوەکەدا وێنەیەکی تایبەت بەخۆی دەخوڵقێنێت بە شێوەیەک لە هی یەکەم سەرسامکەرتر بێت.

{خۆشم دەوێیت و ئەوینم
ئەوەندە پاکژە دەڵێی

بەفرە بە ترۆپکی (کۆ)وە
خۆشم دەوێیت و دەزانم
چارەنووسم بەندە بە ئەوینی تۆوە.} (ئەڤیننامە. ل ١٠)

عەشق هەردەم بە «پشکۆ» و «گڕ» و «گڕکان» وێناکراوە و ناخی پڕ عەشق وەک کوانووی پڕ لە ژیلەمۆیە و شاعیرانیش وا وێنەیان کێشاوە، بەڵام لێرەدا ئەوین پاکژییەکەی وەک بەفری ترۆپکی شاخ وێنەگیراوە، کە جگە لە سپێتییەکەی کە هێمای پاکییە، نەک هەر ساردە بەڵکو شەختەبەندیشە. لێکچواندنی عەشق بە بەفری ترۆپکی کێو لە جیاتی دەربڕینە باوەکانی شیعر بۆ عەشق، ناوازەیی بەخشیوەتە جۆری ئەو عەشقە و زمانی دەربڕینی عەشقەکەش. تەنها بە زمانێکی چڕ و گەشەسەندوو دەتوانرێت وێنەی ناوازەی شیعری بخولقێندرێت. بە پێی بروونەر»زمان دەبێتە مەرجێک بۆ بیرکردنەوەی ئازاد. گەشەسەندنی زمان مانای گەشەسەندنی بەردی بناغەی بیرکردنەوەیە.»[٤] دەربڕینی قووڵترین ئەڤین بە چەند وشەیەک، نیشانەی چڕێتی زمانەکەیە، کە هاوکات دەکاتە پڕێتی ڕامان یان بیری خاوەنەکەی.

دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زماندا جگە لە چڕییەکەی، لە کێش و سەروای شیعرەکەشدا دەردەکەوێت. ریتمی شیعرەکە هێند سانا و سروشتی خۆی دەکات بە گوێی دڵدا، وەک ئەوەی سروەی بەیانی بێ و نەیبینیت، تەنها بە نەرمی هەست بە شنەشنەکەی بکەیت. ئەم دەسەڵاتە نەک تەنها لەم شیعرەدا، بەڵکە لە کۆی شیعرەکانی ئەڤیننامەدا خۆی دەردەخات. لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە باڵایەشدا کە شاعیر بەسەر زماندا هەیەتی و لە شیعرەکاندا بە هۆ و بێ هۆ دەردەکەوێت، کەچی لە وێنەیەکی تردا لە تەنها دە وشەدا سورپرایسێک دروست دەکات، کە تیایدا هەم مەزنی جۆری ئەوینەکە دەردەبڕێت و هەمیش جەخت لەسەر چڕترین دۆخی زمانەکەی دەکاتەوە.

{من ئەوەندە تۆم خۆش دەوێ
کە دەتبینم
زمانم لە گۆ دەکەوێ.} (ئەڤیننامە. ل ١٣)

لای ئۆشۆ «عەشق باڵندەی سەربەست»ە. پێناسەکردنی عەشق بە دوو وشە، «باڵندە» و»سەربەست»، بە مانای فڕین لە ئاسۆییەکی بێ کۆتایی دێت. خودی ئەو بێ ئەندازەییەی ئاسۆی عەشقە وای کردووە مرۆڤ خۆی تیا ون بکات و بە دەگمەن مرۆڤ هەبێت خۆی تیا بدۆزێتەوە. شاعیر ئەگەرچی باس لە «ئەوین لە پاییزی

٤-مەهاباد قەرەداغی – زمان، ڕامان و ناسنامە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٣٢.

تەمەندا» دەکات، ئینجاش وەک باڵندە سەربەستەکەی ئۆشۆ دەبیینێ و وزەی گەیشتن بە سەرووی هەورەکانی پێ دەبەخشێت.

{کە چرپەیەکت دەبیستم
داوێنم لە هەور دەخشێ،
دەڵێی هەڵۆ باڵی خۆیم پێ دەبەخشێ.} (ئەڤیننامە. ل ١٣)

جیاوازییەکی تری شیعرەکانی ئەڤیننامە ئەوەیە، کە شیعرەکان کورتن بەڵام لە هەر یەکێکیاندا چیرۆکێک هەیە. گێڕەرەوە لەو شیعرانەدا بە «من»، ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەپەیڤێت، کە لەم دۆخەدا رەنگە شاعیر خۆی بێت لە زۆربەیاندا، یانیش خۆی نەبێت لە هەندێکیاندا بەڵام تەکنیکێکی وای هەڵبژاردبێت، کە ئەمە هیچ لە بایەخی جۆری بڕوا و پەیامی ناو شیعرەکە ناگۆڕێت. ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر زماندا نەشکێت دەشێ چیرۆکێک بە دەیان لاپەڕە بنووسێ، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی پاشای سەر عەرشی مەملەکەتی زمان بێت، بە کورترین پەیڤ خورتترین باوەڕ دەردەبڕێت.

دروستکردنی وارێک لە ئەوین و بۆ ئەوین؛ پێویستی بە بناغەدانەرێکی کارامەیە. کەسێک دیکۆرکیشێکی شارەزای بواری زمانی هەستەکان نەبێت، ناتوانێت بە هێما و ڕەمزەکان، بە چەند خشتێکی وشە، ئەو نیشتیمانە دروست بکات و، ئەو وڵاتە ئاوەدان بکاتەوە. ئەدۆنیس واتەنی:» شیعر شتێکی دیکە نییە لە هەوڵی مرۆڤ زیاتر، بۆ گوتنی ئەوەی کە ناگوترێت بە سیمبول و مەجازەوە».[٥]

بەکارهێنانی میتافۆر و لێکچواندن و هێماکان تەنها ئەوانە دەتوانن جیاواز و سەرنجڕاکیش بەکاری بهێنن کە عاشقانە نازی زمان دەکێشن و لە پاداشتیشدا زمان ماشقانە ڕازەکانی خۆییان دەخاتە مست. زمان چونکە سیمبولئامیز و پڕ کۆدە، شارەزای نەبیت ناتوانیت کۆدەکانی هەڵبێنی و لە خزمەتی داهێنانی خۆتدا بەکاری بهێنیت. لە هەر پیتێکدا وزەیەک هەیە، بۆیە هەڵبژاردنی وشەکان بۆ داهێنانێکی ئەدەبی جگە لە شارەزایی لە هونەری جوانی و جوانناسی، وزەناسیشی پێویستە.

شیعری جوان ئەوانە نین کە لەبەر ئاڵۆزی وشەکانی فەرهەنگۆکیان بۆ دابنرێت و بۆ دۆزینەوەی ماناکانی تووشی سەرەگێژەمان بکات، بەڵکو ئەوانەن کە وشە سادەکانی شیلەی سۆزیان لێ دەچۆڕێ و خەڵتانی خەیاڵێکی سەربەست و باڵان و ڕستەکان وەستایانە داڕێژراون و لە هەمووشی گرنگتر بەشەکانی شیعرەکە هاوئاهەنگن پێکەوە و یەکێتییەکی تۆکمە لە نێوانیاندا هەیە.

٥- الصوفيه و السورياليية. ل ٢٤

پێویسته شاعیر له کاتی بنیاتنانی ڕەمزی شیعریدا»پارێزگاری له کەمترین ناوەڕۆکی وشەکەش بکات، به شێوەیەک که سنووری فراوانی زمانی شیعری بەرز بنەخشێنێ، که نرخێکی بڵندی جوانی تێدا بیت، هێماکانی وا بن که هاوسەنگییان تێدا بێت که بۆ سەرکەوتنی داهێنانەکه پێویسته.»[٦]

با هەست به تەنیایی نەکەی
ئەوە دڵم،
وەره بیکه به نیشتیمان!
هانێ ئەوە دەستەکانم،
وەره بیانکه به ستیان!
ئەوە شانەی برژانگی من،
وەره قژتی پێ دابێنه!
ئەوە جۆلانەی ئامێزم
وەره سەرخەوێ بشکێنه!} (ئەڤیننامه. ل ١٥)

وشەی ستیان»مەمکبەند» لەم کۆپله شیعرەدا ئەوە روون دەکاتەوه له نێو چیرۆکی ئەم شیعرەدا پیاوێک هەیه و بانگەوازەکەی بۆ ژنێکه و دەیەوێت له تاراوگەی تەنیاییەوه بیهێنێته نێو نیشتیمانی دڵی خۆی. بەڵام دەشێ له نیشتیمانیشدا مرۆ هەست به نامۆیی و تەنیایی بکات، بۆیه پێشنیاری دیکەی بۆ دەکات و ڤینوارەکەی بۆ تایبەتتر دەکاتەوه تا دەگاته قەوارەی ئامێز. وشەگەلی «خەو»،»ئامیز» و «ستیان»، ئەگەرچی تایبەتمەندن به جەستەوه و ڕەنگه مرۆ له چرکەساتی یەکەمدا وەک حەزێکی چێژی سێکسی لێکی بداتەوه، بەڵام که وێنەکه تەواو دەبێت و ئەنجامی چیرۆکی ئەڤینەکه دێته دەست، هیچ هەست بەوە ناکرێت که قارەمانی چیرۆکی ئەم شیعره تامەزرۆی ئامێز بێت بۆ چێژوەرگرتنی کاتی، هێندەی ئەوەی هەست دەکرێت بۆ یەکگرتنەوەی رۆحەکانی ئەم عاشق و مەعشوقه بێت. دووپاتکردنەوەی وشەی بانگەوازئامێزی»وەره» جۆری تکاکردنی نەنواندووه، جەختکردنەوەیه لەسەر سووربوونی عاشق له خۆتەرخانکردن بۆ مەعشووق تا پلەی توانەوه.

{وەره بەڵێنت پێ دەدەم
له چاوما جێت بۆ ڕابخەم
شەوانه بۆت ببم به مۆم
لەبەر تاڤگەی شیعرا بتشۆم.} (ئەڤیننامه.ل ١٦)

٦- امیمه الرواشده – شعریه الانزیاح – منشورات امانه عمان الکبری. ل ٥٨.

مەرج نییە شیعری عیرفانی وشەگەلی وەک «ئیشراق» و «وەجد» و «تەجەلا» سیخناخیان بکات، کە تایبەت بە جیهانی سۆفیگەریین. بە مۆم بوون و توانەوە لە پێناوی عەشق و بۆ مەعشووق خەسڵەتی شاعیرە عارفەکانە. نالی دەفەرموێ:

(لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبوور)

ژن لە لای شاعیرە سۆفییەکان جەستە نییە و سەرچاوەیەک نییە بۆ چێژیی کاتی مرۆیی. ئیبن عەرەبی دەڵێت:»هیچ بوونەوەرێک لە گەردووندا هێندەی ژن بەهێز نییە. بۆهەر هەناسەیەکی ژن خودا فریشتەیەکی خوڵقاندووە.»[٧]. بۆیە جیاوازی دەبینین لە نێوان دەربڕینی شاعیرێک کە لە دنیای هزری سۆفیگەرییدا مەلە لە نێو عەشق و وشەدا دەکات، وەک لە شاعیرێکی تر کە لە دونیای غەریزەکانەوە بە وشەگەلی شەهوەتوروژێن باسی جەستەی ژن دەکات. ماچ و ئاوێزانی عاشق و مەعشوق کە سۆزێکی خوایی پێکەوەیان دەبەستێتەوە نە تابووە و نە نەنگی، ئەوە جۆری دەربڕینەکەیە نەنگیی دروست دەکات. حەزرەتی نالی شاکار دەخوڵقێنێ لە داوا کردنی ماچێک لە خۆشەویستەکەی:

(لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵف چیم

دەزانی بەم سیانە تالیبی چیم؟!

وەفای عەهدە لە من ڕۆح و لە تۆ ماچ

چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم

کە هاتی تیغی بێزارییت لەسەر دام

سەری خۆم خوود بە خوود هەڵگرت و ڕۆییم!)

ماچەکەی حەزرەتی مەحوییش بە هەمان شێوە خوداییە و تەواوی بوونی خۆی لەسەر ئەو ماچە بنیات ناوە. کاتێ ئەڤین دەگاتە پلەی گیانیبەگیانیبوون، عاشق و مەعشووق تەنها لە جەستەدا جیان و لە ڕۆحدا هەردەم پێکەوەن. ئاوێتەبوونی جەستەکان بۆ ئەڤیندارە خوداییەکان تەنها لە پێناوی بەرزکردنەوەی جەستەی بۆ ئاستی ڕۆح. حەزرەتی مەحوی دەڵێ:

(کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ ڕۆحم لەسەر لێوە

کە لێوی لابەرێ ئەڵبەتە ڕۆحم دەردەچێ پێوە.)

شەمسی تەبریزی دەڵێ:»عەشق گەشتێکە، هەموو ڕێبوارەکانی بیانەوێ و نەیانەوێت گۆڕاون. هیچ کەسێ نییە گەشتی بۆ ئەڤین کردبێت و نەگۆڕابێت.» کەواتە ئەڤین بریتییە لە هۆشیارییەک و وزەیەک کە توانای گۆڕینی هەیە و ئەم گۆڕانەش لە نزمابییەوە

٧- فتوحات ل ٤٦٦

بەرەو باڵایە، ئەو باڵایەی کە چارەنووسی مرۆڤەکانیشی بەدەستەوەیە. ئیبن عەرەبی دەڵێ:»من باوەڕم بە ئایینی ئەڤینە، هەرچییەک بێت و ئاراستەی کاروانەکەی بۆ هەرکوێ بڕوات، چونکە ئەڤین ئایینی منە.» دانی ئەم پایە بڵندە بە ئەڤین لە زانایی و هۆشیارییەکی رۆحی باڵاوەیە. نەزانەکان ئەمە بە کوفر ناوزەد دەکەن، عارفەکان بێباکانە و بە خاترجەمییەوە بۆ گەیشتن بە خودا ئەڤین دەهۆننەوە. مەولانا جەلالەدینی روومی دەڵێت: «زۆر ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە خودا، من ئەڤینم هەڵبژارد.»

{وەرە من تۆم
هێندە خۆشتر دەوێ لە خۆم
ئەگەر بڵێی بمرە دەمرم
وەرە گیانی شیرینم بە
وەرە شاژنی وڵاتی ئەوینم بە!
وەرە ئەمن دەتپەرستم
وەرە ئەگەر
تۆش بە راستی خۆشت دەوێم
وەرە تۆ شیاوی ئەوەی
سەدجار لەسەرت بکوژرێم.!} (ئەڤیننامە. ل ١٨ و ١٩)

لێرەدا هەمان ریگاکەی ڕوومی هەست پێدەکریت هەڵبژێردرابیت بۆ گەیشتن بە خودا، یان بە خوود، واتە بە مەعشوق. دەستەواژەی پەرستن لە پاشخانی هۆشیاری مرۆڤدا بە درێژایی سەدەکان بۆ خودا بووە نەک بۆمرۆڤ، ئەگەرچی شاعیران لە مرۆڤدا بەرجەستەیان کردبیت و ئەو سیفەتانەیان بە دولبەر دابێت. لەم شیعرەدا بانگەوازی»وەرە» چەندین بارەدەبیتەوە، کە شاعیر بە مەبەستەوە دایناون بۆ خولقاندنی کەشێک لە ویستی رۆحی پەتی و بێپەروا بۆ گەیشتن و توانەوە لەوی دیدا. تەنها «وەرە» ی زیاد لەم هۆنراوەیەدا رەنگە ئەوەی کۆتایی دیڕەکە بێت، کە «وەرە»یەکی ناپێویستە و دەکرا لە جێگەی ئەوە وشەیەکی سۆزئامیزی گەرم بەهێزتری بکردایە بۆ نموونە:

«ئازیز تۆ شیاوی ئەوەی
سەدجار لەسەرت بکوژرێم.»

ئۆشۆ دەڵێ» دەبێ لە رێگای عەشقەوە هەبوو بناسیت، ئەو کات خودا دەناسیت. خودا رووکردن لە هەبووە لە ریگای عەشقەوە.». ئەم رێگایە هێندەش ئاسان نییە و هەموو کەسێ ناتوانێ تاقی بکاتەوە. شاعیرەکان، تاقی دەکەنەوە بەڵام مەرج نییە سەرکەوتوو بن تێیدا و لە کۆتایی رێگەدا ئامانج بدۆزنەوە کە گەیشتنە بە خوود یان بە گوزارەیەکی تر گەیشتنە بە خوودا. زۆر لە خۆکردن بۆ دەربڕینی ئەڤین بە شیعرەوە دیار دەبێت

و هەر شیعریک خۆرسکانە سۆزی ئەڤینی نەهۆنیبێتەوە، نەیتوانیوە ببێتە شیعریکی دڵخواز و نەمر. مەولانای روومی دەڵێت: «تۆ باڵت هەیە، فێر بە بەکاری بهێنی و بفڕی.» وزەی ئەڤینیش لە مرۆڤدا خواییە، تەنها ئەوەندەی پێویستە فێری بەکارهێنانی بیت، بۆیە شاعیریش بۆ دەربڕینی ئەڤینی باڵا پێویستی بە زمانیکی چڕ و ڕامانیکی پڕە و هیچی تر.

{قاڵبووی هەمان بۆتەی ئیشین
تا ئاستی شێتی سەرکێشین
کە دەپەیڤین
قسەی یەکدی دەڵێینەوە
کە پێک دەگەین
لە یەکدیدا دەتوێینەوە.} (ئەڤیننامە. ل ٣٥)

هینری کۆربن دەڵێ:» بزوێنەری یەکەمی هەموو جۆریکی خۆشەویستی، جوانییە.» کەرەستەی سەرەکی هەر شیعریک زمانە، بەڵام جیاوازی ئەو زمانە لە هی رۆژانە و باو ئەوەیە «جوان»تر دەریدەبڕێت. بەڵام جوانییش شتێکی نەگۆڕ نییە و بینینی جوانیی پەیوەستە بە هەستەکان و رادەی کارایی خەیاڵی کەسەکانەوە. خەیاڵ هەیە هەژارە و زمان تیایدا لە گیانەڵادایە. «خەیاڵی داهینەر» هەموو ئەو بەرهەمانەی خوڵقاندووە کە لە بیری مرۆڤایەتیدا ماون و ناوی شاکارەکانیان لێ نراوە. «خەیاڵ نەبووایە، ئەمڕۆ ئێمە لە نەبوودا بووین.» ئەم گوزارەیەی هینری کۆربن سەبارەت بە خەیاڵی داهێنەرانە تا ئەو ڕادەیە دەسەڵاتبەخشە بە خەیاڵ کە بوون بە خەیاڵەوە گرێ دەدات. هێنری کۆربن لە کتیبی خەیاڵی خوڵقینەر لە تەسەوفی ئیبن عەرەبیدا، پێی وایە سێ جۆر خۆشەویستی هەیە و سێ جۆر بوون لە ئارادایە، یەکەمیان خۆشەویستی خوڵقینەر بۆ مەخلوقەکەی کە تیاشیدا دەردەکەوێت «تەجەلا دەکات»، دووەم خۆشەویستی رۆحانی کە تیایدا عاشق هەمیشە وێڵی دۆزینەوەی بوونە لە پلە باڵاکەیدا، سییەمیشیان خۆشەویستی سروشتییە کە بەدوای ئارەزووەکانەوەیە و هەوڵی خاوەندارێتی مەعشوق دەدات، کە ئەمەیان ئەو جۆرە خۆشەویستییەیە زۆربەی مرۆڤەکان پەیڕەوی دەکەن. نەک مرۆڤەکان بە گشتی، بەڵکە دەستەبژێری شاعیرانیش جگە لەوانەی لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە ئەڤین دەهۆننەوە، عەشق لە پێناوی رازیکردنی ڕەمەکەکانیان و لە پێناوی بەرژەوەندی هەستی خۆیاندا بەکاری دەبەن و هەرواش دەیخەنە رستەی شیعرییەوە. جەستەی ئافرەت دەبێتە ئامرازیک بۆ وروژاندنی حەزی سێکسی و هیچی تر.

ئۆشۆ لە کتیبی «ئەڵماسەکانی هۆشیاری»دا دەپرسێت»»ئایا تاکو ئیستا ئەویندارانە سەیری شتێکت کردووە؟ لەوانەیە بڵێی بەڵێ، چونکە نازانیت کە تەماشاکردنی ئەویندارانە

لە شتێک واتە چی! لەوانەیە سێکسیانە سەیری شتەکانت کردبێت، ئەمە شتێکی دیکەیە کە تەواو جیاوازە، ڕێک خاڵی بەرانبەر ئەوە. سەرەتا هەوڵ بدە جیاوازی دەرک بکەیت. روخسارێکی جوان، لەشێکی جوان، تۆ سەیری ئەو دەکەیت و هەست دەکەیت کە ئەویندارانە سەیری ئەو دەکەیت. بەڵام بۆچی سەیری ئەو دەکەیت؟ ئایا حەزت لێیە شتێک لەوەوە وەدەست بخەیت؟ ئەو کات سێکسە و ئەوین نییە. ئەو کات لە ڕاستیدا تۆ بیر دەکەیتەوە کە چۆن لەو لەشە سوود وەربگریت، چۆن لەو لەشە کەرەستەیەک دروست بکەیت بۆ ڕابواردنی خۆت.»[٨]

ئێمە دەتوانین هەزاران کۆپلەی شیعری شاعیرانی دنیا و هی خۆماڵیش بهێنینەوە کە ئەو جۆرە لە وەسفکردنی جەستەی ئافرەت بەکار دەبەن و ناویان لێ ناوە شیعری ئەڤینداری. ئەو جۆرەی کە کەفوکوڵێکی شەهوەتبازییە نەک ئەوین، چونکە لەوێدا ئافرەت و جەستە و جوانییەکەی بریتییە لە کەرەستەی خاوی خەیاڵێکی سێکسی نەک خەیاڵێکی باڵای داهێنەرانە.

«لە ئەویندا ئەویدی گرنگە؛ لە سێکسدا تۆ گرنگی. لە سێکسدا تۆ بیر دەکەیتەوە کە ئەویدی بکەیتە کەرەستەی کەیفخۆشی خۆت، لە ئەویندا تۆ بیر دەکەیتەوە کە خۆت چۆن بکەیتە کەرەستە. لە سێکسدا تۆ ئەویدی بەخت دەکەیت، لە ئەویندا خۆت بەخت دەکەیت. ئەوین واتە بەخشین و پێدان، سێکس واتە وەرگرتن و بەدەستهێنان. ئەوین ڕادەستبوونە، سێکس هێرشبردنە.»[٩]

{ئەوە تۆ بووی فێرت کردم
کرۆکی ژیان ئەوینە
ئەوە تۆ بووی فێرت کردم
خۆشەویستی هەر بەخشینە.
کەس وەک تۆ خۆشی نەویستووم
هەمیشە چیت شک بردبێ
بێ دوودڵی پێت بەخشیووم
هەرگیز هیچت لێ نەویستووم.} (ئەڤیننامە. ل ٥٧، ٥٨)

لەم وێنە شیعرییە پڕاوپڕ لە مانا ئۆشۆییەکەی عەشق، شاعیر خاکەڕاییانە خۆی وەک شاگرد و مەعشوق وەک مامۆستای ئەو جۆرە ئەڤینە دەزانێت، کە ئەمەش ناکاوییەک یان سورپرایسیکی شیعرییە، چونکە وێنە باوەکە ئەوەیە کە شاعیر خۆی یان عاشق بە بکەر و کارا پیشان بدات و مەعشوق بە کارپیکراو یان کارتێکراو. لێرەدا مەعشوق کارا و عاشق خۆی کارتێکراوە، مەعشوق بکەرە و عاشق خۆی بەرکارە. ئەمەش جیاوازییەکی دیکەی داهێنەرانەیە کە ڕامانێکی هۆشیارانە لە دنیای ستاتیکا و ئەڤیننامەی

خولْقاندوویەتی. ئەمە ئەو ڕادەست بوونەیە کە ئۆشۆ باسی دەکات، پێچەوانەی هێرش بردن و داگیرکردنی مەعشوق و بە پاسیڤ پیشاندانی. ئەم جۆرە لە خاکەرایی لە وێنەی دیکەشدا دەردەکەوێت و وا دەکات بگەینە ئەو یەقینەی ریکەوت نییە شاعیر ئەم جۆرەی لە ئەڤین هەڵبژاردووە، بەڵکو ئەڵماسەکانی هۆشیاری خۆی دۆزیوەتەوە، بۆیە چۆکدادان بۆ ئەڤیندارەکەی بە شکۆمەندی دەزانێت.

{دەبوو هەڵوێستی وەها نەنوێنم
پەڕەی هەستی تۆی پێ بڕوشێنم
دەبوو لە عەرشی ئەوینی تۆدا
بێمە سەر چۆک و سەر دانەوێنم.} (ئەڤیننامە.ل٦٠)

ئۆشۆ پێی وایە کە ئەوە ئەوینە وا دەکات تۆ ناوازە بیت و بە بێ ئەوین هەست ناکەیت کە تۆ کەسێکی و هەست بە کەسبوون ناکەیت. «تاکو کاتێک کە کەسێک بە قووڵی تۆی خۆش نەوێت، تۆ هەرگیز هەست ناکەیت کە بوونەوەرێکی ناوازەیت. تۆ تەنیا یەکێک لە ناو کۆدایت، تەنها یەک ژمارە، یەک پێدراویت، دەتوانین تۆ دانێین و لە جێتدا کەسێکی تر دابنێین.»[١٠] ئەو عەشقەی دەگاتە پلەی عیرفان، ئەو جۆرەیە کە مەعشوق جێگرەوەی نییە بۆ عاشق و تەنها ئەو دەتوانیت ئەو جێگەیە پڕ بکاتەوە.

{دەترسم من
شیاوی ئەو
هەموو ئەوینەی تۆ نەبم،
تۆ لە ژیانمدا نەبی،
لام چوون یەکە،
ئەگەر هەبم یاخوود نەبم.} (ئەڤیننامە.ل٥٦)

وێنەکە تەواو لە ئاوێنەی ئەو تێڕوانینە دەچێت کە ‹ئەو› جیگرەوەی نییە و تاک و تەنیایە و کەس لەو ناچێ و بە چەند وشەیەک کلیلی بوونی خۆی دەخاتە مشتی ئەوەوە. ئەمە ئەو ئاوێنەیەشمان وەبیر دێنێتەوە کە جەلالەدینی ڕۆمی دەیخاتە ڕوو «بەدوای خوادا گەڕام و تەنها خۆمم دۆزییەوە.. بەدوای خۆمدا گەڕام و تەنها خودام دۆزییەوە.». لە نێو دیوانی ئەڤیننامەدا دەست بۆ هەر دێڕێک دەبەیت پشکۆی ئەڤینێک دەگەشێتەوە کە لە جۆری خوداییە نەک مرۆیی، بەڵام ئێمە نمونە لە خەروار وەردەگرین و خەرمانەی سەرنجمان ئاوێزانی وێنە هەرە سەرسامکەرەکان دەبن.

١٠- ه.س.پ. ل ٢٢٠.

{ئەوە تەنیا ئەوینی پاکژی تۆیە
مانا دەدا بە ژیانم،
بەهۆی خۆشەویستیی تۆوە
هەست دەکەم منیش ئینسانم. } (ئەڤیننامە. ل ٧٤)

ئەم وێنەیە تەنها وێنە نییە، بەڵکو ڕوویەکی شاراوەی حەقیقەتیشە. خۆشەویستی یاسای سەرەکی بوونە، مرۆڤەکان تا زیاتر بەرهەڵستی بکەن، دوورتر دەکەونەوە لە حەقیقەت. لە خۆشەویستیدا ژیان واتە کرۆکی مرۆڤبوون و گەیشتن بە کەماڵی مرۆڤایەتی تەنها لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە بەدی دێت. ئۆشۆ دەڵێ «ڕاستگۆیی بە واتای گوتنی ڕاستی نییە، بەڵکو بە واتای ڕاست و دروست بوونە.»[11] دانپێدانان بە ڕاستییەکان واتە راستی و دروستی، کە مرۆڤی سەردەمی نوێ لەم خەسڵەتە بێبەرییە و دان بەو ڕاستییانەدا نانێت کە لە دەروونەوە هەستیان پێ دەکات. بە ئەوین مرۆڤ گەشە دەکات، ئەمە لە تیۆرییەکانی دەروونناسیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. لە شیعردا خوڵقاندنی ئەو وێنەیە کە مەرجی ئینسانبوون ببەستێت بە خۆشەویستییەوە، بریتییە لە هۆشیارێکی بەرین و بە بێ فیز دەربڕینی ڕاستییەکی رۆحی بە پلەی نایاب.

{تا ئەوینت
ژینی داگیر نەکردبووم
نەمدەزانی
لە پاییزی تەمەنیشدا ڤیان هەیە
تاکو باسکت
نەکردبوو بە سەرینم
نەمدەزانی
لە جەستەمدا ڕەوان هەیە.} (ئەڤیننامە. ل ٧٧)

کۆکردنەوەی ئەو هەموو وێنە ناوازانەی ئەڤین لەم دیوانە بە قەوارە بچکۆلەیەدا، جۆریک لە شادی دەبەخشێت کە لە شادمانی نێچیروانێک دەچێت بۆ ماسیگرتن ڕووی لە دەریا کردبیت، بەڵام لە پاڵ ئەودا سەدان مرواری دۆزیبێتەوە، یان بۆ ڕاوکردنی ئاسکۆڵەیەک رووی لە چیا کردبێت و لەوێ گەوهەری ئەڤین و ئەڵماسی سۆزی دۆزیبێتەوە.

نهێنی ئەم کورت و خورت نووسینەی شاعیر لە چیدایە کە بە چەند وشەیەک چیرۆکێک دەخولقینێ و بە چەند دێڕێک سورپرایسێکی هونەری دروست دەکات؟ ئەم نهێنییە شاعیر خۆی بەڵام لە شیعرێکی تری نیو دیوانێکی شیعری تر ئاشکرای دەکات. لە کۆمەڵە شیعری «چۆن دڵت هات جێم بهێڵی» شیعرەکان ئەڤینداریی نین، گشتین و

١١- شۆ – ئاوازی بێدەنگی – و: فەردین دارا – چاپی سێیەم ٢٠١٢، ل ٣١.

هەندێکیشیان ئامۆژگاریئامیزن، وەلێ لەواندا دەتوانین هەندێک لە نهێنییەکانی زمان و ڕامانی شاعیر بدۆزینەوە.

{جادووگەریکی وەها بە،
لە قوڕی پەیڤ،
زێڕی شیعر بخولٌقێنە!
شیعرێ رۆح بینێتە سەما.} (چۆن دلٌت هات.. ل ١٣)

یاخود:

{گەر دەتەوێ دەنگت نەمرێ،
بڕۆ بە ڕۆح بەستە بلٌێ!
نەک بە گەروو.
بۆ ئەوەی هەمیشە موزیک
لە شیعرەکانت بچۆڕێ
هەوڵ بدە
منداڵەکەی ماڵی ناخت گەورە نەبێ.} (چۆن دلٌت هات.. ل ١٧)

بۆ ئەوەی لە قوڕی پەیڤ زێڕ دروست بکەیت یان دەبێت کیمیاگەر بیت یان ئەفسوونگەر. بۆ ئەوەی شیعری نەمر بخولٌقێنی پێویستە منداڵیی لێت جیانەبێتەوە، چوون تەنها منداڵ نوقمی ئەو راستگۆییەیە کە دۆخی سروشتی مرۆڤە و گەورەبوون وا دەکات مرۆڤ خۆی لەگەڵ داب و نەریت و کولتوور و یاسا و ڕێساکان بگونجێنێ و لە ئاکامدا ببێتە نمایشکارێکی دەمامکدار، یان درۆزنێکی قبوڵکراو لە کۆمەڵ. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە شاعیر دەیدرکێنێ.

ئەوە جیاوازبوون و یاخیبوونە لە باو کە بەردەوامی و ناوازەیی دەخولٌقێنێ. ئۆشۆ دەڵێ:»ئادەم یەکەم مرۆڤ بوو، نەک لە بەر ئەوەی یەکەم بوو، لەوانەیە پێش ئەوکەسانی تر هەبووبن، بەڵام کەس نەیگوت (نا)، بۆیە مێژوو ناتوانێ تۆماریان بکات« بە بڕوای ئۆشۆ ئەوە گوتنی نا و یاخیبوونە لە باو وا دەکات تۆ هەبیت و کەسێکی ناوازە بیت، لەوانەیە پێش ئادەم ملیۆنان کەس هەبووبن بەڵام کەس نەیگوت نا، ئەوان نەیاندەتوانی ببنە مرۆڤ، ئەوان نەیاندەتوانی ببنە نەفس. ئادەم وتی نا، بێگومان باجی ئەو دەربڕینەی دا، لە باخی خۆشبەختی کرایە دەرەوە. بە باوەڕی ئۆشۆ « ئادەم مرۆڤە و هەموو مرۆڤێکیش هاوشێوەی ئادەمە. هەموو دۆخێکی منداڵی باخی عەدەنە. هەموو مناڵێک ئەوەندەی ئاژەڵان دلٌخۆشە، ئەوەندەی گیانلەبەرە بەراییەکان، ئەوەندەی درەختەکان دلٌخۆشە.» [١٢]

١٢- ئۆشۆ- کتێبی پیاو – و: بەرهەم ناودەشتی – چاپەمەنی گەنج – سلیمانی ٢٠١٣. ل ٥.

حەمەسەعید حەسەن، چونکە جگە لەوەی شاعیر بێت، ڕەخنەگریشە و ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و بە تایبەتیش شیعری شاعیرانی تری داوەتە بەر سەرنجی ڕەخنە، بۆیە باشتر دەزانێ چی دەبێت بە خەوش و بار و نەنگی شیعر، بۆیە خۆی کە شیعر دەنووسێت وریاتر زمان و هێماکان و ئامرازەکانی شیعر بەکار دەهێنێت. لە بارەی هونەری شیعرەوە بۆچونی دانسقە و بەهاداری هەن، کە لێکۆڵەر و رەخنەگرانی تریش دەتوانن پشتی پێ ببەستن. لە پێشەکی دیوانی (چۆن دڵت هات جێم بهێڵی)، دەڵێت: «شاعیر لە پێناوی داهێنانی دەنگدا، لە دەرگای بێدەنگی دەدات و لە پێناوی بنیاتناندا، هانا بۆ ڕوخاندن دەبات.» ئەم هاودژانەی کە باسیان دەکات، ئەو (نا) گوتنەی ئادەمە کە ئۆشۆ باسی دەکات. بێدەنگی لە دنیای هەستەکاندا هەمان مانای بێدەنگی ئاسایی نادات، مانای هیچ نەگوتن نییە، بەڵکو لە دنیای شاعیران و رۆحگەراکاندا لە نێو بێدەنگیدا ڕووداوی زۆر گەورە ڕوودەدەن. هەر هۆی ئەوەیە کە سۆفییەکان خەڵوەت هەڵدەبژێرن تا بێدەنگی بتوانێت بیانگەیەنێت بە خوا. تەنها لە بێدەنگیدا مرۆڤ دەتوانێ گوێی لە دەنگی ڕاستەقینەی ناخی خۆی بێت، واتە خوودی خۆی، رەوانی خۆی. خەیاڵی باڵا لە بێدەنگیدا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی. تەنها لە دۆخی خەیاڵی باڵادا شاعیر دەتوانێ سەرچڵانە گەمەی مەرگ و ژیان بە وشە بکات و زمانێکی نوێ دابهێنێت. مەولانای روومی دەڵێت:» بە زمانێکی نوێ بدوێ، تا دنیا ببێتە دنیایەکی نوێ.» کەواتە ئەوە زمانە دەسەڵاتی نوێکردنەوەی دنیای هەیە. بێدەنگیش دیالێکتێکی تری زمانە و ئەوانەی بزانن لێی تێبگەن و پێی بدوێن، ئەوانەن دەتوانن شاکارەکان بخوڵقێنن. مەولانا دەڵێت:» دەنگێک هەیە وشە بەکار ناهێنێت، گوێی لێ بگرە!» گوێگرتن لە بێدەنگی خۆی لە خۆیدا هونەرە، هونەرخوڵقێنیشە، ئەمە شاعیرە عارفەکان زۆر جوان توانیویانە سوودمەند بن لێی. مەولانا دەڵێت:»من کە بێدەنگم، هەورەتریشقەم لە ناخمدا شاردۆتەوە.»

لەسەر بناغەی خراپ چاک دروست ناکرێت، بۆیە ڕووخاندن و سەرلەنوی بنیاتنانەوە پێویستە. ئەو شاعیرەی کە بە راستی شیعرییانە بیر لە شتەکان بکاتەوە، وەک فەیلەسوفێکە کە بە ڕاستی ڕوخێنەری ئەو بناغانە بێت کە لە قاڵبی باوەکاندا دانراون. پێویستە بە نەرمییەکی وا بڵند و شەفاف و سەرسوڕهێنەرەوە مامەڵە لەگەڵ شتەکان بکات کە بتوانێ وایان بەکاربهێنێت لە شیعردا هەستەکان بهێنێتە لەنجە و لارییەکانی ژیان لە بیر بباتەوە.

{برۆ گومان بوروژێنە،
هیچ هەقی یەقینت نەبێ،
هەر نهێنی بدرکێنە

هیچ هەقی ئاشکرات نەبێ،
هەر دودڵ بە،
باسی دڵنیایی مەکە!} (چۆن دڵت هات. ل ١٩)

باوەکان هەموو کەس دەیانڵێت و مەترسی ناخاتە سەر ژیانی بێژەرەکانییەوە، ناباوەکانن شوێنەوار لە زەیندا جێدەهێڵن و دەتوانن گۆڕان دروست بکەن، هەر هۆی ئەوەشە، رەنگە مەترسی بۆ سەر بێژەرەکانیان دروست بکەن.

دەرەنجام:

لە ئەنجامی شەنوکەوکردنی دیوانی شیعریی «ئەڤیننامە»ی حەمەسەعید حەسەن و چەند وێنەیەکی شیعری لە دیوانی (چۆن دڵت هات جێم بهێڵی) دا، لە ژێر ڕووناکی باوەڕەکانی ئۆشۆ، واتە لە روانگەی ئۆشۆیزمەوە، دەتوانین پەی بەم خاڵانە ببەین:

- شاعیر بە بێ ئەوەی دەستەواژەکانی پەیوەست بە سۆفی و سۆفیگەری بەکارهێنابێت، روانینێکی سۆفییانەی دەربارەی عەشق دەربڕیووە و لە کۆی وێنە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە.
- بە زمانیکی هێندە چڕ وێنەی شیعرەکانی خوڵقاندووە و بە هۆشیارییەکی هێندە پڕەوە وێنای ئەڤینی نەخشاندووە کە چوونیەکن لەگەل ئەو روانینە ئەڵماسئاسایانەی هۆشیاری کە ئۆشۆ هەیەتی بۆ عەشق و بۆ گیان و بۆ ژیان.
- ئەو وێنانەی شاعیرە سۆفییە ناسراوەکانی مێژووی ئەدەب خوڵقاندوونی وەکو ئیبن عەرەبی و شەمسی تەبرێزی و مەولانای روومی، شاکاری رۆحین و لە ئەدەبدا رەنگیان داوەتەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا ئەو ئەڵماسانە هەن و دۆزینەوەیان پێویستن، لەوانەش نموونەی ئەم شیعرانەی حەمەسەعید حەسەن.

سەرچاوەکان

١. حەمەسەعید حەسەن —ئەڤیننامە- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. چاپی دووەم. هەولێر. ٢٠١١.اپی ئاراس — چاپی یەکەم. ٢٠١١.

٢. حەمەسەعید حەسەد — چۆن دڵت هات جێم بهێڵی- دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس/ هەولیر — ٢٠١١.

٣. ئۆشۆ — عەشق باڵندەی سەربەست- و:مەحەمەد مەحەمەد موراد ی — چاپەمەنی گەنج. سلێمانی. ٢٠١٣.

٤. ئۆشۆ- کتێبی پیاو — و: بەرهەم ناودەشتی — چاپەمەنی گەنج — سلیمانی ٢٠١٣.

٥. ئۆشۆ — ئاوازی بێدەنگی — و: فەردین دارا. چاپی سێیەم. چاپەمەنی گەنج.٢٠١٢.

٦. ئۆشۆ — ئەڵماسەکانی هۆشیاری — و:مەحەمەد شێخی. چاپی یەکەم. چاپەمەنی گەنج. ٢٠١٣.

٧. مەهاباد قەرەداغی- زمان، ڕامان و ناسنامە — دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلیمانی ٢٠٠٣.

٨. امیمە الرواشدە — شعریە الانزیاح — منشورات امانە عمان الکبری.

٩. ادونیس الصوفیە و السوریالیە — دار الساقی. بیروت ٢٠٠٦.

١٠. دیوانی نالی

١١. دیوانی مەحوی

١٢. https://ar.wikipedia.org

١٣. چەند پەیجێکی تری ئینتەرنێت.

بەڵگەنامەی

سیاسەتی بازاڕی نەوت لە سەرەتا و ئێستادا...

کەرکـــوك وەك نموونـــە...!

هێرش شکاك

بەپێی ئەو زانیاریانـــەی کە لەبەردەستە، یەکەم بیـــری پەتـــرۆڵ لە چیـــن لە ســـەدەی چوارەمـــی زایینیـدا هەڵکەنـــدرا، بەڵام مێـــژووی نـوێ بۆ پەتـــرۆڵ لە وڵاتی پۆڵەنـــداوە دەستی پێکـــرد، لە ساڵی ١٩٥٣ ئەوکاتـەی کە کردارەکانی دڵۆپانـــدنی نەوتـــی خـاو دۆزرایـەوە، بەڵام گرنگترین و بەناوبانگترین بیـــرە نـــەوت لەسەر ئاستی جیهاندا ئەو بیـــرە نەوتـــە بوو کە لە ویلایـەتی بنسلڤانیا لە ویلایەتـــە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٩ لەلایەن (Edwin Drake›s) هەڵکەندرا، کەوا بیرە نەوتەکە بە ڕێگەی تاوەرێکی سادەی لە دار دروستکراو تا قوڵی ٢١ مەتر هەڵکەندرا، ئەو کەسانەی کە خەریکی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکە بوون تا کاتی ئێوارە بەردەوام دەبوون لە کاری هەڵکەندنی بیرەکە و لەو کاتدا لە کارکردن دەوەستان ئینجا بۆ سبەینێ واتا بۆ ڕۆژایی دواتر دەستیان دەکردەوە بە کارکردن، بۆ بەیانی هەڵکەندەرەکە واتا ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی هەڵکەندنی بیرەکەی دەکرد (driller) کە ئامادەی کارکردن دەبوو سەری سوڕدەما بەهۆی ئەوەی کە بینی بیـــرەکە بە تەواوی پڕبووە لە نـەوت.

بەرهەمـی ئەو بیرە نەوتە لە ٢٠ بەرمیل نەوت تێپەڕی نەدەکرد ڕۆژانە، هەرچەندە ئەم بڕە بەرهەمەی نەوت بەبەراورد لەگەڵ هەندێ لە بیرە نەوتەکانی کە لە پاشاندا هەڵکەندران لە کێڵگە نەوتە زەبەللاحەکاندا کە بڕی بەرهەمـــەکانیان دەگەیشـــتە زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ بەرمیل نەوت ڕۆژانـــە بڕێکی زۆر کەم بوو، کەچی دەبێ ئەوە زۆر بە گرنگ دابنێین کە ئەم بیـرە یەکەم بیـــری نەوت بوو کە بە ڕێگەی تاوەر هەڵکەندرا و لەگەڵ ئەوەی کە سەرەتایی بوو، بەڵام ئەم بیرە نەوتە سەرەتاییە بووە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری بیرە نەوتی دیکە لە نزیک ئەم بیرە نەوتەی یەکەمدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبکەندرێن بەشێوەیەک کە لەبـــەر زۆری ژمـــارەی تاوەرەکانی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکان ئەم شوێنە لە دارستانێکی تاوەرەکانی نەوت دەرهێنان دەچوو کەوا ئەوەش بوو بووە هۆکاری هەڵگیرسانی کێشـــەی پێشبڕکێی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نـــەوت لە جیهاندا بەشێوەیەک کە ئەوە شتێکی تازە بوو و پێشتر شتی وا ڕووی نەدابوو بۆیە وا دادەنرێ کە ئەمە سەرەتابوو بۆ پیشەسازی تازەی زەبەللاحی نەوت. لەماوەی ئەم چەند دەیەی ئەو کاتدا، وردە وردە نەوت جێگەی سەرچاوە جیاوازە رابردووەکانی بەرهەم هێنانی وزەی گرتەوەو ئیتر بەکاربردنی نەوت هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی زانست

له وڵاتانی پیشەسازیدا فراوانتر بوو لەوانەشدا پیشەسازی قوماش.
لەگەڵ ئەو ئەو هەوڵە زۆرەی کە لەلایەن وڵاتانی پیشەسازیدا لە رابردوودا نراوەو ئێستاش بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی وزەی جێگرەوەی نەوت، وەک وزەی خۆر و وزەی ناوەکی، کەچی ئەم وزە ئاماژە پێکراوانە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون بۆ ئەوەی بە تەواوی جێگەی نەوت بگرنەوە، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک لەسەرەکیترینیان بەرزی تێچووی ئەم وزانە هەروەها دابین نەبونیان گشت ئەو بەکارهێنانانەی کە نەوت دایان دەپۆشێت.

پێشبڕکێ بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەند- Competitiveness toward Middle East:

شایانی باسە دۆزینەوەی نەوت لە تکساس لە ساڵی ١٩٠١ دا دەنگۆیەکی فراوانی جیهانی دروست کرد کە دەستکرا بە هەڵکەندنی بیری (سبندلتۆپ) ی بەناوبانگ تا قوڵایی ٣٤٧ مەتر بۆئەوەی نەوت تیێدا بەرەو بەرزایی تاوەرەکە بۆ بەرزایی ٤٦ مەتر هەڵقوڵێ بە تێکڕای ١٠٠.٠٠٠ بەرمیل نەوت لە رۆژایکدا، کەوا ئەم کارە بووە شتێکی نزیک لە خەیاڵ و بووە هۆی کردنەوەی هەستی برسیەتی وڵاتانی گەورە و هاوبەشەکانیان بۆ دۆزینەوەی کێڵگەی زەبەللاحی خاوەن هەمان سیفاتی بیرە نەوتەکەی (سبندلۆپ). هەروەها ئاماژە بە هەبوونی بەڵگەی بەهێز لەسەر هەبوونی نەوت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گەیشتنی پاشماوەکانی نەوت لە چینە جیۆلۆجیەکانەوە بۆ سەر رووی زەوی هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا وڵاتانی زلهێزی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا لەو کاتدا دەستیان کرد بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەڕان بە دوای نەوت و دۆزینەوەی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی. کە لە هەمان کاتدا هەڵسان بە ناردنی تیمە بازرگانیەکانیان بۆ ئاستانە و تاران لەپێناو دەستکەوتنیان بە بەڵێننامە تایبەت و گرنگەکانی گەڕان بە دوای نەوت بە

Oil derrick in Okemah, Oklahoma, 1922.

پشتگیریەکی گـەورەی دبلۆماسـیەتەکانیان لەم دوو پایتەختەدا.

کۆمپانیـــای نەوتـــی ئینگلیـــزی فارســـی- Anglo-Persian Oil Company:

شایانی باسە ولیام دارسی لە ساڵی ١٩٠١ دا لەلایەن شای ئێرانـــەوە کرا بە خاوەن ئیمتیازی کۆمپانیاکەی خۆی کە ناوی (کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی فارسی) بوو. لە پاش هەوڵ و تەقەلایەکی دوورودرێژ و لە کۆتاییدا دارســـی توانـــی لە ساڵی ١٩٠٨ دا بڕێکی زۆری نەوت لەناوچەی مەسجدی سلێمان لە بەرزاییەکانی رووباری کارۆن بدۆزێتەوە. کەوا لە مێژووی تـــازەدا ئەوە یەکەم دۆزینەوەی بازرگانی جیهانی گرنگ بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەند.

کۆمپانیـــای نەوتـــی عێـــراق- Iraq Petroleum Company:

لە عێراقدا ململانێیـــەکی بەهێـــز لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیادا هەبوو لەپێناو بەدەستهێنانی پێدانی ئیمتیازی گەڕان بەدوای دۆزینـــەوەی نەوت لەلایەن ئیمپڕاتۆریەتی عوسـمانیەوە،واتا هەریەک لە ئەڵمانیا و بەریتانیا چاویان لەوەبوو کە ئیمتیازی گەڕان بەدوای نەوت و دۆزینەوەی بەو بدرێت، کە لەو سەردەمدا ئەم دوو وڵاتە لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان بوون، کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی ئەنادۆڵ کە خاوەندارێتیـەکەی بۆ بانکی ئەڵمانی دەگەڕایەوە توانی ئیمتیازی درێژکردنەوەی هێڵی ئاسـنین لە تورکیا بەدەست بێنێت و لە پاشاندا هەر ئەو کۆمپانیایە توانی هەموارکردنەوەی مەرجەکانی ئیمتیاز سەبارەت بە درێژکردنەوەی هێڵی ئاسنین بۆ شاری بەغدا لە ساڵی ١٩٠٣ دا بەدەست بێنێ کە لە دواییدا بە هێڵی ئاسنینی بەناوبانگی بەرلین — بەغدا ناسرا. هەروەک پێدانی ئەم ئیمتیازە بە کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی ئەنادۆڵ وای کرد کە ئەم کۆمپانیایە مافی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کانزاکانی هەبێت لە هەردوو لای رێرەوی هێڵە ئاسنینەکە. لەسەر ئەم بنچینەیەدا لە ساڵی ١٩٠٤ دا ئەم کۆمپانیایە توانی رەزامەندی یەکەمیی بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی کانزا بەدەست بێنێت هەروەها پێشکەش کردنی ریپۆرتەکەی لەماوەی یەک ساڵدا، بەڵام ئەم کۆمپانیایە پابەند نەبوو بە هەندێک لە مەرجەکان کەوا ئەوە بوو وای کرد لە ساڵی ١٩٠٧ دا ئیمتیاز پێدانەکە بۆ ئەم کۆمپانیایە رەت بکرێتەوەو ئیتر کاری پێنەکرێت. کە لەدوای ئەوەوە هەریەکێک لەم دوو لایەنـــە واتا هەریەک لە ئەڵمانیا و بەریتانیا نەیانتوانی بە تەنیایی ئیمتیازی گـەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت بەدەست بێنن، کە ئەوە لە لە کۆتاییدا بووە هۆی یەکگرتنی هەوڵ و تەقەڵلای هەردوو وڵات بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تازە بە سەرمایەی ئەڵمانی و

بەریتانی کە بە «کۆمپانیای نەوتی تورکی» ناونرا. لە دوای ئەوەوە گفتوگۆکان لە نێوان هـــەردوو حکومەتی ئەڵمانی و بەریتانی و هاوبەشەکانی ئەو کۆمپانیایە بەردەوام بوو تا کارگەیشتە ئەوەی کە لە ساڵی ١٩١٤ دا بە دابەشکردنی پشکەکان بە ڕێژەی ٤٧.٥٪ بۆ کۆمپانیای نەوتی بەریتانی فارسی و ٢٥.٠٪ بۆ بانکی ئەڵمانی و ٢٢.٥٪ بۆ کۆمپانیای شل و ٢.٥٪ بۆ کۆلبنکیان کۆتایی بەم کۆمپانیایە بهێنرێت.

لە کۆتاییدا هەوڵ و تەقلاکان بۆ دامەزرانـــدنی کۆمپانیـــایەکی تـــازە بەبەرهـــەم گەیشت بە فشاری هەماهەنگی نێوان هـەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و بەریتانیا بۆ هەڵسانی حکومەتی ئیمپراتۆریەتی عوســمانی بە ناردنـــی نامـە بەناوبانگەکەی بۆ سەفیری بەریتانی لە ئیستانبۆڵ لە ڕێکەوتی ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٤، بـەوەی ئاگاداری بکاتەوە کەوا وەزیری دارایی ڕەزامەندە بە بەکرێدانی نیشتووە نەوتیە دۆزراوەکانی « کۆمپانیای نەوتی تورکی» یاخود ئەوەی کە لە داهاتوودا دەدۆزرێتەوە لە هەریەک لە ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا و ئەو مافی خۆی دەپارێزێ لە هاوبەشـی کردنیدا لە کۆمپانیاکە و دیارکردنی مەرجەکانی خۆی. لە دواییدا ئەم نامـــە سادەیە بووە گرنگترین بەڵگەنامـــە بە دەست کۆمپانیـــاکەوە کەپشـــتیان پێبەســـت بۆ داواکاری مافی بە ئیمتیازبوونی لە دوای دارمانـــی ئیمپراتۆریـــەتی عوســـمانیش. بـەڵام بە ماوەیـــەکی کـــورت دوای ئەوە لە ٥ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤دا جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا کـەوا ئەوەش بووە هـــۆی وەستاندنی قسە و ڕاگۆڕینەوە بە تەواوی. خرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ لایەنی ئەڵمانیەوە بۆ نێو جەنگ بەهیـــوای دۆڕاندنی و نەمانی دەسـەڵاتی بەســـەر وڵاتـــانی عەرەبی بوو بە تـــەواوی. لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگ، لە مانگـی نیسانی

ساڵی ١٩٢٠ دا کۆنفرانسی سان ریمۆ بەسترا کە بە دەرکردنی چەند بڕیارێک کۆتایی بە کۆنفرانسەکە هات کە تایبەت بوون بە مەسەلەی دابەشکردنی (الغنائم) لە مومتەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەوەی عێراق بخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیەوە. کەوا نامەیەکی نهێنی هاوپێچی بڕیارەکان کرابوو کە تێیدا بەشی بانکی ئەڵمانی لە کۆمپانیاکەی نەوتی تورکی درا بە فەرەنسا و ڕێگەشیان بە عێراق دا کە مافی ڕێژەی ٢٠٪ بەشدار کردنی هەبێت لە کۆمپانیاکە. ئیتر بەپێی ڕێکەوتنی سان ریمۆ عێراق ڕێگەی سەربەخۆیی بوونی پێدرا کە لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە لە ساڵی ١٩٢١ دا فەیسەڵی یەکەم کرا بە پادشای عێراق، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ دا مەندوبی سامی بەریتانی سێر بێرسی کۆکس لەسەر بنچینەی ئەو نامەیەی کە لە حکومەتی عوسمانیەوە بەدەستی گەیشت هەڵسا بە ئاڕاستەکردنی نامەیەک بە مەلیک

فەیسەڵی یەکەم کە لەنامـــەکەدا هاتبوو ئیمتیاز بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بدرێت بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت. لەسەر ئەم بنچینەیە کۆمپانیای نەوتی تورکی هەڵسا بە ئاڕاستەکردنی داواکاریەک بۆ حکومەتی عێراق کە پێکهاتبوو لە رەشنوسی رێکەوتننامە بۆ ئەوەی ئیمتیازی گەڕان بە دوای نەوت بەم کۆمپانیایە بدرێت کە ئەم داواکاریەی کۆمپانیای نەوتی تورکی پشت ئەستور بوو بە نامەکەی عوسمانی کە رێگەی بەم کۆمپانیایە (کۆمپانیای نەوتی تورکی) دەدا بە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا. لە بەرامبەردا حکومەتی عێڕاق رەزامەندی خۆی لەسەر داواکاریـــەکە پێشاندا کە لە دوای ئەوەوە لە رێکەوتی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٣ دا دانوستان لەنێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی تورکیدا دەستی پێکرد. دانوستان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەستی پێکرد، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراقدا نەبوو بەو پێەی کە حکومەتی عێراق لەژێر ئینتیداب و لەژێر کۆنترۆڵی مەندوبی سامی و راوێژکارە بەریتانیەکاندا بوو. کە لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری دانوستانە عێراقیەکە پێداگربوو لەسەر هاوبەشی پێکردنیان لە خاوەنداریێتی کۆمپانیاکە، ئەوە بێ ئەوەی کە ئاگاداری نامە ئهێنیەکەی کۆنفرانسی سان ریمۆ بێت کە مافی هاوبەشی کردنی بە رێـژەی ٢٠٪ پێدرابوو نەک تر. ئیتر لەرێگەی چەند لێژنەیەکی حکومەتە جیاوازەکانی عێراق دانوســـتان هەر بـــەردەوام بوو بێ ئەوەی بگەن بە هیـــچ رێکەوتنێک، شـــایانی باسە کۆمپانیاکە پێـــداگر بوو لەسەر جێبەجێـــکردنی رەشنوســـی ئەو رێکەوتنـــەی کە پێشکەشـــی کردبوو و پشت ئەســـتوور بوو بە حکومەتی بەریتـــانی و مەندوبی ســـامی و راوێـــژکارە بەریتانیەکانی حکومەتی عێڕاق. لێژنـــە عێڕاقیە یەک بەدوای یەکەکان لەسەر داواکردنیان بە مەرجی باشـــتر وەک خۆی مایـــەوە، کەچـــی گشـــت ئەم داواکاریانەی حکومەتی عێراقی بە رەتـــکردنەوە لەلایەن حکومەتی بەریتانیەوە وەڵام دەدرایەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربـــەی جاران وەڵامەکان هەڕەشـــە ئامێـــز بوون، هەندێک جارانیش هەڕەشـــەکردنەکە راستەوخۆ بوو بە پێـــدانی ویلایـــەتی موسڵ بە تـــورکیا لە حاڵـــەتی بـــەردەوام بونیان لەسەر دژ وەستانیان و رەزامەنـــدی پیشان نەدان لەسەر شێوازی رەشنوسی رێکەوتنەکەی کە ئاڕاستەیان کرابوو. کە لە کۆتاییدا ئەم فشارەی حکومەتی بەریتانیا سەری گرت و حکومەتی عێڕاق بە سەرۆکایەتی «یاسین الهاشمی» لەسەر رێکەوتنـــەکە رەزامەند بوو و «مزاحم پاچەچی» وەزیری نیشتەجێکردن و گەیاندن و بە نوێنەرایەتی حکومەت لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٥ دا هەڵسا بە واژوو کردنی رێکەوتنەکە. ئەم رێکەوتنەی نێوان حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێڕاق چەنـد بەند و مەرجێکی لەخۆ گرتبوو کە گرنگەکانیان ئەمانەی

خوارەوە بوون:
١. نـرخی نەوت: نرخی نەوت بە ٤ شلن (زێڕ) بەرامبەر یەک تەن نەوت دیاری کرا کە ئەم نرخ دانانـەش دەکرێ دوای ٢٠ ساڵ هەموار بکرێتەوە. ئەگەر بزانرێت کە یەک جونەیهی ئیستەرلینی ٢٠ شلنی تێدایە و یەک تەن ٧.٥٧٨ بەرمیـلی تێدایە و هەر بەرمیلێک ٣٥ گالۆنی بەریتـانی تێدایە. لەسەر ئەم بنچینەیەدا نرخی یەک بەرمیل نەوت بەرامبەر بە ٠.٠٢٦٤ جونەیهی ئیستەرلینیە یاخود ٣٨ بەرمیل بەرامبەر بە ١ جونەیهی ئیستەرلینیە. ئەگەر بزانین کە لە کاتی ئێستادا نـرخی ١ بەرمیل نـەوت نزیکەی زیـاتر لە ٥٠ دۆلاری ئەمریکیە.
٢. مـاوەی ئیمتیازپێدان: ٧٥ ساڵ.
٣. دەستکردنی کۆمپـانیا بە راکێشانی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی بەرهەم هێنراو بە خێراترین کات و ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە چوار ساڵ لەدوای مێژووی پشکنین و دیاری کردنی رووبەری زەوی دیاری کراو.
٤. دەستکردنی کۆمپـانیا بە راکێشـانی بۆڕی گواسـتنەوەی نـەوتی بەرهـەم هێنراو بە خێـراترین کات و ماوەیـەک کە زیاتـر نەبێت لە چـوار سـاڵ زیاتـر نەبێت لە چوار سـاڵ لەدوای مێـژووی پشـکنین و دیارکردنـی رووبـەری زەوی دیارکراو.
کەچی لەو کاتەی کە کۆمپانیای نـەوتی تورکی سەرگەرمی دانوستان بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق لەپێناو ئەوەی کە ئیمتیازی گـەڕان بە دوای نـەوت و دۆزینـەوەی نـەوتی پێبدرێت کێشە و جیاوازیەکی زۆر لەسەر دابەشکردنی غەنیمەی نەوتی عێڕاق لەنێوان حکومەتەکانی بەریتانیا و فرەنسا و ئەمریکادا هەبوو، کە ئەم سێ حکومەتانە سەرکەوتوی جەنـگی یەکەمی جیهانی بوون. کە کێشـە و جیاوازیـەکە بەشێوەیەکی تونـدتر لە نێوان بەریتانیا و ئەمریکا دابوو، کە کۆنفرانسی سان ریمۆ هیچ بەشێکی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی پێنەدان. ئەم کێشە و جیاوازیە ئاڵۆزە و توندە بۆماوەی چەنـد ساڵێک بەردەوام بوو و ئەوەبوو لە کۆتاییدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٨ دا بە گۆڕینی ناوی «کۆمپانیای نەوتی تورکی» بۆ «کۆمپانیای نەوتی عێراق» کێشـە و جیاوازیە ئاڵـۆزەکە کۆتایی پێهێنرا. هەروەک هـەوڵ و تەقـەڵلا چـڕەکەی حکومەتی ئەمریکی بۆ بەشـداربوون لە کۆمپانیاکە سەرکەوتوو بوو بۆ دابەشـکردنی پشکەکانیان بە رێژەی ٢٣.٧٥٪ بۆ هەریەک لە کۆمپانیای نـەوتی ئینگلیزی – فارسـی (کە لە دواییدا بووە کۆمپانیای نەوتی بەریتانی) و کۆمپانیای نـەوتی فرەنسی و کۆمپانیای شـل و کۆمەڵەی کۆمپانیاکانی ئەمریکی بەشێوەیەک کە رێژەی ٥٪ ی مـاوە بدرێت بە کۆلبنکیان. ئەوە سەرەڕای گشت دانوستان و کێشە جیاوازیەکانی کە لەسەرەوە ئامـاژەم

Oil pool in Palkana area near of Karkuk

پێیان کرد، کەچـــی کۆمپانیاکە لەو کاتدا سەرگەرمی کارەکانی گـــەڕان بە دوای دۆزینـــەوەی پەتـــرۆڵ و هاوردەکردنی تاوەرەکانی هەڵکەنـــدن و کەلوپەلی تر بوو بۆئـــەوەی بە ئامادەبـــوونی مەلیک فەیســـەڵی یەکەم دەست بکات بە هەڵکەنـــدنی یەکەم بیـــری دەرهێنانی نـــەوت لە ناوچـــەی پەلکانـــە لە ڕێکـــەوتی ٥ نیســـانی ساڵی ١٩٢٧ دا.

هەروەها لە ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٧ دا دەست بە هەڵکەندنی یەکەم بیری نـــەوت کرا لە کێڵگەی نەوتی کەرکـــوک بۆ ئەوەی کرداری هەڵکەنـــدن لە مانگەکانی وەرزی هاویندا تا وەرزی پایز بەردەوام بێت، بۆئەوەی قوڵی هەڵکەندنی بیرە نـــەوتەکە لە ١٣ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ بگاتە ١٥٢١ پێ. ئەوەبوو لە نیوەی شەوی ١٣ ی تشرینی یەکەم کرداری هەڵکەندن وەستێنرا بۆئەوەی تیمی هەڵکەندنی بیرەکەی کە لە کارکردندا بوون بە تیمێکی تازە بگۆڕدرێت، ئەوەبوو لە کاژێرە سەرەتاییەکانی ڕۆژی ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ بیرە نەوتـــەکە تەقیەوە و نەوت تا بەرزاییەکانی تاوەرەکە بە بەرزی ١٤٠ پێ هەڵقوڵا. ئیتر هەقوڵانی نەوت بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو بەرلەوەی بۆری سەرەکی گواستنەوەی نـــەوت لە ڕۆژی ١٧ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا دابخرێت و کۆنتـــرۆڵی هەڵقوڵانی نەوتەکە بکرێت.

لەم ماوەیـــەدا لە بیـــرەکەدا نـــەوت بە تێکڕایی ٩٠.٠٠٠ بەرمیـــل لە ڕۆژێکدا هەڵدەقوڵا کە زەوییەکانی دەوروبەری بیـــرەکەی بە تەواوی دادەپۆشت کە وەک ڕوبارۆچکەیەکی بچـــوک ڕێـــرەوی بەرەو دۆڵی نەوت کە لێیەوە نزیک بوو گرتبوو.

ئیتر ئەوەبوو دۆزینـــەوەی کێڵگەی کەرکوک کە بریتییە لە کێڵگەیەکی زەبەللاح دەنگدانـــەوەیەکی گەورەی جیهانی لێکەوتەوە، کە کۆمپانیاکەی نەوت لە سەرگەرمیی

ئەم دۆزینەوەیەیدا دەستی کرد بە راگرتنی هەندێک کاری هەڵکەندن لە هەندێک لە ناوچەکانی دیکەدا، هەروەها هەڵسا بە گواستنەوەی هەندێک لە تاوەرەکانی هەڵکەندن لەم شوێنانەوە بۆ کێڵگەی کەرکـــوک لە پێناو خێراکردن لە کردارەکانی هەڵسەنگاندنی و پەرەپێدانی.

هەروەها کۆمپانیاکەی نەوت هەڵسا بەئەنجامدانی پلانــدانان بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکەی نەوتی کەرکـــوک بە بنیاتنانی رێگا و وێســـتگەکانی دەرهێنانی ئاو و بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا و بیناکردنی نوسینگە و یەکەی نیشـــتەجێبوون و هی تر و کڕیـــنی ئامێری پێویست بۆ بیناکـردنی وێستگەکانی جیاکـــردنەوەی گاز و کۆمەڵگای دڵۆپانـــدنی نەوت و وێســـتگەی زەبـــەللاحی دەرهێنان و عەمبارەکانی نـــەوت و راکێشـــانی هێڵی گواستنەوەی نـــەوت و هی تر لە کار و بیـــنا گرنـــگ و پێویســـتەکانی دیکە.

ڕێکەوتنی تازەی نەوتی ساڵی ١٩٣١ New convention of oil in ١٩٣١ -

کۆمپانیاکەی نـــەوت نەیتوانی پابەند بێت بە هەندێک لەو مەرجانـــەی کە لە رێکەتنەکەی ساڵی ١٩٢٥ دا هاتبوو، ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە ساڵێکی زیادەشی وەک کات پێـــدرا، بۆیە کار بەوە گەیشـــت کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٨ دا رێکەوتنـــەکە هەڵبوەشێندرێتەوە و چـــوون بۆ نێو دانوستانێکی تازە دەست پێبکات. کەوا ئەوەش لە بەختی حکومەتی عێراقدا بوو کە لەو کاتدا ئۆفەرێـــکی زۆر بەســـوودی لەلایـەن «کۆمپانیای گەشـــەپێدانی نـــەوتی بەریتانی» پاڵپشـــت بە سەرمایەی بەریتـــانی و ئیتـــاڵی و ئەڵمـــانی بە دەست گەیشـــت، کە لە دواییدا ئەو کۆمپـــانیایە بە «کۆمپـــانیای نـــەوتی موســـڵ» ناونـــرا.

حکـــومەتی عێراق و کۆمپـــانیای نەوتی عێراق چوونـــە نێو دانوستانێکی (negotiation) تـــازەوە، کەوا لەم بارەیەوە حکومەتی عێراق شارەزاییەکی باشـــی لە هونـــەری دانوستاندندا وەرگرتبوو، ئەوە سەرەڕای ئەو هێزەی کە لە هەڵوێســـتی ئەو کاتیدا هەیبوو لە دوای ئەوەی کە ئۆفـــەری لە «کۆمپـــانیای گەشـــەپێدانی نـــەوتی بەریتانی»ەوە بە دەست گەیشـــت کەوا سوودی ئەو ئۆفـــەرە زۆر زیاتر بوو وەک لەوەی کە لەنێو ئەو رێکەوتننامەیەی کە لە ساڵی ١٩٢٥ دا لەگەڵ «کۆمپانیای نەوتی تـــورک» دا هاتبوو. لەبەرئەوە دانوستانەکە ئاڵۆز و درێژخایەن بوو کە حکومەتی عێراق ئەزمونێکی زۆری لەمبارەیەوە وەرگرتبوو و دانوستانەکە ماوەی سێ ساڵی خایاند لە ماوەی حکومەتی توفیق السویدی دا کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٩ دا دەستی لە کار هەڵگرت و لە پاشاندا لە مـاوەی حکومەتـی عبدالمحسن سعدون کە لە رێکەوتی ١٣

ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ دا خۆی کوشت کە لە دواییدا بە واژووکردن لەسەر ڕێکەوتننامەیەکی تازە لە ٢٤ی ئازاری ساڵی ١٩٣١ دا لە ماوەی حکومەتی نوری سعید دا کۆتایی پێهات.

حکومەتی عێراق لەم ڕێکەوتنەدا توانی چەند قازانجێکی تازە بەدەست بێنێ کە ئەوانەی خوارەوەن:

١. باجی ساڵانە کە بڕەکەی نۆ هەزار پاوەندی ئستەرلینی (زێڕ) بێت و بەردەوام دەبێت تا مێژووی دەست کردن بە دەرهێنانی نەوت، لە دوای ئەوەوە شەست جونەیهی ئستەرلینی (زێڕ) لە کاتی بەرهەم هێنانی یەکەم دەفعەی چوار ملیۆن تەنی لە نەوت لەدواییدا بیست هەزار جونەیهی ئستەرلینی لە ساتی بەرهەم هێنانی هەر ملیۆنێک تەنی زیاتر.

٢. بڕە پارەیەکی ساڵانە کە بڕەکەی چوار سەد هەزار پاوەندی ئستەرلینی (زێڕ) بێت تا مێژووی دەست کردن بە دەرهێنانی نەوت، نیوەی ئەو بڕە پارەی کە دەدرێ بریتیی دەبێ لە باجی کرێ کە ناگەڕێندرێتەوەو نیوەکەی تر بۆ کۆمپانیا دەگەڕێندرێتەوە لە ئیستحقاقی ساڵانەی حکومەت کە بڕەکەی لە چوار سەد هەزار پاوەندی ئستەرلینی زیاتر بێت.

٣. دیارکردنی بڕی داهاتی ساڵانەی نەوت بۆ حکومەت لەماوەی بیست ساڵی یەکەمدا لە مێژووی ناردنیەوە بە بڕی چوار سەد هەزار پاوەندی ئیستەرلینی وەک کەمترین بڕی داهات، ئەمە بێ گوێدانە ئاستی بەرهەم هێنان.

٤. کۆمپانیا هەڵدەستێ بە دابینکردنی پێداویستیەکانی عێڕاق لە بەرهەمەکان (مشتقات) ی نەوت بە نرخێکی دیارکراو.

٥. کۆمپانیا هەڵدەستێ بە ڕاکێشانی هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوت بە وزەیەکی ساڵانە کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٤ بگاتە ئەو بڕەی کە کەمتر نەبێت لە سێ ملیۆن تەن.

٦. ماوەی ئیمتیاز لە ٧٥ ساڵەوە بۆ ٧٠ ساڵ کەم کرایەوە.

٧. ڕووبەری ئیمتیاز بە ٣٢ هەزار میل چوار گۆشە لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە لە باکوری عێراق دیاریکرا.

نرخی نەوت بە چوار شلن (زێڕ) بۆ یەک تەن دیارکرا کە بە بێ گۆڕان مایەوەو گۆڕانکاری بەسەردا نەهات.

هەندێک لە کێڵگەکانی نەوت لە کوردستانی باشوور:
Some of the oil fields in south Kurdistan

• کێڵگەی کەرکـــوک: ئەم کێـــڵگە زەبەللاحـــە لە سێ گـــردۆڵکە پێکدێت کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتـــەوە بۆ باکووری ڕۆژئاوا بە درێژی ١٠٠ کیلۆ مەتر درێژ دەبێتەوە. کە دوو گردۆڵکەی سەرەکی کە (بابە و ئاڤانە) لە کەرکوکن، کەچی گردۆڵکەی سێیەم کە (خـورماڵە) یە بەرەو ناوەوەی شـاری هەولێر درێـژ دەبێتـــەوە.

• کێڵگـەی بابەگوڕگـــــوڕ لە کەرکـــوک.

• کێڵگەی خەباز: ئەوەش کێڵگەیەکی دیکەی نـەوتە لە سنووری شـاری کەرکوکی کوردسـتان.

• کێڵگەی نەوتی جمبور: شوێنگەی ئەم کێڵگە نەوتیە دەکەوێتە باکـــووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک و هاوتەریبی هەردوو کێـــڵگە نەوتیەکانی کەرکوک و بای حەسەنە. مێـژووی دەست کردن بە بەرهـەم هێنان تێیـدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگـــی ئاگەست/ ئابی ١٩٥٩.

• کێڵگەی بای حەســـەن: شوێنگەی ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کێـــڵگەی نەوتی کەرکوک بەشێوەی هاوتەریب لەگەڵیدا لە ئاڕاستەدا. بیرەکانی کێڵگەی بای حەسەن قوڵترن لە بیرەکانی کێڵگەی کەرکـــوک و قوڵیەکەیان لەنێوان ١٥٠٠ مەتر بۆ ٣٠٠٠ مەتر دەبێت. مێـــژووی دەست کردن بە بەرهەم هێنان تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی یۆنیۆ/ حوزەیرانی ١٩٥٩.

❊ ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای نەینـەوا: کێـڵگەی نەوتی عێن زالە و کێـڵگەی بەتـمە و کێڵگەی نـەوتی سفەیە و کێـڵگەی نەوتی قیـارە.

❊ کێڵگەی حەمریـــــــــــن.

❊ کێڵگەی چەمچـەماڵ لە کەرکـــوک.

❊ کێڵگەی عێن زالـــە.

❊ کیڵگەی بەتـــمە.

❊ کێڵگەی قەیـــارە.

❊ کێڵگەی نەوتی سفەییە.

١. کێڵگـــەی نەوتـــی کەرکـــوک – Karkuk Oil Field:

کێڵگـەی نـــەوتی کەرکـــوک: پێنجەمین گەورەتـــرین کێڵگـــەی نـــەوتە لە جیهاندا

لە رووی قەبارەدا، بریتییە لە بەرزاییـــەک کە رووباری زێــی بچــوک دەیبڕێت و درێژییەکەی ٩٦.٥ کیــلۆ مەترە و پانیەکەیشی نزیکەی ٤ کیــلۆ مەترە. قوڵایی بیرەکانی کێڵگەی نەوتی کەرکوک لەنێوان ٤٥٠ مەتــر تا ٩٠٠ مەترە. تێکڕای بەرهەمی یەک بیر ٣٥٠٠٠ بەرمیل نــەوتە لە رۆژێکدا. لە ســەرەتای بەکارهێنانی کێڵگەی کەرکوک لە سەردەمی دەســەڵاتی پاشایەتیدا لە وڵاتی عێــڕاق ژمارەی بیــرەکانی ٤٤ بیری نـــەوت بوو، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی نـــەوتی عێراقی بۆخۆی خۆماڵی کرد لە ساڵی ١٩٧٣ دا ژمارەی بیــرە بەرهەم هێنەرەکانی نـــەوت لە کێڵگەوی نەوتی کەرکــوکدا بریتیی بوو لە ٤٧ بیری بەرهەم هێنەر و ٨٨ بیریش بۆ مەبەســتی بەدواداچــوون و دۆزینـــەوە و بیرێکیش بۆ تێکردنی ئاو و ٥٥ بیریش داخرابـــوون. هەروەها ئێستا کێڵـــگەی نـــەوتی کەرکوک زیاتر لە ٣٣٠ بیری بەرهەم هێنەر لەخۆ دەگـــرێ و ژمارەکەش لە زیادبووندایە. کێڵگـــەی نـــەوتی کەرکــوک لە باکــوری رووبـــاری دیجلەوە درێژدەبێتەوەو بە ئاڕاســـتەی باشـــوری رۆژئـــاوا بـــەردەوام دەبێت و بە شاری کەرکوکـــدا تێپەڕ دەبێت و تا لە باشوری رۆژئاوای ئەم شـــارەدا بە درێژایی ١٠٥ کیلۆ مەتر و بە تێکـــڕای پانی ٣.٢ کیلۆ مەتر کۆتایی پێدێت. کێڵگەی نەوتی کەرکــوک لە سێ تەپۆلکە بەناوی بابـــە و ئاڤانە و خورماڵـــە پێکدێت، کە عەمباری سەرەکی نەوت دەکەوێتە قوڵایی نزیکەی ٧٠٠ مەتر لەژێر رووی زەوی و ئەستورایی چینە بەردیە کلسیەکەی کە نەوتی تێدایە لە ١٠٠ مەترەوە بۆ ٣٥٠ مەتــر دەبێت. شایانی باسە بەرهەمی نەوت لە بیســـت ســـاڵی یەکەمی تەمـەنی کێڵگەکەدا هەر لەخۆیـــەوە و لەژێــر پاڵەپەســـتۆی عەمبارەکە خۆیدا دەهاتەدەرەوە، کە لە دواییـــدا



ورده ورده دەستی بە کەمکردنەوە کرد و کار گەیشـــتە ئـــەوەی کە لەســـەرەتادا لـــە ڕێگـــەی تێکـــردنی گـــاز (gas injection) و لە پاشـــاندا بە تێکردنی ئاو (water injection) پارێزگاری لە کێڵگەکە بکرێت. کە بۆ ئەم مەبەستە لەسەر زێـــی بچـــوک وێســـتگەیەک بۆ پاکردنـــەوەی ئاو و لە پاشان تێکردنی ئاو بۆ ناو عەمبارەکە بە وزەی یەک ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە بۆ قەرەبوکردنـەوەی قەبارەی نەوتی دەرهێنراو و پاراستنی پاڵەپەستۆی عەمبارەکە دروستکرا.

شـایانی باسە بەرهـەمی نـــەوت لە بیســـت ساڵی یەکەمی تەمەنی کێڵگەکەدا هەر لەخۆیـــەوە و لەژێر پاڵەپەستۆی عەمبارەکـە خۆیـدا دەهاتـەدەرەوە، کە لە دواییـــــدا ورده ورده دەستی بە کەمکردنەوە کرد و کار گەیشتە ئـــەوەی کە لەسـەرەتادا لـە ڕێگـــەی تێکـــردنی گـــاز (gas injection) و لە پاشاندا بە تێکردنی ئاو (water injection) پارێزگاری لە کێڵگەکە بکرێت. کە بۆ ئەم مەبەستە لەسەر زێـــی بچوک وێستگەیەک بۆ پاکردنەوەی ئاو و لە پاشان تێکردنی ئاو بۆ ناو عەمبارەکە بە وزەی یـــەک ملیۆن بەرمیـــل ڕۆژانە بۆ قەرەبوکردنـەوەی قەبارەی نەوتـــی دەرهێنـــراو و پاراستنی پاڵەپەستۆی عەمبارەکە دروستکرا. ئیتر پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٦١ دا تـــەواوکرا و بەمـــەش کۆنتـــرۆڵی باری جێگیری پاڵەپەســـتۆی عەمبارەکە کرا. نەوتی کەرکـــوک بە جۆری نەوتی سوک دادەنرێت کە چڕیەکەی دەگاتە ٣٦.٧ بە پێی پێوەری پەیمانگای نـــەوتی ئەمریکی و ڕێژەی ١.٨٪ کبریتـــی تێدایە، کەچی ڕێـــژەی گازی تواوە لەناو نەوتی کەرکـــوکدا لە نێـــوان ١٤٠ و ٢٢٠ پێ سێجا دەبێت بۆ هەر بەرمیلێک نـــەوت کە لە رابردوودا دەسوتا و لە کاتی ئێستاشماندا لە هەندێک لە کێڵگەکانی تردا دەســـوتێ کەوا ئەوەش بریتییە لە بەفیرۆچونێـــکی زۆری گازە بە نرخـــەکان. کێڵگەی نـــەوتی کەرکوک بەرهەمێکی بـــەرزی هەیە کە تێکڕای بەرهەمی یەک بیـــری نـــەوت لە هەردوو تەپۆلکـــەی بابـــە و ئاڤانـــا دەگەیشتە ٣٠.٠٠٠ بەرمیـــل لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە تەپۆلکـــەی خورماڵـــەدا بڕی بەرهەمی نـــەوت لەنێوان ٣.٠٠٠ بۆ ٥.٠٠٠ بەرمیـــل بوو لە ڕۆژێکدا، لە ساڵی ١٩٣٥ دا تێکـــڕای بەرهەم لەو کێڵگە نەوتیەدا بـــەرزبۆوە بۆ ٨٠.٠٠٠ بەرمیـــل لە ڕۆژێـکدا. لە کۆتاییەکانی دەیـــەی شەشەمدا گەیشـــتە بڕی ١.٠٠٠.٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا و جارێکی تر بەرهەمی نـــەوت بەرزبونـــەوەی بەخۆیەوە بینـــی و تا لە نیوەی دەیەی حەوتەمدا بـــڕی بەرهەم گەیشـــتە ١.٢٠٠.٠٠٠ بەرمیـــل لە ڕۆژێکدا و بەرزبونـــەوەی بەرهەمی نـــەوت لەو کێڵگەیـــەدا بـــەردەوام بوو کە لە کۆتاییـــەکانی دەیـــەی حەوتـەمدا لە هەندێک کاتـــدا دەگەیشتە نزیـــکەی ١.٤٠٠.٠٠٠ بەرمیل نـــەوت لە ڕۆژێـــکدا. کۆی بەرهەمی نەوت لە کێڵگەی کەرکـــوکدا تا ساڵی

١٩٨٩ گەیشـــتە زیاتر لە ١٤ ملیار بەرمیل، کەچـــی کۆی نـــەوتی بەرهەم هاتوو تا ساڵی ٢٠١٢ گەیشـــتە زیاتر لە ١٥ ملیار بەرمیـــل نـــەوت. کەچی بڕی نـــەوتی یـــەدەگی مـــاوە لە ساڵی ٢٠١٢ دا دەگەیشتە ١٦ ملیار بەرمیـــل نـــەوت. ئەم کێـــڵگە زەبـــەللاحە بە کۆنترین کێـــڵگەی بەرهـــەم هێنەر دادەنرێت لە جیهاندا، کە لە ساڵی ١٩٣٥ دا دەستی بە بەرهـــەم هێنان کرد و بۆ مـــاوەی ٨٠ ساڵی رابـــردوو لە بەرهەم هێنانیدا بـــەردەوام بووە تا ئەم ســـاتەی ئێســـتا و چاوەڕوانـــی ئەوە دەکـــرێ بەرهـــەم هێنان لە کێـــڵگەی نـــەوتی کەرکوکدا بۆ ماوەی ٧٠ ساڵی داهاتوو بـــەردەوام بێت و بەمـــەش تـــەمەنی بـــەرهەمی ئەم کێڵگەیـــە دەگاتـــە ســـەدەیەک و نیـــو لە زەمـــەن و لە یـــەزدان داواکـــارم بەرهـــەمی نـــەوت لەم کێـــڵگە کوردستانیەدا بۆ زەمەنێکی زۆر لەوە زیاتر بـەردەوام بێت کە چـاوەڕوان دەکرێ.

بینـــا و دامـــەزراوەکانی کێڵگـــەی نـــەوتی کەرکـــوک لە ساڵی ١٩٦٥ دا:
:Karkuk oil field establishment and buildings

بیـــنا و دامـــەزراوەکانی کێـــڵگەی نـــەوتی کەرکـــوک بەشێوەیەکی هەنـــگاو بە هەنگاو لە مـــاوەی چەندین ساڵدا دامـەزرێنـــدران کە ئەوانـەی خـــوارەوە دەگرێتـــەوە:

١. هەڵکەندنی سەدان بیری نەوت ئینجا بۆ مەبەستی بەرهەم هێنان یان چاودێریکردن یاخود بۆ مەبەستی تێکردنی ئاو بێت.

٢. بیناکردنـــی ١١ وێســـتگە بۆ مەبەستی جیاکردنـــەوەی گاز بە درێژایی کێڵگەکە بە ناوی جەبـــەل بۆر و شـــۆراو و بابـــە و هەنجیـــرە و قوتـــان و مەلاولـــی و ســـالالۆ و سەربەشـــاخ و خـــورماڵە ژمارە یـــەک و دوو و ســـێ.

٣. کۆمەڵگایـــەکی دڵۆپانـــدنی نـــەوت بە وزەی بەرهـــەم هێنانی ملیـــۆن بەرمیـــل رۆژانـــە.

٤. وێســـتگەی ئاڤانە بۆ مەبەســـتی گواستنەوەی نـــەوت بۆ کۆمـــەڵگاکەی دڵۆپـــاندن.

٥. پـــڕۆژەی تێکردنی ئاو لە بیـــرە نـەوت بە وزەی ملیـــۆن بەرمیل رۆژانـە.

٦. وێســـتگەیەکی گواســـتنەوەی ئاو لە زێـی گەورەوە بۆ بۆ مەبەستەکانی خواردنـــەوەو مەبەســـتەکانی پیشەسازی.

٧. دامەزرانـــدنی وێســـتگەیەکی هەڵمیـــی بەرهـــــەم هێنانی کارەبـــا بە وزەی ٥٦ مێگاوات.

٨. بنیاتنانی کێڵگەیـــەک کە چەند عەمبارێکی زەبـــەللاحی تایبەت بە ناردنـــە دەرەوەی نـــەوت لەخۆ دەگرێت کە لە ٢٨ عەمبـــار پێکهاتووە بە قەبـــارەی جیاواز، لەوانە ١٧

عەمباریان بە تیرەی ١٤٠ پێ و بەرزی ٣٠ پێ و بە وزەی عەمبارکردنی نزیکەی ٢٠٠.٠٠٠ بەرمیل نـــەوت بۆ هەر یەکێکیان.
٩. راکێشـــانی بـــۆڕی گواستنەوەی نـــەوت و گاز و ئاو بە دریـــژی سەدان کیلۆمەتر و بە تیرەی جیـــاواز لەنێوان دامـــەزراوە شـــوێن جیـــاوازەکانی کێڵـــگەکە.
١٠. دامەزراندنی سەدان یەکەی نیشتەجێبوون و دەیان فەرمانگە و وەرشە و عەمبار و بنیاتنانـی سەدان کیلۆمەتر لە ڕێگا.

یەکەم هێڵی بـــۆری دەرهێنانی نـــەوتی باکـــوور:

هەروەک پێشتر ئامـــاژەمان پێکـــرد، ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٣١ باسی هەڵســـانی کۆمپـــانیای نـــەوتی عێراقی بە درێژکردنـــەوەی هێڵی بـــۆڕی بۆ دەرهێنانی نـــەوت دەکرد بە وزەیـــەکی ساڵانە کە تا کۆتـــایی ســـاڵی ١٩٣٤ کەمتـــر نەبێ لە ٣.٠٠٠.٠٠٠ بەرمیـــل نـــــەوت رۆژانە. کە بەشێوەیەکی مەبدەئی پـــلان بۆ راکێشـــانی هێـــڵی بـــۆری نـــەوت بە تیرەی ١٦ گـــرێ بـــەرەو دەریای ناوەڕاســـت جێبـــەجێ کرا ئەوەش بۆ ئاسانکاری ناردنـــی نـــەوت بۆ بەریتانیـــا و فەرەنســـا کە خاوەن دەنـــگی زۆربـــوون لە ئەنجومـــەنی کارگێـــڕی کۆمپـــانیاکە و دوو وڵاتی ئینتیـــداب بوون لە ناوچـــەکە. ئەو کاتەی کە دەســـتکرا بە دیارکردنی ڕێـــڕەوی هێـــڵی بـــۆری، داواکاری ئەوە خـــراپوو کە راکێشـــانی هێڵی بۆڕیـــەکە بە دوو ڕێـــڕەودا بڕوات کە حکومەتی بەریتانیـــا دەیویست هێـــڵی بۆڕیـــەکە لەرێـــگەی «کۆمپـــانیای نـــەوتی بەریـــتانی»ەوە بەو وڵاتانـــەدا بڕوات کە لەژێر ئینتیـــدابی خۆیـــدان، واتا هەریەک لە وڵاتانی عێراق و ئـــوردن و فەڵەستین و کۆتایی هاتنی لە حەیفا، کەچی لەبەرامبـــەردا حکومەتی فرەنسا دەیویست لەرێگەی کۆمپانیای نەوتی فرەنســـیەوە هێڵەکەی بـــۆڕی بەو وڵاتانەدا بڕوات کە لەژێر ئینتیدابی خۆیـــدان واتا بە هەریەک لە وڵاتانی سوریا و لبنان و لە ترابلس کۆتایـــی بێت کەوا ئەم رێگەیان کورتترین و هەرزانتـــرین ڕێـــگەیان بوو. کەچـــی هاوبەشەکانی تر واتا کۆمەڵەی کۆمپانیاکانی ئەمـــریکا و کۆمپانیای شـــل و کۆبنکیان لەگەڵ ئـــەوەی ئەو ڕێـــڕەوەی کە ئاراستەکەی لە سوریاوە بەرەو لبنان ڕێـــڕەوی دەگرت لەرووی ئابوریـــەوە باشتربوو کەچـــی لە هەڵبژاردنـــی یەکێک لە دوو ڕێـــڕەوەکە بەبێ لایەنی وەستان و لایەنگـــری هیچ یەکێـــک لە دوو ڕێڕەوەکـــەی گواستنەوەی نـــەوتیان نـــەکرد. هەریەکێک لە دوو لایەنـــەکە واتا هەریەک لە بەریتانیا و فرەنسا لەسەر جێبەجێـــکردنی داواکاریەکانیان ســـوور بوون، تا کاربەوە گەیشـــت کە جیـــاوازی لە نێوان داواکاریـــەکانی بەرتانیا و فرەنسا ئاڵۆزتـــربوو، تا لە دواییدا کار بـــەوە گەیشـــت بڕیارێـــک بـــدرێت کە هـــەردوو لایـــەن لێـــی ڕەزامەنـــدبن.

ئەویش بە راکێشـــانی دوو هێڵی بـــۆڕی بە تیرەی ١٢ گرێ بەشێوەیەک کە توانای وزەی دەرهێنانی هەریەک لە دوو هێڵەکەی بۆڕی دوو ملیـــۆن تەن بێت واتا بڕی ٤٠.٠٠٠ بەرمیل رۆژانە، کە هێڵی بۆڕی یەکەم لە حەیفا و هێڵی بۆڕی دووەم لە ترابلس کۆتایی دێت، ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویســـتی بە تێچوونی بـڕە پارەیەکی زۆر بوو. لەسەر ئەم بنچینەیەدا رێـــڕەوی هەردوو هێڵەکەی بۆڕی دیاریکرا تا هەریەک لە دوو هێڵە بۆڕیـــەکە لە یەکەم ویســـتگەی دەرهێنانی نـــەوت لە کەرکـــوک (K١) دەست پێبکات و بۆئەوەی لە تەک یەکتـــردا رێڕەو بگرن و بە پەڕاندنەوەیان لە روبـاری دیجلـە لەناوچەی فەتحە بە وێســـتگەی دەرهێنانی نـــەوتی (K٢)دا بڕۆن و لە دواییدا بە پەراندنـــەوەیان بە روباری فوراتـــدا بۆ رێڕەوگرتنیان بۆ وێســـتگەی دەرهێنانی (K٣) لە نزیک شاری حەدیسە. کە لە دوای وێســـتگەی (K٣) دا هەردوو هێڵە بۆڕیـــەکە لەیەکتر جیادەبنەوە بەشێوەیەک کە هێڵـــی یەکەمیان بە ئاڕاستەی سنووری سوریا بە تێپەڕینی بە وێســـتگەی ترابلسی یەکەم (T١) و بە بڕینـــی ســـنووری سوریا و تێپەڕینی بە وێســـتگەکانی (T٢) و (T٣) و (T٤) بـەردەوام بێت تا لەدواییدا ســـنوری وڵاتی لبنان بەرەو مینـــای ترابلس دەبڕێت. بەڵام هێڵی دووەم کە لە وێستگەی (K٣) لە هێڵی یەکەم جیادەبێتەوە تا بەرەو سنووری ئوردن ئاڕاستە بگرێت و بە وێستگەکانی یەکەمی دەرهێنانی حەیفا (E G ١) و (E G ٢) و (E G ٣) دا بڕوات و لە مینـــای حەیفـــا لە فەڵەستین کۆتایـــی بێت.

درێژی هێڵـــی بۆڕی کەرکـــوک – ترابلس دەگەیشـــتە ٩٢٨ کیلۆمەتر، کەچی درێـــژی هێڵی بۆڕی کەرکوک – حەیفا دەگەیشـــتە ٩٩٢ کیلۆمەتر. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو وێســـتگانەی دەرهێنانی نـــەوت کە ئاماژەمان پێیان کرد تەنها بینا و دامـــەزراوە نەوتیەکانیان تێدانیە بەڵکو فەرمانگە و یەکە نیشتەجێبووەکانی کرێکارەکانی تێدایـــە ئەمـــە سەرەڕای شـــوێنەکانی کات بەســـەربردن وەک یانەکان و مەلەوانگەکان و گۆڕەپانەکانی یاری تێنس و گۆڵـــف و هەندێک لە عەمبارە تایبەتەکانی تەمویـــل کردن کەوا هەموو ئەوانـە وایان کردبوو کە ئەم شـوێنە لە چەنـد گوندێکی بچـوک بچێت.

سەرەتای ناردنـــە دەرەوەی نـــەوتی کوردســـتانی عێراق:

هێڵی بۆڕی کەرکـــوک – ترابلس لە لە ١٤ تەمـــوزی ساڵی ١٩٣٤ دا تەواوبوو و دەست بە کارپێکـــردنی بە گواســـتنەوەی نـــەوت کرا بەشێوەیەک کە لە کۆتایی مانگی تەمموز دا یەکەم بـــڕە نەوتی دەرهێنراو گەیشـــتە مینای ترابلس، کە لە رۆژی ٣ ی ئابی ١٩٣٤ یەکەم کاروانی ئەو نەوتـــە کە بڕەکەی دەگەیشـــتە ١٤.٥٠٠ تەن گەیشتە مینای لاهارف

له فره‌نسا. كه ئه‌م كاروانـــه‌ی نه‌وتی عێڕاق بریتیی بوو له ده‌ركه‌وتنی نـــه‌وتی عێراقی له بازاڕه‌كانی نـــه‌وتی جیهانی بۆ یه‌كه‌م جار له مێـــژوودا كه ده‌رهێنانی نـــه‌وت تا ســـاتی ئه‌مـــڕۆ تێیـــدا به‌رده‌وامـــه. كه‌چی هێڵی بـــۆڕی كه‌ركـــوك – حه‌یفا له ڕێكه‌وتـی ١٤ ی تشرینی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٣٤ تـــه‌واو بوو و ده‌ست كرا به گواستنه‌وه‌ی نـــه‌وت تێیـــدا. كه دوای ئه‌م كاته به ماوه‌یه‌كی كه‌م یه‌كه‌م بڕه نه‌وت گه‌یشـــته میناى حه‌یفا و ئیتر یه‌كـــه‌م كاروانـــی نـــه‌وت كه بـــڕه‌كه‌ی ١٣.٠٠٠ ته‌ن بوو له ڕۆژی ٢٧ ی تشرینی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٣٤ گه‌یشـــته میناى لاهارفـــا له فره‌نســـا. شایانی باسه ده‌رهێنانی نـــه‌وت له‌م هێڵه‌دا تا ساڵی ١٩٤٨ به‌رده‌وام بوو و له‌دوای ئـــه‌وه‌وه له‌گه‌ڵ هه‌ڵگیرسانی جه‌نـــگ له فه‌ڵه‌ستیندا به‌كارهێنانی به تـــه‌واوی وه‌ســـتا. به‌داخێـــكی زۆره‌وه ناونیشانی ئه‌م په‌ڕه‌گرافـــه‌ی ئه‌م نوسینه‌م «سه‌ره‌تای ناردنـــه ده‌ره‌وه‌ی نه‌وتی كوردستانی عێراق»ه، به‌داخێكی زۆره‌وه كه له دۆكیۆمێنته‌كاندا ناوی كوردستان نه‌هاتووه‌و به «سه‌ره‌تای نارده ده‌ره‌وه‌ی نه‌وتی عێڕاق» باسكراوه، له‌به‌رئه‌وه‌ی ده‌زانین كه به درێـــژایی مێژووی دروستكردنی وڵاتی عێڕاق كه كوردستانی باشـــوور به‌زۆری به ده‌وڵه‌تی به‌ناو عێڕاقـــه‌وه لكێنراوه‌و هه‌موو سه‌رۆكه‌كانی ئه‌م وڵاته له نه‌تـــه‌وه‌ی عه‌ره‌ب بوینه و هه‌ر هه‌مووشیان به شـــێوازی جیـــا میلله‌تی كوردیان چه‌وساندۆته‌وه‌و له زۆر شتی گرنگی ژیانـــدا دایان بڕیـــوه‌و وایان نه‌كـــرد كه له سه‌رده‌مه‌كانی ئه‌واندا ڕۆژێك له ڕۆژان كـــــورده‌كان هه‌ست به خاوه‌ندارێتی خۆیان بكه‌ن له ســـامانه گرنگه‌كانیاندا به تایبه‌ت له ئـــاوو نـــه‌وته‌كه‌یاندا، كه‌چی له حه‌قیقه‌تی ئه‌م بابه‌تـــه‌دا وشه‌ی «عێراق» هیچ مانایـــه‌كی نیه، كاتێك كه ئه‌و كێڵگه زه‌بـــه‌للاحه‌ی نـــه‌وت له كه‌ركـــوكی كوردستانیه و له‌نێو خاكـــی كوردستاندایه و یه‌كێـــكه له شـــانازیه‌كان كه یـــه‌زدان به ئێمـــه‌ی كـــوردی به‌خشـــیوه.

هێڵـــی بـــۆڕی دیكه له كێـــڵگه‌ی نـــه‌وتی كه‌ركـــوك:

له‌دوای جه‌نـــگی دووه‌می جیهانیـــدا له‌پێناو به‌رزكردنـــه‌وه‌ی وزه‌ی ناردنـــی نـــه‌وت له كێڵگه‌كانی كه‌ركـــوك هێلێكی تـــازه‌ی گواســـتنه‌وه‌ی نـــه‌وت ڕاكێشـــرا، كه بری ده‌رهێنانی نه‌وت له ٨٠.٠٠٠ به‌رمیـــل له ڕۆژێكـــدا له ساڵی ١٩٣٥دا هه‌نـــگاو به هه‌نگاو كه تا كۆتایـــی ده‌یـــه‌ی حه‌وته‌می ســـه‌ده‌ی ڕابـــردوو بۆ ١.٤٠٠.٠٠٠ به‌رمیـــل نـــه‌وت بـــه‌رزبۆوه، كه له خـــواره‌وه زۆر به كورتـــی ده‌یانخه‌ینـــه‌ڕوو:

١. هێڵـــی كه‌ركـــوك – حه‌یفا به تیـــره‌ی ١٦ گـــرێ كه له ساڵی ١٩٤٨ دا له

دوا قۆناخـــی بنیاتنانیـــدا بوو، بەهـــۆی جەنـــگی فەڵەستینەوە کارکـــردن تێیدا وەســـتێنرا و بەجێهێڵدرا بێ ئـــەوەی تـــەواو بکرێـــت.
٢. هێڵـــی نـــەوتی کەرکـــوک – تـــــرابلس بە تیـــرەی ١٦ گـــرێ لە ســــــاڵی ١٩٤٩ دا.
٣. هێڵی نـــەوتی کەرکـــوک – بانیـــاس بە تیـــرەی ٣٢ گـــرێ و بە درێـــژی ٨٨ کیلۆمەتر لە سڵی ١٩٥٢ دا.
٤. هێڵی نـــەوتی کەرکـــوک – ترابلس بە تیـــرەی ٣٢ گـــرێ لە ســـاڵی ١٩٦٥ دا.
٥. هێڵـــی ســـتراتیجی گواســـتنەوەی نـــەوت بە دوو ئاڕاســـتە لەنێوان وێســـتگەی نەوتی (K٣) لە نزیک شاری حەدیسە لەسەر فوڕات و کێڵگەکانی بەسرە بە تیـرەی ٤٢ گرێ و بە درێـــژی ٧٣٠ کیـــلۆمەتر لە ساڵی ١٩٧٥ دا.
٦. یەکەم هێڵی عێڕاقی تورکـــی «کەرکـــوک – مینای جەیهـــان» بە تیـــرەی ٤٠ گرێ و بە درێـــژی ١٠٠٥ کیـــلۆمەتر لە ســـاڵی ١٩٧٧ دا.
٧. هێڵـــی دووەمـــی عێڕاقی تـــورکی «کەرکـــوک – مینای جەیهـان» بە تیـــرەی ٤٦ گـــرێ لە ســـاڵی ١٩٨٧ دا.

پەیوەندیە نێو دەوڵەتیـــەکانی تایبەت بە هێڵەکانی بـــۆڕی نـــەوت:

هەریەکێک لەم هێڵە بۆڕیـــە نەوتانـــە مێژوویـــەکی سیاســـی و ئابـــووری و هونـــەری تایبەت بەخـــۆی هەیە کە قســـەکردن لەبارەیـــەوە پێویســـتی بەبەشێکی تایبـــەت هەیە، هەروەک پەڕاندنـــەوەی ئەم هێڵانـــەی بـــۆڕی نـــەوت بە نێو خاکـــی وڵاتانـــی دراوسێدا پێویستی بە ڕێکەوتننامەی فـــراوان و روون و ئاشکرا هەبوو، کە جیـــاوازی بـــازرگانی و سیاسی ئاڵـــۆز و پڕ کێشـــەی لەنێوان کۆمپـــانیای نـــەوتی عێڕاق و حکومـــەتی ســـوریا لەلایـــەک لێکەوتـــەوە کە بووە هـــۆکاری داخســـتنی و راگرتنـــی رۆیشـــتنی نـــەوت بەشێوەیەکی کاتـــی بۆ زیاتـــر لە جارێـــک هـــەروەک لە کاتی هێرش کـــردن بۆ سەر سوێـــس رویدا لە ساڵی ١٩٥٦ دا، هەروەها لەلایـــەکی تر ئەو جیـــــاوازی و ناکۆکیـــەی کە لەنێـــوان حکـــومەتی عێـــراق و حکومەتی ســـوریادا رویـــدا کە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بە داخســـتنی کۆتایـــی دوایـــی هات و گواســـتنەوەی نـــەوت بە رێگـــەی ســـوریا و لبنانـــەوە بە یەکجاری وەســـتێندرا، ئـــەوە لەدوای ئـــەوەی کە بۆ مـــاوەی نیو سەدە بـــەردەوام بوو.

ڕێکخــراوی وڵاتانــی بەرهـــەم هێنــەری نـــــەوت- Organization of the Petroleum Exporting Countries -(OPEC):

بریتییە لە ڕێکخراوێکی جیهانی، ١٢ لەو وڵاتانە لەخۆ دەگرێت کە بۆ داهاتی ناوخۆییان بەشێوەیەکی زۆر گەورە پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستن. کە بەشێوەیەکی کــورت کراوە بە (OPEC) دەنوسرێت، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی بڕی فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی نەوت لە جیهاندا. ولاچتانی ئەندام لە ڕێکخراوی (OPEC) خاوەنی ڕێژەی ٤٠٪ بەرهەمی نەوتی جیهانن و هەروەها خاوەنی ڕێژەی ٧٠٪ بڕی نەوتی یەدەگن بەپێی ئەو زانیاریانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان.

ڕێکخـــراوی (OPEC) لەساڵی ١٩٦٠ دا لەلایـەن وڵاتـــانی سـعودیا و ئێـــران و عێراق و کوێــت و فەنزەویلا لە شـــاری بەغدای پایتـــەختی وڵاتی عێراق دامەزرێنـــرا و بارەگاکەشـــی لە ڤیەننایە.

ئەم ڕێکخـــراوە ئێستا لە ١٢ ئەنـــدام پێک دێت بەپێـــی ئەو لیســـتەی خوارەوە لە مێژووی پەیوەنـــدی پێوەکردنیان.

ئەوەی جێی سەرنجە لەگەڵ ئـــەوەی کە زمانی فەرمـــی قسەپێکردنی حـــەوت لە وڵاتەکانی ئەو ڕێکخـــراوە بریتییە لە زمانی عەرەبی، کەچـــی زمانی سەرەکی (OPEC) بریتییە لە زمانی ئینگلیزی. زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمـــی تەنها یەک وڵاتـــی ئەم ڕێکخـــراوەیە کە وڵاتی نێجیریایە، لە سەرەتادا دامەزرانـــدنی (OPEC) بە پێنـــج وڵات دەســـتی پێکـــرد کە ئەوانیش وڵاتانی کوێت و سعودیا و عێـــراق و ئێـــران و ڤەنـــزەویلا بوون. کە لەو کاتەوە تا ئێستا ٩ وڵاتی دیکە زیادبویـــنە و بووە بە ١٢ وڵات کە شەشیان دەکەونـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و چواریان لە کیشـــوەری ئەفریقیا و دوو وڵاتیش لە ئەمریکای باشـــوورن وەک ئەم پۆلێنـــەی خـــوارەوە:

ولات	شـــوێن	مێذووی ثةیوةندی کردن بة OPEC	ذمارةی دانیشتوان (2008	رووبةر (کم2)
جةزائیر	ئةفریقیا	**1969**	**33,779,668**	**2,381,740**
ئةنطۆلا	ئةفریقیا	**2007**	**12,531,357**	**1,246,700**
ئیکوادۆر	ئةمریکای باشوور	**2007**	**13,927,650**	**283,560**
ئێران	رۆذهةلاتی ناوةند	**1960**	**75,875,224**	**1,648,000**
عێراق	رۆذهةلاتی ناوةند	**1960**	**28,221,180**	**437,072**
کوێت	رۆذهةلاتی ناوةند	**1960**	**2,596,799**	**17,820**
لیبیا	ئةفریقیا	**1962**	**6,173,579**	**1,759,540**
نێجیریا	ئةفریقیا	**1971**	**158,259,000**	**923,768**
قةتةر	رۆذهةلاتی ناوةند	**1961**	**824,789**	**11,437**
سعودیا	رۆذهةلاتی ناوةند	**1960**	**28,146,656**	**2,149,690**
ئیمارات	رۆذهةلاتی ناوةند	**1967**	**4,621,399**	**83,600**
ظةنزةویلا	ئةمریکای باشوور	**1960**	**26,414,816**	**912,050**
کۆی طشـــتی			**369,368,429**	**11,854,977کم**

جۆرەکانی نـەوت لەرووی بازرگانیـەوە هەروەها نرخـــی نـەوت: (Commercial Oil Kinds and Petroleum prices):

زۆر جاران خوێنەر چاوی بە وشە و ناوی دوپاتبووەوە دەکەوێت کە پەیوەستە بە نرخی نەوتـــەوە بۆ نموونە نەوتـــی خامـــی برێنت، یان عەرەبی سوک، یاخـــود رۆژئاوای تکساس یان خامی دوبەی و ناوی تر. ئەم ناوانە کە لەسەر ئاستی جیهانیەوە لەپێناو دیارکردنی نرخـــەوە رێکەوتنی لەسەر کراوە کە لە جیهاندا زیاتر لە ١٥٠ جۆر نـــەوت هەیە. پۆلێنکـــردنی خامی نـــەوت پشـــت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێت کە گرنگتـــرینیان ئەوانـــەی خوارەوەن:

١. شوێنی دروستبونیەتی (West Texas، Brent).

٢. چڕی خامەکەی نەوت (Light، Heavy، Intermediate).

٣. رێژەی کبریت لە خامەکەدا.

هەروەها نـــرخ دانانـــی جۆرەکانی نـــەوت پشـــت بە چەنـــد فاکتـــەرێک دەبەســـتێت لەوانـە:

١. جیـــاوازی لە خامـــە پێوەریـــەکانی کە ئاماژەمان پێـــکرد.

٢. دووری جـــۆرەکانی نـــەوت لە بازاڕی ئەم خامـــە پێوەریانەوە جۆری نەوت بە جیاوازی چڕپەکەیەوە لێک جیادەکاتەوە (کە لێرەدا مانای چـــڕی جیاوازی نێوان بارستاییەکەیەتی بە قەبارەکەیەوە) هەروەها پلەی ترشـــێتیەکەی کە لێرەدا پلەی ترشێتی بە ڕێژەی هەبوونی کبریت تێیدا دیاری دەکرێت. کە ئەوەش فاکتــــەرێکی زۆر گرنگە. لەمبارەیەوە پەیمانـــگەی ئەمریکی وەک پێوەرێـک بۆ چـــڕپەتی دامەزرێندرا کە بە پلە پێوانـەی بۆ دەکرێت و بە سفر دەست پێدەکات.

خامـــی برێنـــت (Brent crude):

ناوی برێنت لەو نازنـــاوەوە دروست بووە کە کۆمپانیای Shell داینا بۆ دۆزینەوەی نەوت لەو کێڵگە نەوتەی کە لە ناوچەی دەریای باکوور لێی دەکۆڵیەوە لە جیاتی هەردوو کۆمپانیاکانی ExxonMobil و ڕۆیال دۆتس شل. کە کۆمپانیای شل دەستی کرد بە ناونانی گشت کێڵگە نەوتیەکان بەناوی باڵندەکان، لەم حاڵەتەدا ناوچەکە بە ناوی قازی برێنت ناونرا.

ئەو نـــەوتەی کە چـــڕپەکەی لە ٢٥ پلە کەمتر بێت بە نـــەوتی گران دەژمێردرێت. هەروها ئەو نـــەوتەی کە چڕپەکەی لەنێوان ٢٥ و ٣٥ پلە دایە بە نەوتێـــکی مام ناوەند دادەنرێت، هەروەها هەر جۆرە نـــەوتێک چڕپەکەی بەرزتر بێت لە ٣٥ پلە بریتییە لە نـــەوتی سوک. هەروەها جۆرێک لە نەوت هەیە کە پێی دەوترێت نـــەوتی شـــیرین ئەوەش ئەو جۆرە نەوتەیە کە ڕێژەی کبریت تێیدا کەمترە لە ١٪ و لە ڕووی نرخیشـــەوە بەرزترین نـــرخی هەیە. بە بەراوردپێردنی خامـــە پێوەرەکان بە بەرزبونەوەی چـــڕپەکەی و ترشـــێتیەکەی نـــرخی نـــەوت دادەبەزێت. بەپێەوانەوەش لەگەڵ نزم بونەوەی چـــڕپەکەی و پلەی ترشـــێتیەکەی نـــرخی نـــەوت بەرزدەبێتـــەوە. بەرهەمی نـــەوتی ســـوکی شیرین نزیکەی ٤٠٪ کۆی بەرهـــەمی جیهان پێکدێنێت. کەچی بەرهەمی نەوتی گران و مامناوەند بڕی ٦٠٪ کۆی بەرهەمی جیهانی پێکدێنێت. دیتایەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هەرچەنـــدی داواکاری لەسەر نـــەوتی ســـوک زیاد بێت ئەوا بە تێپەڕبوونی کات بڕی بەرهەم هێنانی کەم دەبێتـــەوە. وا لە خوارەوە بەشـــێوەیەکی کورت باس لە هەندێک لە خامـــە پێوانەییەکان دەکەین.

پێوانـــەکردنی پەتـــــرۆڵ – Benchmark Oils:

Benchmark Oil وەک سەرچاوەیەک یاخود وەک بنەچەیەک بەکاردەهێندرێت بۆ دیارکردنی نرخی نەوت کە نزیکەی ١٦١ (Benchmark Oil) هەیە بۆ کە سێیان سەرەکین کە بریتیین لە (West Texas Intermediate, Brent Crude,

and Dubai Crude). نەوتی خاو بەکاربەرێکی بازرگانی زۆر چالاکە، کە بەشێوەی گرێبەســت (contracts) دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ کە یەکەی بازرگانی پێکردنی گرێبەستەکە بریتییە لە ١٠٠٠ بەرمیل (١,٠٠٠ barrel) نــەوت. (Benchmark) یارمەتی دیارکــردنی نرخــی بەرمیلــە نــەوت دەدات لە گرێبەستدا.

١. خامــی برێنــت (Brent crude):

لە نەوتــە ســوکە شیرینەکانە بەهۆی بارســتاییە جۆریەکەی کە دەگاتە ٣٨ پلە و نزم بونەوەی رێژەی کبریــت تێیدا کە دەگاتە ٠.٣٧٪ لەبەرئەوە ئەم جــۆرە نەوتە بە نرخــی ١ دۆلار زیاتر وەک لە جۆرەکانی دیکەی سەللەی نەوتەکانی ئۆپێک (OPEC basket) دەفرۆشرێت بۆ هەر بەرمیلێک. هەروەها بەهۆی تێچووی گواستنەوە بە نرخی ١ دۆلار کەمتر لە خامی رۆژئاوای تکساس دەفرۆشرێت. هەروەها خامی برێنت وەک پێوەرێک بۆ نــرخ دانانی نزیکەی یەک لە سێ بەشی بەرهەمی نەوتی جیهانی بەکار دەهێندرێت، بەتایبەت لە بــازارە ئــەوروپی و ئەفــریقیەکاندا.

ئیتر وایلێهات کە بەکارهێنانی برێنت بۆ نرخدانان ببێتە سەرچاوەی دڵــەڕاوکێ بۆ ئەو کەســانەی کە کاری لەگەڵدا دەکەن ئەوەش بەهۆی هاتنەخوارەوەی ئاســتی بەرهــەم هێنان لە کێڵگەکەیدا. لەبەرئەوە ئەوانــەی کە کاری لەگەڵدا دەکەن دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای جێگرەوەی (alternative) برێنت بۆ دیارکــردنی نــرخ هەروەها گەڕان بەدوای دۆزینــەوەی ڕێگە یاســاییە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ئەگەر لە کاتێکدا ئەم جــۆرەی نــەوت دوچــاری نەمان بۆوە بازاڕەکانی نــەوت لە دوا رۆژدا کە پێشــتر گرێبەســتی برێنتیان پێ فرۆشــرابوو پابــەند بن بە ئیلتیزاماتەکانیان بەرامبــەر بە جێگــرەوەکەی برێنــت.

خامــی برێنت یاخــود تێکەڵــەی برێنت بریتییە لە خامی نــەوتی وەک پێوەرێک بەکاردەهێندرێت بۆ دیارکــردنی نــرخ ١/٣ ی بەرهەمەکانی نــەوتی جیهانی، بەتایبــەت لە بــازارە ئەوروپــی و ئەفریقیەکاندا برێنــت پێکهاتووە لە تێکەڵەیــەک لە نــەوت لە ١٥ کێڵگەی جیاواز لە هەردوو ناوچەی برێنت و نینیان لە دەریای باکوور. کە بە کێڵگەکانی هەردوو شوێن رۆژانە بڕی ٥٠٠.٠٠٠ بەرمیل نــەوت بەرهەم دێنن. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتانی ئەوروپــا زۆربەی بەرهەمی خامی برێنت بەکاردەبەن، کەچــی لەو کاتانەی کە ئەگەر هاتــوو لەم بازاڕانــەدا جیــاوازی نێوان نرخــەکەی لەگەڵ نرخــی ئەو جۆرە نــەوتانەی کە لەو جۆرە دەچــن زیاتر بوو لە تێچــووی گواستنەوەیان، ئەوا بۆ ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێک لە

وڵاتانی کیشـــوەری ئەفریـــقیا دەنێردرێـــن.

٢. خامـــی ڕۆژئـــاوای تکســـاس (West Texas crude):

لە جۆری نـــەوتی ســـوک و شیرینە، کە بارستاییە جۆریەکەی ٣٩.٦ پلەیە، هەروەها تەنها بڕی ٠.٢٤٪ کبریتی تێدایە کەوا ئەم سیفاتەشی وایکردووە کە سەربکەوێ بەسەر نەوتەکانی (OPEC) و خامی برێنت. لەبەرئەوە ئەم جۆرەی نـــەوت بەشێوەی مامناوەند بە نرخی ٢ دۆلار زیاتر وەک لە سەللەی نەوتەکانی ئۆپێـــک (OPEC basket) دەفرۆشرێت، هەروەها نرخەکەی ١ دۆلار زیاترە لە نرخی برێنـــت. هەروەها بەهۆی باشی جۆرەکـــەی سەرچاوەیەکی سەرەکی بەنزینە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت کە زۆربەی بڕەکـــەی لە ڕۆژئاوای تکساسەوە بە بەرهەم دێت. هەروەها یەکێکە لە خامە پێوەریـــە جیهانیەکان کە بۆ نرخ دانانی خامەکانی تر بەکار دەهێندرێت، بەتایبەت لە ئەمریکای باکوور کە گەورەترین بازاڕی نـــەوتی جیهانە. هەروەها خاڵی نرخ دانان (شاری کۆشـــێنج)ە لە ویلایەتی ئۆکلاهـــۆما بەو پێیەی کە سەنتەری یەکتربڕینی ژمارەیەکی زۆری بۆڕیە نەوتەکانە کە دەتوانێ نـــەوت بۆ تێکڕای شوێنە جیاوازەکانی ویلایـــەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگوازێتەوە لەگەڵ ئەوانەشدا بەنـــدەرەکانی ئەمریکا و لە پاشاندا بۆ هەر شوێنێک لە جیهاندا.

کێشەی ئەم جـــۆرە نـــەوتە لە کێشەی خامـــی برێنـــت دەچێت بەهۆی هاتنەخوارەوەی بەردەوامی یەدەگەکەی و بڕی بەرهەم هێنانەکەی. ئەوەش ئەو شتەیە کە وادەکات ئەوانەی کە لە بازاڕە جیهانیەکانی نەوت کاری لەگەڵدا دەکەن ڕۆژ لە ڕۆژان پشـــتگوێی بخەن و جێگرەوەیەکی (alternative) بۆ بدۆزنەوە.

٣. خامـــی سەللەی ئۆپێـــک- (OPEC reference basket (ORB:

ئەم جۆرەیان بریتیی نیە لە خامێکی دیارکراو دەگەڕێتەوە بۆ تێکرای ئەو پەترۆلەی کە لە وڵاتانی ئۆپێک بەبەرهەم دێن کە لە کاتی ئێستادا لە ١١ جۆر نەوت پێک دێت کە بە OPEC reference basket کە کورت کراوەتەوە بۆ (ORB)، کە چڕیەکەی ٣٢.٧ پلەیە و ڕێـــژەی کبریـــت (sulfur) تێیدا بریتییە لە ١.٧٧٪. پێکدێت لەحەوت جـــۆرە خامـــی پێوەری، بەو پێیەی کە سەللە (basket) تێکەڵەیەکە لە نـــەوتی سوک و نەوتی گران بۆیە هەردەم نرخەکەی کەمترە لە نرخی (Brent) و (West Texas) هەروەها OPEC لە سیاســـەتی بەرهەم هێنانیدا بۆ نـــرخ دانانی ئەم سەللەیە (basket) پشـــت بە (المتوسگ الحسابی) دەبەســـتێت.

٤. خامی دوبـــــــەی (Dubai crude):

خامـــی دوبـــەی ســـوک و ترشـــە چڕیەکەی ٣١ پلەیە و کێشـــی جۆریەکەی بریتییە لە ٠.٨٧١ هەروەها ڕێـــژەی کبریت (sulfur) تێیدا بریتییە لە ٢٪. کە ڕێـــژەی ترشێتیەکەی ٦ جار بەرامبەر بە (Brent crude) و ٨ جار بەرامبەر ترشـــێتی (West Texas Intermediate). بەشێوەیەکی گشتی بۆ نـــرخ دانانی ئەو پەتـــرۆڵە بەکار دەهێندرێت کە لە کەنداوی فارســـیەوە بەبەرهەم دێت. خامی دوبـــەی بە (Fateh)ش ناودەبرێت. گرنگیەتی خامـــی دوبـــەی ناگەڕێتەوە تەنها بۆ جۆرێتیەکەی (quality) بەڵکو بۆ ئەو ڕاستیەش دەگەڕێتـەوە کە تا ماوەیـەکی نزیک لە ئێستا بریتیی بوو لە تەنها نـــەوتی سەربەستی بازرگانـــی پێکـــراو لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا.

٥. Minas:

نەوتـــی (Minas) هەروەها بە (Sumatran Light) ناودەبرێت واتا ڕوناکی ســـۆمەترا. کە لە دورگـــەی ســـۆمەتراوە بەرهـــەم دێت و بریتییە لە خامێـــکی سوکی شـــیرین و چڕیـــەکەی (API gravity) بریتییە لە ٣٥ پلە و کێشـــی جۆریـەکەی (specific gravity) بریتییە لە ٠.٨٤٩٨ و ڕێـــژەی کبریـت (sulfur) تێیدا ٠.٠٨٪ یە.

٦. Tapis:

زۆر جـــاران بە "World's Costliest Oil" ناودەبرێت کە بەمانـــای گرانتـرین نەوتی جیهان دێت، ئەم جـــۆرە نـــەوتە لە تـــاکە کێڵگەیـــەکی مالیســـیاوە بەهـــەم دێت، گرنـــگی جـــۆری نـــەوتی (Tapis) دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەم هۆکارانـــەی خـــوارەوە:

١. هەناردەکـــردنی جۆرەکانی تری وەک WTI و Brent Crude بە وڵاتانی ئاسیا کارێکی زەحمەتە.

٢. هەروەها هەناردەکردنـــی WTI و Brent Crude بە وڵاتانی ئاسیا نرخێـــکی زۆری تێدەچێت.

٣. هەروەها لەبەرئـــەوەی (Tapis) جـــۆرە نەوتێـــکی زۆر باشـــە.

چـــڕی (API gravity) نـەوتی (Tapis) بریتییە لە ٤٥.٢ پلـــە و ڕێـــژەی

کبریت (sulfur) تێیدا بریتییە لە ٠.٠٣٤٣٪ کە ئەوە ژمارەیەکی زۆر جیـــاوازە کە جۆری نەوتی (Tapis) هەیەتی بەوەی کە زۆر ســـوک و زۆر شـــیرینە. زۆر بەداخـــەوە ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لە کێڵگەی (Malaysia) لە ساڵی ١٩٩٨ وە بەشێوەیەکی بەردەوام دەستی بە هاتنەخوارەوە کردووە.

٧. Bonny Light:

Boony light بە مانای روناکی جوان دێت، کە لە کێڵگە نەوتیەکانی وڵاتی نێجیریاوە بەرهەم دێت و جۆرە نەوتێکی سوک و شیرینە و چـــڕی (API gravity) نـەوتی (Boony light) بریتییە لە ٣٢.٩ پلە و رێژەی کبریت (sulfur) تێیدا بریتییە لە ٠.١٦٪.

٨. Isthmus-٣٤ Light:

ئەو جۆرە بریتییە لە نەوتێکی ترش و چـــڕی (API gravity) نـەوتی (Isthmus-٣٤ Light) بریتییە لە ٣٣.٧٤ پلە و رێژەی کبریت (sulfur) تێیدا بریتییە لە ١.٤٥٪. لە مەکسیک بەرهەم دێت و هەرچەندە کە مەکسیک بەشێک نیە لە OPEC، لەگەڵ ئەوەشدا لە رابردوودا بەشێک بوو لە سەرچاوەی سەللەی ئۆپێک (OPEC Reference Basket). بەڵام ئەو جۆرە نەوتە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە سەرچاوەی سەللەی ئۆپێک (ORB) جیابـــۆوە.

بازرگانی نـــەوت – Petroleum Industry:

بـــازرگانی نـــەوت کارێـــکی زۆر ئاڵـــۆزە بەشێک لە هۆکارەکانی بوونی ئەو ئاڵۆزیە زۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی دابینکردنەکانی نەوت لە جیهاندا لەلایەن ئاژانسەکانی تایبەت بە وڵاتانەوە کۆنترۆڵ کراوە نەک کۆمپانیا تایبەتەکان. شایانی باسە زیاتر لە نیوەی کۆی یەدەگی نەوتی جیهان لەلایەن ئاژانسەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەند کۆنترۆڵ کراوە. بازرگانی نەوت کارێکی ئالۆز و تێکئالاوە کە یاریکەرەکانی ئەم کارە بازرگانیە زەبەللاحە جیهانیە وایان کردووە کە ئەم کارە بازرگانیە وا ئاڵۆز بێت. بۆئەوەی ئەم بابەتە ئاسانتر بێت دەتوانرێت بازرگانی نـــەوت بۆ ئەم دوو پۆلەی خوارەوە دابەش بکرێت:

١. کۆمپانیا نەوتیـــە نیشـــتمانیەکان (National Oil Companies (NOCs)).

٢. کۆمپانیا نەوتیە نێو دەوڵەتیـــەکان (International Oil Companies (IOCs)).

:International Oil Companies

کۆمپپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نەوت ناوی دیاریان هەیە وەک ExxonMobil و Royal Dutch Shell، کەوا ئەو کۆمپانیایانە بریتییـــن لە کۆمپانیای گـــەورەی نـــەوت و مێـــژووی دروستبوونی ئەم کۆمپانیایانە دوور و درێـــژە و سەرەتای دروستبوونیان دەگەڕێتـــەوە بۆ کۆتاییـــەکانی سەدەی نۆزدەیـــەم. زۆربـــەی کۆمپـــانیا نێو دەوڵەتیـــەکانی نـــەوت ((IOCs) لە ئەمریکاوە دروســـت بوون کە لە دابەشـــبوونی (Standard Oil)وە دروســـت بوون، کە کە تا ســـاڵی ١٩١١ (Standard Oil) تەنها کۆمپـــانیای نێو دەوڵەتـــی بوو.

Name (ناو)	Location (شـــوێن)	Revenue (Billions of Dollars) داهات (بلیـــۆن دۆلار)	Reserve Size in Billions of Barrels قەبارەی یەدەقط (بلیۆن بەرمیل)
ExxonMobil	Texas – United States	383	72
Royal Dutch Shell	The Hague – Netherlands	368	20
BP/Amoco	London – United Kingdom	308	18
Total SA	Paris – France	229	10.5
Chevron	California – United States	204	10.5
ConocoPhillips	Texas – United States	198	8.3

زۆربەی جـــاران زۆر مـــەرج هەیە کە پەیوەســـتە بە کۆمپـــانیا نێو دەوڵەتیەوکانی نەوت (IOCs). وشـــەی زەبـــەللاح (Supermajor) زۆربەی جار وەک ئاماژەیـــەک بۆ ٦ لە گەورەترین کۆمپانیا جیهانیەکانی نـــەوت لە جیهاندا بەکار دەهێندرێت، جێگیربوونی وشەی زبەللاح (Supermajor) لەسەر کۆمپانیاکاندا هەر لە ساڵی ١٩٩٠ وە تا کاتی ئێستا بە چەندین جار گـــۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ئەوەش لە ئەنجامی پەیڕەوکـــردنی سیاســـەتی یەکگرتن و بەلاوەنانی لاوەکی لە هێـــزی بازاڕدا، هەروەها هاتنی کۆمپانیاکانی نـــەوتی نیشتمانی (NOCs) بۆ نێو بـــازاڕی نەوت و هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت لە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٠ دا ئیتر گروپێـــکی زەبـــەللاح (Supermajor) لە کۆمپانیاکانی نـــەوت سەریان هەڵدا کە

توانیان کۆنترۆڵی بڕی ٦٪ ی نەوتی جیهان بکەن و کۆمپانیاکانی نـــەوتی نیشتمانیش بەشـــێوەیەکی ڕێژەیـــی کۆنتـــرۆڵی بڕی ٨٨٪ ی نـــەوتی جیهانیان کرد. ئەوەی خوارەوە لیســـتی شەش کۆمپـــانیا زەبەللاحەکانی نـــەوتە (Oil Companies Supermajors) لە جیهاندا:

قەبارەی یـــەدەگ تەنها ڕێگە نیە بۆ دابەشـــکردنی پیشەســـازی نـــەوت. شایانی گووتنە زۆربـــەی جاران قەبارەی یـــەدەگی نەوت (Oil Reserve Size) وەک ئاماژە بۆ کۆمپانیا نەوتیە نیشتمانیەکان (NOCs) بەکاردەهێندرێت، کەچی قەبـــارەی یەدەگی نەوت (Oil Reserve Size) و کەرتی پیشەسازی نـــەوت وەک ئاماژە بۆ کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نەوت (IOCs) بەکاردەهێندرێت. پەیمانگای پەتـــرۆڵی ئەمریکی (The American Petroleum Institute) لەســـەر بنچینەی جـــۆری پرۆســـە و پســـپۆڕێتی کارکردن پیشەســـازی نەوتـــی پۆلێنکـــردووە بۆ پێنج جـــۆری پرۆســـەی کارکـــردن کە کـــۆی هەر پێنج جـــۆری پرۆســـەکانی کارکـــردن بریتییە لە (پرۆســـەی گشـــتی پیشەســـازی نـــەوت). کەوا ئەم پۆلێنـــکردنە یارمەتیـــدەرە بۆ ڕونکردنـــەوەی ئەوەی کە ئایا لەبەرچـــی ئەو یەدەگـــە زۆرەی نـــەوت ڕاستوخۆ نابێتە داهاتی زۆر، هەروەها ئایا لەبەرچی کۆمپانیا نێو دەوڵەتیـــە زەبەللاحەکانی نـــەوت (supermajors) لەگەڵ ئـــەوەی کە بەبـــەراورد لەگەڵ کۆمپـــانیا نەوتـــە نیشـــتمانیەکان (NOCs) بەشـــێوەیەکی ڕێـــژەیی بـــڕی یـــەدەگی نەوتیان کەمـــە کەچـــی کۆنتـــرۆڵی بـــازاڕەکانی نەوتیان کـــردووە، ئەو پێنـــج جـــۆر کارکردنـــەی کە ئاماژەمـــان پێـــی کـــرد بریتییـــن لە: (Upstream, Downstream, Pipeline, Marine, Service and supply "general") هەریەک لەو بەشانەی پرۆسەی پیشەسازی نەوت بریتییە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە ئەوانەی خوارەوەن:

Oil industry segments	
Category جۆری کارکردن	**Function** ئسثۆڕێتیەکانی کارکردن
Upstream	Exploration and development of crude
Downstream	Tankers, refineries, and consumers
Pipeline	Any hazardous pipeline, including petroleum, liquid CO2, etc.
Marine	For transport by water of petroleum
Service and Supply (General)	Equipment manufacturers, consulting firms, etc.

زۆربەی کۆمپانیا نێو دەوڵەتیە گەورەکانی نەوت (Supermajor) بە (vertically integrated) ناودەبرێن واتا (تەواوکەری ئەستونی) بەڵام مەبەست چیە لەوە ...؟ بۆ رونکردنەوەی ئەوە، ئاماژە بە خشتەی (پرۆسەی گشتی پیشەسازی نەوت) دەکەین، واتا (Upstream, Downstream, Pipeline, general "Marine, Service and supply") کە هەریەک لەوانە بریتییە لە بەشێکی یاخود قۆناخێکی بەرهەم هێنان و پیشەسازی پەترۆڵ، هەریەک لەم پرۆسانەی کارکردن ژمارەیەک لە پسپۆڕ تێیدا کاردەکەن. کە لە خشتەی (پرۆسەی گشتی پیشەسازی نەوت) دا هەریەک لەم پرۆسانە بەشێوەی ئەستونی و لەژێر یەکتردا نوسراون، کە کۆمپانیایەکی بچوکی نەوت لەوانەیە لە توانیدا بێت تەنها یەکێک لە جۆری پرۆسەکان جێبەجێ بکات بۆ نموونە (Upstream) یان بۆ نموونە (Downstream)، کەچی کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نەوت واتا ئەو کۆمپانیایانەی کە پێیان دەوترێت (Supermajor) لە توانایان دایە کە گشت قۆناخەکانی پرۆسەکانی پیشەسازی نەوت جێبەجێ بکەن، ئەوەش بەهۆی زۆری هەبوونی توانایان لە لایەنی تەکنیکی و ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و هەبوونی پارەیەکی زۆر. بۆیە بەو کۆمپانیایانە دەگوترێت (vertically integrated). شایانی گوتنە کارکردن لە پرۆسەی (Upstrem) سەرچاوەی سەرەکی داهاتی زۆربەی کۆمپانیا نەوتیەکانی (Supermajor)ە، بۆ نموونە سەرچاوەی ٢/٣ کۆی داهاتی کۆمپانیای (Royal Dutch Shell) کە کۆمپانیایەکی نێو دەوڵەتی بەناوبانگە، لە جێبەجێکردنی کارەکانی یاخود لە جێبەجێکردنی قۆناخەکانی (exploration and development of crude) واتا (پشکنین و گەشەپێدان) دەست دەکەوێت. کە هەریەک لە کارەکانی (exploration and development of crude) لە پرۆسەی یاخود لە قۆناخی (Upstream) دا ئەنجام دەدرێن.لەبەرئەوەی کۆمپانیا نێو دەولچەتیە گەورەکانی نەوت کە پێیان دەگوترێت (Supermajor) لە بواری کاری نەوتدا (Oil business) خاوەن شارەزاییەکی زۆر و دوورو درێژن بۆیە لە کاری پشکنین (exploration) کە ئەنجامدانی بە سەرکەوتویی توانایەکی زۆری پێویستە، هەروەها لە کاری پەرەپێدانی خامی نەوتدا (development crude) خاوەن ئەزمونی زۆرن. بۆیە کۆمپانیاکانی کە بە (Supermajor) ناسراون دەستڕۆیشتوون بەسەر بازاڕەکانی پەترۆڵ لە جیهاندا و کۆنترۆڵی ئەم کەرتەیان کردووە و زۆربەی کارەکانی پشکنین و بەرهەم هێنانی نەوت ئەوان ئەنجامی دەدەن.

پاڵپشـــتی دارایـــی گشـــتی – (Public Subsidy):
پێویستە بە کورتی ئامـــاژە بکەین بەو پاڵپشتیە داراییـــە گەورەیەی حکومەتی ئەمریکا کە بە ئاشکرا بۆ بە خاوەنبوونی کۆمپانیاکانی نـــەوت ئەنجامی دەدا، بەشێوەیەک بۆ ئەو کۆمپانیایانەش کە ئۆفیسەکانیان لە وڵاتانی دیکەیە. کە لە راستیدا ئەوە نە تەنها بۆ حکومـــەتی ئەمریکا، بەڵکو بۆ زۆربەی ئەو حکومەتانەی کە کۆمپانیای نـــەوتی نیشتمانیان نیە هەر راستە. لە ئەمریکا رێژەی ئەو باجـــەی (tax) کە لە کۆمپانیاکانی نـــەوت وەردەگیرێ بریتییە لە (٩٪)، کە ئەو رێـــژە یە زۆر کەمترە لەو رێژە ستاندەردەی کە پەیوەســـتە بە کۆمپانیاکان کە (٢٥٪) ە. لەمبارەیەوە خەڵکانێکی زۆر رەخنەیان لە حکومەتەکان گرت بۆ بـــەردەوام بوون لەسەر ئەم سیاسەتەیان هەروەها زۆرێک لە سیاسەتمەداران پێشـــنیازی ئەوەیان کردووە کە پێویستە پەیڕەوکردنی ئەم سیاســـەتە ڕابگیرێت. حاڵەتەکە ئاڵـــۆزە کە لە راستیدا کار بەوە گەیشـــتووە کە هەبوونی (petrol) زۆر گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. حکومەتەکان هەتا بۆیان بکرێت رەتی ئەوە دەکەنـــەوە سەرۆکایەتی ئەو کۆمپانیایانەی نەوت بکەن کە لە دەرەوەی وڵاتەکانیان کاردەکەن لەبەرئـــەوەی لەوە دەترســـن کە دەبنە پاشـــکۆی میللەتە بیانیـــەکان بۆ پرســـی نـــەوت.

کۆمپانیـــاکانی نـــەوتی نیشـــتمانی – (Nation Oil Companies):
بە ئاژانســـە حکومیەکان دەگوترێت کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی (NOC)، کەوا ئەم جۆرە کۆمپانیایانەش وەک هەر کۆمپانیایەکی نێو دەوڵەتیەکانی نـــەوت (IOCs) دەست پێدەکەن.جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کە کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نـــەوت رێپۆرتی داهاتەکانیان دەردەکەن و هەڵگری پشکەکانیشیان هەیە. لە مێژووی زووی نـــەوتدا کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نـــەوت (IOCs) بەرهەم هێنەری سەرەکی نـــەوت بوون. بەڵام لە دەیەکانی دواییدا کۆمپـــانیا نەوتیە نیشتمانیەکان (NOCs) لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە یـــەدەگی زۆری نەوتیان هەیە دامەزرێنـــرا. ئەم ئاراستەی کارکردنە (واتا دامەزرانـــدنی کۆمپانیاکانی نەوتی نیشتمانی- NOCs) بەهۆی دوو هۆکارەوە هاتەدی:

١. هۆکاری یەکەم بۆ بەرزکردنـەوەی رۆڵـی کۆمپانیاکانی نـەوتی نیشتمانی – NOCs، گۆڕانکاریە سیاسیەکان بوو، ئەو وڵاتانەی کە یـەدەگی زۆری نـەوتیان هەیە بەشێوەیەکی هێواش لە رۆڵی کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نـەوت (IOCs) کەم دەکەنـەوە، کە پێشتر بەشـێوەیەکی سەرەکی کۆنترۆڵی نەوتیان کردبوو. زۆربەی دکتاتـۆرە سەربازیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا رادەیەک بەهـۆی پاڵپشـتی کردنیان لە کۆمپانیا نیشتمانیەکانی

نـەوت (NOCs) بە هێز و دەسەڵات گەیشـتن. ئەویش بەهۆی ئەو پەیمانە درۆیەی کە کە بە خەڵـکی وڵاتەکەیان دابـوو و بانگەشـەی ئەوەیان دەکرد کە دەیانەوێ لە ڕێگەی کۆمپانیای نـەوتی نیشـتمانیەوە (NOCs) داهاتی نـەوتی وڵات بۆ هاوڵاتیان بگێڕنـەوە لە جیاتی ئەوەی ئەم داهاتە زۆرە بۆ کۆمپانیا نێو دەوڵەتیـەکانی نـەوت (IOCs) بەخۆڕایـی بڕوات، بەڵێ ڕاستە لە زۆربـەی حاڵەتـەکاندا ئەم پەیمانـەیان نەهێنایـەدی.

٢. هۆکاری دووەم بۆ بەرزکردنـــەوەی ڕۆڵی کۆمپانیا نەوتە نیشـــتمانیەکان (NOCs) پەرەســـەندنی پیشەسازی بوو، زۆر لە نەتەوەکانی کە زۆر دەوڵەمەنـــدن بە نـــەوت بەهۆی ئەو گرێبەســـتە قازانـــج زۆرانـــەی کە لەگەڵ کۆمپانیا نێو دەوڵەتیـــەکانی نـــەوت (IOCs) بۆ دەرهێنان و پەرەپێدانی نـــەوت ئەنجامیاندا داهاتی ســـەرچاوە سروشتیەکانیان بەرزبـــوەوە. دامەزرانـــدنی ڕێکخـــراوی ئۆپێـــک (OPEC Organization) وەک ڕێکخـــراوێکی زەبـــەللاح وەڵامدانەوەیـــەکی ڕاستەوخۆ بۆ (IOCs) لە پێناو کەمکردنـــەوەی تواناکانی (IOCs)، شایانی گوتنە ڕێکخراوی ئۆپێـــک (OPEC Organization) وای لە وڵاتانی دەوڵەمەنـــد بە نـــەوت کرد کە فشـــاری زۆر بخەنە سەر ڕێکخـــراوە نێو دەوڵەتیەکانی نـــەوت (IOCs) بۆ خستنەڕووی هێنانەخوارەوەی نرخـــی نـــەوت. هەروەها بۆ مەبەستی پەرەپێدانی ڕێگـــە کارپێکراوە تایبەتـــەکانی خۆیان بۆ بەرهەم هێنان و پاڵاوتنـــی نەوتـــی خۆیان، هەروەها بۆئـــەوەی کۆمپانیا نیشـــتمانیەکانی نەوتـــی (NOCs) وڵاتـــانی (OPEC) کەمتر پشـــت بە کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی نـــەوت (IOCs) ببەســـتن.

ئەو خشتـەیەی خـــوارەوە تایبەتە بە ١٠ کۆمپانیا لە گەورەتریـــن کۆمپانیاکانی نـــەوتی نیشـــتمانی لە لوتکەدا (The top ten largest NOCs in the world) لەبارەی قەبارەی نـــەوتی یەدەگەوە، گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە ژمارەکانی ئەم خشتەیەی خوارەوە تایبەتە بە نـــەوتی شـــل نەک بە هەندێ شـــتی دیکەی وەک نەوتی گـــران و (oil shale) و هتد. کە زۆربەی ئەم وڵاتانـــە داهاتی خۆیان ئاشـــکرا ناکەن، بۆیە حوکـــم دان لەسەر داهاتێـــکی ڕێژەیی زەحمەتە. هەرچۆنێـــک بێت، بـــەراورد کـــردن لەنێوان قەبـــارەی یەدەگـــی ئەم وڵاتانـــە بـــە داهاتـەکانی (IOCs) پێویســـتە خەمڵانـــدنی توانای ســـەرەتایی داهاتـــەکانیان دیاربکەوێـــت.

The top ten largest NOCs in the world		
Name	**Location**	**Reserve Size in Billions of Barrels**
Saudi Aramco	Saudi Arabia – Middle East	303
National Iranian Oil Company	Iran – Middle East	300
Quatar Petroleum	Quatar – Middle East	170
Iraq National Oil Company	Iraq – Middle East	134
Petroleos de Venezuela	Venezuela – South America	129
Abu Dhabi National Oil Company	Abu Dhabi – Middle East	126
Kuwait Petroleum Corporation	Kuwait – Middle East	111
Nigerian National Petroleum Corporation	Nigeria – Africa	68
Libya NOC	Libya – Africa	50
Sonatrach	Algeria - Africa	39

ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لەلایەن هەندێ لە کۆمپانیا گەورە جیهانیەکان:

بەپێی راپۆرتی فۆربس ریزبەندی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت لە ساڵی ٢٠١٣ دا وەک ئەوەی خوارەوەیە:

١. بە پلەی یەکەم کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سعودی «ئارامکۆ» (Aramco) دێت قەبارەی بەرهەم هێنانی گەیشتە ١٢.٥ ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە، کە کۆمپانیای «ئارامکۆ» ی سعودی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنەری نەوت بوو لە جیهاندا.

٢. بە پلەی دووەم کۆمپانیای گازپرۆمی روسی (Gasprom) بوو کە بڕی ٩.٧ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم هێنا، هەروەها کۆمپانیای گازپرۆم بە گەورەترین کۆمپانیای جیهان دادەندرێت بۆ بەرهەم هێنانی گاز کە حکومەتی روسیا کۆنترۆڵی کردووە. کە زۆربەی بەرهەمە گازەکانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەنێرێت.

٣. بە پلەی سێیەم کۆمپانیای نەوتی ئێرانی (Iranian Oil Company) دێت کە ئاستی بەرهەم هێنانی نەوتی ئەم کۆمپانیایە گەیشتە ٦.٤ ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە، بەڵام دوای سەپاندنی سزا نێو دەوڵەتیەکان بەسەر ئێراندا، ئێران ناچار کرا کە ئاستی بەرهەم هێنانی نەوتی کەم بکاتەوە. بەڵام بێگومان دوای سەرکەوتنی رێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکا و لابردنی سزا نێو دەوڵەتیەکان لەسەر ئێران، ئەوا ئاستی بەرهەمی نەوتی کۆمپانیای ئێران بەرزدەبێتەوە.

٤. بە پلەی چوارەم کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل (Exxon mobil) دێت، کە بڕی بەرهەم هێنانی گەیشتە ٥.٣ ملیۆن بەرمیل رۆژانە، کە قازانجی ساڵانەی

دەگاتە ٤٠ ملیار دۆلار، ئەوە لە کۆی فرۆشتنەکانی کە دەگاتە ٤٠٠ ملیار دۆلار ساڵانە.

٥. بە پلەی پێنجەم کۆمپانیای پەترۆلی چینی «بیترۆتشاینا» دێت کە بڕی بەرهەمی ئەم کۆمپانیایە گەیشتە ٤.٤ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە، ئەم کۆمپانیا چینیە لەنێوان کۆمپانیاکانی نەوتدا گەورەترین سەرمایەی هەیە.

٦. بە پلەی شەشەم کۆمپانیای بی بی «بریتانی هۆڵەندی» دێت کە بڕی بەرهەم هێنانی ئەو کۆمپانیایە گەیشتە ٤.١ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە. ئەو کۆمپانیایە بە نیازە گۆڕانکاریەکی فراوانی تێدا ئەنجام بدرێت بۆئەوەی ببێتە یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەم هێنەری نەوت.

٧. بە پلەی حەوتەم کۆمپانیای شلی هۆڵەندی (Royal Dutch Shell) دێت کە بڕی بەرهەم هێنانی گەیشتە ٣.٩ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە، ئەو کۆمپانیایە بەو هیوایە بوو کە هەڵبستێ بە ئەنجامدانی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت لە دەریای شۆکشی لە ئەلاسکا بەڵام کارە کۆتاییەکانی وەستێنراوە.

٨. بە پلەی هەشت کۆمپانیای بێمکسی مەکسیکی دێت کە بڕی بەرهەم هێنانی ئەو کۆمپانیایە گەیشتە ٣.٦ ملیۆن بەرمیل نەوت لە گەورەترین کێڵگە نەوتیەکانی مەکسیکدا کە بە کەنتاریل ناسراوە، کە لەم دواییانەدا بڕی بەرهەم هێنانی نەوت لەو کێڵگەیەدا ڕۆژانە لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوتەوە بۆ ٦٠٠.٠٠٠ بەرمیل نەوت دابەزی.

٩. پاشان کۆپانیای شێفرۆن دێت کە بڕی بەرهەم هێنانی ئەو کۆمپانیایە گەیشتە ٣.٥ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە. هەروەها کۆمپانیای شێفرۆن لە ساڵی ٢٠١٠ دا کۆمپانیای ئەتڵەس پترۆلیۆمیشی کڕی بە نرخی ٤.٣ ملیار دۆلار بۆ وەدەستهێنانی بەرهەمی هەردوو کێڵگە نەوتیەکانی مارسیلۆس و یۆتیکای نەوتی بەردیی.

١٠. لە کۆتاییدا کۆمپانیای نەوتی کوێت دێت کە بڕی بەرهەمەکەی گەیشتە ٣.٢ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە، شایانی باسە کۆمپانیای نەوتی کوێت لە ساڵی ١٩٣٤ لەسەر دەستی هەردوو کۆمپانیاکانی (Shevron) و L.B.B. دامەزرێندرا و لە ساڵی ١٩٧٥ دا خۆماڵی کرا.

ئایا بەرمیلی نەوت چیە What is the Oil barrel...؟

بەرمیلی نەوت، یەکەیەکی پێوانەی ئەمرکیە بۆ بڕی نەوت کە بڕی ١٥٩ لیتر دەگرێت کە دەکاتە ٤٢ گالۆن، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بەرمیل بۆ هەر شلەیەکی دیکە جگە لە نەوت تەنها بە ٣٥ گالۆن دەخەملێنرێت. بەپێچەوانەوە ئەوەی کە پەیرەو دەکرێ بۆ عەمبارکردنی نەوت کە لەرێگەی بۆڕی گواستنەوەی نەوتەوە دەگوازرێتەوە بۆ عەمبارە زەبەللاحەکانی نەوت و لەدواییدا بۆ عەمباری تانکەرەکانی نەوت کە لە وڵاتانی بەکاربەر لە عەمباری گەورە بەتاڵ دەکرێن بەرمیل بەکار ناهێندرێت.

هۆکاری پێوانەکردنی نـــەوت بە بەرمیـــل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە نـــەوت بە بڕێـــکی بازرگانی لە باکووری ڕۆژئاوای ویلایەتی بەنسلڤانیای ئەمریکی دۆزرایـــەوە لە ناو بەرمیـــلی ئارەق هەڵدەگیـــرا ئەوەش بۆ کارئاسانی لە گواستنەوەی بەرمیلە پڕ نەوتەکان لەسەر ئەو عارەبانانەی کە ئەسپ ڕایدەکێشان یاخود گواستنەوەی بەرمیلە پڕ نەوتـــەکان لەڕێگەی بەلەمەکانەوە بۆ تێپـــەڕاندنیان بە رووبـــارەکاندا. ئەوەی لە وێنـــە رەش و سپیەکەی سـەرەوە دەبینـرێ ژمارەیـەکی زۆری بەرمیلی لە دار دروســـتکراوە، لە پاڵاوتگەی نیشـــتمانی لە کانســـاس (National refinery in Coffeyville, Kansas) لە ســـاڵی ١٩١١ دا کەوا ئەم بەرمیلە دارانـــە بۆ هەڵگـــرتنی نـــەوت و گازۆیلینە.

ئایـــا چـــۆن حیســـابی داهاتـــی نـــەوت دەکرێت.... ؟

یەکێک لە هەڵـــە بڵاوەکان لە تێگەیشـــتن لەبارەی نەوتـــەوە کە پەیوەســـتە بە داهاتی نـــەوتەوە ئەوەیە کە هەندێک کەس بە نرخـــی ڕۆژانـــەی بەرمیـــل بە جـــاران کردنـــی بە بڕی بەرهـــەم هێنانـــەوە حیســـابی بڕی داهاتـــەکەی نـــەوت دەکەن. کەچـــی لە راستیدا ژمارەکە زۆر لەوە کەمتـــرە بەهۆی ئەو تێچـــووە زۆرەی کە لە گـــەڕان بەدوای دۆزینـــەوەی نەوت و پیشەســـازی خامـــە نەوتیـــەکانەوە دەڕوات، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربـــەی کۆمپانیاکانی نـــەوت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنـــداودا کاردەکەن کۆمپانیای بیانیيـــن کەوا ئەوەش وادەکات بەشـــێک لە داهاتی نـــەوت بۆ ئەوان بڕوات، هەروەها لەلایـــەکی ترەوە بەشێوەیەکی گشتی جۆرێتـــی (quality) نـــەوتی کەنـــداو کەمترە لە جۆرێتـــی تێکەڵەی نـــەوتی برێنتـــی جیهانی بۆیە هـــەردەم نرخـــی نـــەوتی ئۆپێـــک دۆلارێک تا دوو دۆلار لە نرخـــی نـــەوتی برێنـــت کەمتـــرە.

ئایا کامـــە وڵات گەورەترین وڵاتـــی بەرهـــەم هێنـــەری نـــەوتە... ؟

ئاماژە بە ریپۆرتـــە جیهانیەکان لە ئاســـتی بەرهـــەم هێنانی نـــەوت، روســـیا لەسەرەوەی لیســـتی وڵاتانی بەرهـەم هێنـــەری نـــەوتە کە بە رێژەی ســـەدی لەنێوان ١٢-١٣٪ دایە، لەدوای روســـیا وڵاتی سعودیا دێت کە رێـــژەی ١١٪ تێدەپەڕێنێت، لە پاشـــان ویلایەتـــە یەکگرتووەکان دێت کە بڕی بەرهەمـــەکەی دەگاتە نزیکـــەی ٨.٥٪ لەدوای ئەویشـــەوە هەریەک لە وڵاتانی ئێران و چیـن و کەنـەدا بەدوای یەکدا دێن.

هەرچەنـدە دەبێ باش لەوە تێبگەین کە باری سیاسـی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنانی دیکەی بەرهـــەم هێنەری نەوت ئەوەندە ناجێگیرە (unstable) کە ئەگەری گۆڕانکاری لە ئاستی بەرهەم هێنی نـــەوت یان گاز شـــتێکی ناچاوەڕوان نەکـــراو نیە و ئەو هاوکێشەیەی کە لە بەرهـــەم هێنانی نـــەوتدا هەیە دوور نیە گۆڕانـکاری بەسەردا بێت.

#	States	Production (bbl/ day)	Share of World %	Date of information
	World (جیهان)	84,951,200	100%	2014 est
1	Russia	10,107,000	14.05%	3/2015
2	Saudi	9,735,200	13.09%	12/2014
3	U. S. A.	9,395,000	12.23%	8/2015
4	China	4,189,000	5.15%	5/2015
5	Canada	3,603,000	4.54%	12/2014
6	Iraq	3,368,000	4.45%	5/2015
7	Iran	3,113,000	4.14%	12/2014
8	Emirates	2,820,000	3.32%	12/2014
9	Kuwait	2,619,000	2.96%	12/2014
10	Mexico	2,562,000	3.56%	12/2014
11	Venezuela	2,501,000	3.56%	12/2014
12	Nigeria	2,423,000	2.62%	12/2014
13	Brazil	2,255,000	3.05%	12/2014
14	Angola	1,831,000	2.31%	12/2014
15	Kazakhstan	1,573,000	1.83%	12/2014
16	Qatar	1,553,000	1.44%	12/2014
17	Norway	1,539,000	2.79%	12/2014
18	Algeria	1,462,000	2.52%	12/2014
19	Colombia	1,003,000	1.19%	12/2014
20	Oman	940,000	0.95%	12/2014

یەکەم بیری بازرگانی نەوت لە جیهان لە پۆڵەندا لەساڵی ١٨٥٣ هەڵکەندرا، هەروەها یەکەم بیری نەوت لە ئەمریکای باکوور لە لە ساڵی ١٨٥٨ لە (Ontario) لە (Canada) هەڵکەندرا، هەروەها یەکەم بیری نەوت لە ئەمریکا (US) لە ساڵی ١٩٥٩ لە نزیک (Titusville, PA) هەڵکەندرا، پیشەسازی نەوت لە ساڵی ١٨٠٠ ەوە گەشەی سەند، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستدا پیشەسازی نەوت پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینی و سەرۆکایەتی پیشەسازی نێو دەوڵەتی کرد.

لە دوای پێشکەوتنەکانی پیشەسازی نەوت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە بە رێژەی جیاواز پەترۆڵ بەرهەم دێنن زۆر بووە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەک لە وڵاتانی بەرهەم هێنەری پەترۆڵ بڕی ئەو پەترۆڵەی بەرهەمی دێنن هێندە کەمە کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر بازاڕی نرخی پەترۆڵدا نیە و ئەوەی گرنگە و مەبەستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم، رۆڵی کاریگەری سێ وڵاتی گەورەی بەرهەم هێنەری پەترۆڵە کە وەستانی هەریەکێک لەم سێ وڵاتە لە بەرهەم هێنانی نەوتدا کاریگەری ئێجگار گەورەی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت و بەشێوەیەکی تایبەت بەرهەمی نەوتی ئەم سێ وڵاتانە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی نەوتدا دیار دەکەن. کە ئەم سێ وڵاتانەش (سعودیا و روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) یە، کە بریتیین لە سێ جەمسەری بەرهەم هێنەری گەورەی نەوت لە جیهاندا.

ئایا کامە وڵات خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا... ؟

مەرج نیە ئەو وڵاتەی کە زۆرترین بڕی نەوت بەرهەم دێنێت، زۆرترین بڕی نەوتی یەدەگی هەبێت، بۆ نموونە وڵاتی روسیا لەنێوان وڵاتانی بەرهەم هێنەری

نــەوتدا پلەی یەکەمــی هەیە لە ئاســتی بەرهــەم هێنانی نــەوتدا، کەچی بە پلــەی حەوتــەم دێت لە هەبوونی یــەدەگی نــەوتدا. هەروەها وڵاتی ڤەنــزویلا لەرووی ئاستی بەرهەم هێنانی نــەوتدا بە پلەی نۆیــەم دێت، کەچــی لە رووی هەبوونی یەدەگی نــەوتدا پلەی یەکەمی هەیە. بابەتــەکە پەیوەســتە بە لایەنی تەکنــۆلۆژیا و سەرچاوەی دیکەی داهات و بڕی بەکاربــردنی ناوخــۆ، سەرەڕای زۆر فاکتــەری دیکە. بەراوردپێکردن لەنێوان بڕی نەوتی یــەدەگ و ئاستی بەرهــەم هێناندا زۆر بە ســوودە بۆ هەڵسەنگاندنی دوارۆژی نــەوتی وڵات. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە هەرچەندە زانیــاری زۆر لەبارەی بڕ و ئاستی یــەدەگی نەوت، مەرج تەواو راست بێت، بەڵکو بابــەتی یەدەگــی نــەوت پەیوەستە بە سیاســەتی دەوڵەتەوە، کە بێگومان ئەو بڕە یــەدەگەی نــەوت کە لە ریپــۆرتە جۆراوجــۆرەکاندا رادەگەیەندرێت نا راستی زۆری تێدایــە. بێگومان بەلای زۆر لە وڵاتانی بەرهــەم هێنەری نەوت و خاوەن یەدەگی نــەوت شــاردنەوەی قەبــارەی یــەدەگی حەقیقەتی نــەوت و دەرخستن و پێشاندانی قەبارەیەکی نادروست و زیاتر لــەوەی کە هەیە ســوودی مەعنــەوی زۆر هەیە بۆیان، بێگومان وڵاتانی دەوڵەمەنــد بە نــەوت هەردەم هەوڵدەدەن لە ریــزی سەرەوەی لیســتی خاوەن یەدەگی زۆری نــەوت بن. لەبەرئەوەی بەمــە دەتوانن لەنێو هاوکێشــەی ئاڵــۆزی وزەی نــەوتدا زۆر بەرچــاو بن و هەردەم ناویان لە نێو بــازاڕەکانی نەوتدا لە پێشەوە بێت و هەروەها بەو پێیەی کە نــەوت بڕبــڕەی پشــتی ئابــووری جیهانە و بێ نــەوت و گاز پێشکەوتنەکان نایەنەدی، بۆیە هەوڵدەدەن لەنێو ئەو ململانێیــە گەورە و ئاڵــۆزەی جیهاندا شوێنگەیان دیار بێت، بە رادەیــەک کە لە حیسـاباتی سیاسـەتدا حیسـاب بۆ بیـروبۆچـون و سیاسـەتەکانیان بکرێت.

ئایــا کامـە وڵات گەورەتــرین هەناردەکــەری نــەوتە لە جیهاندا... ؟

هەناردەکــردنی نــەوت (ناردنە دەرەوە) بریتییە لە جیاوازی نێوان بەرهەم هێنان و بەکاربردنی ناوخــۆ، لەبەرئەوە هەریەک لە وڵاتانی چیــن و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە ریزی پێشــەوەی وڵاتانی بەرهــەم هێنەری نــەوتن کەچی ئەم دوو وڵاتــە لە ریزی پێشــەوەی هاوردەکەرانی نــەوتن (کڕیــن و هێنانــە ناوەوەی وڵات)، ئایــا بۆ... ؟ لەبەرئــەوەی هەریەک لە چیــن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆژانــە بڕێکی زۆری نــەوت لەناوەوەی وڵاتەکانیاندا بەکاردەبــەن. لەبارەی زۆری هەناردەکــردنی نــەوت، وڵاتی سعودیا بە پلــەی یــەکەم دێت لە هاوردەکــردنی نــەوتدا (ناردنــە دەرەوەی نــەوت) لەدوای سعودیا وڵاتی روســیا دێت دوای روسیاش وڵاتی ئێــران بە پلەی سێیــەم دێت و پاشان ئیمارات و نەرویــج و عێراق و کوێت و نێجیریا و کەنــەدا بەدوای یەکتــردا دێن و ویلایەتە یەکگرتــوەکانی ئەمریکاش بە پلەی دەیــەم دێت. دەبێ ئەوە بزانین کە مــەرج نیە ئەو وڵاتــەی کە رۆژانە بڕێکی زۆری نەوت بەرهەم دێنێت، بڕێکی زۆریش لە نەوت رەوانەی دەرەوە دەکات و دەیفرۆشێت. بەڵکو ئەو فاکتەرە زۆر گرنگەی تەحەکوم بەم پرسەوە دەکات، بەکاربردنی ناوخۆیە (consumption)، لەبەرئەوەیە کە وڵاتی روسیا تا ئێستا پلە یەکی بەرهــەم هێنەری نەوتە (oil production) و سعودیا پلە دووی بەرهەم هێنەری نــەوتە، بەڵام بەپێچەوانەوە وڵاتی سعودیا پلە یەکی هەناردەکەری نەوتە (oil export) و وڵاتی روسیا پلە دووی هەناردەکەری نەوتە.

ئایــا کامـە وڵات زۆرتــرین بەکاربــەری نــەوتە... ؟

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی یەکەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە ڕۆژانە بڕی ٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەبات، کە ئەم بڕەیەش زیاتر لە دوو جار بەرامبەر بەو بڕە نەوتەیە کە ڕۆژانە بەرهەمی دێنێت. هەروەها بە پلەی دووەم وڵاتی چینە کە ڕۆژانە نزیکەی ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکار دەبات، هەروەها وڵاتی ژاپۆن بە پلەی سێیەم دێت و دوای ئەوەش وڵاتی هیند بە پلەی چوارەم دێت. زۆری ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لە فاکتەرە زۆر گرنگەکانی زۆری بەرکاربردنی نەوت لە هەر وڵاتێکدا هەروەها هۆکارەکانی بەکاربردنی نەوت و رادەی پشت بەستن بەپەترۆڵ لە بوارەکانی ژیاندا.

References: (سەرچاوەکان)

١. Upstream. ٢٠٠٧. "January "E&P players plan New Year fireworks. ٥.

٢. BP. ٢٠٠٦. "Statistical Review of World Energy ٢٠٠٦. /www.bp.com productlanding

٣. Earlougher, R.C., Jr., Advances in Well Test Analysis, SPE Monograph, Vol. ٥, SPE, Richardson, TX, ١٩٧٧.

٤. Muskat, M., Physical Principles of Oil Production, McGraw-Hill, New York, ١٩٤٩.

٥. www.elsandcompany.com

٦. «Oxford English Dictionary online edition, entry «petroleum

٧. United States Bureau of Standards, «Thermal Properties of Petroleum Products». Miscellaneous Publication No. ٩٧, November ٩, ١٩٢٩.

٨. Hyne, Norman J. (٢٠٠١). Nontechnical Guide to Petroleum Geology, Exploration, Drilling, and Production. PennWell Corporation. ISBN -٨٧٨١٤- ٨٢٣-X.

٩. Mabro, Robert; Organization of Petroleum Exporting Countries (٢٠٠٦). Oil in the ٢١st century: issues, challenges and opportunities. Oxford Press. ISBN ٩٧٨٠١٩٩٢٠٧٣٨١.

١٠. Maugeri, Leonardo (٢٠٠٥). The Age of Oil: What They Don›t Want You to Know About the World›s Most Controversial Resource. Guilford, CT: Globe Pequot. p. ١٥. ISBN ٩٧٨-١-٥٩٩٢١-١١٨-٣.

١١. Speight, James G. (١٩٩٩). The Chemistry and Technology of Petroleum. Marcel Dekker. ISBN -٨٢٤٧-٠٢١٧-٤.

١٢. Speight, James G; Ancheyta, Jorge, ed. (٢٠٠٧). Hydroprocessing of Heavy Oils and Residua. CRC Press. ISBN -٨٤٩٣-٧٤١٩-٧.

١٣. Vassiliou, Marius (٢٠٠٩). Historical Dictionary of the Petroleum Industry. Scarecrow Press (Rowman & Littlefield). ISBN -٨١٠٨-٥٩٩٣-٩.

نووسەرەکانی ئەم ژمارەیە:

پ. د. شوکریە رەسوڵ

ساڵی ١٩٥١ لە سلێمانی لەدایک بووە. ١٩٧١ بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغداد تەواو کردووە. ١٩٧٧ دکتۆرای لە ئەدەب و کولتوور لە زانکۆی مۆسکۆ لە یەکێتی سۆڤیەت، وەرگرتووە و بووە بە مامۆستا لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی. دواتر پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری پێدراوە و لەبەر چەندین لێکۆڵینەوەی بایەخداری پلەی پرۆفیسۆری دراوەتی. سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە لە زانکۆکانی کوردستان. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لە خوولی سێیەم و لە دەستەی دامەزرێنەری چەندین دامەزراوە و رێکخراوی تایبەت بە کەلەپور و کولتوور و مافی مرۆڤ بووە. بەشداری دەیان کۆڕ و کۆنگرەی زانستی و کولتووری کردووە و چەندین خەڵاتی وەرگرتووە. ئێستا خانەنشینە و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە و چالاکی ئەدەبی ترە.

.....

حەمەسەعید حەسەن:

لەدایکبووی قەرەداغی پارێزگای سلێمانییە. خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە و ساڵانێک مامۆستا بووە. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە تێکەڵ بە دونیای ئەدەبیات و نووسینە. لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٨ لە شاخ بووە و بۆ گۆڤار و رادیۆی شۆڕش وتاری نووسیووە و دواتر بەروە سوید رۆیشتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە تا ساڵی ٢٠٠٥. شاعیر و نووسەر و رەخنەگرێکی کەموێنەیە و یەکێکە لە نووسەرە باڵادەستەکان لە بواری ساتیرە شیعر و چیرۆکدا. لێکۆڵەرێکی وردە لە بواری بابەتی فیکری و ئەدەبیدا و خاوەنی چەندین زنجیرەنووسینی هزری رەخنەییە لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا. سەرنووسەری گۆڤاری خەرمانە بووە کە لە وڵاتی سوید هەر خۆی دەری دەکرد. خاوەنی خەڵاتی دەزگای ئاراس و چەندین ستیپێندیۆمی سندوقی نووسەرانی سویدە. لە یەکێکە لە ناودارترین و چالاکترین قەڵەمەکان لە کوردستاندا.

.....

موحسن ئاوارە:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ ی هەولێرە. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تێکەڵ بە نووسین بووە و شاعیر و نووسەرێکی چالاک و بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٧٢ وە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە و هەروەها ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە. وەک پیشە راوێژکار بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئێستا خانەنشینە بەو پلەیە. لێپرسراوی لقی هەولێری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بووە. خاوەنی دوانزە کتێب و چەندین خەڵات و رێزلێنانی ئەدەبییە. ئێستا جێگری سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانە. تەلەفۆنی نووسەر: ٠٧٥٠٤٦٢٣٢٩٧ و پۆستی ئەلەکترۆنیشی: mwhsinawara@yahoo.com

......

مەهاباد قەرەداغی:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ ی کفری یە. شاعیر و رۆماننووس و لێکۆڵەری ئەدەبی و کۆمەڵناسییە و خاوەنی ٣١ کتێبە لەو بوارانەدا. دوو بەکالۆریۆسی لە دەروونناسی پەروەردە ی زانکۆی ستۆکهۆڵم و زمانی ئینگلیزی زانکۆی سابیس هەیە. دامەزرێنەری چەندین رێکخراوی مافی مرۆڤ و ئافرەتان بووە. راوێژکاری سەرۆک وەزیران بووە بۆ کاروباری یەکسانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە. ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کورد و یەکێتی نووسەرانی سویدە. بەڕێوەبری پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری شیکارە. تەلەفۆنی: ٠٧٥٠٤٤٥١٩٣٢ و ئی مایلی: mahabad07@gmail.com

.....

کنێر عەبدوڵڵا:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٠ ی سلێمانییە. ساڵی ١٩٩١ بەکەلۆریۆسی لە زمانی عەرەبی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە. لە دوای راپەڕینەوە لە بواری رۆژنامەوانی تەلەفیزیۆن بەرنامەی هەبووە و لە رۆژنامەوانی نووسراویشدا توێژینەوە و وتارنووسین لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بەرهەم بڵاو دەکاتەوە. لە چەندین کۆنفرانسی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بەشداری کردووە و توێژینەوەی پێشکەش کردووە. ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی

پارێزگای سلێمانی بووە. ئەندامی ئەنجومەنی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری تەوارە. دوانزە کتێبی چاپکراوی لە بواری توێژینەوە و وەرگێران هەیە. پۆستی ئەلەکترۆنی نووسەر: kner_abdulla@yahoo.com

....

هێرش شکاک:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ ی هەولێرە. بەکالۆریۆسی لە زانستەکانی جیۆلۆجیا لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە و ماستەری لە بەڕێوەبردنی کار وەرگرتووە. دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی پاراستنی ئاو بووە لە ساڵی ٢٠٠-٢٠٠٤. لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٥ سکرتێری ڕێکخراوی ئاشتی سەوزە کوردستان بووە. چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی سیاسەتی ئاو، ژینگەپارێزی و پەترۆڵ وەرگرتووە. ئێستا مامۆستای پەیمانگای نەوتە لە شاری هەولێر و هاوکات سەرۆکی بەشی تاقیگەکانە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم. تەلەفۆنی نووسەر: ٠٧٥٠٤٦٥٧٧٦٤ و پۆستی ئەلەکترۆنیشی بریتییە لە: hershshkak1@gmail.com

.....

ئەحمەد باوەڕ:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ ی دێی بنکوورەی شاری خانەقینە. بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداد تەواو کردووە. مامۆستای کوردناسی بووە لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار و ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری لەساڵی ٢٠٠٨ تەواوکردووە بووە بە مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی پەروەردەی کەلار کە سەر بە زانکۆی سلێمانییە. ئێستا سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی کەلار. لە ساڵی ١٩٨٦ەوە خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لە دەستەی نووسەرانی چەندین بڵاوکراوە و گۆڤارە وەک (گۆڤاری بانەڕۆژ، گۆڤاری کەرکووک، گۆڤاری هەشتاوهەشت). ئەندامی لقی کەرکووکی یەکێتی نوسەرانی کورد و بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژە. خاوەنی دەیان کتێبی چاپکراوە لە بواری ئەدەبی و مێژوویيدا. تەلەفۆنی نووسەر: ٠٧٧٠٢١١٨٧٥٠ و پۆستی ئەلەکترۆنیشی: ahmadbawar_1967@yahoo.com

......

سەباح عەلی جاف:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٣ ی شاری کەلارە. دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی گەرمیانە.لە ساڵی ٢٠٠٠دەنووسێ و لە بواری ڕۆژنامەوانیدا چالاکە، جگە لەوەش سەرقاڵی توێژینەوەی مێژوویی و پەردەردەییە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاویان دەکاتەوە. سێ کتێبی چاپکراوی لەو بوارانەدا هەیە. چەندین سیمینار و ۆرکشۆپ لە بارەی توێژینەوەکانیەوە بە تایبەت لە گەرمیان ئەنجام دەدات. تەلەفۆن: ٠٧٥٠١٤٣١٢٦٣،٠٧٧٠١٤٣١٢٦٣پۆستی ئەلەکترۆنی نووسەر: sabahalijafs@gmail.com

....

تاهیر عوسمان:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ ی شاری هەولێرە. ئەندازیاری کارەبایە و هاوکات سەرقاڵی وەرگێرانە لە بابەتی ئەدەبی و کولتووری جۆراوجۆر لە زمانی عەرەبییەوە. دەستەی نووسەرانی هەندێ گۆڤار بووە و بابەتی وەرگێردراوی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بڵاوکردووەتەوە. خاوەنی چەندین کتێبی وەرگێردراوە لە بابەتی ئەدەبی وەک چیرۆک و شیعر و بابەتی کولتووری و پەروەردەیی. تەلەفۆنی وەرگێڕ: ٠٧٥٠٤٤٦٣٤١٠، پۆستی ئەلەکترۆنیشی بریتییە لە: tahir_om@yahoo.com

....

ڕەزا شوان:

نووسەر و وەرگێڕە، دانیشتووی وڵاتی نەرویجە. لە بواری ئەدەب و دەروونناسی منداڵاندا دەنووسێت.
پۆستی ئەلەکترۆنی: r.shwan@hotmail.com

....

شەماڵ بۆکانی:

دەرچووی بەشی فەلسەفەیە و لە بواری ڕاگەیاندندا لە ڕادیۆ بەرنامەی کولتووری و فیکری پێشکەش دەکات و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی دەنووسێ.
پۆستی ئەلەکترۆنی نووسەر: shemalbokani@yahoo.com

شیکار